

# ئەودیوی پەردەکانی شۆڕش

دانپێدانانەکانی
**جەعفەر شەفیعزادە**

فەرماندەی پێشووی یەکەی تایبەتی شۆڕشی
ئیسلامیی ئێران و ئیسکۆرتی ئایەتوڵڵا خومەینی
لە نووفێل لووشاتۆ و تاران

وەرگێڕان لە فارسییەوە
**عارف وەڵزی**

هەواڵنامەی کتێب

# ئەودیوی پەردەکانی شۆڕش

**ناوو نیشانی کتێب**: ئەودیوی پەردەکانی شۆڕش

دانپێدانانەکانی **جەعفەر شەفیعزادە**

فەرماندەی پێشووی یەکەی تایبەتی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و ئیسکۆرتی ئایەتوڵڵا خومەینی لە نووفێل لووشاتۆ و تاران

**وەرگێڕان لە فارسییەوە**: عارف وەڵزی

**دیزاین و بەرگ**: سەربەست ئورمیە

**ساڵی چاپ**: ٢٠٢٠ی زایینی

هەواڵنامەی کتێب

# پێشکەشە بە

بە ڕۆح و ڕێبازی ڕێبەری لێهاتووی گەلەکەمان "دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو" کە یەکێک لە قوربانیانی تێرۆریزمی نێودەوڵەتیی ڕێژیمی تاوانباری کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکیی وەرگێڕ

لۆژیکی و ڕاشناڵە کە پێشمەرگە بیت و بۆ پاراستنی شەرەف و کەرامەتی گەلەکەت، لە دژی دوژمنێکی داگیرکەر و تاریکیپەرەستی وەکوو کۆماری ئیسلامیی ئێران سەنگەرت گرتبێ و هاوکات ڕابردووی پڕ لە تاوان و درۆ و بێمۆراڵیی ئەو ڕێژیمە گەندەڵ و سەدە نێوەڕاستییە بنکۆڵ بکەی، بۆ ئەوەی شێوەی بەدەسەڵات گەیشتنی ئەو نامرۆڤانە و هەروەها شێوەی حوکمڕانیی قێزەون و لە ستالین بۆگەنتریان، کە زیاتر لە ۴۰ ساڵە نەتەنیا گەلی کورد، بەڵکوو گەلانی دیکەی ئێران و وڵاتانی ناوچە و تەنانەت جیهانیش بەدەستیانەوە دەناڵێنن، شەنوکەو بکەیتەوە.

سەر لە بەیانییەکی هاوینی ساڵی ۱۳۹۷ی هەتاوی(۲۰۱۸)، وەکوو هەموو ڕۆژێکی ئاسایی چووم بۆ شوێن و ژووری کاری حیزبیم لە دەزگای ڕێکخستن و دوای خووساندنی پووشەکان و پڕکردنی فێنککەرەوەی ژوورەکەمان، چوومە نێو کتێبخانە ئەلێکترۆنییەکەم و دوای هەندێک گەڕان و ئەم فایل و ئەو فایل کردن، پەرتووکێک بە ناوی «ئەو دیوی پەردەکانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران»م کەوتە بەرچاو کە سەرنجی منی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. نێوەرۆکی پەرتووکەکە بیرەوەرییەکانی کوڕە گەنجێکی خەڵکی یەکێک لە گوندەکانی ئیسفەهانە بە ناوی «جەعفەر» کە تەنیا شەش سال چۆتە خوێندنگە و پاشان وازی لە خوێندن هێناوە و بە ژیانێکی هەژارانە، لە

گوندەکەی خۆیان لەگەڵ باوکی سەرقاڵی کاری قەسابی دەبێت.

جەعفەر نیزیک بە سێ ساڵ پێش شۆڕشی گەلانی ئێران، دەکەوێتە داوی کۆمەڵێک مەلا و ئاخوندی فێڵباز کە خەریکی پیلانگێڕی لە دژی ڕێژیمی گۆڕبەگۆڕی پاشایەتی لە ئێرانن و بۆ ئەم مەبەستەش، جەعفەر و بە دەیان و بگرە سەدان گەنجی سادە و ساویلکەی دیکەی وەکوو جەعفەر، بۆ بینینی خولی مەشق و ڕاهێنانی تایبەت بە مرۆڤکوژی و خوێنڕشتن، بۆ وڵاتانی سووریە و لیبی و فەلەستین بەڕێ دەکرێن و دوای لەناوبردنی لۆژیک و ویژدان و بە گشتی هەست و سۆز لە دڵ و دەروونیاندا، کەسایەتیی مرۆییان دەڕووخێنن و کەسایەتیەکی بێبەزەیی و خوێنمژیان لێ دروست دەکەنەوە کە لە هیچ تاوانێکی هۆڤانە سڵ ناکەنەوە و پاشان، لە کاتی شۆڕشی گەلانی ئێران لە زستانی ١٣٥٧ی هەتاوی(١٩٧٨) وەکوو ڕۆبۆتی تایبەت بە مرۆڤ کوشتن، بەریان‌دەدەنە گیانی خەڵکی ئێران و دام و دەزگا و بەرپرسانی ڕێژیمی شا.

جەعفەر هەر لە یەکەم ڕۆژی چوونی بۆ فەڕانسە و پاشان گەڕانەوەی بۆ تاران، وەکوو زێرەڤان لەگەڵ خومەینی بووە و شاهێدی هەزاران تاوان و دزی و بێمۆڕاڵیی ئەو نامرۆڤە و شوێنکەوتووانی بووە، بەڵام کاتێک گلۆڵەی خۆیشی لە لایەن خومەینی و داروودەستەکەیەوە دەکەوێتە لێژی، ناچار دەبێ بۆ پاراستنی گیانی خۆی ئێران بەجێ بهێڵێ و ڕوو لە هەندەران بکات.

پاش ڕاکردنی لە ئێران، وڵاتی ئاڵمان مافی پەنابەری دەدات بە جەعفەر و لەوێ بە هاوکاریی کەسێکی دیکە بڕیار دەدەن بیرەوەرییەکانی جەعفەر، کە لە ڕاستیدا پەردەلادانە لە بەشێک لە نەهێنییەکانی چۆنیەتی ڕووخانی ڕێژیمی شا و شێوەی بەدەسەڵات گەیشتنی خومەینی و خومەینییەکان، و پاشان ئەو هەموو تاوانانەی کە لە سەرەتای هاتنەسەرکاریان ئەنجامیان داوە، لەسەر کاسێت تۆمار بکەن و پاشان هاوکارەکەی بیهێنێتە سەر کاغەز و بڵاوی بکاتەوە. جەعفەر ئەو بەشە لە بیرەوەرییەکانی کە لەم پەرتووکەدا چاپ کراوە باس دەکات و بۆ سەفەرێکی چەند ڕۆژە ڕوو لە وڵاتی کەنەدا دەکات و بڕیار دەدا

کە دوای گەڕانەوەی، بەشەکانی دیکەی بیرەوەرییەکانی بێنێتە سەر کاغەز و بڵاوی بکاتەوە. بەڵام بەداخەوە وەکوو دیارە، چارەنووسی ئەویش وەکوو هەموو قوربانییەکانی دیکە، هەر دەچێتەوە بۆ لای ماشینی تیرۆری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و جەعفەر هەرگیز لە کەنەدا نەگەڕایەوە و بۆ هەمیشە بێسەروشوێن کراوە و بیرەوەرییەکانیشی بە نیوەچڵی ماونەتەوە. وادیارە کە هاوکارەکەی جەعفەریش کە ئەرکی دابەزاندنی تۆمارە دەنگییەکە و ڕێکخستن و چاپ و بڵاوکردنەوەی پەرتووکەکەی لە ئەستۆ گرتووە، لە ترسی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی و بۆ پاراستنی گیانی خۆی و بنەماڵەکەی، تەنانەت ناوی خۆی لە هیچ شوێنێکی پەرتووکەکەدا تۆمار نەکردووە.

دوای خوێندنەوەی ئەو دانپێدانانە، بەپێچەوانەی ئەوەی کە بە درێژایی ۳۷ ساڵ تەمەنم لە زمان و میدیا و ڕاگەیاندنەکانی ڕێژیمی پەت و سێدارە بینیومە و بیستوومە، بۆم دەرکەوت کە ئەوەی لە هزر و بوون و دڵ و دەروونی خومەینی و هاوبیرانیدا نەبووە و نییە، ئەخلاق و ویژدان و بەزەیی و پاکییە. چوونکە خومەینیی خوێنڕێژ و چەپەڵ، هەر لە یەکەم ڕۆژی گەڕانەوەی بۆ تاران، بە درۆ و بۆ چەواشەکاری باسی لە حکوومەتی داد و دادپەروەری و یەکسانی و چەمکەکانی وەک ئەخلاقی مرۆیی و ئەخلاقی ئیسلامی دەکرد و هەروەها دەیان وادە و بەڵێنی ڕەنگاوڕەنگ، بەڵام درۆیین و بێناوەرۆکی دا بە خەڵکی ئێران و دەورووبەری، تا جێگە و پێگەی خۆی تۆکمە و قاییم بکات. هەر بۆیە بڕیارم دا کە ئەو پەرتووکە وەرگەڕێنمەوە سەر زمانی شیرینی کوردی تا نەتەوە بندەست و غەدرلێکراوەکەم کە قوربانییەکی سەرەکیی ئیدئۆلۆژیی داخراوی ویلایەتی فەقیهە، بیخوێنێتەوە و لێی ئاگادار بێت.

لەم پەرتووکەدا دەبینین ئەو ئایەتوڵڵایەی کە تەنانەت باوەڕی بەو ئیسلام و مەزهەبەش نەبووە کە حکوومەتەکەی لەسەر بونیاد ناوە، هەر لە سەرەتاوە کاتێک جڵەوی دەسەڵاتی گرتۆتە دەستی خۆی، سیما و کەسایەتیی شاراوە، بەڵام ڕاستەقینەی خۆی دەرخستووە و کەوتۆتە سڕینەوە و کوشتنی نەیارانی خۆی لە نێوخۆ و دەرەوەی

ئێران و بۆ لەنێو بردنیان دەستی لە هیچ جۆرە تاوان و جینایەتێک نەپاراستووە. تاوانگەلێک کە لە خوێندنگەی «رِفاه» و بە ئێعدامی کاربەدەستانی نەتەوەیی و ئیداری و نیزامی و مەزهەبیی سەرتاسەری ئێران دەستی پێکرد و ئێستاش دوای زیاتر لە ٤٠ ساڵ، لەلایەن هاوبیرانییەوە هەر درێژە دەدرێت.

خومەینی بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی لە ئێران، هەموو سنوورێکی ئەخلاقی و ئینسانی و تەنانەت ئیسلامیشی بەزاند. هەر وەکوو هەموو ئەو دیکتاتۆرانەی کە کارنامەیان لە مێژوودا تۆمار کراوە، فووبیای هێز و دەسەڵات، خوومەینی بەجۆرێک ئاراستە دەکات کە دوای بەدەسەڵات گەیشتن، وردە وردە متمانەی بە دەوروبەرەکەی لاواز دەبێ و بەرانبەر بە زۆر کەس هەستی بە مەترسی کردووە و تەنانەت شکی لەو هاورِێ و پشتیوان و شوێنکەوتووانەیشی پەیدا کردبوو کە تێچووی مادی و مەعنەوی و تەنانەت پشتیوانیی زۆرێک لە وڵاتانیشیان بۆ سەرکەوتنی خومەینی مسۆگەر کردبوو. هەر بۆیە لە یەکەم هەنگاو و لە دە رِۆژی سەرەتای رِووخانی رِێژیمی شادا بە هەزاران کاربەدەستی رِێژیمی شای لە سێدارە دا، لە قوناغی دووهەمدا، نۆرەی دەوروبەرەکەی خۆی دەگات و بینیمان کە هەر لە ساڵی ١٣٥٨ «مەهدی بازرگان»ی ناچار کرد کە دەستلەکارکێشانەوەی خۆی لە سەرۆکوەزیرانیی ئێران رِابگەیەنێت. هەروەها لە ساڵی ١٣٦٠دا، سەرکۆماری ئەوکاتی ئێران، واتە «ئەبولحەسەن بەنی سەدر»ی بە خەیانەت تاوانبار کرد و ناوبراو بە رِاکردنی بۆ هەندەران خۆی لە بێدادگەی خومەینی و خەڵخاڵی دەرباز کرد. پاشان «سادق قوتب زادە»ی کە وەزیری کاروباری دەرەوەی حکوومەت بوو بە خەیانەت تۆمەتبار کرد و ساڵی ١٣٦١ لە گرتووخانەی «ئێوین» لە سێدارەی دا. سزای سێدارە لە ژێر عەبا و ئیسلامی خومەینی سەرتاسەری وڵاتی تەنیبووەوە، بە جۆرێک کە چیدی گیانی کەس لە مەترسیی ئافەتی ئاخوند پارێزراو نەبوو. تا ساڵێک پێش مەرگی خومەینی، واتە ساڵی ١٣٦٧، کە هاوکات بوو لەگەڵ کۆتایی شەرِ لەگەڵ عێراق، برِیاری کۆمەڵکوژیی زیندانییانی سیاسیی دا و بەم شێوەیە بە هەزاران رِۆڵەی

گەلانی ئێران لە گرتووخانەکانی ڕێژیمدا کۆمەڵکوژ کران.

بە هۆی ئەوەی کە سیستمی داخراو و چەقبەستووی «ویلایەتی فەقیهی» کە لەگەڵ هەر چەشنە دیالۆگ و وتووێژێک نامۆیە و هەر لە بنەڕەتدا بە پەتی سێدارە و ترس و تۆقاندن و تێرۆر فرچکی گرتووە، دوای مردنی خومەینیش نەتەنیا حوکمڕانی و سیاسەت لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەوە بەرەو باشی و کرانەوە نەچوو، بگرە قوتابییان و شوێنکەوتووانی ئەو مەکتەبە خۆفناک و سەدەنێوەڕاستییە، وەکوو خومەینی و بگرە زیاتریش، بە تەرخان کردنی ملیارەها دۆلار و لە ڕێگەی گرووپ و تاقمە تێرۆریستییەکانی پەروەردەکراوی خۆیانەوە، بە شێوەی سیستماتیک لە نێوخۆ و دەرەوە دەستیان کرد بە تێرۆری کەسایەتی و ڕێبەرە سیاسییەکانی سەرانسەری ئێران.

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ڕۆژی دامەزرانییەوە تا ئێستا، بە بێ جیاوازی دەستی کرد بە کوشتن و لەنێوبردنی نەیاران و جیابیرانی خۆی. بەڵام بەهۆی ئەوەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەریی دوکتور قاسملووی مەزن و زانا هەر لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە دژایەتی خومەینی و سیستمی ویلایەتی فەقیهی کرد و تاکە هێز و لایەنێک بوو کە بەشداریی لە ڕیفراندۆمی «کۆماری ئیسلامی، بەڵێ یان نە»ی نەکرد، زیاتر لە نەتەوەکانی دیکە کەوتە بەر غەززەبی خومەینی و شوێنکەوتووانی. هەر بۆیە جیا لە ڕاوەدوونان، گرتن و کوشتنی خەڵکی کوردستان بە ژن و منداڵەوە، بەداخەوە سەرەتا دوکتور قاسملوو و پاشان دوکتور سادق شەرەفکەندی لە وڵاتانی ئوتریش و ئاڵمان تێرۆر کرد و بەو شێوەیە، زەربەیەکی قورسی لە بزووتنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و حیزبی دێموکرات وەشاند کە ئێستاشی لەگەڵ بێت، ئاسەواری بە جەستەی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی نەک هەر ڕۆژهەڵات، بەڵکوو هەرچوار بەشی کوردستانەوە دیارە.

هەق وایە لێرەدا سپاسی هاوژینم «شنە» بکەم کە لەو ماوەیەدا هاوکاری و کارئاسانیی زۆری بۆ کردووم.

هەروەها هیوادارم وێڕای منداڵان و گەنج و لاوی وڵاتەکەم، ئەم کتێبە بەرچاوڕوونییەکی زیاتر بێت بۆ جگەرگۆشەکانم بارین و لۆران لە داهاتوودا، کاتێک بەشێک لە لایەنە شاراوەکانی مێژووی کۆماری پەت و سێدارە دەخوێننەوە.

لە کۆتاییدا و لە بەرەبەرەی ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٩٩ی هەتاویدا، کە دەکاتە ٣١ەمین ساڵڤەگەڕی تیرۆری ڤییەن، دەمهەوێ وەکوو قوتابییەکی مەکتەبی دێموکرات، ئەم وەرگێڕانە پێشکەش بە ڕۆح و ڕێبازی ڕێبەری لێهاتووی گەلەکەمان «دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو» بکەم کە یەکێک لە قوربانیانی تیرۆریزمی نێودەوڵەتیی ڕێژیمی تاوانباری کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو.

**عارف وەڵزی**

**٢٠ی پووشپەڕی ١٣٩٩ی هەتاوی**

**کۆیە**

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکیی دانەر

یەکەم جار ئاغای "جەعفەر شەفیعزادە"م لە ڕۆژەکانی سەرەتای شۆڕش لە تاران دیت کە وەکوو هەموو هاوکارەکانی بە هەستکردن بە دەسەڵاتێکی تەواو و بە هاوکاریی کەسانی وەکوو خۆی، بۆ گرتنی من و دەستبەسەرداگرتنی ماڵ و داراییەکانم بە بێ مۆڵەتی یاسایی هاتبوو.

ناوبراو هەم لە دەستبەسەرکردن و ڕەوانەکردنم بۆ زیندان سەرکەوتوو بوو و هەم وەکوو زەوتکردن، بەرهەمی تەمەنێک کار و ژیانی خۆم و بنەماڵەکەمی تاڵان کرد.

لە ڕاستیدا ئەوەی کە ئەمڕۆ من ئاوارەم و ئەو هەموو گرفت و ئاریشانەی کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەسەر خۆم و بنەماڵەکەمدا هاتووە، دەرئەنجامی کار و کردەوەکانی ناوبراو بوو.

من بە دانانی ئەستۆگر (کەفیل) و بارمتەی قورس، لە گرتووخانە ڕزگارم بوو. پاشان دەستبەجێ سەرەتا خۆم و پاشان بنەماڵەکەم وڵاتمان بەجێ هێشت و پەڕیوەی هەندەران بووین.

ساڵانێکی خایاند هەتا توانیمان لەگەڵ دۆخی دژواری ژیانی غەریبیدا ڕابێین، بەڵام هیوا بە تۆڵەکردنەوە لە هەموو ئەو کەسانە کە بوونە هۆکاری چارەڕەشی و بێدەرەتانیی خۆم و بنەماڵەکەم، بوو بە هۆی ئەوەی کە بتوانین بەرگەی ڕۆژانی ڕەش و تاڵی دوورخستنەوەمان بگرین.

پێنج ساڵ پێش ئێستا بۆ ئەنجامدانی کارێک، بە شەمەندەفەر لە شاری "لاهە"ی وڵاتی هۆڵەندەوە، بەرەو شاری "ڤییەن" لە وڵاتی ئۆتریش دەچووم. لە وێستگەی دۆسۆلدۆرفی وڵاتی ئاڵمان کەسێک هاتە نێو کابینی شەمەندەفەرەکەوە کە ناسینەوەی کارێکی ئەستەم نەبوو. ئەو کەسە ئاغای جەعفەر شەفیعزادە، هۆکاری سەرەکیی هەموو ئاوارەیی و دەربەدەرییەکانی من بوو. بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو گەیشتبووم بە هەموو ئەو شتانە کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا بیرم لێدەکردنەوە. دوای ئەوەی کە دڵنیا بووم ئەو کابرایە هەمان هۆکاری سەرهەڵدانی هەموو چارەڕەشی و ناخۆشییەکانی ژیانی منە، بڕیارم دا کە پێوەندی بە پۆلیسەوە بگرم و لەو ڕێگەوەیە سکاڵای خۆم بەرز بکەمەوە. شەفیعزادە بە هەڕەشە و گوڕەشە منی لە کابینی شەمەندەفەرەکەدا ڕاگرت و نەیهێشت بڕۆمە دەرەوە و سەرەتا حاشای لە ناسینی من کرد، پاشان مەودای نێوان دۆسۆلدۆرف و شاری کۆڵنی وڵاتی ئاڵمانی بە قسەکردن لەگەڵ من تێپەڕ کرد. قسەکانی ناوبراو منی لە بڕیاری سکاڵاکردن پاشگەز کردەوە و هاوکات بوو بە هۆی ئەوەش کە تا وێستگەی مۆنیخ کە بڕیار وابوو لە شەمەندەفەرەکە دابەزێت، قسەکردنی نێوانمان بەردەوام بێت. ئەو باس و وتانەی کە جەعفەر شەفیعزادە لەو ماوە دوور و درێژەدا بۆ منی باس کرد و گێڕایەوە، بۆ مێژوو زۆر گرینگتر و بەنرختر لە تۆڵەسەندنەوەی من بوون.

حەوتوویەک دواتر کە گەڕامەوە بۆ شوێنی ژیانی خۆم، بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک جەعفەر شەفیعزادە میوانی من بوو و لە کۆتاییدا ڕێگەی دا بیرەوەرییە سەرنجڕاکێشەکانی سەرەتا تۆمار و پاشان بڵاو بکرێنەوە.

لە ماوەی سێ مانگدا ناوبراو لە شوێنی ژیانی خۆم چوار جار سەردانی کردم و هەر جارێکیش کە دەهات، بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێکی دوور و درێژ بیرەوەرییەکانی بۆ من باس دەکرد. شەفیعزادە پێیوابوو کە ئەگەری ئەوە هەیە کە هەوڵی کوشتنی بدەن، بۆیە زۆر بە وریاییەوە هاتوچووی دەکرد.

ئەو تەنانەت تێچووی بڵاوکردنەوەی بیرەوەرییەکانیشی کە برێک پارە بوو، لە لای من بە ئامانەت دانا، بەڵام پاش دوایین چاوپێکەوتنمان، سەرەڕای ئەوەی کە بڕیار وابوو دوای سەردانێکی سێ مانگە بۆ وڵاتی کەنەدا، بگەڕێتەوە بۆ ئورووپا و درێژە بە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی بدات، بەداخەوە تاکوو ئەمڕۆ هیچ هەواڵێکی نەبوو و نیە.

تەمەنی من بەرەو کۆتایی دەڕوات و ئەو بیرەوەرییانە بۆ ئێران و مێژووی ئێران بەها و گرینگییەکی یەکجار زۆریان هەیە، هەر بۆیە دوای چەندین ساڵ دانبەخۆداگرتن بڕیاری چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەو بیرەوەرییانەم دا. هیوادارم تەنانەت دوای مردن و کۆتایی هاتنی ژیانی منیش بێت، شەفیعزادە درێژەی بیرەوەرییەکانی چاپ و بڵاو بکاتەوە.

لە چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەو بیرەوەرییانەدا نە دێڕێک لە لایەن منەوە پێی زیاد کراوە و نە دێڕێک کەم کراوەتەوە. بەڵکوو کاری من تەنیا ڕێکخستنی بیرەوەرییەکانی لە شێوازی زارەکییەوە بۆ شێوازی نووسین و خوێندنەوە بووە.

هەڵەچن

تەواوی ئەم سەربوردەیە، بەسەرهاتێکە کە لە قەسابێکی ئاسایی پاسدارێک و پاشان لە پاسدارێک، قەسابێکی مرۆڤکوژی دروست کرد.
بەسەرهاتەکە لە دوانیوەڕۆیەکی گەرمی ساڵی ١٣٥٤ (١٩٧٥)ەوە دەستی پێ کرد.
ئەوکات من لە قەسابییەکەی باوکم لە گوندێکی نزیک نەجەفئاباد و لە دەوروبەری ئیسفەهان بە نێوی "قەهدەریجان" کارم دەکرد. ناوی باوکم جەواد بوو و خەڵکی گوندەکە باوکمیان بە "کەربەلایی جەواد" بانگ دەکرد. ناوبراو دوو ساڵ پێش ئێستا، لە هەمان قەهدەریجان کۆچی دوایی کرد، بەڵام چوونکە ئەوکات هێشتا من پاسدارێکی ئیسکۆرتی "سەید مەهدی هاشمی" بووم، لەسەر بڕیاری پێشنوێژی هەینیی ئیسفەهان کە ئاخوندێکی ستەمکارە و بە ئایەتوڵڵا تاهیری بەناوبانگە، باوکمیان وەکوو "شەهید" لە نەجەف ئاباد بە خاک سپارد. بەڵام من پێموایە کە هیچکەس هێندەی باوکم لەوەی کە بەو نێوەوە بە خاک سپێردراوە، دڵگران نیە.
باوکم سەرەڕای ئەوەی کە لە گوندێکی بچووک لەدایک ببوو و گەورە ببوو و هیچ خوێندەوارییەکیشی نەبوو، لەگەڵ ئەوەی کە نوێژی دەکرد و قەت ڕۆژووی نەدەخوارد، بەڵام هەر لە سەرەتاکانی منداڵیمەوە بەردەوام دەیگوت: "جەعفەر!. لە سەگی هار، دیواری تەقیو، ژنی بێحەیا و ئاخوند(مەلا) خۆت بپارێزە".
من پێشتر بەشێک لەو پەندە فارسییەم زۆر جار بیستبوو، بەڵام باوکم خۆی "ئاخوند"ی بەو سێ خاڵەی دیکە زیاد کردبوو.
هەرچۆنێک بێت، باسم لەوە دەکرد کە هەموو بەسەرهاتەکە لە دوانیوەڕۆیەکی گەرمی هاوینی ساڵی ١٣٥٤ی هەتاوییەوە دەستی پێ کرد.
ئەوکات دووکانی قەسابییەکەمان لە گوندی قەهدەریجان داهاتی باشی هەبوو، خەڵک گۆشتی بەستوویان پێخۆش نەبوو و هاوکات ئەو بەشە

گۆشتە گەرمەی کە لە ڕێکخراوی گۆشتی ئیسفەهانەوە بۆ دووکانی ئێمە دەهات، زۆر کەم بوو و بەشی خەڵکەکەی نەدەکرد. مەلا فتوای دابوو کە گۆشتی بەستوو حەرامە و پرۆسەی سەربڕینەکە بەپێی شەرعی ئیسلام نیە، هەر بۆیە خەڵکی "قەهدەریجان" و "دورچە پیاز" و "نەجەف ئاباد" و شارەکانی دیکەی دەوروبەر کە لە مەزهەبدا قاڵ ببوونەوە، گۆشتی بەستوویان نەدەکڕی.

باوکم جارجار کە دەرفەتێک دەهاتە پێش، سەردانی "فەریدنی" ئیسفەهان و بەنداوی "شاعەباسی" دەکرد و چەند مەڕێکی دەکڕی و لەگەڵ خۆی دەیهێنایەوە قەهدەریجان. خۆمان مەڕەکانمان سەر دەبڕی و بە نرخێکی گرانتر بە خەڵکەکەمان دەفرۆشتەوە. نازانم چ حەڵاڵزادەیەک ڕاپۆرتی گۆشتی قاچاخی ئێمەی دابوو بە ئیسفەهان و ڕۆژێک موهەندیس گوڵزار کە بەرپرسی ڕێکخراوی گۆشتی ئیسفەهان و بە ڕەچەڵەک خەڵکی "یەزد" بوو، لەگەڵ کەسێکی دیکە بە ناوی درەخشەندە کە پێم وابوو جێگرەکەیەتی، هاتنە قەهدەریجان و ڕێک لەو کاتەدا کە خەریکی بڕینی سەری پێنجەمین مەڕ بووم، منیان دەستبەسەر کرد. من ئەوکات نەمدەزانی و تەنانەت ئەگەریش زانیبام، مژاری تەندروستی لەلام گرینگ نەبوو و نەمدەزانی کە سەربڕینی ناتەندروست چییە، هەرچۆنێک بێت منیان هێنا بۆ نەجەفئاباد و ڕادەستی دادگا کرام و دادگاش دوای چەند ڕۆژ، سزای چوار مانگ ڕاگیران لە گرتووخانەی بە سەرمدا سەپاند. من ئەوکات تەمەنم ١٩ ساڵان بوو و بەرگەی زیندان گرتن بۆ من و تەمەنی من کارێکی ئاسان نەبوو. چوار مانگ لە زیندان مامەوە و پاشان بە دڵێکی پڕ لە ڕق و قین بەرانبەر بە دەسەڵات و مۆرەکانی حکوومەت و ڕێژێمی شا، لە زیندان هاتمە دەرێ. دوای ئەوە ترسم لە زیندان شکا و ڕێگاکەشم دۆزیبووەوە. بە باوکم گوت کە تۆ تەنیا لە دووکانەکە دانیشە و کارت بە کارەکانی دیکە نەبێت. هەندێک پارەم بە قەرز وەرگرت و بارهەڵگرێکی "مەزدا"م کڕی.

هەموو پاشنیوەڕۆیەک بە بارهەڵگرەکە دەچووم بۆ ناوچەی "خۆراسگان" لە نزیک ئسفەهان و چەند مەڕێکم دەکڕی و لای خۆرئاوا لە بیابانێک سەرم دەبڕین و لاشەکانیانم دەبردەوە بۆ قەهدەریجان، پاشان بەهۆی ئەوە کە مشتەرییەکانی خۆم دەناسی، یا بەشە گۆشتەکەیانم دەبردەوە دەرماڵیان و پێم دەدان، یا لە کاتێکی دیاریکراودا دەهاتن و بەشە گۆشتی داواکراوی خۆیان هەڵدەگرت.

یەکێک لە مشتەرییە باش و بەردەوامەکانی ئێمە سەید مەهدی هاشمی بوو. ئەو سەید مەهدییە گرینگترین کەسایەتیی قەهدەریجان بوو. هاشمی دواتر بە

تاوانی دارشتنی گەلاڵەی کوشتنی ئایەتوڵڵا "شەمسابادی" دەستبەسەر کرا و سزای دوو جار لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو، بەڵام زۆری نەخایاند کە ڕێک لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەنداندا عەبا و مێزەری لەبەر کرد و لە پڕێکدا بوو بە بەرپرسی نووسینگەی مۆنتەزیری، و ئێستاش لە ڕێگەی براکەیەوە بە ناوی سەید هادی کە زاوای مۆنتەزیرییە، سەرپەرەشتیاریی کاروباری پەیوەندیدار بە تیرۆریستە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە ئازادیخوازەکان دەکات. بەڵام ئەو کاتانە قات و شەرواڵی لەبەر دەکرد و هێشتا مەسەلەی کوشتنی ئایەتوڵڵا شەمسابادی نەهاتبووە گۆڕێ.

دەبێ لێرەدا ئەوەش ڕوون بکەمەوە کە سەید مەهدی هاشمی، شەوانی هەینی و لە ڕۆژانی پرسە و تازیەباریدا، بە جلوبەرگی ئاسایی لە قەهدەریجان دەچووە سەر مینبەر و مەجلیس خۆش بوو.

لەو ڕۆژە گەرمەی هاوینی ١٣٥٤دا کە هەموو بەسەرهاتەکە لەوێوە دەستی پێ‌کرد، سەید مەهدی هاشمی هاتە بەردرگای دووکانەکەمان. لە کاتێکدا کە خۆم ئامادە دەکرد بڕۆم بۆ خۆراسگان بۆ کڕینی مەڕ، بانگی کردم و گوتی:

"ئاغا جەعفەر!. دەزانی کە من چەندین و چەند ساڵە کە مشتەریی دووکانی باوکی تۆم و هەتا ئێستاش لە شێوەی کاری باوک و کوڕ ڕازی بوومە، من بۆ ماوەی چەند حەوتوویەک هەندێک میوانی زۆر بەڕێزم لە زانایانی ئایینی بۆ دێت. میوانەکانم ژمارەیەک لە ئایەتوڵڵاکانی مەرجەعیەتن کە زەحمەتیان کێشاوە و لە دووسبەیەوە دێن بۆ ئیسفەهان. باخی "حاج توراب دورچەیی" پێ دەزانی خۆ؟".

گوتم: "بەڵێ!".

گوتی: "ئەو دوو حەوتوویە هەموومان لەوێ دەمێنینەوە. ئێستا ئەو ٢٠ هەزار تمەنەم لێ وەرگرە تا دوایی پارەی دیکەشت پێ‌دەدەم. بەڵام سەرەتا دەمەوێ کە کەس ئاگاداری ئەو میوانیە نەبێت، پاشان دەمەوێ کە لەو دوو حەوتوویەدا بۆ خۆت شەو و ڕۆژ لەوێ بیت، ئێستاش ئەو برە پارەیە بۆ ئەوەیە کە بڕۆی و ١٥ تا ١٦ سەر مەڕی پەروار و ساغ بکڕی و شەو کە تاریک داهات، بیانبەی بۆ باخی حاجی توراب. کاری تۆش لەو بیست ڕۆژەدا ئەوە دەبێ کە مەڕەکان سەرببڕی و کەباب و سەروپێ بۆ میوانەکانم لێ بنێی، جا ئێستا پێم بڵێ ئامادەی ئەو کارانە بکەی یان نا؟".

من سەید مەهدی هاشمیم زۆر خۆش‌دەویست، پێم وابوو کە کەسێکی خوێندەوار

و بەغیرەتە. هەموو خەڵکی گوندەکەمان هەر لەسەر ئەو باوەڕە بوون. سەرەڕای هەموو شتێک، من تا ئەو کاتە لە ژیانمدا ٢٠ هەزار تمەن پارەی نەختم یەکجێ نەدیتبوو. بۆیە دەستبەجێ گوتم:

"ئێوە ئەمر بفەرموون، ئێوە داوای سەری کەسێکیش بکەی من ناڵێم نا!. ئێمە خانەزادین ئاغای هاشمی!".

سەید مەهدی دوای ئەوەی کە ڕازیبوونی منی بینی، هەندێک لەسەر شێوەی کارکردن لەو چەند ڕۆژەدا قسەی کرد و گوتی: "دەبێ تا سبەی کاتی خۆرئاوابوون مەڕەکان لە باغی حاجی توراب بن و بۆخۆشت دەبێ بە دایک و باوکت بڵێی کە بۆ ماوەی دوو حەوتوو دەڕۆم بۆ مەشهەدا!".

سەید مەهدی ڕۆییشت و منیش کە لە خۆشیی ٢٠ هەزار تمەن خەریک بوو باڵ بگرمەوە، لە جیاتی "خۆراسگان" چووم بۆ "داران فەریدن" و بە هەشت هەزار و ٤٠٠ تمەن، ١٨ سەر مەڕی باش و قەڵەوم کڕی و بۆ بەیانیەکەی، پێش لەوەی خۆر هەڵبێت، خۆم گەیاندە باغی حاجی توراب لە "دورچەپیاز".

سەید ئەبولفەزل باخەوانی حاجی توراب بوو و دەمناسی. دەرگای لێ کردمەوە و پێکەوە مەڕەکانمان لە شوێنێکی باخەکەدا جێگیر کرد. هەندێک گیا و ئاڵفم لە فەریدن هێنابوو، و ئەویشمان بۆ مەڕەکان کردە ناو ئاخوڕێکی کۆنی نێو باخەکە.

ئەبۆلفەزل ماتۆڕسیکلێتێکی هەبوو، تکام لێ کرد کە بەیانی کاتژمێر دە لە نەجەف ئاباد و لە بەرانبەر گۆڕەپانی "شەشی بەهمەن" چاوەڕوانم بێت، بۆئەوەی پێکەوە بڕۆین بۆ باخەکە.

کاتژمێر حەوتی بەیانی گەیشتمەوە ماڵی خۆمان. باوکم لەبەر ئەوەی کە شەوی ڕابردوو نەگەڕابوومەوە ماڵێ، لێم دڵگران و زیز بوو.

گوتم: "کارێکم بۆ هاتبووە پێش کە ناچاری کردم شەو لە ئیسفەهان بمێنمەوە و ئێستاش بە ناچاری دەبێ بڕۆم بۆ ئیسفەهان، بۆئەوەی بلیت بکڕم و بۆ زیارەتی ئیمام ڕەزا بڕۆم بۆ مەشهەد".

باوکم بە هەڵسوکەوتە سەرشێتانەکانم ڕاهاتبوو. من دەستبەجێ "داوود"ی زاوامانم (مێردی خوشکم) بانگ کرد، سویچی بارهەڵگرەکەم پێ دا بۆ ئەوەی لە نەبوونی مندا پەکی دووکانەکەمان نەکەوێت. پاشان دوو هەزار تمەن پارەشم دا بە باوکم بۆ ئەوەی کە دڵنیا بێت بۆ سەفەرەکەی مەشهەدیش پارەی پێویستم پێیە. دواتر بە جۆرێک لەگەڵ داوود بەڕێ کەوتم کە کاتژمێر نۆ و نیوی بەیانی لە نەجەف ئاباد بووم.

بە داوودم گوت: "بگەڕێوە. داوود زۆر پێداگریی کرد کە تا ئیسفەهان بمبات، بەڵام من قبووڵم نەکرد". کاتژمێر ١٠ی بەیانی چووم بۆ گۆڕەپانی "شەشی بەهمەن" و بەو پەڕی سەرسووڕمانەوە، لە جیاتیی سەید ئەبۆلفەزلی باخەوان، سەید مەهدی هاشمیم بینی کە هاوڕێ لەگەڵ "عەلی ئەکبەر پەروەرش"، چاوەڕوانی من بوون.

ئەو ئاغای "پەروەرش"ە کە دواتر بوو بە وەزیری پەروەردە و ڕاهێنانی ڕێژیمی خومەینی، ئەوکات مامۆستای هونەرستانی پیشەیی ئیسفەهان بوو. سەید مەهدی و پەروەرش لە نێو ترۆمبیلێکی "پەیکان"ی سپیدا دانیشتبوون. هەرکە منیان دیت، پەروەرش درگای ترۆمبیلەکەی کردەوە و خۆی لە دواوە دانیشت. من چوومە پشت سوکان و پێکەوە بەرەو باخی حاجی توراب بەڕێ کەوتین.

پێویست بە ناساندنی نەبوو، چوونکە ئاغای پەروەرش یەک لە مشتەرییە بەردەوامەکانی پێی مینبەری سەید مەهدی هاشمی بوو. درێژەی ڕێگامان بە قسە کردن لەسەر شێوازی میوانداریی و پێشوازی لە میوانەکان تێپەڕ کرد، دواجار گەیشتینە باخی حاجی "توراب دورچەیی". باخەکەی حاجی توراب لە سەر ڕێگایەک بوو کە تازە قیرتاو کرابوو و لە نێوان "دورچەپیاز" و "فەلاوەرجان" هەڵکەوتبوو.

ئەو ڕۆژە من و سەید ئەبولفەزڵ و کوڕەکانی تا خۆرئاوا سەرقاڵی کارکردن بووین. کە ئێوارە داهات، ئاغای پەروەرش ڕۆییشت و تا کاتژمێر ١٢ی شەو، زیاتر لە شەش جار گەڕایەوە و هەموو جارێکیش پەتوو و دۆشەکێکی زۆری لەگەڵ کەلوپەلی نان خواردن و چێشت لێنان دەهێنا.

کاتژمێر بوو بە ١٢ و نیوی شەو، سەید عەبدوڵڵا هات. سەید عەبدوڵڵا لە ئیسفەهان و لە "چڵەوکەبابیی سوڵتانی" چێشتلێنەر بوو و چێشتی دەستی بەناوبانگ بوو. من ماوەیەکی دوور و درێژ بوو کە دەمناسی و ئەویش خەڵکی قەهدەریجان بوو. کاتژمێر دووی نیوە شەو سەید مەهدی پێی گوتین؛ بڕۆن بخەون، چوونکە کارەکانمان لە بەیانییەوە دەست پێدەکەن.

شوێنی حەوانەوەی من و سەید عەبدوڵڵا کە تەمەنی ٥٠ ساڵ دەبوو، ژوورێک بوو کە لەسەر دینامێکی ئاو سازکرابوو و تۆزێکیش لە بینای سەرەکیی باخەکە دوور بوو.

کاتێک کە ویستمان بخەوین، سەید عەبدوڵڵا گوتی: "بە قوربانی بم، حەزرەتی ئیمام ڕەزا بانگی ئێمەی نەکرد و نەکرد، ئێستاش کە بانگی کردووین، لە جیاتیی

مەشهەد، سەرمان لە "دورچە" دەرهێنا!!".

من زۆر پێکەنیم، بەڵام پاشان گوتی: "قەیناکا، سەید مەهدیش هەر ئەولیایە و خزمەتکردن بە زانایانی ئایینی، هیچی کەمتر لە زیارەتی "زامنی ئاهوو"[1] نیە".

بێخەویی شەوی ڕابردوو و کارە قورسەکانی ئەو ڕۆژە وایان کرد کە زۆر زوو خەوم لێ بکەوێت.

کاتژمێر حەوتی بەیانی لە خەو هەستام. سەید عەبدوڵلا پێش من هەستابوو. کاتێک بۆ شوشتنی دەم و چاوم چوومە دەرێ، لەسەر حەوزێکی بچووک کە ئاوی دینامەکە سەرەتا دەڕژایە ئەوێوە، سێ چوار مەلای مێزەر بەسەرم بینی کە پێدەچوو شەوی ڕابردوو، یاخود بەرەبەیانی زوو گەیشتبێتن. هەموویان گەنج بوون و بەتەمەنترینیان لەوانە بوو ٢٨ تا ٢٩ ساڵ تەمەنی بێت. سەرقاڵی گاڵتە و پێکەنین بوون، من تا ئەوکاتە ئاخوندی دەم بە پێکەنینم نەدیتبوو.

سڵاوم کرد و وەڵامیان دامەوە، پاشان سەید مەهدی هات بۆ ئەوەی دەستبەجێ مەڕێک سەر ببڕم و کەباب بۆ ٣٠ کەس ئامادە بکەم و پاشماوەی گۆشتەکەش بدەم بە سەید عەبدوڵلا تاکوو بۆ لێنانی شلە و خواردنەکانی دیکە بەکاری بێنێت.

ئێمە لە سووچێکی باخەکە سەرقاڵی کارکردن بووین، بەڵام بەرەبەرە ژمارەی ئەو ئاخوندانە زیاتر دەبوو کە دەهاتنە ئەوێ و من لە ژیانمدا نەمدیتبوون. سێ چوار کەسی غەیری ئاخوندی لێ بوو کە ئەوانیشم نەدەناسی. هەموو کاتژمێرەکانی بەیانیمان بە سەربڕینی مەڕ و ئامادەکاری بۆ لێدانی کەباب تێپەڕ کرد تا نیوەڕۆ و کاتی نان خواردن گەیشت.

خواردنەکان لەسەر خوانێک کە لەسەر زەوی ڕاخرابوو دانران و من چووم تا دوایین بەشی کەبابەکانیان بۆ ببەم، بۆ یەکەم جار هەموو میوانەکانم پێکەوە دیت. سەید مەهدی هاشمی و پەروەرش لە نزیک دەرگای ژوورەکە دانیشتبوون و ئەوانی دیکە کە لەسەر یەک ١٥ کەس دەبوون، لە دەوری خوانەکەدا دانیشتبوون و خەریکی گاڵتە و گەپ و پێکەنین بوون. ١١ کەسیان ئاخوند بوون و چوار کەسی دیکەشان خەڵکی ئاسایی بوون. ئاخوندێک کە مێزەری ڕەشی لەسەر بوو و لە لای سەرەوەی سفرەکە دانیشتبوو، لە هەموویان باڵابەرزتر و پێکەوتووتر و ڕێکپۆشتر بوو و دیار بوو لە هەموویان گەورەترە و بە سەریاندا زاڵە. من ئەوکات نەمدەناسی، بەڵام ئێستا هەموو دنیا دەیناسن. ئەو پیاوە ئایەتوڵلا

(مەبەست ئیمامی هەشتەمی شیعەکان واتە "ئیمام ڕەزای کوڕی ئیمام مووسای کازم"ە. (و : ١

بەهەشتی بوو.
جیا لە ئایەتوڵڵا بەهەشتی، ئەوانەی دیکەش کە لە دەوری سفرە پڕ لە خواردنەکە دانیشتبوون و من دواتر کە بووم بە هاوکاریان ناسیاریم لەسەریان پەیدا کرد، ئەو کەسانە بوون: "موحەممەد مونتەزیری، جەواد باهونەر، شێخ سادق خەڵخاڵی، فەزلوڵڵا مەحەلاتی، تاهیری، خادمی، سانعی، سەدووقیی یەزدی، دەستغەیبی شیرازی و مشکینی کە هەموویان مێزەریان لەسەر بوو و دوکتور سەڵەواتی و دوکتور میناچی و غولامعەباس تەوەسولی و موحەممەدی هاشمیی ڕەفسەنجانی".
سەید مەهدی داوای لە من کرد ئەوانەی دیکەش بانگ بکەم کە بێن و هەموومان پێکەوە نان بخۆین. هەتا من سەید ئەبولفەزڵ و سەید عەبدوڵڵا و کوڕەکانی سەید ئەبولفەزڵم بانگ کرد کە پێکەوە بگەڕێینەوە نێو ژوورەکە، میوانەکان خواردنیان تەواو کردبوو، جگە لە چەند کەس کە یەکیان شێخ سادق خەڵخاڵی بوو، ئەوانی دیکە سەرقاڵی خواردنی هەڵوا و شلەزەرد (شیرنەمەنییەکی تایبەتی ناوچە فارس نشینەکانە*) بوون. سەرەڕای ئەوە ئایەتوڵڵا خادمی کە من ڕێزی تایبەتم بۆی هەبوو، دەستی کرد بە قسەکردن لە سەر ئیسلام و دەیهەویست بیسەلمێنێت کە لە ئیسلامدا جیاوازیی شا و سواڵکەر نیە و بە پێی یاسای خودایی هەموو مرۆڤەکان وەکوو یەک و خاوەن مافی وەکوو یەکن و بران و لەسەر یەک سفرە دادەنیشن و وەکوو یەکیش دەست بۆ سفرە دەبەن.
ئەو بەرنامەی نان خواردنە هەر بەو شێوەیە، هەر ١٥ ڕۆژەکە بەیانی و نیوەڕۆ و شەوان بەڕێوە چوو و تەنیا جیاوازییەک کە بەدی دەکرا، سەرەتا جۆری خواردنەکان و پاشان کەم و زیادبوونی دوو، سێ کەس لە میوانەکان بوو.
لە مەودای نێوان ئەو سێ ژەمە خواردنە ڕۆژانەیەدا، ئاغایان بەردەوام سەرقاڵی دانوستان و وتووێژ بوون، ئەویش لە ژوورێکی داخراودا، بە بێ ئەوەی کە کەس مافی چوونە ژوورەوەی بۆ ژوورەکە هەبێت. لە دوو ڕۆژی یەکەمدا یاساکان زۆر بە توندی ڕەچاو دەکران، بەڵام وردە وردە توندوتۆڵییەکان کەم بوونەوە و هاتوچۆ کەمێک ئاسایی بووەوە هەتا یەکەمین شەوی هەینیمان بە سەردا هات.
ئەو شەوە سێ کەس لە ئاغایان لەگەڵ ئاوابوونی خۆر ڕۆیشتن. سێ کەسەکە بەهەشتی و خادمی و دەستغەیبی شیرازی بوون. ئەوانی دیکە مانەوە و بۆ یەکەمین جار لە ژیانمدا شاهیدی مەجلیسێک بووم کە تا ئەو کاتە تەنانەت لە خەویشدا نەمدەتوانی وێنای بکەم.
لە کاتژمێر نۆی شەوەوە و دوای خواردنی شەو، لەگەڵ خوانی تریاک و وافوور

کە هەموو ڕۆژێک دوای خواردنی نیوەڕۆ و شەو ڕادەخرا، بۆنی خواردنەوە کحوولییەکانیش دەهات، بەڵام هەرچی گەڕام، نەمتوانی بوتڵ و شووشەی خواردنەوە کحوولییەکان بدۆزمەوە.
با لێرەدا ئەوەش بڵێم کە ماوەی دوو ڕۆژ بوو لەسەر فەرمانی سەید مەهدی هاشمی و دوای خواردنی نانی نیوەڕۆ و نانی شەوان، من لە تەنیشت یا لە پشت درگای ژوورەکەیان دادەنیشتم بۆ ئەوەی کەسانی دیکەی وەکوو سەید ئەبولفەزل و سەید عەبدوڵڵا و هەر کەسێکی دیکەی بێگانە نەڕواتە ژوورەوە.
ئەو شەوە باسی خواردنەوەی مەی لە لایەن ئاغاکانەوە بۆ من گرینگ نەبوو، چوونکە منیش وەکوو ئەوان نوێژم دەخوێند و ڕۆژووم دەگرت و بۆ زیارەت دەچووم و لە ڕۆژەکانی تاسووعا و عاشووراوادا، بە زنجیر لە خۆمم دەدا، بەڵام شەوانی هەینی دوو پێک عارەقی تاڵم دەخواردەوە. ئەوەی کە دەڵێن: "می بخور، منبر بسوزان، مردم آزاری نکن"(مەی بخۆرەوە، ئاگر لە مینبەر بەردە، ئازاری خەڵک مەدە*) بۆ منیش وەکوو بڕیارێکی ئایینی بوو. هەر بۆیە بە لای منەوە کێشە نەبوو کە ئاغاکانیش بە هەمان شێوە جاروبار لێوێک تەڕ بکەن، بەڵکوو پرسیارەکە لە لای من دۆزینەوەی سەرچاوەی ئەو خواردنەوە کحوولییانە بوو، نەک خواردنەوەیان.
کاتژمێر ١١ی شەو بۆڵەبۆڵەکان دەستی پێ دەکرد. موحەممەدی مونتەزیری و سانیعی زیاتر لە هەموویان پەروەرشیان بەو پرسیارەوە هەڵدەپێچا کە: "بۆ نایەن؟. بوو بە بەیانی، ئەدی کەنگێ دێن؟".
پەروەرشیش لە وەڵامدا دەیگوت: "سەبرتان هەبێت و پەلە مەکەن، زووتر لە کاتژمێر ١٢ و یەک نایەن! شەوی هەینیە و شەوانی هەینی شەوی کاسبییانە!".
من لەلای خۆم پێم وابوو کە ئاغایان چاوەڕوانی ئایەتوڵڵا بەهەشتی و خادمی و دەستغەیبن، بەڵام کاتێک کاتژمێر بوو بە ١٢ و نیوی شەو، میوانە تازەکان هاتن و کەمێک مابوو بەو تەمەنەوە دڵم لە لێدان بوەستێت!.
میوانانی تازە هاتوو دوو ژنی بێ حیجاب و میکیاج کراو بوون لەگەڵ چوار پیاوی دیکە کە ئامێرەکانی میوزیکی ڤیۆلۆن و تار و سەنتوور و زەربیان بە دەستەوە بوو. سیما و دەموچاویان هێندە ئاشنا بوو کە گومانم نەبوو کە سەید ئەبۆلفەزلی دورچەیی باخەوانیش دەیناسین.
حاڵ و هەوای ژوورەکە تەواو کش و مات بوو، بەڵام لەگەڵ هاتنی میوانە تازەکان، جارێکی دیکە گەرم و گوڕ بووەوە و بە هاواری "احسنت و تبارک الله"ی

مەلاکان، کەش و هەوای میوانیەکە تینی تێ کەوتەوە… .
هەڵسوکەوتی میوانەکان بە شێوەیەک بوو کە دیار بوو جگە لە ئاغای پەروەرش کەسی دیکەیان لە میوانیەکەدا نەدەناسی.
با ئەوەش بڵێم کە هەر لە ڕۆژی یەکەم و دووهەمەوە میوانەکانی سەید مەهدی هاشمی، هەتا ئەو کاتەی کە لە نێو باخەکە بوون، بە ژێرشەرواڵ و شەرواڵ و تەنانەت بە تیشێرتەوە دەخولانەوە، تەنیا ئەوکات عابا و مێزەریان لە بەر دەکرد کە لە باخەکە چووبانە دەرێ، بۆیە سەروسەکوتیان زیاتر لە حاجی و دەلاڵەکانی نێو بازار دەچوو هەتا زانای ئایینی!.
یەک و دوو کەسیان نەبن، ئەوانی دیکە هەوڵیان دەدا کە کەمتر بە شێوەی ئاخوندەکان قسە بکەن بۆ ئەوەی مەلابوونیان ئاشکرا نەبێت!.
من هەموو میوانە تازە هاتووەکانم دەناسی، هەموویان هونەرمەندی دەستەی ئۆرکێسترای کابارەی ژێرزەوینیی هۆتێل "عالی قاپوو"ی ئیسفەهان بوون. ئەو هۆتێل عالی قاپوویە کە هۆتێلێکی بەناوبانگی ئەوکاتی ئیسفەهان بوو و لە کۆڵانی "چوار باغ" هەڵکەوتبوو، ژێر زەوینێکی هەبوو کە ڕێستۆرانی هۆتێلەکە بوو و شەوانە بەرنامەی سەما و ساز و گۆرانیی تێدا بەڕێوە دەچوو. "موعین"ی گۆرانیبێژیش کارە هۆنەرییەکانی خۆی لەوێوە دەست پێ کرد.
ئەو دوو ژنەش کە ئەو شەوە هاتبوونە باغی حاجی توراب، لە هونەرمەندانی ئەو ژێرزەوینیە بوون کە یەکیان ناوی "ئیلهام" و ئەوەی دیکەیان "نەرگس" بوو. هەردووکیان سەماکەر بوون و نەرگس تۆزێک گۆشتن بوو و هەر لە یەکەم چرکەساتەکانەوە سەرنجی مەلاکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.
گوتم کە هەر لە سەرەتای هاتنەژوورەوەی ئیلهام و نەرگس، سەماکەرە جوانەکانی هۆتیل عالی قاپوو، میوانیەکە ڕەنگ و ڕووی گۆڕدرا و گەرم و گوڕ بوو. باهونەر و مۆنتەزیری هەر لە سەرەتاوە پێداگریی زۆریان دەکرد کە ئەو دوو سەماکەرە جوانە ئیسفەهانیە بڕۆن و لەگەڵیان لەسەر خوانی تریاک و وافوور دانیشن، بەڵام هەوڵەکانیان بێ سوود بوو. سەماکەرەکان تەنانەت لێویشیان بە "مەی" تەڕ نەکرد، بۆیە من بە دنیایەک سەرسووڕمانەوە لە خۆمم دەپرسی سەیری کاری ڕۆژگار کەن چی بەسەر هاتووە کە سەماکەر و موتریبی شاری ئێمە خۆیان لە تریاک و مەی و عەیش و نۆش دەبوێرن، کەچی زانایانی ئایینیمان پێکەوە سەرخۆشن و دڵیان بە هەموو حەرامێکەوەیە!.
یەک و دوو جار خەڵخاڵی کە تریاکی نەدەکێشا، بەڵام ڕەشەمەست بوو و

زماندرێژی و خوێڕیگەریی دەکرد، هەوڵی دا کە دەست بۆ لەشی سەماکەرەکان بەریت، بەڵام لەگەڵ دژکردەوەی توندیان بەرەوڕوو دەبووەوە و بە ناچاری دەستی دەکێشایەوە. لە نێو دەستەی ئۆرکێستراکەدا پیاوێکی نابینا هەبوو کە ئێستا ناویم لە بیر نەماوە، بەڵام دڵنیام کە هەموو خەڵکی ئیسفەهان دەیانناسی و منیش لەمێژ ساڵ بوو کە تێکەڵاویم لەگەڵی هەبوو. کاتێک مەجلیسەکە گەیشتبووە لووتکەی عەیش و نۆش، کابرا نابیناکە هاتە بناگوێم و بە هێواشی گوتی: "ئەرێ ئەو کەسانەی کە لەو مەجلیسەدا بەشدارن، هەندێکیان شێخ و مێزەر بەسەر نین؟".

ویستم بڵێم "با" زۆربەیان هەون! بەڵام نازانم چوونکە جێگەی باوەڕی سەیدمەهدی هاشمی بووم، دڵم نەهات سنووری ئەو باوەڕە ببەزێنم، هەر بۆیە گوتم: "نا".

بەڵام دەستبەجێ پرسیم: "بۆچی ئەو پرسیارەت کرد؟".

لە وەڵامدا گوتی: "ئاخر شێوازی قسەکردنیان بە ئاخوندان دەچێ!".

کاتژمێر دووی نیوەشەو کاتێک سەمای عەرەبی و هیندی دەستی پێ کرد و سەماکەرەکان سەرقاڵی پۆشینی جلی تایبەت بەو سەمایانە بوون، سەروسەکوتی ئاغایان سەرنجڕاکێشتر ببوو. وردە وردە خەڵخاڵی بەو ورگە ناشیرین و سەروسەکوتە گەپجارەیەوە، لە جێگەی خۆی هەستابوو و لاسایی ئیلهام و نەرگسی دەکردەوە بۆ سەمای هیندی و عەرەبی!.

شێخ یوسف سانعیش کە شمشاڵی یەکێک لە ئەندامانی ئۆرکێسترای بۆ ماوەیەکی کاتی وەرگرتبوو، بە شێوەیەکی هاوئاهەنگ لەگەڵ هونەرمەندانی دەستەکە، فووی بە شمشاڵەکەدا دەکرد، وەک ئەوەی ژەنیارێکی زۆر شارەزا بێت.

ئەو شەوە مەجلیسی عەیش و نۆش و سەما هەتا پێنجی بەیانی بەردەوام بوو و لە کۆتاییدا کاتێک هونەرمەندەکان شەکەت و ماندوو گەڕانەوە بۆ شار و پیاوانی دین و ئایینیش سەرخۆش و ماندووتر لە وان، هەر یەکەو لە قوژبنێکی ژوورەکە کەوتبوون و خەویان لێ کەوتبوو. تازە ئەوکات دنیای هۆشیاری و دنیای پرسیار و وەڵامی من دەستی پێ کردبوو. سەرقاڵی کۆکردنەوەی قاپ و قاچاخی پرش و بڵاو لە ژوورەکە بووم و بۆ ساتێکیش لە دنیای پرسیار و وەڵامەکانم نەدەهاتمە دەرێ. دنیایەک کە لە کۆتایی کارەکانم لە ژوورەکە و بە دەنگی سەید مەهدی هاشمی دوایی هات و زۆریشم پی خۆش بوو کە کۆتایی هات.

سەید مەهدی ئەو شەوە نە قومێکی لە مەی دا و نە مژێکی لە تریاک و

وافوور، لە کاتێکدا کە بەستەیەک پارەی پێ دەدام، زۆر سپاسی دەم قونجاوی و زەحمەتەکانی منی کرد و گوتی: "ئەو ٢٠ هەزار تمەنەش بگرە، چوونکە تۆ ئەمشەو زەحمەتی زۆرت کێشاوە!، من قەرزداری تۆم و ئێستا ڕاست و ڕاشکاو پێت دەڵێم کە لەوە بەدوا و تا کۆتایی ژیانت، لەگەڵ من دەبی و کار دەکەی و لەسەر ئیزنی خوا ڕۆژ بە ڕۆژ پارەت زیاتر دەبێ و دەوڵەمەندتر دەبی!".

بەو پێیە وەڵامی هەموو پرسیارەکانم وەرگرت، ٢٠ هەزار تمەن پارەیەکی کەم نەبوو و بۆ من وەکوو سەرمایەیەکی گەورە دەهاتە ئەژمار. وەک سەید مەهدی هاشمی دەیگوت: "من خەریک بوو دەوڵەمەند دەبووم". ئەوەش تەنیا شتێک بوو کە هەمیشە چاوەڕوانی بووم. لەوەش گرینگتر ئەوە بوو کە سەید مەهدی باوەڕی تەواوی پێم پەیدا کردبوو. هێشتا حەوتوویەک لە کارەکەم تێنەپەڕیبوو کە من ببووم بە خاوەنی ٢٨ هەزار تمەن پارە. کێ دەیتوانی یارمەتییەکی ئاوا زۆرم بکات؟!. بە من چی کە خەلخاڵی سەما دەکات و سانعی جوان شمشاڵ دەژەنێ و ئەوانەی دیکە مەی دەخۆنەوە؟!. خۆ حیساب و کیتابی بەهەشت و جەهەنەمیشیان بەدەست من نیە. لەوانەیە بۆ ئەو کارانەش ڕێگەپێدراو بن.

لەو بیر و خەیاڵاتەدا بووم کە ڕێک ئەو کاتەی سەید عەبدوڵڵای چێشتلێنەر لە خەو هەڵدەستا، من خەوم لێ کەوت.

کاتژمێر دووی دوانیوەڕۆ، کاتێک کە بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ لە خەو هەستام، هەموو ئاغایان شاد و دڵخۆش سەرقاڵی باس و قسە و دیالۆگ بوون. بەهەشتی و دەستغەیب و خادمیش گەڕابوونەوە. پێم وابوو کە باسی بەسەرهاتی شەوی ڕابردوو ناکەن کە چی ڕووی داوە و هەوڵ دەدەن هەمووی لە ئاغاکان بشارنەوە، بەڵام بەپێچەوانەی باوەڕی من، زۆر بە تام و چێژەوە بەسەرهاتی خۆیان لەو شەوەدا گێڕایەوە، بەتایبەتی ئەو حاڵەتانەی کە هەر یەک لەوان تێیدا بوون بە گاڵتە و پێکەنینەوە باس کران و پاشان بەداخبوونی خۆیان لەوەی کە ئەو سێ کەسە لەوێ نەبوون و نەیانتوانیبوو لەو هەموو خۆشییە بەشدار بن و چێژی لێ وەرگرن، هێنایە زمان.

شەوی هەینیی داهاتووش، دیسانەوە هەمان مەجلیسی عەیش و نۆش دووبارە بوویەوە و لە کۆتاییدا دوای ١٦ ڕۆژ، بە بێ ئەوەی کە من و سەید ئەبۆلفەزل و سەید عەبدوڵڵا بزانین کە جگە لەو هەموو ڕابواردنەی شەوانە کە هەبوو، لە کۆبوونەوەکانیاندا باسی چی دەکەن و چ بڕیارگەلێک دەدەن، میوانیە گەورەکەی باغی حاجی توراب دوڕچەیی تەواو بوو و هەر یەک لە ئاغاکان بە لایەکدا ڕۆییشتن و من و سەید عەبدوڵڵاش، لە زیارەتی مەشهەد گەڕاینەوە بۆ ماڵەکانمان.

تەنیا جیاوازییەک کە ئێستا هاتبووە ئاراوە ئەوە بوو کە جەعفەر شەفیعزادەی ١٥ ڕۆژ لەوەپێش، ئێستا بەو دەستخۆشانە و حەقدەستانەی کە لە سەید مەهدی هاشمی و ئایەتوڵڵا بێهێشتیی وەرگرتبوون، ٨٥ هەزار تمەن پارەی نەختی لە گیرفاندا بوو کە تا ٢٠ ڕۆژ لەوەو پێش تەنانەت لە خەونیشدا ئەو بڕە پارەیەی نەدەدیت.

ئەوانەم بۆیە لە دەسپێکی ئەو قۆناغەی ژیانمدا باس کرد کە بزانن، کاتێک دەمگوت هەموو شتێک لە دوانیوەڕۆیەکی گەرمی هاوینی ١٣٥٤ی

هەتاوییەوە دەستی پێ کرد، مەبەستم چی بوو.
سەید مەهدی هاشمی لە کاتی ماڵئاواییدا پێی گوتم کە؛ ڕۆژی چوارشەممەی داهاتوو، کاتژمێر هەشتی بەیانی لە گۆڕەپانی "عالی قاپوو" ئامادە بم، بۆ ئەوەی پێکەوە بۆ وەرگرتنی پاسپۆرت سەردانی شارەوانی بکەین. ناوبراو تەنانەت باسی ئەوەی نەکرد کە بۆچی دەیهەوێ پاسپۆرتم بۆ دەربێنێ. ئەگەر ڕاستییەکەتان بوێت دوای بەسەرهاتی باخەکەی حاجی توراب دورچەیی، چیدی بۆ منیش گرینگ نەبوو کە خەریکی چیم و چی دەکەم. ئەوە سەید مەهدی هاشمی بوو کە هەموو شتێکی دەزانی و ئەو پارەیەی کە دەگەیشت بە من، وەڵامی هەموو پرسیارەکانی من بوو.
کاتێک گەیشتمە ماڵەوە دایک و باوکم ئەوەندە خۆشحاڵ بوون و حەجمینیان لێ بڕابوو لەوەی کە کوڕەکەیان لە زیارەتی مەشهەد گەڕاوەتەوە، خەریک بوو خۆشم باوەڕ بکەم کە بەڕاستی لە مەشهەد گەڕاومەتەوە. پێش لەوەی کە باسی دیاریی مەشهەد بێتە گۆڕێ، بەو بیانووەوە کە لە مەشهەد خەونم بینیوە کە ئەو پارەیەم بە دەوری "زەریح"دا خشاندووە و تەبەڕوکم کردووە بۆ ئێوە، یەکێ هەزار تمەنییەکی سەوزم دا بە دایکم و باوکم و بەم شێوەیە، کۆتاییم بە باسکردن لە سەفەرەکەم هێنا.
کاتێک بزەی سەر لێو و بریسکەی چاوی دایکم و باوکمم بینی، لە لای خۆم گوتم کە پارە، ئەویش پارەی بەلاش و بێ زەحمەت، بەڕاستی کە هەموو کێشەکانی مرۆڤ لەسەر زەوی چارەسەر دەکات. بەڵام ئەمڕۆ کە لە هەموو جیهاندا فتوای کوشتنم لە لایەن حیزبوڵڵاهییەکانی ڕێژیمەوە دەرچووە، ئامادەم هەموو پارە و داراییەکانم کە بە میلیۆن دەبن، بدەم، تەنیا بۆ ئەوەی کە بۆ چەند ساتێک ژیانی سادە و بێ دڵەڕاوکێی سەردەمی قەسابییەکەی باوکمم بۆ بگەڕێتەوە، بەڵام مەخابن و هەزاران مەخابن!.
پەیوەندییەکانی من لەگەڵ سەید مەهدی هاشمی ڕۆژ بە ڕۆژ پتەوتر دەبوون. ئێستا ئیتر هەموو کەس دەیزانی کە من وازم لە کارکردن لە قەسابییەکەی باوکم هێناوە و زۆرتر وەکوو شۆفێر لە خزمەت سەید مەهدی هاشمیدا کار دەکەم. سەید مەهدی تەنیا یەک کاری دەکرد، ئەویش لە مەجلیسەکاندا وتاری پێشکەش دەکرد و ئامۆژگاریی خەڵکی دەکرد، بۆیە بە دروستی نەمدەزانی کە ئەو هەموو پارەیە چۆن و لە چ ڕێگەیەکەوە بەدەست دێنێ. دیارە بۆشم گرینگ نەبوو، بۆ من گرینگ ئەوە بوو کە پارەیەکی باشی پێدەدام. پێم وایە بەشی هەرە

زۆری ئەو خۆشەویستییەی کە بە نیسبەت سەید مەهدی پەیدام کردبوو، هەر دەگەڕایەوە بۆ ئەو پارە زۆرەی کە دەیدا بە من.

هەر چۆنێک بێت دوای ئەوەی کە پاسپۆرتەکەم ئامادە بوو، لەگەڵ ئاغای هاشمی هاتین بۆ تاران. سەرەتاکانی ڕەزبەری سالی ١٣٥٤ (١٩٧٥) بوو. بە بنەماڵەکەشم ڕاگەیاندبوو کە لەسەر داوا و ئامۆژگارییەکانی سەید مەهدی، دەمەوێ بڕۆم بۆ نەجەف و لەوێ ببم بە فەقێ و دەرسی ئایینی بخوێنم. پارەیەکی یەکجار زۆریشم بۆیان بەجێ هێشت. چەند ڕۆژێک لە تاران ماینەوە و پاشان هاوڕێ لەگەڵ غولامعەباس تەوەسولی کە دوای شۆڕش بوو بە سەرۆکی زانکۆی ئیسفەهان، بە فڕۆکەی "ئەیر فرانس" بەرەو پاریس بەڕێ کەوتین. ئەوە نەک هەر یەکەمین سەفەرم بۆ دەرەوەی وڵات بوو، بەڵکوو یەکەم جاریشم بوو کە سواری فڕۆکە دەبووم، هەر بۆیە تەوەسولی ناچار بوو کە هەموو داب و نەریتەکانی سواربوون لە فڕۆکەم بۆ شی بکاتەوە!.

کاتێک گەیشتینە پاریس لە خۆشیدا خۆم بە پێوە نەدەگرت و بە خۆمم دەگوت: "من لە کوێ و پاریس لە کوێ؟ گەلۆ ئەگەر سەید مەهدی هاشمی نەبوایە، من دەمتوانی بێم بۆ پاریس؟ بە دڵنیاییەوە نا!".

پاریس بۆ من نامۆ و غەریب بوو، بەڵام من چێژم لێ وەردەگرت، چێژێک کە زۆری نەخایاند، چوونکە لە داهاتوویەکی زۆر نزیک و لە کاتێکدا کە تەنیا نامەیەکی سەربەستراویان دابووە دەستم، تەوەسولی تا فڕۆکەخانەی "ئۆرلی" لە پاریس لەگەڵم هات و تەنیا دوای چوار ڕۆژ مانەوە لە شارە خۆش و جوانەکەی پاریس، بەرەو سووریە بەڕێ کەوتم. شوێنێک کە دەبوایە لەبەر خاتری سەید مەهدی هاشمی کە زۆر شتی پێدابووم، ژیانێکی تازە دەست پێ بکەم.

لە فڕۆکەخانەی دیمەشق هەر لە فڕۆکەکە دابەزیم، لە لایەن چەند کەسێکی سەربازییەوە پێشوازیم لێ کرا و بە ترۆمبیلێکی نەفەرهەڵگر بەرەو شوێنێکی نادیار بەڕێ کەوتین. من دەمزانی کە بۆ بینینی خولێکی سەربازی هاتووم بۆ ئەم وڵاتە. ئەوەشم دەزانی کە دەبێ چاو و گوێم بکەمەوە و شێوازی کارکردن بە چەک و تەقەکردن و چەقۆ وەشاندن و تەقینەوە و چالاکیی لەو شێوەیە بە جوانی فێر بم. هەموو ئەو کارانە دەبوو من لەبەر خاتری سەید مەهدی هاشمی بیانکەم.

یەک و دوو ڕۆژ لەماڵێک لە نزیک دیمەشق منیان ڕاگرت و پاشان هاوڕێ لەگەڵ چەند کەسی دیکە کە ئێرانی و پاکستانی بوون، ئێمەیان برد بۆ کەمپێکی تەواو پارتیزانی!.

سەردەمێکی زۆر زەحمەت بوو، بەڵام هاوکات چێژی خۆی هەبوو. من کە هەمیشە جنێوم بە ڕێژیمی شا دەدا کە بۆچی لاوانی وڵات بە زۆرەملی دەنێرێتە سەربازی و خۆشم بەهۆی ئەو ڕق و قینەی کە لە دڵمدا بوو، کارێکم کرد کە خزمەتی سەربازیان پێ بەخشیم(معافیت)، ئێستا ناچار بووم کە چوار مانگی ڕەبەق ڕاهێنانی پارتیزانی ببینیم، ئەویش نەک لە وڵاتی خۆم و بۆ وڵاتی خۆم، بەڵکوو لە وڵاتی سووریە و بۆ ئامانجەکانی سەید مەهدی هاشمی.

بێجگە لە من ٣٢ ئێرانیی دیکە لە کەمپەکە بوون کە جگە لە من، هەموویان خوێندکار و خوێندەوار بوون، لەو نێوانەدا تەنیا خوێندەواریی من دەگەیشتە شەشی سەرەتایی، بەڵام بەو حاڵەش هەموو ڕاهێنەرەکانمان دەیانگوت کە تو باشترین پارتیزانی نێو کەمپەکەی. ئەوە ڕاهێنەرە سوورییەکان پێیان دەگوتم.

ماوەیەکی زۆر بەسەر مانەوەم لە کەمپەکە تێپەڕ نەببوو کە ڕۆژێک بەرپرسی کەمپەکە کە سەرگوردێکی (ڕائید*) سووری بە نێوی "حامد موحەممەد سوودانی" بوو، منی بانگ کرد بۆ ئۆفیسی کارەکەی و بە ئامادەبوونی ئێرانییەکی دیکەی دانیشتووی سووریە کە وادیار بوو وەکوو وەرگێڕ و بەرپرسی پێوەندیی ئێرانییەکانی نێو کەمپەکە لەگەڵ سەید مەهدی هاشمی بوو، پێی گوتم کە ئایەتوڵڵا شەمس ئابادی لە ئیسفەهان کوژراوە و هەر لەو پەیوەندییەدا سەید مەهدی هاشمی قۆڵبەست کراوە و هەروەها چەند کەسێک لە بنەماڵەی ئێمە کە ناسناوی شەفیعزادەیان بووە، گیراون و لە گرتووخانەن.

هەرکە هەواڵەکەم بیست، بۆ چەند ساتێک تاسام و حەپەسام، بەڵام زۆر زوو پرسیارم لە لا دروست بوو تاکوو زیاتر تێبگەم لەوەی کە چاوەڕوانمی دەکرد و ڕووی دابوو. پێیان گوتم کە سەرلەبەیانیەک تەرمی ئایەتوڵڵا شەمس ئابادی بە خنکێندراوی لە تەنیشت ڕێگای "دورچە" دۆزراوەتەوە و دوای ئەوە کوڕە پوورێکم بە ناوی "موحەممەد حوسێن جەعفەرزادە" کە خوێندکاری زانکۆی ئیسفەهان بوو و هەروەها خزمێکی دیکەم بە ناوی "ئەسەدوڵڵا شەفیعزادە" و چەند کەسی دیکە گیراون و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لێیان، سەید مەهدی هاشمی دەستبەسەر و زیندانی کراوە.

سەرۆکی کەمپەکە هەوڵی دەدا پێم بسەلمێنێت کە "ساواک" ئایەتوڵڵا شەمس ئابادیی کوشتووە، بەڵام من کە بۆ خۆم ئاگام لە هەموو شتێک بوو و تەنانەت هەموو شەفیعزادەکان لەڕێی خۆمەوە بە سەید مەهدی هاشمی ناسێنرابوون، دەمزانی کە شتەکە چۆنە و کۆبوونەوەکانی باخی حاج توراب دورچەیی بە چ

ئەنجامێک گەیشتوون. ئەوان پێیان وابوو کە من بەهۆی گیرانی خزمەکانم و سەید مەهدی هاشمی دڵگرانم، لەکاتێکدا کە وا نەبوو، ڕاستە من بۆ خزمەکانم هەندێک دڵگران بووم، بەڵام لە ڕاستیدا نیگەرانیی من بۆ ئەوە بوو کە لەگەڵ سەید مەهدی وا ڕێککەوتبووین کە، لە هەر جێگەیەک بم دەستبەجێ بگەڕێمەوە بۆ قەهدەریجان و ئەو پلانە تۆکمەیەی کە بۆ ڕاکردنیان لە گرتووخانە دارێژرابوو، جێبەجێ بکەم. دڵنیاش بووم کە بێجگە لە خۆم و سەید مەهدی و ئایەتوڵڵا بەهەشتی و موحەممەد مۆنتەزیری و باپیری، کەسی دیکە ئاگاداری پلانەکەمان نەبوو.

کاتێک بە بەرپرسی کەمپەکە، واتە سەرگورد حامد موحەممەد سوودانیم گوت کە خەیاڵی گەڕانەوە بۆ ئێرانم هەیە، بە توندی دژایەتیی کرد و گوتی، ناتوانێ بە هیچ شێوەیەک ڕازی بێت کە من بگەڕێمەوە بۆ ئێران، چوونکە بە پێی ئەو پلانەی لەپێشدا دارێژرابوو، من دەبوایە خولی مەشق و ڕاهێنانەکەم تەواو کردبا و دوای بەشداریم لە چەند تاقیکارییەکی ڕاستەقینەدا، ئەگەر مەرجەکانی پارتیزان بوونی خۆمم سەلماند، ئەوکات ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ئێرانم پێ دەدرێ.

دوای ئەو چاوپێکەوتنە دوو جار هەوڵم دا کە لە کەمپەکە ڕابکەم، بەڵام هەردوو جار هەوڵەکانم لەگەڵ شکست بەرەوڕوو بوون و هەر جارێکیان بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ بەمەبەستی سزادان منیان خستە ژووری تاکەکەسی.

هەر چۆنێک بێت خولەکەم تەواو کرد و ڕۆژێک سەرگورد موحەممەد سوودانی منی بانگ کرد و گوتی: "تۆ سەرەڕای ئەوەی کە نەخوێندەواری، باشترین پارتیزانی ئەم کەمپەی، هەر بۆیە سبەی شەو دەبێ دەرەنجامی مەشق و ڕاهێنانەکەت نمایش بکەی، ئامادەی یان نا؟".

من کە پێم وابوو دەبێ ئەوەی کە فێری بوومە، لە تاقیکردنەوەیەکدا بینووسمەوە، دەستبەجێ گوتم: "بەڵێ!".

بەڵام چەند خولەک دواتری کاتێک ئاغای ڕازی کە وەرگێڕی کەمپەکە بوو، شتەکەی بۆ شی کردمەوە، خەریک بوو لە ترسان دڵم لە لێدان بوەستێت!.

من دەبوو بەیانیی ئەو ڕۆژە، لە تەنیشت ئەندامانی جووخە[1] ی مەرگ ڕاوەستم و نۆ ئەفسەری سووری تیرباران بکەم! واتە ئێستا دەبوو دەستم بە خوێن سوور بێت، ئەویش خوێنی کەسانێک کە دوژمنی من نەبوون.

---

٢. بچووکترین یەکەی چەکدارییە کە بریتییە لە ٨ کەس ١

هیچ ڕێگەیەکم نەبوو جگە لەوەی کارەکە قەبووڵ بکەم. هەر لەو پاشنیوەڕۆ گەرمەی هاویندا کە سەید مەهدی بە ٢٠ هەزار تمەن خۆم و داهاتووی منی کڕی، دەبوو زانیبام کە لەم دنیا کەس بە کەس و بێسەروبەرەدا کە برا بۆ ١٠٠ تمەن برا دەکوژێت، ناکرێ بەخشینی ١٠ و ٢٠ و ٣٠ هەزار تمەن بە من، بێ ئامانج و پیلانی مەترسیدار بێت!.

من هەوڵ دەدەم بۆ عیبرەت و پەند وەرگرتنی کەسانی دیکە، ئەو بیرەوەرییانەم بە ڕاستبێژی و بێ پێچ و پەنا بگێڕمەوە. هەوڵ نادەم لە خۆم قارەمانێک درووست بکەم، هەر بۆیە ئەگەر ڕاستییەکان زۆر تاڵ و ویژدان هەژێنیش بن، وەک خۆیان باسیان دەکەم.

ئەو شەوە کاتێک کە لە ژووری سەرگورد حامد موحەممەد سوودانی هاتمە دەرێ، هەتا بەیانیەکەی کە دەبوایە لەگەڵ "ڕەفعەت ئەسەد"ی برای حافز ئەسەد بڕۆین بۆ ڕاهێنانی تەقەکردن، بۆ یەک خولەکیش مێشکم لە بیرکردنەوە نەوەستا. ئەوان پێشنیاریان کردبوو کە منیش لە تەنیشت جووخەی ئیعدام دەست بۆ چەک ببەم و دڵی مرۆڤێکی دیکە کە نایناسم و تەنیا لە ڕوانگەی بەرپرسانی کەمپەکەوە دوژمنی گەلی سووریە بوون، بکەمە ئامانج و بیکوژم، بێ ئەوەی کە لە ژیانمدا تەنیا بۆ یەک جاریش بینیبێتم. بەم شێوەیە ئەگەر سەیری شتەکە بکەی زۆر ویژدان هەژێنە و مرۆڤ دڵگران دەکات، بەڵام خۆ من بۆ ڕاهێنانی گۆرانی و موتریبی نەهاتبوومە ئەو کەمپە. من هەر ئەو ڕۆژە کە بە هۆی هاندانەکانی سەید مەهدی هاشمی ئامادەیی خۆم بۆ بینینی ئەو خولە دەربڕیبوو، دەبوایە زانیبام و قبووڵم کردبا کە ئەو هاتنەی من و ئەو دەرسانە کە فێریان دەبم بۆ ئەوەیە کە بکوژرێم یان بکوژم!.

کەواتە هیچ کوشتنێک لەوە ئاسانتر نیە کە بەبێ ئەوەی مەترسیت لەسەر بێت، مرۆڤی دەست و پێ بەستراو بکەیتە ئامانجی چەکەکەت. ئەستۆگری بەهەشت و جەهەننەمیشیان نەبووم. سەرۆک ئەسەد مەیلی لێ بوو کە نەیارانی خۆی بکوژێت، یان بە قسەی ڕۆژنامەکان لە سێدارەیان بدات، بە من چی؟ من تەنیا ڕاسپێردراوێک بووم کە لەسەرم بوو پەلەپیتکەی چەکەکەم ڕاکێشم، هەر ئەوەندە و هەر ئەوەندە!. مەگەر ئەو تەقەکردنە لەگەڵ تەقەکردنەکانی پێشوو چ جیاوازییەکی هەیە؟

بەو خەیاڵاتەوە شەوم گەیاندە بەیانی و پاش چەند تەقەکردنێکی پێشەکی وەکوو ڕاهێنان، من و هەشت کەسی دیکە کە چواری ئێرانی و دووی پاکستانی و دووی

بەریتانی بوون، ئاگادار کراینەوە کە بۆ ڕاهێنانی کۆتایی و بە بەشداریی ڕەفعەت ئەسەدی برای حافز ئەسەد، لە گۆڕەپانی تیرهاوێژیی کەمپەکە ئامادە بین. چوونکە دەزانم لە بردنی ناوی بەریتانیەکان سەرتان سووڕ ماوە، پێویستە لێرەدا باس لەوە بکەم کە لەو کەمپەدا، نەک هەر بەریتانی، بەڵکوو فەڕەنسی و ئاڵمانی و تەنانەت هەندێک پارتیزانی ڕەش پێست و سپی پێستی ئەمریکاییش هەبوون. زۆربەی ئەو کەسانە سەر بەو ڕێکخراوانە بوون کە لە دژی حکوومەتەکانیان شەڕیان دەکرد و ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی کە دواتر باسی لەسەر دەکەم، لە بری وەرگرتنی پارەیەکی زۆر و زەبەلاح لە وڵاتان و ڕێکخراوە ئازادیخوازەکان، کارئاسانیی بۆ ناردنیان دەکرد کە بێن و لەو کەمپە و کەمپەکانی هاوشێوەدا خولی مەشق و ڕاهێنان ببینن. لەو کەسە بەناوبانگ و ناسراوانەی کە لەوێ پێکەوە خولی پارتیزانیمان بینی، "بابی سانێدز"ی بەناوبانگی ئیرلەندی بوو کە دواتر بە هۆی مانگرتن لە خواردن، لە گرتووخانەیەکی وڵاتی ئیرلەند گیانی لە دەست دا.

کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ، ڕەفعەت ئەسەدی برای حافز ئەسەد، لە کاتێکدا کە چەند کەسی سەربازیی سووریی لەگەڵ بوو، هات بۆ گۆڕەپانی تیرهاوێژیی کەمپەکە و مولازم "موحەممەد عابد ڕافز" کە فەرماندەی دەستەی سێدارە بوو ڕایگەیاند کە؛ بۆ ڕاهێنان ئامادە بین.

نۆ داری سێدارە لە گۆڕەپانەکە ئامادە کرابوون و بە هەر یەک لەو دارانەوە مرۆڤیلەیەک لە پووش و پەموو بەسترابووەوە. مەودای نێوان ئێمە و بووکەڵەکان کەمتر لە ١٥ میتر بوو. لەسەر جلی هەر یەک لە بووکەڵەکان و لەو شوێنەی کە شوێنی دڵی مرۆڤی ئاساییە، هێمایەکی "جاران" (X) هەبوو کە دەبوو ئێمە ئەو هێمایەمان کردبایەتە ئامانجی تەقەکەمان. ئەو ڕۆژە چەکی کلاشینکۆفی ڕووسییان لێ ئەستاندبووینەوە و جۆرە چەکێکی "نیوە ئۆتۆماتیک"یان پێمان دابوو کە ئەمریکایی بوو و پێیان دەگوت "ئێم ١".

مەشق و ڕاهێنانەکان لەو کەمپەدا بە شێوەیەک بوون کە کاریگەرییان لەسەر ئێمە دانابوو. بۆ نموونە بە ئێمەیان گوت لە بەر ئەوەی کە ئەو نۆ کەسە سیخوڕی ئەمریکان، حەیفە بە چەک و فیشەکی ڕووسی بکوژرێن، هەر بۆیە دەبێ بە چەک و فیشەکی ئەمریکایی بکوژرێن.

بە فەرمانی مولازم موحەممەد عابد ڕافز لەسەر ئەژنۆ ڕاوەستاین و لەسەر فەرمانی دووهەمی تەقەمان لە مرۆڤیلەکان کرد. مەودای نێوانمان کەم بوو، بۆیە نیشانشکێنیمان ڕاست و دروست بوو. دوای چەند ساتێک دیتمان کە

خوێن لە شوێنی فیشەکەکان هاتە دەر، ئەوەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییە بوو کە تەقەکەرەکە نیشانشکێنێکی باشە. ئێمە دواتر زانیمان کە ئەو کارە تەنیا بۆ ئەوەیە کە لە دەروونی پارتیزانەکەدا ترس لە خوێن واتای نەمێنێت و پێی ڕابێت.

من دواتر کە گەڕامەوە ئێران و مەشق و ڕاهێنانم دەکرد، چەندین جار ئەو کارەم دووبارە کردەوە. نایلۆنێکمان پڕ دەکرد لە خوێنی مانگا یان مەڕ و لە شوێنی دڵی بووکەڵەکان دامانده‌نا بۆ ئەوەی ترسیان بشکێت و کوشتنی ڕاستەقینەش وەکوو ڕاهێنانێکی ئاسایی بێتە بەرچاویان. ئێمە دەمانتوانی لە ئاو یان تراوێکی سوور کەڵک وەرگرین بۆ ئەو کارە، بەڵام بە ئێمەیان گوتبوو کە دەبێ هەر خوێن بێت، بۆ ئەوەی ترس لە خوێن و خوێنڕشتن نەهێڵێت، بۆیە هەمیشە پێداگرییان دەکرد کە لە هەموو ڕاهێنانەکاندا کەڵک لە خوێنی ئاژەڵەکان وەربگیردرێت.

دوای چەند خولەکێک و کاتێک کە ڕەفعەت ئەسعەد هات و دەستی لەگەڵ هەمووومان دایەوە و سپاسی ڕێکی و دروستیی تەقەکەمانی کرد، هەستم بەوە کرد کە تاقیکاریی مرۆڤکوژە تازەکان، لووتکەی سەرکەوتنی بڕیوە و تەقە و نیشان شکێنیەوە بە تەواوی سەرکەوتوو بووە.

گەمە و یارییەکانی نێو کەمپەکە و ڕاهێنان و تاقیکارییەکان و تەقەکردن لە مرۆڤیلەی پەڕۆیین کە بە دارێکەوە بەستراوەتەوە و لە جیاتی دڵی مرۆڤێکی زیندوو بە هەزار هیوا و ئاواتەوە، دانانی دەفرێکی نایلۆنی کە خوێنی مانگا یا گامێشێکی تێدایە، لەگەڵ ڕاستی، لەگەڵ جەنگاوەری، لەگەڵ بە ئامانج گرتنی دڵی مرۆڤێکی تاوانبار یان بێ تاوان کە بەڕاستی خەریکە لە نێو دەچێت، جیاوازییەکی زۆری هەیە. مرۆڤیلەیەکی پارچەیی تەنیا نیشانەیەکی هەڵخەڵەتێنەرە، بەڵام مرۆڤێک، مرۆڤێک کە هەزاران هیوا و ئاواتی لە دڵدایە، بە دەیان مرۆڤی دیکە چاوەڕوانین و خۆی هیوای بە دەیان کەسی دیکە هەیە، هەرچەندە لە ڕوانگەی چەند کەسێکەوە تاوانباریش بێت، کوشتنی کارێکی سادە و ئاسان نیە.

پێشتر باسم کرد بۆتان کە پێش لەوەی لەگەڵ سەید مەهدی هاشمی کار بکەم، پیشەی من قەسابی بوو، باوکیشم قەساب بوو، ڕۆژی وا هەبوو کە ئێمە زیاتر لە دە تا پازدە سەر مەڕمان سەردەبڕی، بەڵام ئەوە لەگەڵ مرۆڤکوشتن زۆر جیاواز بوو. ڕاستە کە من لەگەڵ خوێن و کوشتن و سەربڕین ئاشنا بووم، بەڵام مرۆڤکوژ نەبووم.

دواتر لە ڕەوتی شۆڕش و دواترەکەیشی، من چەندین جار لەسەر داوای سەید مەهدی هاشمی، دەستم بە خوێنی زۆر کەس، زۆرێک لە مرۆڤە باشەکان سوور

بوو. بەڵام لەو بەرەبەیانیەی ساڵی ١٩٧٧ (١٣٥٦) و لە کەمپێکی سەربازی لە نزیک دیمەشق، وەکوو ئەندامێکی دەستەی سێدارە، ئامادەی بینینی قوربانیەکانی خۆم بووم، لەکاتێکدا کە هێشتا دەستم بە خوێنی هیچ مرۆڤێک سوور نەببوو.

چەند کاتژمێرێک دەبوو کە جلی سەربازیی سووریەیان بە هەموو هێما و پلەکانیەوە دابوو بە هەموومان، تەنانەت بە بەریتانیەکانیش، بۆ ئەوەی لە بەری بکەین.

چەند خولەکێک بوو کە لە ترۆمبیلێکی بارهەڵگری ڕووسییدا چاوەڕوان بووین. کاتژمێر شەشی بەیانی و لە تاریک‌وڕوونی بەرەبەیاندا، ئێمەیان لەبارهەڵگرەکە دابەزاند. قوربانیەکانیان بە چاو و دەست و لاقی بەستراوەوە، بە دارەکانەوە شەتەک دابوو. وادیار بوو کە هەموو ئامادەکارییەکانی پێش ئیعدام کراون.

ئێمە بە فەرمانێکی سەربازی چووینە بەرانبەر قوربانیەکانمان، بە فەرمانی دووهەم لەسەر ئەژنۆ جێمان گرت و بە فەرمانی سێهەم دڵی مرۆڤەکانمان کردە ئامانج و تەقەمان لێ کردن. هەر بەو سادەیی و ئاسانیە!. پێنج تەرم لە دارەکان بەربوونەوە سەر زەوی و چواری دیکە بە دارەکانەوە مانەوە. مولازم موحەممەد عابد ڕافز منی ڕاسپارد کە "تیری خەلاس" لە سەری قوربانیەکان بدەم. دیسانەوە دەمانچەیەکی کۆڵتی قورسی ئەمریکاییان دا بە دەستمەوە. منیش بە بێ دوو دڵی بۆ هەر نۆ کەسەکە ١٢ فیشەکی دەمانچەکەم تەقاند، ئەویش ڕاستەوخۆ لە مێشکیانم دا. هەموو قوربانیەکان بە یەکەم فیشەکی ئێم-١ گیانیان لە دەست دابوو، جگە لە دوو کەسیان.

هیچ هەستێکی دیاریکراوم نەبوو، نە دڵگران و ناڕاحەت بووم و نە پەشیمان. دواتر کاتێک لە ئێرانی خومەینی‌دا ئەو کارانەمان دەکرد، زانیم کە هۆکاری هەڵبژاردنی من بۆ دەستەی سێدارە و پاشان ڕاسپاردنم بۆ لێدانی فیشەکی خەلاس چی بووە؟ وادیار بوو کەسانێک هەڵدەبژێردران کە هێچ هەست و سۆزێکیان نیە و مرۆڤکوشتن و خوێنڕشتن بۆیان کارێکی سادە و ئاسان بێت و من یەکێک لەو مرۆڤانە بووم. یەکێک لەو کەسانە کە لە مرۆڤکوشتن و خوێنڕشتن نەدەترسا و مامۆستایان و ڕاهێنەرانی کەمپەکە، لە نێوان ٤٠٠ پارتیزانیی بەشداربوو لە خولەکەدا، وەکوو کەسی خاوەنی تایبەتمەندیی خوێنڕشتن و مرۆڤکوشتن هەڵیانبژاردبوو، من بووم.

کاتێک ڕێوڕەسمەکە تەواو بوو، ڕاهێنەرەکانمان لە کەمپەکە دەستخۆشییان لێ دەکردین و خۆشحال بوون لەوەی کە ئەرکەکانمان بە ڕێک و پێکی بەڕێوە

بردووە. نازانم، لەوانەش بوو کە سەربازە سووریيەکان لەوە خۆشحاڵ بوون کە لەم جیهانەدا گەمژە و بێ عەقڵی وەکوو ئێمەش هەن کە بە جێگەی ئەوان خەڵکمان دەکوشت، بۆ ئەوەی دەستیان بە خوێنی هاوڵاتییانی خۆیان سوور نەبێت.

هەر چۆنێک بێت بەسەرهاتی تیرباران کردنی نۆ ئەفسەرە سووریيەکە و پاشان تەقاندنی ١٢ فیشەک لە مێشکیان، یەکەمین ئەزموونی من لە مرۆڤکوشتن و قەتڵ بوو. ئەزموونێک کە دواتر زۆر جار ڕووی دا و دووبارە بوویەوە، بەو جیاوازییەوە کە لە ئەزموونەکانی دواترمدا دڵ و مێشکی هاوڵاتییانی خۆمم دەکردە ئامانج.

پاش کۆتایی هاتنی خولی مەشق و ڕاهێنانی ئێمە لە دیمەشق، سەرگورد موحەممەد سوودانی و بە گشتی ڕاهێنەرانی کەمپەکە، زۆر هەوڵیان دا کە من لەوێ بمێنمەوە و لە یەکەیەکی پارتیزانیی تایبەت بە هێرش بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی ئیسرائیلدا کار بکەم، بەڵام من قەت خۆم لەو بوارانە نەدەدا و حەزم لێ بوو کە بە زووترین کات بگەڕێمەوە بۆ ئێران، باوک و دایکم ببینم، پلانی ڕاکردنی سەید مەهدی هاشمی و شەفیعزادەکان لە گرتووخانە جێبەجێ بکەم و هاوکات بزانم کە بەڵێنی نێوان من و سەید مەهدی هاشمی، کە بڕیار بوو هەموو مانگێک ٣٠ هەزار تمەن بخاتە نێو هەژمارە بانکییەکەم، بە کردەوە جێبەجێ کراوە یان نا؟.

ئەو ڕۆژەی کە فڕۆکەخانەی دیمەشقم بەرەو پاریس بەجێ هێشت، ئیتر من ئەو جەعفەر شەفیعزادەیە نەبووم کە لە قەهدەریجان قەساب بوو. ئێستا ئیتر من لە گرتووخانە و بریندارکردن و کوشتن و تەقینەوە و تێکدان نەدەترسام. تەنانەت کوشتنی مرۆڤە بێتاوانەکانیش دڵگرانی نەدەکردم. کاتێک سواری فڕۆکە سوورییەکە بووم و فڕۆکەکە چوو بۆ تەشقی ئاسمان، هەستم دەکرد کە کەسێکی سەربازی، میلیشیایەک، پلەدارێک، گرووهبانێک، ئەفسەرێک و تەنانەت ژەنەڕاڵێکم. لەو کەمپەدا ئەو کاریگەرییەیان لەسەر ئێمە دانابوو.

بەڵام دواتر و لە ڕەوتی شەڕی بێسوودی نێوان ئێران و عێراقدا بۆمان دەرکەوت کە ئەوەی لە سوورییە فێریان کردووین دوورە لە ڕاستی، چوونکە کەسانی سەربازی، مرۆڤکوژ نین. بۆم دەرکەوت کە هیچ کەسێکی سەربازیی خاوەن شەرەف، شەڕخواز نیە. کەسە سەربازییەکان ئاشتییان خۆش دەوێ، تەکنیک و یاسا و ڕێساکانی شەڕ بۆ ئەوە فێر دەبن کە ئاشتیی پێ دابین بکەن. بۆم دەرکەوت کە مرۆڤکوشتن، تیرۆر، تەقینەوە و ئەشکەنجە کاری ئەو تیرۆریستانەیە کە بە هەڵە بەرگی سەربازییان لەبەر کردووە. منی شاگرد قەساب کە تەنانەت نەمتوانیبوو تا قۆناغی دواناوەندی درێژە بە خوێندن بدەم، نەک هەر کەسێکی سەربازی نەبووم، بەڵکوو مرۆڤێکی دڵڕەق و مرۆڤکوژ و تاوانبار بووم کە هەندێک کەسی دیکە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان منیان بەکار دەهێنا. دواتر لە ئێران و لە ڕەوتی ڕۆژەکانی شۆڕشدا تێگەیشتم کە، بە هۆی پارە و گرێ دەروونیەکانمەوە، خۆم و شەرەف و ئیمان و بنەماڵە و نیشتمان و هەموو ئەو شتانەی کە هەمبوون، کردوومەتە قوربانیی تەماح و ئامانج و حەزی ئاخوند و مەلا بێ نرخەکان.

بەڵام هەر چۆنێک بێت لەو نیوەڕۆ گەرمەدا کە من دیمەشقم بە

فڕۆکە بەرەو پاریس بەجێ هێشت، هەموو گیانم شایی بەخۆبوون بوو و زۆر زۆر لە خۆڕازی ببووم. هەزاران گەڵاڵە و پلانم لەمێشکدا بوو کە دامنابوو هەر گەیشتمەوە تاران و ئیسفەهان، هەموویان جێبەجێ بکەم و لەم ڕێگەیەوە نەک هەر سەید مەهدی هاشمی و خزم و کەس و کارم لە گرتووخانەکە ڕزگار بکەم، بەڵکوو بە دزیکردن لە بانکەکان و هەڕەشەکردن لەو دەوڵەمەندانەی کە لە ئیسفەهان دەمناسین، خۆم و هەموو ئەو کەسانە بکەمە خاوەنی پارە و سامانێکی زۆر!!.

کاتێک لە فڕۆکەخانەی ئۆرلی لە پاریس لە فڕۆکە دابەزیم و بۆ وەرگرتنی جانتاکانم بەتەما بووم نهۆمی یەکەمی بینای ئۆرلی بەجێ بهێڵم، لە تەنیشت غۆلامعەباس تەوەسولی، سێ کەسی دیکەش چاوەڕوانی من بوون، ئەو سێ کەسەم قەت لە ژیاندا نەدیبوون، بەڵام ئێستا ناویان لە جیهاندا ناسراوە و هەموو کەس دەیانناسێت.

"سادق قوتب زادە" و "ئەبوولحەسەن بەنی سەدر" و "حەسەن ئیبراهیم حەبیبی" ئەو سێ کەسە بوون کە هاتبوونە پێشوازیم و من تازە لەگەڵیان ئاشنا دەبووم. کاتێک بە ترۆمبیلێکی پێژۆ و بە شۆفێریی قوتب زادە بەرەو شاری پاریس دەچووین، تەوەسولی بۆی باس کردم کە ناردنی من بۆ ئەو کەمپە لە سووریە بەپێی پێشنیار و هاوکاریی قوتب زادە بووە.

پێکەوە چووین بۆ ئۆفیسی کاری قوتب زادە کە لە "پاریسی حەقدەهەم" و لە کۆڵانی "کلیشی" بوو. دواتر زانیم کە ئەو ئۆفیسە نزیکە لە گەڕەکێکی بەدناوی پاریس بە ناوی "پیگال" و ئاغای قوتب زادە کە خۆی بە کەسایەتییەکی ئیسلامی (Playboy) نیشان دەدا، بۆ پەیوەندییە سێکسییەکانی خۆی لەگەڵ ژنە لەشفرۆشەکانی پاریس و هەروەها بڵاو کردنەوەی ئەو تریاکەی کە لە لایەن سەید مەهدی هاشمی لە ئێرانەوە و لە لایەن سادق تەباتەبایی لە دۆسلدۆرفەوە ڕەوانەی پاریس دەکران، لەو دەفتەرە کەڵکی وەردەگرت. دیارە لە کاتی گونجاوی خۆی، بە وردی و تێر و تەسەلی دەپەڕژێمە سەر گێڕانەوەی ئەو بیرەوەری و ڕاستییانە.

ئەو ڕۆژە دەستبەجێ دوای ئەوەی کە گەیشتینە ئۆفیسی قوتب زادە، پێش ئەوەی کە تەنانەت چایی دێمکراوی ئاغای حەبیبی بخۆینەوە، تەلەفۆنی ژوورەکە زەنگی لێدا و قوتب زادە وەڵامی دایەوە و دوای هەواڵپرسییەکی کورت، تەلەفۆنەکەی دا بە من و گوتی قسەی لەگەڵ بکە!.

بە سەرسوورمانەوە تەلەفۆنەکەم وەرگرت و دەنگی "داوود"ی زاوامم گوێ لێ بوو. هەر ئەو کەسەی کە ئێستا لە جێگەی من و لەگەڵ باوکم، قەسابییەکەمان لە قەهدەریجان بەڕێوە دەبەن. زۆر خۆشحاڵ بووم بە بیستنی دەنگی. داوود گوتی: "لەگەڵ دایکت و باوکت چووین بۆ مەشهەد و ئێستا لە تارانن و شەو دەگەڕێنەوە بەرەو ئیسفەهان".

پاشان لەگەڵ دایک و باوکم قسەم کرد، باوکم گوتی: "ئاغای پەروەرش هەموو مانگێک سەردانی ماڵی ئێمەی کردووە و لە لایەن تۆوە دە هەزار تمەن پارەی پێ داوین، ئەو پارەیە چی لێ بکەین؟".

پرسیارم لە باوکم کرد کە؛ هیچ ڕاسپاردەیەکی دیکەی پێ نەگوتی؟

باوکم گوتی: "با، گوتی ئەگەر لەگەڵ جەعفەر قسەتان کرد پێی بڵێن کە ئامانەتییەکەی گەیشتۆتە ٢٠٠ هەزار تمەن".

خەریک بوو لە خۆشییان باڵ دەربێنم، چوونکە ماوەی چوار مانگ لە دیمەشق بووم و ئێستا جگە لەو دە هەزار تمەنەی کە مانگانە بە دایک و باوکم دراوە، ٢٠٠ هەزار تمەن پارەش خرابووە سەر هەژماری بانکیی من لە "وێستگەی یەخچاڵ"ی ئیسفەهان.

بە باوکمم گوت ئەو دە هەزار تمەنەی کە مانگانە پێتان دراوە، تایبەتە بە تۆ و دایکم و هەر چۆنێک پێتان خۆشە خەرجی بکەن. باوکیشم لە خۆشییاندا پێدەکەنی و گاڵتە و جەفەنگی دەکرد. دایکیشم لەبەر ئەوەی کە کوڕەکەی دەوڵەمەند ببوو، شوکرانەبژێریی عەرز و ئاسمانی دەکرد، بەتایبەت لەوە زۆر خۆشحاڵ بوو کە تێچووی سەفەرەکەیان بۆ مەشهەدیش لە لایەن ئایەتوڵڵا تاهیرییەوە دابین کراوە و ئایەتوڵڵا تاهیری بە تایبەتی ڕایسپاردووە کە پێیان بڵێن، ئیمام ڕەزا هاتۆتە خەونی و فەرموویەتی کە: "بە هۆی ئەو خزمەت و زەحمەتانەی کە جەعفەری کوڕیان بۆ ئیسلامی کێشاوە، دایک و باوکی بنێرین بۆ زیارەتی ئیمام ڕەزا لە مەشهەددا!".

لە یەکەمین کاتژمێرەکانی هاتنمدا بۆ پاریس، هەموو ئەو هەواڵانەی کە بیستم هەواڵی خۆش بوون. دیسانەوە لەگەڵ داوود قسەم کردەوە و گوتم کە؛ هەموو مانگێک هەزار تمەن لە دایکم و باوکم وەرگرە.

دووبارە باوکم تەلەفۆنەکەی وەرگرت و گوتی: "ئاگات لە مەسەلەکەی ئاغا مەهدی هەیە؟".

گوتم: "بەڵێ".

باوکم گوتی: "ئەگەر دەتوانی ماوەیەکی دیکە لەوێ بمێنەوە هەتا دۆخەکە هێور دەبێتەوە! هەرچی درەنگتر بگەڕێیتەوە باشترە!".

دوای کاتژمێرێک و کاتێک لەگەڵ تەوەسولی و قوتب زادە و بەنی سەدر و حەبیبی کەوتمە قسە کردن، بۆم دەرکەوت کە بۆ چی دایک و باوکم تەلەفۆنیان بۆ کردووم. دایک و باوکم پێیان وابوو کە من دەمهەوێ بەپەلە بگەڕێمەوە بۆ ئێران، هەر بۆیە هەوڵیان دابوو ڕێک ئەو ڕۆژەی کە من لە دیمەشق بەڕێ دەکەوم و دەگەمە پاریس، ئەو تەلەفۆن و قسەکردنەمان بۆ ڕێک بخەن، تا لە حزووری ئەواندا ئەو داوایەم لێ بکەن. ڕاستییەکەتان بوێت شتەکانی دیکەم بە لاوە گرینگ نەبوو. بۆ من گرینگ ئەوە بوو کە بڕە پارەی دیاریکراو، مانگانە و لە کاتی خۆیدا بە زیادیشەوە درابوو و دایک و باوک و خزم و کەسوکاریشم ڕازی و خۆشحاڵ بوون و سەرەڕای هەموو ئەوانە، شاری پاریسیش جێگایەک نەبوو کە مرۆڤ ژیانی لێ بکات و خۆشی ڕانەبوێرێت.

کۆبوونەوەی ئەو ڕۆژەی ئێمە لەگەڵ تەوەسولی و قوتب زادە و بەنی سەدر و حەبیبی تا کاتژمێر یەکی نیوە شەو درێژەی هەبوو. تەوەسولی بڕیار بوو بەیانیەکەی بگەڕێتەوە بۆ ئێران. ناوبراو لەو ماوەیەدا کە من لە دیمەشق بووم، سێ جار گەڕابووەوە بۆ تاران. ئەو ڕۆژ و شەوە، خانەخوێکانی پاریس، زۆر ڕێزیان لێ گرتم و بە دەورمدا هاتن و هاوکات ئاگاداریان کردمەوە کە، هەر کە گەیشتمە ئێران، بە تاوانی بەشداری لە کوشتنی ئایەتوڵڵا شەمس‌ئابادی دەستبەسەر دەکرێم، هەربۆیە پێویستە ماوەیەکی دیکە لێرە بمێنیتەوە و دوای ١٥ تا ٢٠ ڕۆژی دیکە لەگەڵ قوتب زادە سەفەرێکی وڵاتی لیبی بکەین.

بۆ من هیچ جیاوازییەکی نەبوو کە لە کوێ بم. گرینگ ئەوە بوو کە ئێستا سوارچاکێک بووم کە لە کاری قەسابی ڕزگارم ببوو و لەگەڵ مرۆڤی گەورە گەورە هەڵسوکەوتم دەکرد. تەنیا پرسیار و نیگەرانیم ئەوە بوو کە من لێرە (پاریس) و دواتر لە لیبیا هیچ پارەیەکم پێ نەبوو و دەبوایە پارەکانم لە ئێران هێنابا. قوتب زادە بزەیەکی هاتە سەر لێو و هاوکات ئاماژەیەکی بە حەبیبی کرد.

حەبیبی دوای ئاماژەکەی قوتب زادە گوتی: "بەیانی لەگەڵ ئاغای سەلامەتیان دەڕۆی بۆ بانک و ژمارە حسابێکی بانکی دەکەیتەوە و هەتا ئەو کاتەی کە لێرە دەمێنیتەوە، خەمی پارەت نەبێ، لە وڵاتی لیبیش کە میوانی ژەنەڕاڵ قەزافی دەبی!.

ئێستا ئیتر زۆر شت بە گاڵتە دەهاتە بەر چاوم، بەڵام ڕەنگە ئەگەر ئێوە یا هەر

کەسێکی دیکە لە جێگەی من بوایەن، هەر تووشی ئەو حاڵەتە بن کە من تووشی ببووم. شاگرد قەسابێکی قەهدەریجانی، ئێستا لە پڕێکدا دەبێتە مرۆڤێک کە سەردانی پاریس و سووریە و لیبیا دەکات. لەناکاو کەسێک کە لە کاتی خۆی لە ژاندارمێکی سادەی نەجەف ئابادی دەترسا و بە هەزار شێوە سوژدەی بۆ دەبرد، دەبێتە پیاوێک کە لە سەفەرێکی تایبەتدا بۆ لیبیا، دەبێتە میوانی سەرکۆماری ئەو وڵاتە!. کەواتە، ئەو هەموو گۆڕانکارییە، بێ گۆمان هەموو کەسێک تووشی لووتبەرزی و لەخۆبایی بوون دەکات و منیش زیاتر لە هەموو کەسێک!.

ئەو شەوە، واتە شەوی هاتنم بۆ پاریس، هەر لەوێ ماینەوە و پشوومان دا. واتە لە ئۆفیسەکەی قوتب زادە. قوتب زادە گوتی: "ئەوە ژووری تۆیە هەتا ئەو کاتەی کە لە پاریس دەمێنیتەوە".

ئۆفیسی کاری قوتب زادە سێ ژووری هەبوو کە لە دوو ژووریان کەلوپەلی تایپ و نووسین و مێزی کار و کورسیی دانیشتن هەبوو و ژووری سێهەمیان ژوورێکی خەوی تەواو بوو.

کاتژمێر نۆی بەیانیی ڕۆژی دواتر، کاتێک بە هۆی ژاوەژاوێک خەبەرم بووەوە، هەستم کرد کە ڕۆژ درەنگە و میوانەکانی دوێنێ و پێرسۆنێلی ئۆفیسی قوتب زادە هەستاون و لە ئۆفیسەکە سەرقاڵی کاروبارن. هەر بۆیە درگای ژوورەکەم تا نیوە کردەوە و بینیم کە کچێکی باڵابەرز و قژکاڵ لە ژوورەکەی تەنیشت ژووری نووستنەکەم خەریکە سفرە و مێزی خواردنی بەیانی دەڕازێنێتەوە. جارێکی دیکە درگاکەم داخستەوە و دەستێکم بە خۆمدا هێنا و لە بیری ئەوەدا بووم کە چۆن لەگەڵ ئەو کچە فەڕەنسییە بە زمانی خۆیان قسە بکەم. چوونکە من جگە لە فارسی ئەویش بە شێوەزاری نەجەفابادی و هەروەها تۆزێکیش عەرەبی کە لە سووریە فێری ببووم، زمانێکی دیکەم نەدەزانی، هەر بۆیە بڕیارم دا کە ئەوەندە لەو ژوورە بمێنمەوە تا ئاغای قوتب زادە یا هەر کەسێکی دیکە کە فارسی زانە بێتە ژوورەکەم.

لەسەر لێواری تەختی خەوەکە دانیشتبووم و هێشتا بیرم لەوە دەکردەوە کە زمان نازانم، لەناکاو هەمان ژنە باڵابەرز و قژکاڵەکە درگای کردەوە و هاتە ژوورەکەم و بە فارسی، بەڵام بە لەهجەوە سڵاوی لێ کردم. منیش سڵاوم کرد و چوونکە گوتی مێزی نانخواردن ئامادەیە، چووم بۆ ژوورەکەی تەنیشتم و پێکەوە دەستمان کرد بە خواردنی نانی بەیانی. دواتر بۆم دەرکەوت کە ئەو کچە باڵابەرز و قژکاڵە ماوەی شەش ساڵە لەگەڵ ئاغای قوتب زادە کار دەکات و فارسیش بە

باشی دەزانێت. ناوی "بێئاتریس" بوو. زۆر بە فێربوونی ناوەکەیەوەماندوو بووم.
کاتژمێر ١١ی بەیانی قوتب زادە و حەبیبی و سەلامەتیان هاتن و دوای هەواڵپرسی گوتیان، لەگەڵ سەلامەتیان بکەومە دوای کارەکانم. پێش ئەوەی کە ئۆفیسی کاری ئاغای قوتب زادە بەجێ بهێڵم، سەلامەتیان لەپێش چاوی هەموویان پێنج هەزار فرانکی فەڕەنسای وەکوو پارەی گیرفان پێ دام و گوتی: "جارێ دە هەزار فرانکیش دەخەمە سەر هەژمارێکی بانکی کە تایبەت بە تو دەکرێتەوە، تا بزانین دوایی چ دەبێت".
لە ژێر هەمان بینای ئۆفیسی کاری ئاغای قوتب زادە، نووسینگەیەکی بانکی "کرێدیت لیۆنێ"ی لێ بوو. سەلامەتیان هەژمارێکی تایبەت بە منی لەوێ کردەوە و پاشان هەر لەو نزیکانە سەردانی چەند فرۆشگایەکی جلوبەرگم کرد و چەند دەست جلوبەرگی فەڕەنسیشی بۆ کڕیم. سەلامەتیان پارەی هەموو شتەکانی دا. من لەگەڵ سەلامەتیان زۆر ئاسوودە بووم، چوونکە ئەویش وەک من خەڵکی ئیسفەهان بوو و پێکەوە دەمانتوانی بۆ ماوەی چەند کاتژمێر باسی ئیسفەهان و هەموو ئەو کەسانە بکەین کە خەڵکی ئیسفەهان بوون و هەردووکمان دەمانناسین.
کاتژمێر سێی دوانیوەڕۆ سەلامەتیان منی تا بەر درگای ئۆفیسی قوتب زادە هێنایەوە و خۆی بە هۆی ئەوەی کە کاری هەبوو نەهاتە ژوورەوە، بەڵام پێی گوتم کە؛ بەیانی خۆی دێت بۆ بینینم. سەلامەتیان کە ڕۆیشت، بۆ یەکەم جار بوو کە من خۆم لە شاری پاریس بە تەنیا دەدیت، بۆیە بڕیارم دا بۆ ئەوەی کە لەگەڵ دەوروبەر و گەڕەکەکە تۆزێک ئاشنا بم، پیاسەیەک بکەم، کەمێک سەر و خوارم کرد و هەندێک دووکانم بینی، بەڵام لە ترسی ئەوەی کە نەوەک شوێنەکە ون بکەم و لێم تێک بچێ، زوو گەڕامەوە. کاتژمێر چواری ئێوارە بوو کە چوومە ناو بیناکەوە تاکوو بە ئاسانسۆر خۆم بگەیەنمە قاتی چوارەم. هەر بەو کلیلەی کە هەمان ڕۆژ ئاغای قوتب زادە پێی دابووم، درگای ئۆفیسم کردەوە، کەسی لێ نەبوو، بۆیە پێم وابوو ئەمڕۆ لە ئۆفیسەکە پشوویە. هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە گۆرانییەکی هۆنەرمەندی بە ناوبانگی میسری، واتە "فیرووز"م بە دەنگی بەرز دەوتەوە، دەرگای ژووری خەوەکەم کردەوە، لە نێو ژوورەکە دیمەنێکم بینی کە خەریک بوو مێشکم ڕاوەستێ.
لە ژوورەکە ئاغای قوتب زادەم بینی کە بە شۆرتێکی شین لەسەر تەختەکە ڕاکشابوو، "بێئاتریس"یش ڕووت و قووت و بە بێ جلوبەرگ و پشت لە درگای ژوورەکە چەمابووەوە و چەخماخەی (فەندەک) بۆ هەڵکردنی سیگارەکەی لەسەر

زەویی ژوورەکە هەڵدەگرتەوە. من بە خەجاڵەت و شەرمەوە هاتم بگەڕێمەوە کە قوتب زادە گوتی: "بۆ کوێ دەڕۆی؟ وەرە ژوورەوە! ئێرە ئورووپایە...".

من هێشتا حەپەسابووم و نەهاتبوومەوە سەر خۆم لەبەر ئەو دیمەنانەی کە دیتبووم، کەچی بێئاتریس بە بێ شەرم و حەیا و هەر بە ڕووتی و بە بێ جلوبەرگ، هات بۆ لای من و چوار ماچی کردم و گوتی: "بۆ شەرم دەکەی؟!".

لەوانەیە باوەڕ نەکەن، بەڵام ئەوە یەکەم جار بوو کە لە هەموو ژیانمدا ژنێکم بە ڕووتی دەدیت. ئەوان ڕووت بوون و من شەرمم دەکرد. من هەر بەردەوام سەرم داخستبوو و قوتب زادە و بێئاتریس قاقایان لێ دەدا و پێم پێدەکەنین. پاشان قوتب زادە بە زمانی فەرەنسی شتێکی بە بێئاتریس گوت کە لە درگاکە چووە دەرەوە و خۆیشی هەستا و جلەکانی لە بەر کردەوە.

کاتژمێرێک دواتر هەموو شتێک ئاسایی ببووەوە، وەک ئەوەی کە هیچ شتێک ڕووی نەدابێت. بێئاتریس دیسانەوە جلەکانی کردبووە بەری و کەشخە و خاوێن لە پشت مێزی کارەکەی دانیشتبوو و من و قوتب زادە و حەبیبی کە تازە گەیشتبوو، خەریکی قسەکردن و دیالۆگ بووین.

بەشی زۆری باسەکانمان لەسەر کەمپەکەی دیمەشق بوو، دەمزانی کە ئەوان هەوڵ دەدەن لەسەر ئەو کەمپە وردەکاریی زیاترم لێ بکێشنە دەرێ و زانیاریی زیاترم لێ وەرگرن. منیش کە بۆم گرینگ نەبوو، هەر پرسیارێکیان دەکرد، بەوپەڕی سادەیی و ڕاستبێژییەوە وەڵامی تەواوم دەدانەوە. ئەو قسەکردنانەی ئێمە لەسەر کەمپەکە چەندین جار و بۆ ماوەی چەند ڕۆژ بەردەوام بوو.

لە ٢٠ ڕۆژی یەکەمی مانەوەم لە پاریس، جیا لە یەک جار کە لەگەڵ سەلامەتیان چووم بۆ وێنەگرییەک و وێنەیان لێ گرتم، وەکوو دیکە، بەردەوام لەگەڵ قوتب زادە خەریکی عەیش و نۆش و ڕابواردن بە مانای وشە بووم.

لەسەر پێشنیاری قوتب زادە، بێئاتریس برادەرێکی خۆی پێ ناساندم بە ناوی "پاتریسیا" بۆ ئەوەی کە بە ڕواڵەت فێری زمانی فەرەنسیم بکات. بەڵام هەر یەکەم دانیشتنمان بۆ فێرکردنم بە زمانی فەرەنسی، بوو بە دەستبازی و ماچ و مووچ، تا کار گەیشتە سەر تەختی خەوی ژووری خەوەکەم و !!... .

لە کۆتاییدا و بە گشتی چەند ڕستەیەکی زمانی فەرەنسی لە پاتریسیا فێر بووم، بەڵام زۆربەی کاتەکانمان لە کافە و ڕێستوورانەکانی پاریس و دەوروبەری تێدەپەڕاند.

هەر چەند ڕۆژ جارێک من و ئاغای قوتب زادە و هەندێک جاریش لەگەڵ

سەلامەتیان، دەچووین بۆ فرۆکەخانەیەکی دیکەی پاریس واتە "شارل دۆگۆل" و لە هەندێک مۆسافیر کە لە لەندەن یا ئاڵمانەوە دەهاتن بۆ پاریس، هەندێک بەستەی بچووکمان لە ژێر ناوی "ئەمانەت"ی وەردەگرت، بەڵام لە ڕاستیدا ١٥ تا ٢٠ "لوول" تریاکی تێدا جێ کرابووەوە. لوولە تریاکەکان مشتەریی تایبەت بە خۆیان هەبوو کە سەرەتاکان لەگەڵ قوتب زادە و سەلامەتیان و دواتر بۆ خۆم بە تەنیا ڕادەستی مشتەرییەکانیم دەکرد. یەکێک لە مشتەرییەکانی تریاک "سەید جەلال تێهرانی" بوو کە لە ڕۆژەکانی سەرەتای شۆڕشدا بوو بە سەرۆکی "شووورای سەڵتەنەت" و پاشان لە سەفەرێکی ناوبراو بۆ پاریس، بە پیلانێکی داڕێژراو ناچار کرا کە نامەی دەست لەکار کێشانەوەی خۆی پێشکەشی خومەینی بکات. لە کاتی خۆیدا بەسەرهاتی ناوبراو و "سەنجابی"شتان بۆ دەگێڕمەوە.

قوتب زادە تریاکی نەدەکێشا، بەڵام لە خواردنەوەی مەی و پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ ژنانی لەشفرۆشی سەر شەقامەکان، دەستێکی باڵای هەبوو. یەکێک لەو کارە ڕۆژانەیەی قوتب زادە و حەبیبی و دواتر من کە قەت نەماندەهێشت پشووی تێ بکەوێ، چوونمان بۆ سینەما بە مەبەستی دیتنی فیلمی سێکسی بوو. سەرەتاکان من پێم ناخۆش بوو، بەڵام دواتر بە جۆرێک گیرۆدەی بووم کە ئەگەر ڕۆژێک کاتژمێر سێ تا چواری دوانیوەڕۆ نەچووباین بۆ سینەماکانی دەوروبەری "پیگال"، هەموومان تووڕە و وەڕەز بووین. دوای ئەوەش کە لە سینەما دەهاتینە دەرێ، دەگەڕاینەوە بۆ نووسینگەکە و قوتب زادە و هەموو ئەو دیمەنانەی کە لە سینەماکە دیتبووی، لەگەڵ بێئاتریس تاقی و دووبارەی دەکردەوە و منیش لەگەڵ پاتریسیا. حەبیبیش کە لەگەڵ کچێکی ئێرانی پێوەندیی هەبوو کە قەت پێمانی نەناساند و هاوکات دوای گەڕانەوەمان لە سینەما، قەت دەستبەجێ لەگەڵمان نەدەهاتە نووسینگەکە.

لەو دۆخەدا کە پێم وابوو بۆ من لە هەموو کەسێک زیاتر خۆش دەگوزەرا، ڕۆژێکیان قوتب زادە ئاگاداری کردمەوە کە بەم زووانە و هەرچەندە وەدوا کەوتووین، دەڕۆین بۆ لەندەن تاکوو لەوێوە بەرەو لیبیا بڕۆین.

بەیانیەک لەگەڵ سادق قوتب زادە چووین بۆ لەندەن. لە فڕۆکەخانەی "هیترۆ"ی لەندەن ماوەی سێ کاتژمێر چاوەڕوان بووین و دوایی بە فڕۆکەیەکی لیبیایی چووین بەرەو ترابلۆسی پایتەختی لیبیا. ئەوەی کە بەلای منەوە جێگەی سەرسووڕمان بوو، ئەوە بوو کە دوای چەند ساتێک کە فڕۆکەکە لە زەوی هەستایەوە، میوانداری فڕۆکەکە هات و شتێکی بە سادق قوتب زادە گوت و قوتب زادە هەستا و هاوڕێ لەگەڵ میوانداره‌کە چوو بۆ کابینی فڕۆکەوانەکان.

ئەوە یەکەم جار بوو کە من بە هۆی هاوسەفەرەکەمەوە واتە ئاغای قوتب زادە، لە کورسیی پێشەوەی فڕۆکە دانیشتبووم و میوانداره‌کان زۆر بە دەورمدا هاتن. کاتێک قوتب زادە گەڕایەوە، زیاتر لە هەموو کاتێک دڵخۆش و بەکەیف بوو. کاتێک کە فڕۆکەکەمان گەیشتە ترابلۆس و ئێمە دابەزین، نەچووین بۆ بەشی گومرک و کۆنترۆلی پاسپۆرت. کە هاتینە دەرێ، ترۆمبیلێکی "مێرسیدێس بێنز"ی ڕەش لەلای پلیکانەکانی فڕۆکەکە ڕاوەستا بوو. هەر بەو ترۆمبیلە هاوڕێ لەگەڵ قوتب زادە و چەند کەسی سەربازیی لیبیایی و دوو کەس بە جلی ئاساییەوە، لە فڕۆکەخانەوە چووین بەرەو شوێنێکی نادیار. لە پشتە سەری ترومبیلەکەی ئێمە سێ ترۆمبیلی جیپی سەربازی و ئامبۆلانسێک دەهاتن. هەڵسوکەوتی لیبیاییەکان لەگەڵ ئاغای قوتب زادە لە ئاستی هەڵسوکەوت و پێشوازی لە سەرۆکی وڵاتێکی بیانیدا بوو. هەڵبەت من ئەوانە بەو پێوەرانە دەڵێم کە دواتر فێریان بووم، دەنا ئەو کات تەنیا شتێک کە منی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردبوو، تایبەتی بوونی هەموو ئەو یارییانە بوو، ئیتر سنوور و ڕادە و ڕێژەی بەراوردکردنیانم نەدەزانی.

هەر لە سەرەتاوە وڵاتی لیبیا لە دڵم نەچەقی. من پێم وابوو کە لیبیا وڵاتێکی ئاوەدانە، بەڵام کە بینیم، وەکوو ئەوە هاتە بەرچاوم کە شارێکی

بچووکە و تازە لە قۆناغی گوندبوون تێدەپەڕێ. بۆیە بۆم دەرکەوت ئەوەی کە دەیبینم لەگەڵ ئەوەی کە لە دیمەشق و پاریس لەسەر لیبیا پێیان گوتبووین، زۆر جیاوازە.

ئێمە چووین بۆ هۆتێلێکی ئەمریکایی، هۆتێلێک کە دیمەنی ناوەوە و دەرەوەی زۆر جیاواز بوو. لە دەرەوەی هۆتێلەکە هەموو شتێکی لە گوندێک دەچوو، بەڵام لە ناوەوە هێندە خۆش و بە شکۆ بوو کە وەک ئەو هۆتێلانەی پاریس هاتە بەرچاوم کە لەگەڵ پاتریسیا و قوتب زادە سەردانم کردبوون.

هەر لەو چەند خولەکەدا کە لە خوارێ چاوەڕوانی کلیلی ژوورەکانمان بووین، هێندەمان ئەمریکایی دیت کە پێم وابوو ئیسفەهانیش کە بنکەیەکی ئەمریکاییەکانی لێ بوو، هەر ئەوەندەی ئەمریکایی لێیە. هەرگیز هێندەم ئەمریکایی نەبینیبوو، بۆ ساتێک بیرم کردەوە کە بۆچی هەموویان درۆ دەکەن؟ ئاخوندەکان لەسەر مینبەر و لە مەجلیسەکان لەدەستی فەساد و عەیش و نۆش دەناڵێنن، بەڵام خۆیان کە دەبنە میوان لە میوانیەکەی باغی حاجی توراب، خەلخاڵی دەبێتە سەماکەر، سانعی شمشاڵ دەژەنێت و ئەوانی دیکە عارەقخۆری شارەزان؟ قەزافیش کە بەیانی تا ئێوارە بە دەست داگیرکاریی ئێستعمارەوە هاوار دەکات، وڵاتەکەی پڕ بوو لە ئەمریکایی!

هەر وەک جاران دیسان چووم بۆ نێو دنیای خەیاڵاتم، بەڵام قوتب زادە لێی تێکدام و بە ڕستەی "جەعفەر با بڕۆین" کۆتایی بە دنیای پرسیار و وەڵامەکانی من هێنا.

ژووری من و قوتب زادە لە تەنیشت یەک بوو. بەڵام ژووری قوتب زادە زۆر لە ژوورەکەی من خۆشتر بوو. ژوورەکەی دوو بەش بوو کە لە بەشێکیدا دەخەوت و لە بەشەکەی دیکەدا دەیتوانی پێشوازی لە میوان بکات. ژوورەکەی منیش زۆر خۆش و ڕێک و پێک بوو، بەڵام بەشە دووهەمەکەی نەبوو.

دەستبەجێ دوای ئەوەی کە جانتاکانمان کردەوە، قوتب زادە گوتی کە دەڕۆم بۆ بینینی سەرگورد "عەبدولسەلام جەللوود" واتە کەسی ژمارە دووی وڵاتی لیبی. هەروەها گوتی چوونکە زمانی عەرەبی دەزانی ئیتر نیگەرانی تۆ نیم و هەرکات پێت خۆش بوو بۆ خۆت بڕۆ بۆ ڕێستورانی هۆتێلەکە، بەڵام لەگەڵ کەس پێوەندی مەگرە، چوونکە ژەنەڕاڵ قەزافی زۆر ئەو کەسانەی خۆش ناوێت کە دەنگ و هەرا دەنێنەوە، بەڵام هەتا دەتوانی بخۆ و بخەوە... بەیانیش تا کاتژمێر ١١ دەتوانی بخەوی، چوونکە من لەوانەیە شەو درەنگ بێمەوە و بمەوێ تا

کاتژمێر ١١ بخەوم.
قوتب زادە وەک جاران دەستی کرد بە ئامۆژگاری کردنم و گوتی: "ئێرە وەکوو فەڕەنسا و تەنانەت سووریەش نیە، بۆیە دەبێ زۆر ئاگات لە خۆت بێت".
ڕاستییەکەتان بوێت، پایتەختەکەی ژەنەڕاڵ قەزافی وا لە زەوقی دابووم و جاڕزی کردبووم کە بۆ خۆشم بێجگە لە خەوتن بەرنامەیەکی دیکەم لە مێشکدا نەبوو. کاتێک قوتب زادە ڕۆییشت و من لە سەر تەختی خەوەکەم ڕاکشام، لەوکاتەدا پاتریسییا کەوتە بیرم، چوونکە ١٥ شەو بوو کە لەگەڵی بووم!.
بەیانی کاتژمێر شەش لە خەو هەستام، بەڵام قسەکەی قوتب زادەم وەبیر هاتەوە کە گوتبووی لەوانەیە شەو درەنگ بێمەوە و تا درەنگ بخەوم، بۆیە لە جیاتی ئەوەی کە بچم ئەو لە خەو هەستێنم، چووم بۆ خواردنگەی هۆتێلەکە تاکوو یەکەم ژەمی خواردنم لە لیبیا کە نانی بەیانی بوو، بە تەنیا بخۆم. هۆڵی خواردنەکە پڕ بوو و جمەی دەهات لە ئەمریکایی، لە پشت مێزێک دانیشتم و داوای خواردنێکی باشم کرد. ئەو خواردنە کە داوام کرد هێندە گران بوو کە ئەگەر بۆ خۆم پارەکەم دابا، قەت لە قوڕگم نەدەچووە خواریێ. بەڵام لەو ماوەیەدا فێر ببووم کە ئەگەر بڕیار وا بێت بۆ خۆت شتێک بکڕی و پارەکەی نەدەی، باشتر وایە کە لاسایی لۆرد و دەوڵەمەندەکان بکەیتەوە، چوونکە هەتا زیاتر لاسایی لۆردەکان بکەیتەوە، لای خانەخوێ و لەو شوێنەی کە هەی، گرینگ و بەڕێزتر دێیتە بەرچاو. من ئەوەش لە ئاغای قوتب زادە فێر ببووم.
سەرقاڵی خواردنی نانی بەیانی بووم کە بڵێندگۆی خواردنگەی هۆتێلەکە سەرەتا بە زمانی عەرەبی و پاشان بە ئینگلیزی کە هیچی لێ تێنەدەگەیشتم، ناوی منی هێنا. خواردنەکەم بە نیوەچڵی بەجێ هێشت و چووم بەرەو پرسگە و ڕێزێرڤاسیۆنی هۆتێلەکە و بە سەرسووڕمانەوە بینیم کە قوتب زادە و دوو ئەفسەری لیبیایی چاوەڕوانی منن.
قوتب زادە گوتی: "چەند خولەک پێش ئێستا تەلەفۆنم کرد بۆ ژوورەکەت و کەس وەڵامی نەدایەوە، بۆیە نیگەران بووم".
منیش لە وەڵامدا گوتم: "من زوو لە خەو هەستام و لە لای خۆم گوتم هەتا ئێوە لە خەو هەڵدەستن با من بڕۆم و نانی بەیانی بخۆم، بۆیە هاتمە خوارەوە".
قوتب زادە بزەیەکی کرد و گوتی: "کەواتە هەمووومان پێکەوە نانی بەیانی دەخۆین".
وای لێ هات کە من و قوتب زادە و میوانەکان پێکەوە گەڕاینەوە خواردنگە

و سەر مێزەکەی پێشووم و دەستم کردەوە بە خواردنی نانی بەیانییەکەم و ئەوانیش داوای خواردنیان کرد. قوتب زادە هەر وەک جاران دەستی کرد بە هەندێک گاڵتە و جەفەنگ کە تایبەتمەندیی هەمیشەیی بوو و پاشان ۱۰۰۰ دۆلاری ئەمریکایی پێ دام و گوتی: "ناچارم بۆ ماوەی حەوتوویەک بڕۆم بۆ دیمەشق و پاشان بگەڕێمەوە بۆ ترابلۆس".

پرسیم: "منیش لەگەڵتان دێم؟".

لە وەڵامدا گوتی: "نا، لێرە کاریان پێتە، کارەکە زۆر گرینگە و تۆ دەبێ لێرە بی و ئەنجامی بدەی و بە باشیش ئەنجامی بدەی!!".

منیش گوتم: "خێرە ئاغای قوتب زادە، ئەوە چ کارێکە کە لەدەست من دێت؟".

لە وەڵامدا گوتی: "منیش بە جوانی نازانم، بەڵام ئەو دوو ئەفسەرە دەتبەن بۆ "دائیرەی ئەمنی قەومی" و لەوێ پێت دەڵێن کە کارەکە چییە، پێم وایە کە شتەکە لێپێچینەوەیەک بێت".

منیش زوو پرسیارم کرد: "لە من؟".

لە وەڵامدا پێکەنی و گوتی: "نا!، تۆ دەبێ لێکۆڵینەوە لە گیراوێکی ئێرانی بکەی جەنابی سەردادوەر!!".

پاشان قاقایەکی دوور و درێژی تێکرد و گوتی: "لە ڕاستیدا تۆ وەکوو وەرگێڕ لەوێ دەبی، بەڵام چوونکە بۆ خۆت پارتیزانێکی لێهاتووی، بێ‌گومان لێکۆڵینەوەکە باشتر بەڕێوەدەچێت".

من پرسیارم کرد: "ئەدی شوێنی مانەوەم لە کوێ دەبێ؟ لێرە یا لە شوێنی دیکە دەبم؟".

قوتب زادە لەگەڵ ئەفسەرەکان قسەی کرد و لە وەڵامی پرسیارەکەمدا گوتی: "هەر لێرە، هەتا من دێمەوە و دوایی دەگەڕێینەوە بۆ پاریس، تۆ لەو هۆتێلە خۆشە دەمێنیتەوە. وەک کارمەندێکی حکوومەتی بەیانیان دێن لە دوات و دەتبەن بۆ دائیرەی ئەمنی قەومی و دوای تەواو بوونی کارەکەت، دیسان دەتهێننەوە بۆ ئەو ماڵە خۆشە".

گوتم: "بۆ من هیچ جیاوازییەکی نیە!".

قوتب زادە گوتی: "چیە؟ ناکا بیری پاتریسیات کردبێت!؟".

منیش دەستم کرد بە پێکەنین!.

دوای کاتژمێرێک، کاتێک قوتب زادە بەرەو ژوورەکەی خۆی چوو، من و دوو ئەفسەرەکە بە ترومبیلێکی "جیپ"ی سەربازی بەرەو دائیرەی ئەمنی قەومیی

لیبیا چووین.

لە دائیرەی ئەمنی قەومی لەگەڵ دوو خوێندکاری ئێرانی ئاشنا بووم کە ناوی یەکیان "چایچی" و ئەوەی دیکەیان "ئەحمەدی" بوو. ئەو ڕۆژە و بەشێک لە شەوەکەیشی چایچی و ئەحمەدی هەوڵی ڕاهێنان و فێرکردنی منیان دەدا بۆ ئەوەی زووتر لەگەڵ کارەکە ڕابێم و ئەو کارانەی کە دەبێ ئەنجامی بدەم بە زووترین کات فێر بم. هەندێک ڕێککەوتن و یاسا هەبوون کە دەبوو لە کاتی لێکۆڵینەوەدا لە بیرم بمێنن و لە بەرچاویان بگرم. چ کاتێک توندوتیژ بم و دەست بوەشێنم و کەی لە سەرەخۆ بم و دۆستانە هەڵسوکەوت بکەم. تا کوێ لە لێکۆڵینەوە بڕۆمە پێشێ و ئەگەر لە شوێنێک کارەکەم پەکی کەوت، چۆن لێکۆڵینەوەکە ڕاگرم یا خود ئاماژەکانمان بۆ ئەو کاتانە چی بن.

ژووری لێکۆڵینەوەکە کە هێشتا کەسی تێدا نەبوو، لە دوو بەش پێکهاتبوو کە لە ڕاستیدا بەشێکی شاراوە بوو و بێجگە لە ئێمە و فەرمانبەرانی دائیرەی ئەمنی قەومی، کەسی دیکە نەیدەبینی. ژووری سەرەکیی لێکۆڵینەوەکەش ژوورێکی ئاسایی بوو کە مێزێکی دارینی ئاسایی لێ بوو لەگەڵ چوار کورسی. کاتێک کە لە ژوورەکەدا بووین، ژوورێکی ئاسایی دەهاتە بەرچاو، بەڵام کاتێک چووینە ژوورە شاراوەکە، لە دوو لایەوە دەکرا ناوەوەی ژووری لێکۆڵینەوەکە ببینی. بە واتایەکی دیکە کاتێک من خەریکی لێکۆڵینەوە بووم، نە من و نە ئەو کەسەی کە لێکۆڵینەوەم لێ دەکرد، نەماندەزانی کە لە ژوورەکەی دیکە خەریکن سەیرمان دەکەن. هەر دوو لای ژوورەکە لە خوارەوە هەتا لای مێچەکەی ئاوێنە بوو، بەڵام کاتێک دەچوویە ژوورە نهێنیەکە، ئاوێنەکان وەکوو شووشەی ڕەنگامە بوون و ژووری لێکۆڵینەوەکە زۆر بە باشی دیار بوو. هاوکات ئامێرەکانی تۆماری دەنگ و تۆماری وێنە و فیلمی تێدا جێگیر کرابوو.

بڕیارەکەمان ئەوە بوو کە چایچی و ئەحمەدی هەندێک پرسیارم پێ بدەن و من بڕۆم و لەو کەسەی کە بۆ لێکۆڵینەوە دەهات بپرسم، جا ئەگەر وەڵامی دامەوە کە باش دەبوو، بەڵام ئەگەر وەڵامی نەدابامەوە، بەو شێوەیە کە لە کەمپەکەی دیمەشق پەروەردە و فێر کرابووم، ناچارم کردبا کە قسە بکات و دان بە شتەکاندا بنێت. کاتێک دانی پێدا دەنا، دەبوایە پشوویەکم پێ دابا و خۆشم وەڵامی پرسیارەکانم هێنابایەوە بۆ لای چایچی و ئەحمەدی و پاش شرۆڤەکردنی وەڵامەکان، پرسیاری دواتریان بۆ دارشتبام. تەواوی ئەو کاتانەی کە من سەرقاڵی لێکۆڵینەوە بووم، ئەوان من و دەستبەسەرکراوەکەیان دەدیت. دەنگی ئێمەیان

دەبیست و هاوکات تۆماریان دەکرد و ئەگەر دیمەنێکیان پێ باش بایە، فیلم یا وێنەیان لێ هەڵدەگرت. هەڵبەت بڕیارەکە وابوو کە دوو ئەفسەرە لیبیاییەکەش لە تەنیشت ئەوان بن.

دوای شیکردنەوەی پێویست و زیاتر لە دە جار دووبارە کردنەوەیان، بۆ ئەوەی شتێکمان لە بیر نەچێت و هەموو شتێک هاوئاهەنگ بێت، پێیان ڕاگەیاندم کە لەم حەوتوویەدا لێکۆڵینەوە لە دوو کەس دەکەین و لە کۆتایی حەوتووکەدا بەرەوڕووی یەکتریان دەکەینەوە. ئەو دوو کەسە کە بڕیار بوو ئێمە لێکۆڵینەوەیان لێ بکەین، دوو ئەفسەری تەکنیکیی (هۆمافەر) هێزی ئاسمانیی بوون کە بۆ بینینی خولێکی مەشق و ڕاهێنان نێردرابوونە ئەمریکا و لە "لانگ ئایلەند"، و لە دەوروبەری نیویۆرک، و بنکەیەکی سەربازیدا دەژیان و لە کۆڵانەکانی نیویۆرک لە لایەن پارتیزانەکانی لیبیاوە ڕفێندرابوون و دوای بێهۆش کردنیان بۆ ترابلۆس گوازرابوونەوە. ئەگەر ئەو زانیارییانەی کە چاپچی دەیدا پێم ڕاست و دروست بووبن، ئەوە ئەو دوو ئەفسەرانەیان بە دوو سندووقی دارین، لە نیویۆرک هێنابووەوە بۆ ترابلۆس.

هەموو شتێک بۆ من سەرنجڕاکێش بوو، بێگومان دەمزانی کاتێک بەیانی لێکۆڵینەوە دەستی پێ کرد، شتەکە سەرنجڕاکێشتر دەبێت. من ئەوکاتە بۆ ساتێک لای خۆم بیرم کردەوە کە، لە دووکانی قەسابیی قەهدەریجانەوە بۆ ژووری پێشکەوتوو و مۆدێرنی لێکۆڵینەوە لە لیبیا، ڕێگایەکی زۆر دوور و درێژیش نیە!!.

کاتێک ڕاهینانەکەم تەواو بوو، دەستێک جلی ئەفسەریی سپای لیبیایان پێدام و داوایان کرد کە هەموو ڕۆژێک بەر لەوەی کە بێیتە نێو دائیرەی ئەمنی قەومی، لە بەریان بکە. هاوکات هۆشداریی ئەوەشیان پێدام کە لە دەرەوەی دائیرەی ئەمنی قەومی بۆم نیە جلی سپای قەزافی لەبەر بکەم.

بەو شێوەیە یەکەم ڕۆژی کارەکەم تەواو کرد، بەڵام زۆر ماندووی کردبووم. هێشتا مابوو کاتژمێر ببێت بە نۆی شەو کە جارێکی دیکە لەگەڵ هەمان دوو ئەفسەرەکەی بەیانی کە ئاغای قوتب زادە پێی ناساندبووم، بە ترومبیلێکی جیپی ئەمریکایی گەڕامەوە بۆ هۆتێلەکەم. دیسانەوە هۆتێلەکە پڕ و لێوانلێو بوو لەو ئەمریکاییانە کە دەیانگوت بە داهاتێکی یەکجار زۆر لە وڵاتی لیبیا خەریکی چالاکین.

من لە کاتی ماڵئاوایی پرسیارم لە یەکێک لە ئەفسەرەکان کرد و گوتم: "من شارەزای شارەکەی ئێوە نیم و هەروەها ڕانەهاتووم کە شەوانە زوو بخەوم، بۆیە

ئەگەر شەو ویستم بڕۆمە دەرێ و پیاسەیەک بکەم، دەبێ چ بکەم؟ هەروەها پارەی لیبیام پێ نیە و نازانم کە ئایا دەتوانم دۆلاری ئەمریکایی لێرە بەکار بێنم یان نا؟".

ئەو ئەفسەرەی کە ڕووی قسەکەم لەو بوو گوتی: "بەڵێ بێ گومان دەتوانی بۆ خۆت پیاسە بکەیت لە نێو شار، بەڵام کارتێکی هۆتێلەکە لەگەڵ خۆت بەرە بۆ ئەوەی ئەگەر ڕێگات لێ ون بوو یا نەتتوانی بگەڕێیتەوە، بیدەی بە شۆفێر تاکسییەک تا بتگەڕێنێتەوە بۆ هۆتێلەکە".

ئەفسەرەکە لە درێژەی قسەکانیدا هەروەها گوتی: "مادام وایە من هەوڵ دەدەم بەیانی ترۆمبیلێک بە شۆفیرەوە ئامادە بکەم کە لە خزمەتتدا بێت".

ئەفسەرەکە هەروەها گوتی: "باش بوو باسی دۆلاری ئەمریکاییت کرد، چوونکە لێرە گۆڕینەوە و بەکارهێنانی دۆلار کارێکی باش نیە و جگە لە بانکەکان و تووریستەکان، ئەگەر دۆلار بەدەست کەسێکەوە ببینن باش نیە، بۆیە هەوڵ بدە دۆلارەکانت یا لە ڕێگای بانکەوە یان لە ڕێگای هۆتێلەوە بگۆڕیتەوە بە پارەی لیبیا".

ئەفسەرەکە دەستی لەگەڵ لێدامەوە و لە کاتێکدا کە بە گەرمی دەستی دەگوشیم گوتی: "هاوڕێکەم! ئەگەر بە قسەم دەکەی ئەمشەو لە هۆتێلەکە نارۆیتە دەرێ و هەر لە ژووری بمێنەوە تا سبەی شەوا!".

پاشان هەردوویان ماڵئاواییان کرد و ڕۆییشتن. ڕاستییەکەتان بویێت زۆر بۆم گرینگ نەبوو کە بڕۆمە دەرێ یان نا، چوونکە زۆر زۆر لە لیبیا بێزار بووم و ڕقم لێی هەستابوو. تەنیا ژووری لێکۆڵینەوەکە بوو کە سەرنجی ڕادەکێشام.

کاتێک کە چوومە ژوورەکەم، هەستم کرد زۆر تەنیام. قەت ئەوەندە تەنیا نەببووم. هەستم کرد کە لە هەموو تەمەنمدا ئەوە یەکەم شەوە کە هەست بە تەنیایی دەکەم.

ئەو دڵتەنگییەشم زۆر درێژ نەبوو، چوونکە دوای چەند خولەکێک کاتێک بۆ خواردنی نانی شەو چوومە خواردنگەی هۆتێلەکە و بینیم کە چەند کچێکی جوان و سەرنجڕاکێشی بیانی لەوێ بوون، ئیتر ئەو تەنیایی و دڵتەنگییەشم لەبیر چووەوە. کچەکان زۆر هار و هاج بوون و ژاوەژاوێکیان لەو خواردنگەیە ساز کردبوو. وادیار بوو کە میواندارى فڕۆکەیەکی ئینگلیسی بوون و قەراریان وابوو کە ئەو شەوە لە ترابلۆس بمێننەوە. زۆر هەوڵمدا لەگەڵیان ئاشنا بم، بەڵام نە زمانم دەزانی و نە توانیم سەرنجیان بۆ لای خۆم ڕاکێشم.

کاتژمێر ١١ گەڕامەوە ژوورەکەم و گەیشتم بەو قەناعەتە کە ئێستا باشترین کارێک کە دەتوانم بیکەم ئەوەیە کە بخەوم. هاتم بخەوم. جارێکی دیکە پاتریسیا هاتەوە خەیاڵم و بەڕاستی وەڕەزییم دەکرد.

بەیانیەکەی کاتژمێر نۆ بوو کە من لە دائیرەی ئەمن و موخابەراتی لیبیا بووم. چایچی و ئەحمەدییش لەوێ بوون. هەر سێ کەسمان جلی ئەفسەرانی سپای لیبیامان لەبەردا بوو و لە ژوورە شاراوەکە چاوەڕوانی قوربانیەکەی خۆمان بووین. زۆر بە جوانی دیار بوو کە چایچی و ئەحمەدی لە کارەکەدا زۆر لە من شارەزاتر بوون. کاتژمێر دەی بەیانی لە پشت ئاوێنەکانەوە بینیمان کە کوڕێکی گەنج هاتە ژووری لێکۆڵینەوەکە. دوای ئەو دوو ئەفسەری لیبیایی هاتنە ژوورەوە کە من قەتم نەدیبوون، بەڵام دیار بوو کە چایچی و ئەحمەدییان دەناسی. ناوی یەکیان "عەبدولسەلام" و ئەوەی دیکەیان "عەبدولعامر" بوو. بە دیتنی من خۆشحاڵیی خۆیان نیشان دا و کاتێک زانییان کە زمانی عەرەبی دەزانم زیاتر خۆشحاڵیی خۆیان هێنایە زمان. بڕیار درا کە لێکۆڵینەوەکە دەست پێ بکەین. من و عەبدولعامر بە هێواشی و لەسەرەخۆ چووینە ژووری لێکۆڵینەوەکە. قوربانیە گەنجەکەمان کە جلی سەربازیی لەبەر بوو، هەستایە سەر پێ و سڵاوی کرد. عەبدولعامر وەڵامی نەدایەوە، بەڵام من بە فارسی وەڵامم دایەوە. کوڕە گەنجەکە کە گوێی لە دەنگی من بوو، بە سەرسامییەوە گوتی: "ئێوەش ئێرانین؟"

من وەڵامم دایەوە: "ئێرانی بووم!".

عەبدولعامر پێکەنی! بەڵام بۆچی پێکەنی؟ من نازانم. وەک دیار بوو کە عەبدولعامر فارسیی نەدەزانی، بەڵام منیش بە شێوەزاری ئیسفەهانیی خۆم، جگە لەوەی کە کردم و گوتم شتێکی دیکەم لە دەست نەدەهات.

عەبدولعامر گوتی: "با کارەکەمان دەست پێبکەین".

منیش لەسەرەخۆ و بە هێواشی لەسەر کورسییەکە دانیشتم و بە قوربانیەکەم گوت: "چەندە سیمایەکی میهرەبان و جوانت هەیە؟".

من ئەو شتانە لە دیمەشق فێر ببووم و هاوکات ڕۆژی پێشتریش ڕاهێنانی زۆرمان لەو پێوەندییەدا ئەنجام دابوو. من بە پەلە درێژەم بە کارەکە دا و گوتم: "بەو تۆمەتە قورسانەی کە خراونەتە پاڵت، باشتر وایە کە ڕاستییەکان باس بکەیت، داوات لێ دەکەم کە ڕاستییەکان بڵێی و گیانی خۆت ڕزگار بکەیت. من لەو نێوانەدا هیچکارەم، بەڵام کە بیستم ئێرانیت، بۆیە هاتم بەڵکوو بتوانم یارمەتییەکت بدەم. بەڵام لە بیرت نەچێ کە تاوانەکانت قورسن، دزینی چەک

و کوشتن و لە هەموویان گرینگتر سیخوڕی!".

هێشتا قسەکانم تەواو نەکردبوو کە دای لە پڕمەی گریان و دوای چەند ساتێکی کەم لە سەر کورسییەکە کەوتە سەر عەرز و بە گریانەوە قاچەکانی منی گرت و گوتی: "ئاغا بەخوا درۆ دەکەن، هەموو ئەوانە درۆن. بەس پێم بڵێ کە من لە کوێم، من سێ ڕۆژە دەپرسم کە ئێرە کوێیە بەڵام کەس وەڵامم ناداتەوە. ئەوانە عەرەبن، تو پێم بڵێ من لە کوێم".

بە شەق تێم هەڵدا و لە قاچەکانم دوورم کردەوە و گوتم: "گوێ بگرە! بەو کارانەت کەیسەکەی خۆت خراپتر دەکەی، چۆن نازانی لە کوێی؟ تۆیان لە کاتی سیخوڕی لەم وڵاتە گرتووە، تۆ قەتڵت کردووە، دزیت کردووە و ئێستا دەڵێی ئاگات لە هێچ نیە؟".

لە کاتێکدا کە لەبەر ئارەقە تەڕ ببوو و شین و شەپۆڕی دەکرد، دیسان خۆی خستە سەر قاچەکانم و گوتی:

"ئاغا، بە خوا، بە پێغەمبەر من ئاگام لەو شتانە نیە کە باسی دەکەی!. من تەنیا شتێک کە لە بیرمە ئەوەیە کە لەگەڵ تاهیری و جەمشیدی چووبووین بۆ "برادوی"، مەشرووبێکی زۆرمان خواردبووەوە، نازانم، پێم وابێت لەگەڵ دوو سێ کچی ئەمریکایی خەریکی قسەکردن بووم، ئیتر هیچی دیکەم لە بیر نیە".

عەبدولعامر لەو کاتەدا لە ژووری لێکۆڵینەوە چووە دەرێ و منیش دەستبەجێ شێوەی هەڵسوکەوتم گۆڕی و بە میهرەبانی کوڕە گەنجەکەم لەسەر قاچەکانم هەڵساندەوە و گوتم: "گوێ بگرە ئازیزم! ئێرە دیمەشقی پایتەختی سووریەیە، هەتا ئەو پیاوە نەهاتۆتەوە با بۆت باس بکەم، ئەگەر هاوکاری نەکەی ئەوانە خەونی سێدارەیان بۆ تۆ دیوە. من ناچارم لە لای ئەوان لەگەڵت توند بم، ئەوەت لەبیر نەچێ و تەنیا لە نێوان خۆم و خۆتدا بمێنێتەوە. من فەرمانبەری "ساواک"م و دەزانم کە تۆش ئەفسەری تەکنیکیی هێزی ئاسمانییت و لە ئەمریکا بووی، بەڵام ئەوەی کە چۆن هاتووی بۆ ئێرە، نازانم و دەبێ زۆر ...".

هێشتا قسەکانم تەواو نەکردبوو کە عەبدولعامر هاتەوە ژوورەوە و گوتی: "بڕۆ دەرەوە".

منیش چاوێکم لە فڕۆکەوانەکە داگرت و هاتمە دەرێ!

کاتێک گەڕامەوە بۆ ژوورە شاراوەکە، عەبدولسەلام و عەبدولعامر منیان گرتە باوەش و لە لێزانین و شارەزایی من لە کارەکەدا سەریان سووڕ مابوو. چایچی و ئەحمەدییش خۆشحاڵ بوون. سەرقاڵی خواردنی قاوەی تاڵی عەرەبی بووین

و هاوکات هەڵسوکەتی فڕۆکەوانەکەمان بە وردی خستبووە ژێر چاوەدێری. فڕۆکەوانەکە مات و بێدەنگ، بەڵام نیگەران بوو و دەلەرزی و جار نا جاریش بە مست لە نێوچاوانی دەدا. دوای تەواوبوونی قاوەکەمان بڕیارمان دا زوو بگەڕێینەوە سەر کارەکەمان.

عەبدولسەلام گوتی: "نا! ڕاوەستن با باش ئازار بکێشێت".

پاشان گوتی: "تۆ ئەو بەشەی ساواکت زۆر بە زیرەکی باس کرد و بە ئەقڵی کەسمان نەدەگەیشت کە ئەوەی پێ بڵێین".

منیش لە وەڵامدا گوتم: "وەڵڵا هەر لە خۆوە هاتە مێشکم و پێم گوت".

عەبدولسەلام گوتی: "جا هەستن با بچینە لای دووهەم کەسیان! ئەوەیان جارێ با بۆ خۆی بیر بکاتەوە!". چایچی و عەبدولعامر لە ژووره شاراوەکە مانەوە و من و ئەحمەدی و عەبدولسەلام بەڕێ کەوتین.

دوای چوونی نزیک بە سی مەتر، چووینە نێو ژوورێکی ڕێک وەکوو ئەوەی دیکە. ئەحمەدی دەستبەجێ چووە پشت ئامێری تۆماری دەنگ و هەروەها عەبدولسەلام بە منی گوت: "هەرکات من بە زیللە لە بناگوێی قوربانیەکەم دا، تۆ وەرە نێو ژوورەکە!".

هەر ئەو قسەیەی تەواو کرد، چوو بۆ ژووری لێکۆڵینەوە. قوربانیی ئەمجارەمان بە پێچەوانەی یەکەمەکەیان باڵابەرز و تۆکمە بوو. من و ئەحمەدی تەنیا سەیرمان دەکرد، عەبدولسەلام کە تا چەند ساتێک پێش ئێستا سیمای ئەفسەرێکی ئاسایی بوو، لەناکاو بوو بە میرغەزەب و ئاگری لێ دەباری. هەر کە چووە ناوەوە، بە دەنگی بەرز بە عەرەبی دەستی کرد بە جنێودان. قوربانیەکەمان یا عەرەبیی نەدەزانی یا دژکردەوەی لە بەرانبەر جنێوەکان لە خۆی نیشان نەدا. عەبدولسەلام هەوڵی دەدا کە کوڕەکە تووڕە بکات، بەڵام ئەفسەرە تەکنیکییەکە، بە ئارامی و لەسەرەخۆ تەحەمولی هەموو جنێو و قسە ناشیرینەکانی عەبدولسەلامی کرد. زیاتر لە پێنج دەقەی خایاند کە دواجار بە دەنگێکی بەرز و بە فارسی و ئینگلیزی گوتی: "ئەوە چ دەڵێی؟ من لە بۆڵەبۆڵەکانت تێناگەم، جا بۆ خۆت تا بەیانی بنەڕێنە!.. یانی لەو کاولبووەدا کەسێک نیە کە وەکوو وەرگێڕ یا دیلمانج وەکوو مرۆڤ قسە بکات؟!".

دوای ئەوە کە دەنگی ئەفسەرە ئێرانییەکە بەرز بووەوە، عەبدولسەلام کە وای نیشان دەدا لەوپەڕی تووڕەبووندایە، هەستا و زیللیەکی توندی لە بناگوێی دا.

ئەوکات ئەحمەدی پێی گوتم: "هاوڕێ! ئێستا ئیتر نۆرەی تۆیە!".

بە پەلە خۆم گەیاندە ژووری لێکۆڵینەوە، درگام کردەوە و سڵاوێکی سەربازیم لە عەبدولسەلام کرد. عەبدولسەلام بە عەرەبی سەرقاڵی قسەکردن لەگەڵم بوو و منیش بە جۆرێک خۆم نیشان دا، وەک ئەوەی

کە ئەفسەرە ئێرانیەکە دەناسم. هەروا کە عەبدولسەلام سەرقاڵی پرسیارکردن لە من بوو، من لە قوربانیەکەم پرسی: "تۆ ئێرانیت؟!".

لەوپەڕی سەرسووڕماویدا و بە چاوێکی پڕ سۆزەوە، تۆزێک سەیری کردم و بە خۆشحاڵییەوە گوتی: "ئەرێ کاکە!... منی داماو ئێرانیم!...".

ئەفسەرە ئێرانیەکە دەیەویست کە قسەم لەگەڵ بکات، عەبدولسەلام دیسان بە دەنگی بەرزەوە دەستی کرد بە قسە وتن و هاوکات ئاماژەیەکی دا بە من کە پێکەوە بڕۆینە دەرێ.

ئەو شێوە کارانە سەرەتاییترین و سادەترین جۆری لێکۆڵینەوەن لە کاری پارتیزانیدا، واتە: "دروستکردنی شەڕی دەروونی، چاندنی تۆوی هیوا، ترس، تۆقاندن لەسێدارەدان و تێکدانی سیستەمی عەسەبی بەرانبەر بە هەر شێوەیەک کە دەکرێ".

لە پشتی شووشەوە هەڵسووکەوت و جووڵەکانی ئەو ئەفسەرە وەرزشوانە جێگەی سەرنج بوون، پێدەکەنی و "پیتکە"ی (چەقەنە) لێ دەدا! وادیار بوو کە دۆزینەوەی هاوزمانێک لەو دۆخە ناخۆشەدا زۆر خۆشحاڵی کردبوو.

ئێستا دەبوو چاوەڕوان بین تا کات بڕوات و نێچیرەکانمان بە جوانی لە نێو هزر و ڕامانی خۆیاندا بتلێنەوە! بەم شێوەیە و دوای کاتژمێرێک بینینی ئەو دیمەنانە، هەر پێنج کەسمان لە ژوورێکدا کۆ بووینەوە تاکوو پێکەوە و بە شێوەی گشتی زانیارییەکان وەرگرین و ڕێڕەوی لێکۆڵینەوەکە دیاری بکەین و سەر لە کابرا بشێوێنین. هەر لە سەرەتاوە دەرکەوت کە عەبدولسەلام بەرپرسی گرووپی لێکۆڵینەوەکە، واتە بەرپرسی هەموومانە.

عەبدولسەلام گوتی: "کورتەی باسەکە ئەوەیە کە لە نزیک شاری نیویۆرک، دوورگەیەک بە نێوی "لانگ ئایلەند" هەیە کە بەشێک لە کارگەی فڕۆکەی "گرۆمن" لەوێیە. ئەو کارگەیە فڕۆکەی "ئێف ١٤" بەرهەم دەهێنێت و زیاتر لە سەد ئەفسەری تەکنیکیی سەر بە هێزی ئاسمانیی ئێران، لە بەشی ڕاهێنانی کارگەکە سەرقاڵی مەشق و فێربوونی بەشەکانی تایبەت بەو جۆرە فڕۆکەیە بوون. ئێستا لێرەدا دوو شت بۆ ئێمە و بۆ وڵاتانی عەرەبیی لە حاڵی پێشکەوتندا گرینگە. سەرەتا ئەوەی کە ئەمریکاییەکان جگە لە پەروەردەی تەکنیکی ئەفسەرە ئێرانیەکان، مێشکیشیان دەشۆنەوە و هەندێک شتیان لەگەڵ باس دەکەن کە بە جۆرێک گرێدراوییان هەیە بە چەپی مارکسیستییەوە و لە ڕاستیدا ئەو ئەفسەرانە بۆ چالاکیی شۆڕشگێڕی لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی ئامادە دەکەن. ئەمریکاییەکان

بە شێوەی بەردەوام تۆوی ڕق و قین و بێزاری لە دڵی ئەفسەرەکاندا بە نیسبەت ڕێژیمی پاشایەتی دەچێنن و زۆربەشیان کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەو بیرۆکەیە و هەر دوای گەڕانەوەیان بۆ ئێران، بە جۆرێک دەست دەکەن بە چالاکیی سیاسی و وەرگرتنی ئەندام. ئێستا بە لەبەرچاوگرتنی هاوکارییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا، بۆ ئێمە و وڵاتانی پێشکەوتنخوازی عەرەبی و هەروەها یەکیەتیی سۆڤیەت کە چەک و تەقەمەنیی زۆربەی وڵاتانی عەرەبی دابین دەکات، جێگەی پرسیارە. ئێمە دەمانەوێ بزانین کە ئەمریکا بۆچی دەیهەوێ گۆڕی ڕێژیمی پاشایەتی هەڵکەنێت؟ هەر ئەوەندە!".

بەڵام باسی دووهەم دوو بەشە. یەکەمیان ئەوەیە کە جگە لەو دوو کەسە کە ئەمرۆ دیتمان، کەسی سێهەمیش هەبوو کە لە دەستمان دەرچووە. ئەو سێ کەسە فەرمانبەرانی دژە هەواڵگری و سیخوڕیی ڕێژیمی پاشایەتی لە نێو ئەفسەرە نێردراوەکاندا بۆ ئەمریکان و زانیاریی ئەفسەرەکان دەبەنەوە بۆ تاران. بەڵام ئێمە دەمانەوێ لەو کەسانە بە سوودی خۆمان و ئارمانجە پێشکەوتنخوازانەکانی خۆمان و شۆڕشی خۆمان کەڵک وەرگرین. بەشی دووهەمەکەی ئەوەیە کە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هەموو وڵاتانی عەرەبی خاوەنی چەک و چۆڵی ڕووسین و ئێف۱۴ فڕۆکەیەکی زۆر پێشکەوتووە و تا ئێستا ڕووسەکان نەیانتوانیوە هاوشێوەکەی دروست بکەن و بیدەنە بازار، ئەگەر بتوانین هەوڵ بدەین کە نەخشەکان و هەندێک کەلوپەلی تایبەت بەو فڕۆکەیە بۆ خۆمان و لێکۆڵینەوەکانمان بەدەست بێنین. هەبوونی نەخشەیەک لە تەواوی پێکهاتەی بنکەی "لانگ ئایلەند" پێڕستی داواکاری و ئامانجەکانمان تەواو و کامڵ دەکات! بۆیە هەندێک شت لە دڵی ئەم گەنجانەدایە کە دەبێ ئێمە دەریان بێنین.

دان بەوەدا دەنێم کە هێشتا دڵنیا نەبووم کە ئایا ئەوەی عەبدولسەلام دەیگوت هەموو ڕاست بوو یا خود ئەوەش بەشێکە لەو یارییانەی کە وڵاتانی عەرەبی ڕێکلامییان پێوە دەکرد!. ڕاستە کە من لە شاگرد قەسابییەوە تا ئەوێ چووبووم، بەڵام ئەوەشم دەزانی کە ئەگەر خۆم ویستبام بڕۆم و لە خۆراسگان مەڕی قاچاغ بکرم، لەو پێوەندییەدا تەنانەت ناو و نیشانی ڕاستم نەدەدا بە داوودی مێردی خوشکیشم، هەربۆیە ئەو لیبیاییانە دەبێ زۆر گەمژە و بێ مێشک بن کە ئاوا بە ئاشکرا باس لە نۆکەری بۆ ڕووسیا و فڕۆکەسازی بۆ من و چایچی و ئەحمەدی بکەن. هەڵبەت با ئەوەش بڵێم کە شتەکە بۆ من گرینگ نەبوو کە چ دەبێ و چۆن دەبێ. ئەوەی کە لەو کاتەدا بۆ من گرینگ بوو و مێشکمی بە خۆیەوە

سەرقاڵ کردبوو ئەوە بوو کە دەمەویست بزانم چۆن توانیویانە ئەو دوو پیاوە زل و زەلامە بڕفێنن، بە بێ ئەوەی کە خۆیان بە خۆیان بزانن و بە ئاسانی لە نیویۆرکەوە بیانهێننە ترابلۆس. بۆ من هەر ئەوەندە گرینگ بوو. لە کۆتاییدا تاقەتم نەهێنا و دوای تەواوبوونی قسەکانی عەبدولسەلام، شتەکەم لەگەڵی باس کرد. پێکەنی و گوتی: "ئەگەر هەر ئاوا برۆیتە پێشێ، بەم زووانە خۆشت لە کارێکی هاوشێوەدا بەشدار دەبی".

ئەو ڕۆژە کاتژمێر دەی بەیانی یەکەمین بڕگەی لێکۆڵینەوەمان دەست پێ کردبوو و ئێستا کە دەمەویست بگەڕێمەوە بۆ ژووری یەکەم و قۆناخی دووهەمی لێکۆڵینەوە لە ئەفسەرە تەکنیکییەکە دەست پێ بکەم، کاتژمێر دوو و نیوی دوانیوەڕۆ بوو، واتە قوربانیەکەمان چوار کاتژمێری تەواو بوو کە لە تەنیایی و فشاری ڕۆحی و دەروونیدا عەزابی دەکێشا. ئێمە دڵنیا بووین کە ئەو چوار کاتژمێرە، ئەویش لە دنیایەکی تەنیا و پڕ و لێوانلێو لە وەهم و خەیاڵات، ئەویش بە بێ وەڵام و وەڵامدانەوە، بۆ شکاندنی هەر جۆرە هێز و ورەیەک بەسە. ئەم جارە کاتێک هاتمە ژوورەوە. دۆسیەیەکم لەبن هەنگڵ بوو و بڕیار بوو بە تەنیایی لێکۆڵینەوەکە ئەنجام بدەم. ئەوانی دیکە لە ژوورە شاراوەکە هەموو شتێکیان دەدیت و دەبیست و تۆمار دەکرد.

هەر کە چوومە ژوورەوە دۆسیەکەم لەسەر مێزەکە دانا و دەستم لەگەڵی لێداوە، جگەرەیەکم پێ پێشنیار کرد و زۆر بە ئارامی و میهرەبانی داوام لێ کرد کە لەسەر کورسیی خۆی دانیشێت، پاشان گوتم: "ناوی من "سەعید ڕەجایی"یە و دوای زەحمەتێکی زۆر توانیم ئەوانە ڕازی بکەم کە خۆم لێکۆڵینەوەکەت لێ بکەم. بۆیەش کەوتمە درەنگ، چوونکە سەرەتا ڕازی نەدەبوون کە من لێکۆلینەوەت لێ بکەم، بەڵام کۆڵم نەدا هەتا ڕازیم کردن".

لە کاتێکدا کە بە چێژەوە مژی لە جگەرەکەی دەدا گوتی: "من نازانم چۆن سپاسی جەنابتان بکەم. باوەڕ بکە خەریکە شێت دەبم. هەر خۆتان بیری لێ بکەنەوە کە چۆن شتی وا دەبێت. من لە نیویۆرک بووم و ئێستا جەنابتان دەڵێن کە لە دیمەشقم. چۆن دەبێ مرۆڤێک ئەو ڕێگایە ببڕێت، بە بێ ئەوەی خۆی بزانێت؟".

چەند ساتێک بێدەنگیم پاراست، پاشان گوتم: "ڕاستییەکەت بوێت ئەوە پرسیاری ئەو دۆستانەی ئێمەشە. یانی نابێت ئێمەش لە تۆ بپرسین کە چۆن ئەو مەودایەت بڕیوە و چۆن گەیشتوویتەتە ئێرە؟ بۆیە ئیوە دەبێ بیڵێن و

ڕاستییەکەشی بڵێن کە چلۆن لە ئەمریکاوە سەرتان لە دیمەشق دەرهێناوە؟ بە پەڕەشووت و لە ژێر چاوەدێریی سپای ئەمریکادا؟ یا لە ڕێگەی دیکەوە؟ بۆیە من دەڵێم کە دۆخت نەک هەر خراپ، بەڵکوو زۆر زۆر خراپە و باسی سێدارە و دادگایی کردن و دزی و سیخوڕی لە گۆڕێدایە".

دەستبەجێ ڕەنگی هەڵبزرکا و دەستی کردەوە بە گریان و پاڕانەوە کە بیکەن بە خاتری خودا یارمەتیم بدەن، بەزەییتان پێمدا بێتەوە.

گوتم: "سەیرکە، گریان و پاڕانەوە هیچ دادێکت نادا! ئەوەی پێم بکرێت دریغیت لێ ناکەم، بەڵام بە مەرجێک کە تۆش هاوکاریم بکەی! بۆیە واز لە گریان و پاڕانەوە بێنە و بیر و هۆشت کۆ بکەوە با سەر لە نوێ لێکۆڵینەوەیەکی ڕێک و پێک بکەینەوە. لەوەش دڵنیا بە من هەر شتێکم لەدەستم بێت بۆ تۆ دریغی ناکەم. ئێستا پێم بڵێ ناو و ناوبانگت چییە و خۆت بناسێنە؟".

چەند چرکەیەک ڕاوەستا و چون هیچ ڕێگەیەکی دیکەی نەبوو دەستی کرد بە وەڵامدانەوە.

ناوی "عەبدولڕەزا تەقەوی نیا"، کوڕی موحەممەد و لەدایکبووی ساڵی ١٣٣٠ (١٩٥١) لە ئیسفەهان بوو.

ئەفسەری تەکنیکیی هێزی ئاسمانی و فەرمانبەری بنکەی "خاتەمی"ی لە ئیسفەهان بوو. ماوەی سێ مانگ بوو بۆ بینینی خولێکی کۆتایی هاتبووە بنکەی لانگ ئایلەند لە نیویۆرک. دوو ساڵ بوو ژنی هێنابوو و منداڵێکی شەش مانگەی هەبوو بە ناوی مێهرداد. ئیتر ئاگای لە هیچ شتی دیکە نەبوو!.

من لێم پرسی: "ئێستا پێم بڵێ چۆن توانیت لە ئەمریکاوە بێی بۆ دیمەشق؟".

دەستی کردەوە بە گریان و گوتی: "بە خوا بۆ خۆیشم نازانم!".

گوتم: "هەوڵ بدە بیهێنیتەوە بیرت و هەرچیت لەبیرە باسی بکە! دوایین شت کە لەبیرتە چی بوو باسی بکە، بەڵکوو لەم ڕێگەیەوە بتوانی هەندێک باری خۆت سووک بکەیت".

گوتی: "دوانیوەڕۆی ڕۆژی هەینی بوو و من و دوو کەس لە ڕەفیقەکانم لە بنکەی لانگ ئایلەند هاتینە دەرێ و چووین بۆ نیویۆرک. دوو ڕۆژی داهاتوومان پشوو بوو و دامان نابوو ئەو دوو ڕۆژ پشوویە بە باشی و خۆشی تێپەڕێنین. ماوەیەک لە "سانتراڵ پارک" پیاسەمان کرد. دوایی هەر بە پیاسە لە کۆڵانی پێنجەمی نیویۆرک هاتین بەرەو سەرێ و لە کۆڵانی ٤٢ەوە هاتین بۆ نێو پارکی "ئۆوینیۆ".

"مێهدی ئەمیر حوسێنی" کە یەکێک لە هاوقەتارەکانمان بوو گوتی: "بۆ نەڕۆین تۆزێک مەی بخۆینەوە. لە بارێکی ژاپۆنی کە لە هەمان پارک بوو دەستمان کرد بە خواردنەوە. دوایی نانی شەومان خوارد و لە ڕێستوورانێکی مەکزیکی کە هەر لەسەر ئەو کۆڵانە هەڵکەوتبوو، لەگەڵ سێ کچی ئەمریکایی ئاشنا بووین. ناویان جوودی و کارۆڵ و سۆنیا بوو.

سۆنیا دەیگوت کە لە ئێران ژیاوە و ماوەیەکی زۆر لە کۆمپانیای "ئای بی ئێم" کاری سکرتێریی کردووە.

هەر سێ کچەکە زۆر جوان بوون، کاتژمێر ١١ شەو بوو کچەکان پێشنیاریان کرد کە بڕۆین بۆ کۆڵانی "برادوی" کە یەکێک لە کۆڵانە بەناوبانگەکانی نیویۆرکە، کەمێک ڕابوێرین. ئەوەندە سەرخۆش و ڕەشەمەست بووین کە نەماندەتوانی پێشنیارێکی ئاوا ڕەد بکەینەوە. سەرخۆش و کەیفخۆش بەرەو برادوی بەڕێ کەوتین. کاتێک کە گەیشتین، برادوی جمەی دەهات لە حەشیمەت و زۆر خۆش بوو. زۆر هاتین و چووین و هێندەی دیکە "مەی"مان خواردەوە. ئیتر من وردەوردە ئاگام لە خۆم نەدەما. بەڵام ئەوەندەم لە بیرە کە سۆنیا پێشنیاری کرد هەموومان بڕۆین بۆ ئاپارتمانەکەی ئەو. ئەوەشم لە بیرە کە هەموومان سواری ترۆمبیلێکی گەورەی ئەمریکایی بووین. سێبەری کەسێکیشم لە ماڵی سۆنیا دێتەوە بیر. ئیتر هیچم لە بیر نەماوە، تا سێ ڕۆژ لەمەوپێش کە لە گرتووخانەی ئێرە هاتمەوە هۆش خۆم. بەڵام ئەگەر من خۆم ئەو هەموو ڕێگایە هاتبام، شتێکم لەو ڕێگایە هەر دەهاتەوە بیر. بەڵام هیچ و هیچم نایەتەوە بیر. ئەوە ڕاستییەکەیە، بەڵام دەزانم کە ئێوە باوەڕم پێ ناکەن... خۆشم باوەڕ ناکەم کە لە نیویۆرک و ماڵی سۆنیاوە لەناکاو سەر لە دیمەشقی پایتەختی سووریە دەربێنم".

لەو کاتەدا کە عەبدولڕەزا تەقەوی نیا خەریک بوو لە قسەکردن و گێڕانەوەی شتەکان گەرم دادەهات، لەناکاو درگای ژووری لێکۆڵینەوە کرایەوە و عەبدولعامر تووڕە و نێوچاوان گرژ هاتە ژووری و هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە بە چەکەکەی دەستی ئاماژەیەکی پێ کردم، دەستی کرد بە هات و هاوار و جنێودان و پاشان بەربووە گیانم و دامیە بەر مست و شەق و پێلەقە. ئەوەندەی کوتام کە بڕێکیش دەم و چاوم بریندار بوو. دوای ئەوە سێ سەربازی سوپایی لیبیا هاتنە ژوورەکە و منیان بردە دەرەوە لە ژوورەکە. لەو کاتەدا کە منیان دەبردە دەرەوە، لە ژێر چاوەوە دیتم کە عەبدولعامر بە قۆنداخی دەمانچە کۆڵتەکەی کەوتۆتە گیانی عەبدولڕەزا و بە خراپترین شێوە لە دەموچاوی دەسرەوێنێ. ئەوەندە لەو هەڵسوکەوتە کوتوپڕ و

چاوەڕواننەکراوە حەپەسابووم کە تەنانەت نەمتوانی کەمترین نارەزایەتی دەرببڕم. کاتێک بە دەم و چاوی خوێناوییەوە چوومە ژوورە شاراوەکە، عەبدولسەلام و چایچی و ئەحمەدی دایان لە قاقای پێکەنین، ئەو کاتە زانیم کە ئەوەش هەمووی شانۆ بووە، ئەویش لە جۆری لیبیاییەکەی.

لە پشتی ئاوێنەکەوە بینیم کە عەبدولعامر بە چ بێڕەحمی و دڕندەییەکەوە بە باتۆم و قۆنداخە دەمانچە کەوتۆتە گیانی ئەو کلۆڵە. عەبدولسەلام لە کاتێکدا کە بە پەمووی تەڕکراو دەموچاوی خوێناویی منی دەسڕییەوە، داوای لێبوردنی لە من کرد و پاشان برینەکەی بۆ پێچامەوە.

ئێستا هەر چوارمان دانیشتبووین و چاومان لە لێدانی عەبدولڕەزا تەقەوی نیا دەکرد. کاتژمێر شەشی ئێوارە کاری ڕۆژانەمان تەواو بوو، بە بێ ئەوەی بزانم ئەو هەموو توندوتیژی و دڕندایەتی و بێبەزەیی بوونەی کە پێویست نەبوو، بۆ لە هەمبەر ئەم کورە داماوە کرا. با ئەوەندەش بڵێم کە کاتێک عەبدولعامر لە ژووری لێکۆڵینەوە هاتە دەرێ، تەواوی جل و دەست و قاچی خوێن بوو و سەربازەکان، عەبدولڕەزای داماویان بە بێهۆشی بردەوە بۆ ژووری تاکەکەسی.

هەواڵی قوربانیەکەی دیکەم لە چایچی و عەبدولسەلام پرسی. عەبدولسەلام پێکەنی و گوتی: "سبەینێ نۆرەی ئەوە".

ئەو شەوە هەتا ئەو کاتەی کە بۆ خەوتن گەڕامەوە هۆتێل، لە کلووپی ئەفسەرانی لیبیا میوانی عەبدولسەلام و عەبدولعامر بووم. لەو کلووپە منیان بە دۆستەکانی خۆیان ناساند و منیان وەکوو قارەمانێک ناساند کە لە بەرەکانی شەڕی فەلەستیندا پەروەردە کراوە. هەندێک درۆیان دەکرد کە من بۆ خۆم جارجارە پێکەنینم دەهات پێیان!.

بەیانیەکەی دیسان لە دائیرەی ئەمن و موخابرات ئامادە بووم. هەمان بەرنامەی ڕۆژی پێشتر دووبارە بووەوە. ئەوجارە من و عەبدولسەلام پێکەوە و بە نەرمی لێکۆڵینەوەمان لە ئەفسەرە وەرزشوانەکە کرد. ئەویش هەمان قسەکانی عەبدولڕەزا تەقەوی نیای دووبارە کردەوە. تەنیا جیاوازییەک کە لە نێوان قسەکانیاندا هەبوو، ئەوە بوو کە ناو و ناوبانگیان جیاواز بوو، دەنا یەک قسەیان کرد. ئەویش بۆ تۆزێک ڕابواردن هاتبوو بۆ نیویۆرک و لە دوای ماڵی سۆنیا هیچی لەبیر نەبوو. ئەو تۆمەتانەی کە ئێمە خستمانە پاڵی، سیخوڕی و دزی و چەک و قەتڵ و بەزاندنی سنوورەکان بوو.

لێکۆڵینەوەکەی کاتژمێر دەی بەیانی دەستی پێ کرد و دووی پاشنیوەڕۆ کۆتایی

هات. قوربانیی تازەمان ناوی "جەمشید نەعمانی" بوو. وەکوو عەبدولڕەزا نەدەترسا و لە ڕەوتی لێکۆڵینەوەکەدا کەلەڕەقیی دەکرد. دواجار کاتژمێر دووی پاشنیوەڕۆ و دوای لێکۆڵینەوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو کە حاشای لەو تۆمەتانە دەکرد، بە ڕاشکاوی گوتی: "جگە لەوە کە منیان دزیبێت هیچ ئەگەرێکی دیکە لە گۆڕێدا نیە".

عەبدولسەلام فەرمانی پێ کردم کە بڕۆم و بڵێم کە کارئاسانیمان بۆ بکەن بۆ ئەوەی کە سەردانی پزیشکی یاسایی بکەین.

من چوومە ژووری شاراوە و دوای نیو کاتژمێر گەڕامەوە. وا دیار بوو کە هەموو کارەکان ڕێکخرابوون. چاوی جەمشیدیان بەست و تەلیسێکی ڕەشیان کێشا بە سەریدا و کاتێک دڵنیا بوون کە هیچ شوێنیکی لێ دیار نیە، چایچی و ئەحمەدی هاتنە نێو ژوورەکە و جەمشیدیان بە ڕاکێشان لە ژووری لێکۆڵینەوەوە بەرەو درگای دەرەوەی دائیرەی ئەمنی قەومیی لیبیا برد و لەوێ جەمشیدیان خستە نێو پاسێک کە شووشەی نەبوو و لە ترومبیلەکانی نێو گرتووخانە دەچوو. هەمووومان سوار بووین و ماوەی دە خولەک لە نێو ترابلۆس خولاینەوە و پاشان جارێکی دیکە گەڕاینەوە بۆ هەمان دائیرەی ئەمنی قەومیی لیبیا. ئەو جارە بەرەو هۆڵێک چووین کە پێشتر نەماندیتبوو. پێش ئەوەی بڕۆینە نێو هۆڵەکە، چایچی و ئەحمەدی چوونە ژوورێکی دیکە و دوایی لەسەر بڕیاری عەبدولسەلام، من سەرەتا تەلیسە ڕەشەکەم لە سەری جەمشید داماڵی و پاشان چاوبەندەکەیم کردەوە.

دوای ماوەیەک چووینە نێو ژوورێکەوە کە بۆنی توندی ئەلکۆڵ و مەوادی دژە هەوکردن (ضد عفونی) لێ دەهات. پیرە پیاوێکی سپی پۆش لە ژوورەکە بە سەر مێزێکی شیتەڵکاریدا چەمابووەوە و خەریک بوو ڕاپۆرتێکی دەخوێندەوە. پیرە پیاوەکە سڵاوی لە عەبدولسەلام کرد. عەبدولسەلام شتێکی بە هێواشی بە پیرە پیاوەکە گوت کە بوو بە هۆی ئەوەی کە واز لە خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکەی بێنێت و بەرەو لایەکی دیکەی هۆڵەکە بڕوات. ئێمەش لەسەر ئاماژەی عەبدولسەلام بە دوایدا چووین. پیرە پیاوەکە ڕووبەڕووی دیوارێک ڕاوەستا کە هەندێک دەربیجەی ئاسنی پێوە بوو و پاشان یەکێک لە دەربیجەکانی کردەوە. تازە زانیم کە ئێمە هاتووین بۆ ساردخانەیەک. ئێرە ساردخانەی پزیشکی دادوەری بوو. من و عەبدولسەلام چووینە پێشێ. مەلافەیەکی سپی بەسەر تەرمی مرۆڤێکدا کێشرابوو. سەرەتا عەبدولسەلام خۆی مەلافەکەی تۆزێک لادا و پاشان بە

بێ ئەوەی کە من ببینم بە سەریدا کێشایەوە، پاشان جەمشیدی بانگ کرد. جەمشید کە ئێستا تووشی ترس و دڵەڕاوکێ ببوو و لەشی دەلەرزی، هاتە پێشێ. عەبدولسەلام پێی گوتم کە بە جەمشید بڵێ مەلافەکە لەسەر تەرمەکە لا بدات و بزانێ جەنازەکە دەناسێتەوە یان نا؟ من دەقی قسەکانی عەبدولسەلامم بۆ جەمشید وەرگێڕا و بە بێ ئەوەی قسەیەک بکات، لە کاتێکدا کە هەموو گیانی دەلەرزی، مەلافەکەی لا دا و دەستبەجێ هاوارێکی کرد و کەوتە سەر زەوی.

ڕاستییەکەتان بوێت منیش دۆخم لە جەمشید باشتر نەبوو. منیش لە ترسان خەریک بوو دڵم لە لێدان بوەستێ. چوونکە تەرمەکە تەرمی کەسێک نەبوو بێجگە لە عەبدولڕەزا تەقەوی نیا... .

بۆ یەکەم جار بێزم لە خۆم کردەوە. من لە دیمەشق نۆ ئەفسەری سووریم تیرباران کردبوو و ١٣ فیشەکم بە سەریانەوە نابوو و ئیتر لە کوشتنی ئەم و ئەو نەدەترسام، بەڵام ئەوەیان بێگومان بێتاوانترین کەس بوو کە کوژرابوو. لەگەڵ خۆم بیرم کردەوە کە بۆ کوشتوویانە؟ ئەو کە خەریک بوو هەموو شتێکی دەگوت! شتێکی ئەوەندە گرینگ و تایبەتیش نەبوو و هەموو ئەو شانۆگەرییانەش کە سازیان کردبوو بۆ ئەوە بوو کە لە بواری دەروونیەوە بیرووخێنن و پاشان بۆ کاری سیخوڕی و لە بوارە جۆراوجۆرەکانی دیکەدا بەکاری بێنن، ئیتر بۆ دەبێ بکوژرێت؟

ماوەی ئەو تێڕامانەشم زۆر نەبوو، چوونکە دەنگی عەبدولسەلام هات کە داوای لە پیرە پیاوە سپی پۆشەکە کرد هەوڵ بدات جەمشید بێتەوە هۆش خۆی و پاشان بیبەنەوە بۆ ژوورە تاکەکەسییەکەی خۆی.

کاری ئەو ڕۆژەشمان بە دیمەنەکانی ساردخانەکە تەواو بوو و منیش داوام کرد هەرچی زووترە بگەڕێمەوە بۆ هۆتێلەکەم و کەمێک پشوو بدەم.

ئەو شەوە بۆ یەکەمین جار لە ژیانمدا نەمتوانی خەوێکی خۆش بکەم. هەتا بەیانی بیرم لە کوشتنی عەبدولڕەزا تەقەوی نیا کردەوە.

بە بیرەوەرییەکانمدا دەچوومەوە کە چۆن کوڕە قەسابێکی قەهدەریجانی بۆ پارە ڕووی کردە ئەو کارانە کە کوشتنی کەسێک بۆی لە خواردنی پەرداخێک ئاو ئاسانتر بێت. ئیتر بێزم لە خۆم و لە پارە دەکردەوە. بیرم دەکردەوە و دەگەیشتم بەو ئەنجامە کە هەر کات لە جەهەننەمی لیبیا نەجاتم بوو، بەرەو ئێران ڕادەکەم و ئەگەر بڕیاریش بێت زیندانی بکرێم، باشتر وایە کە هەر لە ئێران زیندانی بکرێم. پاشان لۆمەی خۆم دەکرد و دەمگوت تۆ پێشتر ئەوەندە ترسنۆک نەبووی!

عەبدولعامر عەبدولڕەزای کوشتووە، بە تۆ چی؟ تۆ پارتیزانی! کاری تۆ مردن یا کوشتنە و بۆ ئەوەی کە نەکوژرێی دەبێ بکوژی!.

کاتژمێر نۆی بەیانی کاتێک گەیشتمە ئیدارەی ئەمن و موخابرات، بە تەواوی لەبیرم چووبووەوە کە شەوی ڕابردوو چ شەڕ و کێشمەکێشێکم لەگەڵ خۆم و ویژدانم هەبووە. هەموو شتێک ئامادە و لە جێی خۆیدا بوو!.

کوڕەکان باش بوون، واتە هەم عەبدولسەلام و عەبدولعامر و هەم چایچی و ئەحمەدی. ئیتر درەنگ بوو و دەبوایە کاری ڕۆژانەمان دەست پێ کردبا. لە کاتی خواردنەوەی قاوەی تاڵی عەرەبیدا بڕیار درا کە من لێکۆڵینەوە لە جەمشید نەعمانی بکەم. دیارە خۆیشم پێم خۆش بوو ببینم کە دوای دیتنی ڕووداوی ساردخانەکە و بینینی تەرمی هاوڕێ و هاوکارەکەی، لە چ  دۆخێکدایە. کاتێک چوومە ژووری لێکۆڵینەوە، یەکەم شت کە سەرنجی ڕاکێشام ئەوە بوو کە لە دۆینێوە تا ئەمڕو، لانیکەم پێنج هەتا شەش کیلۆ کێشی جەمشید دابەزیبوو. بڕیارم دا زیاتر لەوەی کە پێویستە لەگەڵی ئارام و میهرەبان بم. گرتمە باوەش و چاویم ماچ کرد و جۆرێک خۆم نیشان دا وەک ئەوەی خۆشم مەترسیم لەسەرە، بۆیە لەوە زیاتر ناتوانم لەگەڵی مێهرەبان بم. وا دیار بوو کە جەمشیدیش ئەو کەسە لەسەرەخۆ و هێورەی دوو ڕۆژ پێش نەبوو و ترس و نیگەرانی وەکوو خۆرە کەوتبووە گیانی.

پێم گوت: "دەبێ زۆر وریا بی! من حەز دەکەم هاوکاریت بکەم. بەڵام ئەگەر ئەوانە بزانن کە من کاری وا دەکەم، دۆخی من زۆر لە تۆ باشتر نابێ...".

جەمشید کە سیمای لە کەسێکی ئازیزمەردە و ئازارچێشتوو دەچوو، گوتی: "ئاغا! بەخوا من بێتاوانم. عەبدولڕەزا تەقەوی نیا ئازیزترین هاوڕێم بوو. من چۆن دەتوانم ئازیزترین و خۆشەویستترین هاوڕێم بکوژم. تو نەتدەناسی! لە میهرەبانی و ئارامیدا بێهاوتا بوو. ئەو منداڵێکی شەش مانگەی هەیە، ژنەکەی وەک خودا دەپەرەستی. چۆن من دەتوانم کەسێکی ئاوا بکوژم؟".

بە سەرسووڕمانەوە سەیرێکم کرد و دوای چەند سات بێدەنگی، گوتم: "گوێ بگرە، تکات لێ دەکەم درۆم لەگەڵ مەکە! تۆ دەڵێی کە ژنەکەی

دەپەرەستی و ئاشقی منداڵەکەی بوو، کەواتە چۆن دوێنێ گوتت کە لەگەڵ سێ کچی ئەمریکایی چوونەتە ماڵی سۆنیا؟ ئەوانە لەگەڵ یەکتر ناتەبان!".

دەستبەجێ گوتی: "خوا ئاگادارە کە بە زۆر بردمان لەگەڵ خۆمان. دەنا نەدەهات. تەنانەت کاتێک لە بنکەی لانگ ئایلەند بووین، شەوانە جگە لە نووسینی نامە و فرمێسک ڕشتن بۆ ژن و منداڵەکەی کارێکی دیکەی نەدەکرد. من حەز دەکەم قسەکانم باوەڕ بکەی. تەنانەت ئەگەر ئەوان لە سێدارەم بدەن، بۆم گرینگ نیە. من ئەوەندە بە مەرگی عەبدولڕەزا تێک چوومە، ئیتر مردن بۆم گرینگ نیە. بەردەوام لە بیری ئەوەدام کە چی بە سەر بنەماڵەکەی دێت؟".

پێم گوت: "سەیرکە! ئێستا تۆ تۆمەتباری بە کوشتنی عەبدولڕەزا، بۆیە دەبێ هاوکار بی بۆ ئاشکراکردنی ڕاستییەکان. ئەگەر بە ڕاستی تۆ دەستت لە کوشتنیدا نیە، کەس ناتوانێ لە سێدارەت بدات. بۆیە ئەگەریش لە سێدارە نەدرێی، دەتوانی بگەڕێیتەوە بۆ ئێران و سەرپەرەشتیی ژن و منداڵەکانی عەبدولڕەزا بگریتە ئەستۆی خۆت. بەڵام کێشە یەک و دوو نیە، قەتڵە، دزییە، سیخوڕییە، سنووربەزاندن و زۆر شتی دیکەیە، بۆ ئەوانە چ وەڵامێکت هەیە؟".

هێشتا قسەکانم تەواو نەببوو کە بەزمەکەی دوێنێ دووبارە بوویەوە. ئەفسەرە عەرەبە لیبیاییەکە بە چەکەوە هاتە ژوورەوە، سەرەتا بەربووە گیانی من، هەتا سەربازەکان منیان بردە دەرەوە، پاشان هێرشی کردە سەر جەمشید نەعمانی. هەمان سیناریۆ بە بێ جیاوازی دووبارە بوویەوە!

دووبارە ژووری شاراوە، پێکەنین و گەپجاڕ، قاوە و برینپێچی چاوەڕوانی من بوون!.

ئیتر وردە وردە ڕقم لە چایچی و ئەحمەدی هەستابوو و لێیان بێزار دەبووم. بیرم دەکردەوە کە بۆچی چایچی و ئەحمەدی خۆیان لە ئیشی لێکۆڵینەوە نادەن؟ بۆ چی هەر کارێک کە  پێوەندیی بە توندوتیژی و ئەشکەنجەوە بێت دەیخەنە ئەستۆی من و خۆیان تەنیا سەیری دیمەنەکان دەکەن؟

هێشتا قاوەکەم تەواو نەکردبوو کە عەبدولعامر گوتی: "بۆ لێکۆڵینەوە ئامادەی؟".

گوتم: "دەبینی کە کابرا هێشتا خەریکە تێهەڵدان دەخوات! بۆخۆشم ئەمڕۆ پشکی خۆمم بەرکەوتووە!".

هەموویان پێکەنین و... عەبدولعامر گوتی: "نا، مەبەستم جەمشید نیە!...".

دەمویست داواکارییەکەی ڕەد بکەمەوە! دەمویست هاوار بکەم و بڵێم کە چیدی ئامادە نیم بەشداری تاوانکارییەکانی ئاغای ژەنەڕاڵ قەزافی و فەرمانبەرانی

ئەمنیی ئەو بم. بەڵام هەموو هاوارەکانم لە قورگمدا ویشک هەڵگەڕان و پاش چەند ساتێک، لە کاتێکدا کە هەرسێکمان جگەرەمان داگیرساندبوو، بەرەو ژووری ژمارە یەکی لێکۆڵینەوە چووین! هەر ئەو ژوورەی کە عەبدولڕەزا تەقەوی نیام دوا جار بە زیندوویی لەو ژوورە دیتبوو. چایچی و عەبدولعامر چوونە ژووری شاراوە و منیش بێتاقەت و بێزار چوومە ژووری لێکۆڵینەوە، هەر درگام کردەوە خەریک بوو دڵم بوەستێت و لە لێدان بکەوێت. لە نێوان سەرسووڕمان و شادی، لە نێوان خۆشحاڵی و ناباوەڕیدا، لە نێوان پێکەنین و حەپەساندا سەیری ئەو کەسەم کرد کە لە بەرانبەرمدا ڕاوەستابوو.

عەبدولڕەزا تەقەوی نیا، ئەو پیاوەی کە دوێنێ تەرمەکەی لە ساردخانە و لە کەشاوی مردووەکاندا دیتبووم، لەسەر کورسی و لە جێگەی پێشووی خۆی دانیشتبوو و جگەرەی دەکێشا!.

بۆ ساتێک ڕاوەستام و تەنیا سەیرم کرد. زۆر هەوڵم دا، بەڵام بڕوام نەدەکرد. چوونکە من بە چاوی خۆم بینیبووم کە چۆن هێرش کرایە سەر عەبدولڕەزا و بە دڕندانەترین شێوە لە لایەن عەبدولعامرەوە ئەشکەنجە درا. هەر دوێنێ بوو کە خۆم تەرمەکەیم لە ساردخانەی دائیرەی ئەمن و موخابراتی لیبیا بینیبوو. ئێستا چۆن دەکرێ هەمان قوربانی، هەمان ئەفسەری تەکنیکیی هێزی ئاسمانی، هەمان ئەفسەر کە دوێنێ شەو بۆ یەکەم جار بۆ ئەو تووشی ئازاری ویژدان بووم، نەمردبوو و زیندوو بوو و لە جێگەی پێشووی خۆی و لەسەر کورسیی تۆمەتباری ژووری لێکۆڵینەوە، لە بەرانبەرم دانیشتبوو؟ دەتگوت کە هەر لە سەرەتای تێوەگلانم بەم بەسەرهاتەوە، دەبوو بەردەوام بەرەوڕووی ڕووداوی کوتوپڕ ببمەوە! هەموو شتێک لە جیهانێکی پڕ لە درۆ و دەلەسە و چەواشەکاریدا کورت بکرێتەوە.

بە گشتی ئەوانە کۆی ئەو بیرکردنەوانە بوو کە بۆ چرکەساتێک بە مێشکمدا هاتن و تێپەڕین. دەستبەجێ پێکەنیم. عەبدولڕەزا بەدەم سلاوەکەیەوە لەسەر کورسییەکە هەستایە سەر پێ، ماچم کرد و دڵگرانی و داخی خۆم بۆ ڕووداوەکەی دوێنێ نیشان دا.

عەبدولڕەزا گوتی: "من نیگەرانی تۆ بووم کە خەریک بوو یارمەتیم بدەی و بە هۆی نەرمی نواندن لەگەڵ من، لە لایەن هاوکارەکانتەوە سووکایەتیت پێ کرا".

بە هێواشی و لەسەرەخۆ، هاوکات کە بە ئاماژە پێم دەگوت دانیشە، گوتم: "ئەوانەش مافی خۆیانە! لێک تێگەیشتنێکی هەڵە هەبوو، بەڵام بۆ خۆم و بۆ ئێوە

خۆشحاڵم کە شتەکە چارەسەر بوو. پێیان وا بوو کە چوونکە من ئێرانیم، لەوانەیە هاوکاریت بکەم. خۆت دەزانی پیاوی خراپیش لە هەموو جێگایەک هەیە. ڕاپۆرتێکیشیان دابوو کە گوایە من هەوڵ دەدەم پلانی ڕاکردنت لە گرتووخانە داڕێژم، بۆیە ئەو شتە ڕوویدا کە بینیمان. بەڵام لە کۆتاییدا ڕاستییەکان ئاشکرا بوون و کەیسەکەت دیسان هاتەوە بەردەستی من. بەڵام تۆش دەبێ بەڵێنم پێ بدەی کە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو شتانەی کە ڕووی دا، لە لێکۆڵینەوەکەدا هاوکاریم بکەی بۆ ئەوەی یەکسەر کەیسەکەت تەواو بکەین و دایخەین".

پاشان دەستمان کرد بە لێکۆڵینەوەکە.

مەبەستی من لە گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتانە، باسکردن لە پێشهاتەکانی لیبیا نیە. ئێستا ئیتر هەموو جیهان ئاگاداری ئەو تاوانانەیە کە لە لیبیا و سووریە ڕوو دەدەن. من ئەگەر ئەو بەسەرهاتانە باس دەکەم، بۆ ئەوەیە کە بزانن لە جیهانی سیخوڕی و مەشق و ڕاهێنانی چریکی و تەنانەت بوون بە پاسدارێکی خومەینیدا، کەسێکی نەخوێندەواری قەهدەریجانی دەبێ چەند قۆناغ و چ بارودۆخێک تێپەڕێنێت. بە واتایەکی دیکە من بۆیە ئەم بیرەوەرییانە باس دەکەم کە وەڵامی کەسانێکم دابێتەوە کە بە سەرسوڕمانەوە دەپرسن بۆ چی پاسدارەکان ئەوەندە بێبەزەیی و دڵڕەقن؟ من دەمەوێ ئەوە بڵێم کە من و زۆرێک لەو کەسانەی کە وەکوو من لە بناغەدانەرانی کۆمیتەکان و سپای پاسداران بوون، پێش لەوەی کە خومەینی سەربکەوێت، دەستمان بە خوێن سوور ببوو، شەڕمان کردبوو، پیاومان کوشتبوو، کاری تێکدەرانەمان کردبوو، تەقینەوەمان ئەنجام دابوو. هەمیشەش شیکردنەوەی ڕووداوەکان بە شێوەیەک بوو کە، ئەگەر چوار قەتڵی ڕاستەقینەمان ئەنجام دابا، یەک نموونەی وەکوو قەتڵی عەبدولڕەزا تەقەوی نیامان ئەنجام دەدا کە لە ڕاستیدا قەتڵێک ڕووی نەداوە. واتە نیوەی ڕووداوەکان ڕاست و حەقیقەت بوون و نیوەکەی دیکەیان درۆ و دروستکراو بوون و ئەوەش شێوەیەک بوو کە خۆمان کڵاومان لەسەر خۆمان دادەنا بۆ ئەوەی کە قەت نەتوانین بڕیارێکی ڕاست و دروست بدەین.

هەر لەو ئەزموونەی لیبیادا بۆم دەرکەوت کە لە دنیای پارتیزانیدا زۆر بە ئاسانی دەتوانی دیلێک ئەشکەنجە بکەی، لێی بدەی، بیخەیتە گرتووخانە، بە دەرزییەک بێهۆشی بکەی و وەک تەرمی کەسێکی مردوو بیخەیتە کەشاوی ساردخانەیەک و مەلافەیەکی بەسەردا بکێشی، تا لەم ڕێگەیەوە کارێک کە دیار نەبووە کێی لە پشتە، ئەنجام بدرێت. دوای ئەزموونی لیبیا من چەندین جار ئەو

شێوە نامرۆڤانەیەم لە ئێران دووبارە کردەوە و ئەنجامی باشی بەدوادا دەهات! ئەمانەش لە کاتی خۆیدا شی دەکەمەوە.

هەر چۆنێک بێت لەو هەفتەیەدا کاری هەموومان بە لێکۆڵینەوە لە عەبدولڕەزا تەقەوی نیا تێپەڕ بوو و ڕۆژی دواتری هەمان حاڵەت کە بە سەر جەمشید نەعمانی هێنرابوو، بۆ عەبدولڕەزا تەقەوی نیامان دووبارە کردەوە. ئەو جارە تەرمی جەمشید نەعمانی لە ساردخانە بوو و تەقەوی نیا دەبوایە هاتبا بۆ ناسینەوەی.

ڕواڵەتی شتەکە ئەوە بوو کە هەر یەک لەوان تۆمەتبارە بە کوشتنی ئەوەی دیکە. هەروەها چوونکە هەردوو ئەفسەرە تەکنیکییەکە ئاگایان لەو تۆمەتانە نەبوو کە خرابوونە پاڵیان، هیچ قسەیەکیان بۆ گوتن نەبوو، بەڵام عەبدولسەلام و عەبدولعامر وازیان نەدەهێنا و لە کۆتایی هەموو ڕۆژێکیش کە دەبوایە پلان بۆ کاری بەیانیمان دابڕێژین، هەندێک قەول و بەڵێن و جۆری ئەشکەنجە و هەڕەشەی دەسەپاند بۆ ئەوەی کە من بەیانیەکەی لە لێکۆڵینەوە دووبارە و قێزەونەکاندا بەڕێوەیان ببەم و ئەنجامیان بدەم.

ئەو خاڵەی کە بۆ منیش جێگەی پرسیار بوو ئەوە بوو کە، کاربەدەستانی ئەمنیی لیبیا، تەنانەت ڕاستییەکانیان بە منیش نەدەگوت. من تەنیا گۆچانێکی بێ ئیرادە بووم بە دەستیانەوە. دواتر زانیم کە هەموو ئەو گەڵاڵە و فیلمانە و تەنانەت هەموو ئەو کارانەی کە بە منیان دەگوت جێبەجێیان بکەم، شتێک نەبوون جگە لە درۆ و هەڵخەڵەتاندن.

ئەم لێکۆڵینەوانە دە ڕۆژیان خایاند و لەو ماوەیەدا کاربەدەستانی ئەمنیی لیبیا، لەو دوو ئەفسەرە تەکنیکییەی هێزی ئاسمانیی ئێران، بەڵگەی سیخوڕی و نووسراوی لێکۆڵینەوە بە واژووی ساختە و وێنەی سێکسی و زۆر بەڵگەی دیکەیان ئامادە کرد کە هەموویان درۆ و ساختە بوون. ئەوەندە گوشاریان بۆ ئەو دوو ئەفسەرە تەکنیکییە ئێرانیە هێنابوو کە ئامادە بوون هەموو کارێک بکەن.

دوای دە ڕۆژ لێکۆڵینەوە، کاتێک کە نۆرە گەیشتە ئاشکراکردنی هەر یەک لەو بەڵگەنامانەی کە نەک هەر لە ڕوانگەی ڕێژیمی پاشایەتی، بەڵکوو لە ڕوانگەی کاربەدەستانی ئەمریکایی و تەنانەت پۆلیسی نێودەوڵەتیشەوە، بە واتای لەسێدارەدانی ئەو بوونەوەرە بێتاوانانە دەهات. تا کار گەیشتە ئەو بەشە لە کارەکە کە لیبیاییەکان بە "کۆبوونەوەی گرینگ"یان ناو دەبرد، دەستی پێکرد.

کاری من تەواو ببوو. بۆ ڕۆژانی داهاتوو بڕیار بوو کە من جێگەی خۆم لەگەڵ چایچی و ئەحمەدی بگۆڕمەوە و ئەمجارە من بچمە ژوورە شاراوەکە و قۆناغێکی

نویێ لە کارەکەمان دەست پێ بکەین.

ئەو ڕۆژە بەیانیی شەممە بوو. کاتێ گەیشتمە دائیرەی ئەمن و موخابەرات، لە ژوورە شاراوەکە، دۆخەکە گۆڕابوو. عەبدولسەلام و عەبدولعامر وەک پێشتر جلی سپای لیبیایان لەبەر کردبوو، بەڵام چایچی و ئەحمەدی جلی ئەفسەرانی تەکنیکیی هێزی ئاسمانیی شاهەنشایی ئێرانیان لەبەر کردبوو. لە ژووری لێکۆڵینەوەکەش "داتاشۆ"یەکی نیشاندانی فیلم دانرابوو.

کاتژمێر دە و نیوی بەیانی عەبدولڕەزا تەقەوی نیایان هێنا بۆ ژووری لێکۆڵینەوەکە. دەستیان بەستبوو و جلی هێزی ئاسمانیی ئێرانیان لەبەر کردبوو و بە حەپەساوی سەیری داتاشۆکەی دەکرد. بۆ ماوەی نیو کاتژمێر بەتەنیا لە ژوورەکەدا مایەوە تا دوایی عەبدولعامر و عەبدولسەلام و چایچی پێکەوە چوون بۆ نێو ژوورەکە. تەقەوی نیا لە ناکاو هاواری کرد و گوتی: "سڵاو چایچی! تۆ لێرە چ دەکەی؟".

چایچی لەسەرەخۆ و بە نێوچاوێکی گرژەوە، هێواشێک پێی گوت: "هاتووم تۆ وەرگرمەوە!".

ئەو قسەکردنە زۆری نەخایاند، چوونکە بە فەرمانی عەبدولسەلام گڵۆپەکانی ژووری لێکۆڵینەوە کووژرانەوە و نمایشی فیلمەکە دەستی پێ کرد. فیلمەکە هەر لە سەرەتاوە بۆ منیش سەرنجڕاکێش بوو. فیلمەکە عەبدولڕەزا تەقەوی نیا و جەمشید نەعمانی و چەند کەسی دیکەی لە کاتی چوونەدەر لە بنکەی ئاسمانیی لانگ ئایلەند نیشان دەدا. لە فیلمەکەدا هەروەها هاتنیان بۆ نیویۆرک و پیاسە و گەڕانیان لە کۆڵانەکان و چوونیان بۆ ڕێستووران و بارەکانی ئەو شارە و هەروەها کچە جوانەکان و هەندێک فیلمی سێکسی، کە وەک دیار بوو لە مالی سۆنیا گیرابوون، نمایش کران. پاشان هەندێک فیلمی دیکەی نمایش کرد کە تێیدا تەقەوی نیا وەک گەڵای دار جنێو بە ڕێژیمی پاشایەتی دەدات.

من بە دیتنی ئەو فیلم و وێنانە حەپەسام و سەرم سووڕ ما، چوونکە بەشێک لە دیمەنەکان بۆ منیش ئاشنا بوون و منیش لە هەندێک دیمەنی فیلمەکەدا بەرچاو دەکەوتم و بەشدار بووم. بەڵام قسەکانی تەقەوی نیا لە فیلمەکەدا، هەمان ئەو قسانە نەبوون کە لە دیمەنە ڕاستییەکەدا بە منی گوتبوون، واتە مۆنتاژ کرابوون. بەڵام دەنگ هەمان دەنگی تەقەوی نیا بوو. سەرم سووڕ مابوو و خەریک بوو شاخ دەر بێنم. پاشان وێنەی تەقەوی نیا لەسەر پاسپۆرتێکی سووری نیشان درا و زۆر دیمەنی دیکە. فیلمەکە بیست خولەکی خایاند. من لە نیوەی زیاتری ئەو

بەرنامە و فیلمانەدا بەشدار بووم، بەڵام دیسان سەرم سووڕ مابوو لەوەی کە دەیبینم، جا چ بگات بە تەقەوی نیای داماو!.

یەک و دوو جار تەقەوی نیا نارەزایەتیی نیشان دا، بەڵام بە نارەزایەتییەکەی پێکەنین. چرای ژووری لێکۆڵینەوە دووبارە هەڵکرانەوە و عەبدولسەلام دۆسیەیەکی ئەستووری دا بە چایچی و بۆ خۆی لەگەڵ عەبدولعامر لە ژووری لێکۆڵینەوە چوونە دەرێ و هاتن بۆ ژووری شاراوە.

چایچی بە پێچەوانەی کاتی هاتنەژووری، ئەمجارە بە زمانێکی دۆستانە بە تەقەوی نیای گوت: "عەبدولڕەزا چۆن! چۆن توانیت ئەم هەموو خیانەتە بە نیشتمانی خۆت بکەی!؟"

لە وەڵامدا گوتی: "هەموو ئەمانە درۆن! سوێند بە خوا هەموویان درۆن! چایچی خۆ تۆ دەمناسی ..."

چایچی گوتی: "درۆ!؟ مەگەر فیلمەکانت نەدیت!؟ فیلمی ئاوا ئاشکرا چۆن دەڵێی درۆیە! تۆ بیرت لەوە نەکردۆتەوە کە ئێران و سووریە پەیوەندیی باشی سیاسییان هەیە و کاتێک خاوەنشکۆ (شا) داوا بکات، ڕادەستت دەکەنەوە! بڕوانە خۆت تووشی چ ڕۆژگارێک کرد. ئێستا منی دۆست و هاوڕێت هاتووم کە لێرە وەرت بگرمەوە و بتبەمەوە بۆ ئێران! لەوێش کە هەموو شتێک ڕوون و ئاشکرایە، سەرەتا بەندیخانە، پاشان لێکۆڵینەوە و دواجار بە تاوانی سیخوڕی و خەیانەت گوللەباران دەکرێی و هەموو شتێک تەواو دەبێ!".

تەقەوی نیا دەگریا و هاواری دەکرد کە خودا و پێغەمبەر بە شاهێد دەگرم کە هەموو ئەوانە درۆن و فیلم و وێنە و دیمەنی دەستکردن و هیچ قەتڵ و تاوان و سیخوڕییەکم نەکردووە. بەڵام چایچیش کە ئاگای لە هەموو ئەم شتانە هەبوو و دەیزانی کە قسەکانی ڕاستن، بڕیار وابوو کە وەکوو مرۆڤێکی کەڕ گوێی لە هیچ یەک لە قسەکانی نەبێت.

دوای نیو کاتژمێر دووبارە عەبدولسەلام و عەبدولعامر هاتنەوە ژووری لێکۆڵینەوە و فیلمەکەیان بە چایچی دا و سەربازەکانی لیبیا دیسان تەقەوی نیایان بردەوە بۆ ژووری تاکەکەسیی خۆی. ئێستا نۆرەی دووبارەبوونەوەی هەمان سێناریۆ بۆ جەمشید نەعمانی بوو. ئەو دوو ئەفسەرە تەکنیکییەی هێزی ئاسمانیی ئێران دەبوایە گەیشتبان بەو قەناعەتە کە خەریکە ڕادەستی کاربەدەستانی سەربازیی ڕێژیمی پاشایەتی دەکرێنەوە و گرتووخانە و دواتر سێدارە لە ئێران چاوەڕوانیان دەکات. وا دیار بوو کە هەموو ئەو فیلم و سیناریۆ و گەمانەی کە لە ڕەوتی

لێکۆڵینەوەکەدا ئەنجام درابوون، سەرکەوتوو بوون.
لە کۆتایی ڕۆژدا، کاتێک کە بە ڕاستی هەموومان ماندوو و شەکەت ببووین، عەبدولسەلام گوتی کە دەبێ لانیکەم دوو ڕۆژ لە چاوەڕوانیدا ڕایانگرین، بۆ ئەوەی لە دەرەنجامی کارەکەمان دڵنیا بین. بڕیارەکە وابوو کە ڕۆژی سێ شەمە من بێمە ناو گەمەکە.
کاتژمێر دەی شەو گەیشتمەوە هۆتێلەکە و بێ یەک و دوو حەمامێکم کرد و بۆی خەوتم، بەڵام لەناکاو بە دەنگی تەلەفۆنەکە لە خەو ڕاچڵەکام. پێم وابوو قوتب زادەیە، بەڵام دەنگی چایچی بوو کە داوای لە من کرد جلەکانم لەبەر کەم و بۆ چەند خولەکی دیکە لەبەر درگای هۆتێلەکە ئامادە بم و خۆی دێ بە دوامدا.
کاتێک پرسیارم کرد: "چایچی چی بووە؟".
وەڵامی دایەوە و گوتی: "پەلە بکە، دواتر خۆت دەزانی".
بە پەشۆکاوی لە تەختی خەو هاتمە دەرێ و دەموچاوم شووشت و جلم لەبەر کرد و بە ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆرەوە خۆم گەیاندە بەر دەرگای هۆتێلەکە. هەزار و یەک پرسیار لە مێشکمدا دەهاتن و دەچوون. لەو ماوەیەدا هێندەم بەسەرهاتی درۆ و دەستکرد و فیلمی هەڵخەڵەتێنەر دیتبوو کە خەریک بوو لە دۆخی خۆشم بە گومان دەبووم کە نەوەک خۆشم کەوتبێتمە داوی ئەمانەوە و هەمان بەسەرهات کە بە سەر تەقەوی نیا و نەعمانییان هێنا، بەسەر منیش بێنن. دوای چەند خولەکێک جیپی سەربازی هات. تەنیا شۆفێری لیبیایی و چایچیی تێدا بوو.
گوتم چی بووە کە دەبێ بەو شەوە بگەڕێینەوە بۆ دائیرە؟
چایچی گوتی: "ناگەڕێینەوە بۆ دائیرە، دەڕۆین بەرەو نەخۆشخانە".
من پرسیم: "بۆ نەخۆشخانە؟ مەگەر چی ڕووی داوە؟".
چایچی بە نیگەرانی و شڵەژاوییەوە گوتی: "شتێکی گرینگ نیە، تەقەوی نیا هەوڵی خۆکوژیی داوە!".
منیش گوتم: "لە خۆکوژییەکانی مۆدێلی خۆمان!".
پێکەنی و گوتی: "نا! هەر بە ڕاست دەستی داوەتە خۆکوژی".
من گوتم: "یانی ئەم جارەیان چیرۆکی ساردخانەی پزیشکی دادوەری ڕاستە و درۆ نیە؟".
گوتی: "ئەگەر وەدوا نەکەوین و پزیشکەکان فریای نەکەون، لەوانەیە وە ڕاست

بگەڕێت".

گوتم: "دەبێ چ بکەین؟".

گوتی: "هەر بۆ ئەوە تۆم لە خەو هەستاند، خۆت دەزانی من ئیزنم نیە کە بەرەوڕووی ببمەوە، من نوێنەری حکوومەتی ئێرانم. بەڵام تۆ بگە بە فریای و کارەکانی جێبەجێ بکە!".

من گوتم: "پیاوێک خۆی کوشتووە، ئیتر چ کارێک لەدەست من دێت کە من دەتوانم بیکەم؟ خۆ من دوکتور نیم!".

چاپچی لە وەڵامدا گوتی: "لە بیرت نەچێ کە ئێرە لیبیایە و دوکتور و پەرستارەکان فارسی نازانن و تۆ دەبێ هاوکارییان بکەی!".

جیپە سەربازییەکە بە پەلە چووە نێو نەخۆشخانەی سەربازیی ترابلۆس و عەبدولعامر لەلای درگای نەخۆشخانەکە چاوەڕوانمان بوو. لە جیپەکە دابەزیم و بەپەلە پرسیم: "دەنگوباس؟".

زۆر لەسەرەخۆ و بە ئارامی گوتی: "لە ژووری نەشتەرگەرییە!".

پرسیارم کرد: "هیچ هیوایەک هەیە؟".

عەبدولعامر وەڵامی دایەوە: "خوا دەزانێ، شادەمارەکانی دەستی بڕیوە".

بە خۆشییەوە عەبدولڕەزا تەقەوی نیا لە مردن ڕزگاری بوو، بە قەراغی کەوچکی نانخواردن دەمارەکانی بە شێوەیەک بڕیبوو کە ڕزگار کردنی لە مردن وەکوو مۆعجیزە وابوو. هەر ئەوەی کە کاتژمێر هەشتی بەیانی لە ژووری نەشتەرگەری هێنایانە دەرێ، دەردەکەوت کە چ نەشتەرگەرییەکی قورس و گرانی بۆ کراوە. تەقەوی نیایان بردە ژوورێکی تایبەت و ڕێگەیان دا کە من لە لای بمێنمەوە.

کاتژمێر نۆ ئەحمەدی و عەبدولسەلام هاتن. من خۆشحاڵ بووم کە تەقەوی نیا لە مردن ڕزگاری بووە، ئەوان خۆشحاڵ بوون لەوەی کە بیانوویەکیان کەوتۆتە دەست بۆ ئەوەی کە کارێک بکەن زووتر خۆی بدات بەدەستەوە!.

عەبدولسەلام هەندێک فەرمانی تازەی دا و پاشان لەگەڵ ئەحمەدی ڕۆییشتن. جارێکی دیکە بەرپرسایەتیی کارەکەیان خستە ئەستۆی من. کاتژمێر سێی دوانیوەڕۆ تەقەوی نیا هاتەوە هۆش و چاوی کردەوە. زۆر خۆشحاڵ بوو کە من لەلای بووم. بەڵام بۆ ئەوەی کە بتوانێ قسە بکات، هێشتا دەبوو چاوەڕوان بین. کاتێک کە هاتەوە قسە، هەوڵم دا کە لەگەڵی مێهرەبان و ئارام بم. هەندێک ئامۆژگاریم کرد و کاتێک کە ویستی سپاسم بکات گوتی: "لە هەموو ژیانمدا کەسێکم ئەوەندەی تۆ بە بەزەیی و مێهرەبان نەدیوە!". پاشان باسی فیلمەکەی

کرد. نەیدەزانی چۆن ئەو قسانەی کردووە و هەروەها باسی گەڕاندنەوەی بۆ ئێران و ئەو داهاتووەی کە چاوەڕوانی بوو، وەها لە بواری دەروونیەوە ڕووخابوو کە دڵنیا بووم ئەگەر توانای هەبوایە، لە بەرانبەر من جارێکی دیکە هەوڵی خۆکوشتنی دەدایەوە!

هەوڵم دا هێوری بکەمەوە و پاشان زۆر بەسەرهاتی ئەو کەسانەم بۆ گێڕایەوە کە بە بێ تاوان چوونەتە بەر داری سێدارە، بەڵام لە کۆتاییدا وەکوو مۆعجیزەیەک ڕزگاریان بووە. لەو ڕێگەیەوە هەوڵم دا کە تۆزێک ئارامیی بۆ بگەڕێنمەوە، چوونکە دڵنیا بووم کە جارێکی دیکە ئازار و ئەشکەنجەی زۆری دەدەنەوە.

دوای چەند ڕۆژێک عەبدولڕەزا لە نەخۆشخانەوە گوازرایەوە بۆ گرتووخانە. ئێستا هەردووکیان دڵنیا ببوون لەوەی کە بەم زوانە لە لایەن کاربەدەستانی بەناو سوورییەوە ڕادەستی هێزی ئاسمانیی ئێران دەکرێنەوە و لە تاران دادگایی دەکرێن و لە کۆتاییدا پەتی سێدارە چاوەڕێیانە.

بەیانیی ئەو ڕۆژە کە تەقەوی نیا لە نەخۆشخانە نێردرایەوە بۆ گرتووخانە، من سەردانیم کرد. دیارە سەردانەکەم لەسەر فەرمانی عەبدولسەلام بوو. عەبدولسەلام پێشتر بەڵێنیی هاوکاری لەگەڵ ڕێژیمی بەناو سووریە و لە ڕاستیدا لیبیای لە نەعمانی وەرگرتبوو و ئێستا ئیتر نۆرەی تەقەوی نیا بوو کە ئەو بەڵێنە بدات بە عەبدولسەلام.

پێم گوت کە زۆرم خۆش دەوێی و چوونکە هاونیشتمانیی خۆمی، حەز دەکەم هاوکارییەکت بکەم. لە خۆشحاڵیدا خەریک بوو باڵ دەربێنێ و بفڕێ. پێی وابوو ڕێگەی ڕاکردنی بۆ خۆش دەکەم. زۆر زوو دانی بەوەدا نا کە پێی وابووە من کارئاسانیی بۆ دەکەم کە ڕابکات، بەڵام من پێم گوت کە وەها شتێکم بۆ نالوێ.

پاشان گوتم: "سەیرکە، تۆ تاوانەکانت زۆر گرانن. هەر لاقت بگاتەوە ئێران تیربارانت دەکەن، ئەو هەوڵی خۆکوژییەت منی خستە بیری ئەوە کە لەگەڵ کاربەدەستانی ئێرە بە جۆرێک قسە بکەم کە ڕازی بن بەوەی کە ئەگەر نێردراوانی حکوومەتی ئێران هاتن بۆ ڕادەستکردنەوەت، پێیان بڵێن کە خۆی کوشتووە، یا خود ڕایکردووە. لە بەرانبەردا تۆش بەڵێنییان پێ بدەی کە لێرە بمێنیتەوە و هاوکارییان بکەی!".

تەقەوی نیا کە هەر لە سەرەتاوە بە وردی گوێی بۆ قسەکانم شل کردبوو، دای لە ئەژنۆی خۆی و گوتی: "کەواتە تازە خەیانەت بە نیشتمانەکەم دەست پێدەکەم!".

گوتم: "ئەوە ناوی هاوکارییە و چارەیەکی دیکەت نیە، ئەگەر تۆ ڕێگە چارەیەکی دیکەت پێ شک دێت، بڵێ تا هاوکاریت بکەم!".

گوتی: "نازانم بەڵام ئایا لەو پەیوەندییەدا لەگەڵ کاربەدەستانی ئێرە ئەو شتەت باس کردووە؟".

شانم هەڵخست و گوتم: "نا! یانی هێشتا نا! لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە کە لەوانەیە هەر ڕازییش نەبن و دۆخی منیش بەهۆی ئەو پێشنیارەوە خراپتر بێت! چوونکە خۆت دەزانی کارێکی بچووک و سادە نیە".

تەقەوی نیا تۆزێک بێدەنگ بوو و پاشان هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و گوتی: "دەبێ بیری لێ بکەمەوە! ئەمشەو دەرفەتم پێ بدە!".

منیش گوتم: "کەیفی خۆتە، بەڵام پێم وابێت بەیانی دوانیوەڕۆ ڕێوڕەسمی ڕادەستکردنەوەی تۆیە بە نوێنەرانی دەوڵەتی ئێران، بۆیە دەبێ زووتر بڕیاری خۆت بدەی. خۆت دەزانی کە سەرکۆمار دەبێ بڕیاری کۆتایی بدات و گەیشتن بە سەرکۆماریش لە کاتژمێرەکانی کۆتایی کاری ئیداریدا کارێکی سادە و ئاسان نیە!".

بە بزەیەکی تاڵەوە کە یەکەمین هێماکانی خۆبەدەستەوەدانی پێوە دیار بوو گوتی: "کەواتە شەو وەڵامی کۆتاییت دەدەمەوە، هەر ئەمشەو!".

شەو داهات و دووبارە چووم بۆ دیتنی لە زیندان. لە نێوان فرمێسک و هەناسەی سارد و ئاخ و داخ و دڵگرانییدا ڕازیبوونی خۆی نیشان دا، بەڵام زۆر نیگەرانی دۆخی ژن و منداڵەکەی بوو. من هیچ بەڵێنێکم پێنەدا. بەڵام ئەوەم پێ گوت کە من دەچم و لەگەڵ کاربەدەستانی سووری دانووستان دەکەم و ئەنجامی دانووستانەکەشت بۆ دێنمەوە. ئەگەر ڕازی بوون بە مانەوەت لێرە، ئەوکات لەوانەیە کارێک بکەن بۆ هێنانی ژن و منداڵەکەت بۆ ئێرە!!.

پێشتر باسم کرد کە نەعمانییش هەر بە سیناریۆیەکی هاوشێوە، ئامادەبوونی خۆی بۆ هاوکاری دەربڕیبوو. بۆیە ماوەی دوو ڕۆژ بوو کە لە زیندانەوە ڕاگوێزرابوو بۆ ماڵێکی ئەمین و لە ژێر چاوەدێریی کاربەدەستانی ئەمنیی لیبیادا، سەرقاڵی بینینی خولی تایبەت بوو تا ئەو ڕۆژەی کە بتوانن کەڵکی لێ وەربگرن. نەعمانی ژیانی هاوبەشی پێک نەهێنابوو و زۆر هێورتر لە تەقەوی نیا بوو. لە کۆتاییشدا زۆر زووتر خۆی دا بە دەستەوە و لە نێوان ژیان و تیرباران کردندا، ژیانی هەڵبژارد!

لەسەر فەرمانی عەبدولسەلام، بەیانیی ئەو ڕۆژە ئیزنم نەبوو کە سەردانی

تەقەوی نیا بکەم. تەقەوی نیا دیسانیش دەبوایە لەگەڵ دیمەنێکی ساختە و دەستکرد ڕووبەڕوو بکرێتەوە. پێش لە نیوەڕۆ دەچن بۆ لای و دەینێرن بۆ سەرتاشخانە و حەمامی پێ دەکەن، پاشان هۆشداریی ئەوەی پێ دەدەن کە چەند کاتژمێری دیکە ڕادەستی کاربەدەستانی ئێرانی دەکەنەوە. تەقەوی نیا ئەو ڕۆژە بەردەوام هەواڵی منی پرسیبوو و داوای منی کردبوو. بەڵام هەر جارێک وەڵامێکیان دابووەوە. دواجار چەند خولەک پێش ئەوەی کاتە درۆیینەکەی ڕادەستکردنەوەی بگات، من بە هەڵتەک هەڵتەک و هەناسەی سوارەوە چووم بۆ لای و مزگێنیی ئەوەم پێ دا کە بڕیاری ڕازیبوونی سەرکۆمارم وەرگرتووە و بڕیارەکە وایە کە ئەگەر شێوەی کارکردنەکەت بە دڵی کاربەدەستانی ئەمنی بێت، ژن و منداڵەکەشت دێنن بۆ لات!. دوای چەند کاتژمێرێک تەقەوی نیا گوازرایەوە بۆ ماڵێکی تایبەت تا ژیانێکی نوێ دەست پێ بکات.

لێرەدا شایانی باسە کە ئەو چوار کەسە، واتە ڕەزا چایچی و حەمید ئەحمەدی و عەبدولڕەزا تەقەوی نیا و جەمشید نەعمانی، دوای ئەنجامدانی چەند کردەوەی تیرۆریستیی گەورە و سەرکەوتوو لە ئۆردۆن و ئیسرائیل، لە کردەوەیەکی ڕفاندنی فڕۆکەشدا بەشدار بوون و یەک ساڵ و چەند مانگ لە وڵاتی لیبیا مانەوە. دواتر بوون بە ئیسکۆرتی تایبەتی خومەینی و لە نووفێل لووشاتۆ لەگەڵ من هاوکارییان دەکرد و دواجار هەموومان پێکەوە بە فڕۆکەی ئەیر فرانس لەگەڵ خومەینی گەڕاینەوە بۆ تاران.

ئەو چوار کەسە لە ڕۆژەکانی سەرەتای گەڕانەوەی خومەینی بۆ تاران، بوون بە سەردەستەی ئەو بە ناو ئەفسەرە تەکنیکیانەی(همافر) کە لە بەرانبەر خومەینی ڕێژە چوون و بەم شانۆ ساختە و درۆیینە، توانییان یەکەمین بۆشایی و شکست بخەنە نێو ڕیزەکانی ئەرتەشی ڕێژیمی پاشایەتی. ئەوەش بەسەرهاتێکە کە دواتر بە وردی باسی لێوە دەکەم.

ئەگەر بمەوێ بیرەوەرییەکانی ڕۆژ بە ڕۆژی خۆم بگێڕمەوە، ساڵانێکی دەوێ. بەڵام هەر ئەو دوو و سێ بیرەوەرییە کە باسم کرد، دەسەلمێنێ کە پێکهاتە و نێوەرۆکی "کۆمیتە"کان و سپای پاسدارانی خومەینی لە چ کەسانێک و بە چ ئەزموونێک و چ عەقڵییەت و مەنتالیتەیەک پێکهاتبوو. هەمووومان سەرەتا کڵاو و فریوی پارەی بەلاش و بێ ڕەنج و زەحمەتمان چوبووە سەر، یا خود لە ڕێگەی دۆسیەسازی و تێوەگلاندن لە بەسەرهاتی هاوشێوەی تەقەوی نیا و جەمشید نەعمانیدا کەوتینە نێو ئەو کارەوە. دوای ئەو قۆناغە، ئیتر چێژمان لە هێز وەردەگرت. چەک و پشتیوانیی دەوڵەتە تیرۆریستپەروەرەکان دەبووە هۆی دڵگەرمی و پێداگریی ئێمە. لە ڕاستیدا هەر کە دەستمان بە خوێنی خەڵکی سوور بوو، ئیتر ڕێگەی گەڕانەوە بۆ دواوەمان بۆ نەما. دوای تاوانێکی بچووک، قەتڵ و تەقاندنەوە و وێرانکردن و کوشتن بەردەوام دووبارە دەبوونەوە، بە جۆرێک کە ئیتر هیچ کام لەوانە لە لامان کرداری ناشیرین یا کارەسات نەبوون و لە ماوەیەکی کەمدا بۆمان دەبوو بە عادەت. تا کار گەیشتە جێگایەک کە ئەو شەوەی کە لەسەر بانی خوێندنگەی "ڕێفاه" و لە بەرانبەر چاوی ئایەتوڵڵا تازە بەدەسەڵات گەیشتووەکان، دڵی ئەفسەرانی ئەرتەشمان دەکردە ئامانجی چەکەکانمان و کۆتاییمان بە ژیانیان دەهێنا، ئیتر شتێک بە ناوی ترس لە کوشتن لە دەروونماندا واتای نەبوو و نەمابوو. شتەکە ئەوەندە ناشیرین بوو کە خومەینی دواتر گوتی: "دەنگۆیەک ساز بکەن کە گوایە دەستەی مەرگ بۆ تیربارانەکان لە لایەن فەلەستینیەکانەوە پێکهاتبوو و ئێرانی نەبوون".

لەڕاستیدا ئیتر کوشتن بوو بە پسپۆریی ئێمە. ئەوەندەمان خەڵک کوشتبوو کە ئەگەر کوشتن خۆشحاڵی نەکردباین، لانیکەم دڵگرانیشی نەدەکردین. ئیتر ئەوە ببوو بە دنیای ئێمە.

هەر چۆنێک بێت، دوای بەسەرهاتی ئەو دوو ئەفسەرە تەکنیکییەی هێزی ئاسمانیی ئێران کە بە ناچاری و وەکوو "مەڕ" خۆیان بەدەستەوە دا، من هەموو ڕۆژێک وەکوو فەرمانبەرێکی ئەرکناس لە دائیرەی ئەمن و موخابەراتی لیبی ئامادە دەبووم و لەگەڵ عەبدولسەلام و عەبدولعامر و چایچی و ئەحمەدی لە هەندێک بواردا هاوکاریی یەکترمان دەکرد و جارجارەش دەچووم بۆ سەردانی نەعمانی و تەقەوی نیا و مەشق و ڕاهێنانی پێویستم پێ‌دەکردن.

با لێرەدا ئەوەش باس بکەم کە تەقەوی نیا و نەعمانی بۆ ماوەی یەک ساڵ یەکتریان بە مردوو دانابوو. واتە تەقەوی نیا پێی وابوو کە نەعمانی مردووە و نەعمانییش لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە تەقەوی نیا مردووە. لە کاتێکدا کە هەردووکیان لە یەک شار دەژیان. بەڵام کاتێک یەکتریان دیتەوە و ڕاستییەکانیان بۆ دەرکەوت، ئیتر تازە زۆر درەنگ ببوو، چوونکە ئەو دوو ئەفسەرە تەکنیکییەی هێزی ئاسمانیی ئێران دەستیان بە خوێن سوور ببوو و لە ئۆپەراسیۆنێکی دزینی فڕۆکەدا بەشدار بوون. بۆیە باشترین و پارێزراوترین جێگە بۆیان، هەر بارەگاکانی ژەنەراڵ قەزافی بوو.

ژن و منداڵی تەقەوی نیا هەر لە تاران مابوونەوە بە بێ ئەوەی کە هەوڵی هێنانیان بۆ وڵاتی لیبیا بدرێت. هەر دوو بنەماڵەی نەعمانی و تەقەوی نیا لەسەر بنەمای هەواڵێکی درۆ کە بە فەرمانی عەبدولسەلام لە ڕۆژنامەی "بەیرووت" بڵاو کرایەوە، باوەڕیان کردبوو کە ساواک و دژە هەواڵگریی ئەرتەشی ئێران، لە ئەمریکا منداڵەکانی ئەوانیان کوشتووە و تەرمەکانیان فڕێ داوەتە نێو چۆمی "هۆدسن" لە نیویۆرک. ئەوان تەنانەت ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشییان بۆ دانابوون و تەنیا دوای سەرکەوتنی شۆڕش ڕاستییەکانیان بۆ دەرکەوت. بە خۆشییەوە ژنەکەی تەقەوی نیا هەر بە هاوژینەکەی وەفادار مابوو و ژیانی هاوبەشی پێک نەهێنابوو و دوای هاتنەوەی تەقەوی نیا پێکەوە ژیانێکی نوێیان دەست پێ کردەوە تا ئەو ڕۆژەی کە تەقەوی نیا بە شیوەیەکی هۆڤانە گیانی لێ ئەستێنرا.

قوتب زادە کە بەڵێنیی بە من دابوو دوای حەوتوویەک بگەڕێتەوە بۆ ترابلۆس، ماوەی دوو مانگ نەگەڕایەوە. بەڵام هەموو حەوتوویەک دوو جار زەنگی بۆ لێ دەدام. لەو دوو مانگەدا دەوڵەتی لیبیا دوو جار و هەر جارێکیش دوو هەزار دۆلاری ئەمریکایی وەکوو مووچە بە من دا. قوتب زادە دوای دوو مانگ و چەند ڕۆژ گەڕایەوە بۆ ترابلۆس و دوای پرسیار و وەڵامێکی زۆر، باسی دادگایی کردنی

سەید مەهدی هاشمی و خزمەکانی منی کرد و گوتی: "من لەسەر ئەو باوەڕەم کە هێشتا گەڕانەوە بۆ ئێران زووە، پاشان پرسیاری کرد کە حەز دەکەم لەگەڵی برۆم بۆ پاریس یان هەر لە لیبیا دەمێنمەوە. من لە وەڵامدا بە ڕاشکاوی گوتم: "من پاریسم زۆر پێ خۆشە، بەڵام ئەو دوو هەزار دۆلارەی کە مانگانە پێم دەدەن، شیرینترە لە سەفەرەکەی پاریس. چوونکە لە پاریس هەر بێکار دەخولێمەوە، بەڵام لە لیبیا هەر دۆلار لەسەر دۆلار کۆ دەکەمەوە".

بەڵام پاشان داوام لێ کرد وا بکات کە بتوانم چەند مانگ جارێک سەردانێکی پاریس بکەم.

قوتب زادە هەندێ پێکەنی و گوتی: "من لەگەڵ کاربەدەستانی لیبیا قسە دەکەم و پاشان ئەنجامی قسەکردنەکەت بۆ دەگەڕێنمەوە".

سەبارەت بە کۆنە دۆستەکەم، واتە پاتریسیا، پرسیارم لێ کرد، لە وەڵامدا قوتب زادە پێکەنی و گوتی: "ئەگەر زوو فریای نەکەوی، بۆ تاهەتایە وەفادارت نامێنێتەوە".

من لەگەڵ قوتب زادە زۆر دڵخۆش بووم. ئەو بە تەواوی مانای وشە کەسێک بوو کە حەزی لە ڕابواردن بوو و هەر جارێک کە لەگەڵی دادەنیشتم، ئەزموونی تازەی لێ فێر دەبووم و لە دڵم دەچەقی. ماوەی مانگێک لە ترابلۆس مایەوە و پاشان پێکەوە چووین بۆ پاریس. کاربەدەستانی لیبیا زۆر دڵخۆش بوون بە بەردەوامبوونم لەسەر هاوکاری کردنیان، هەر بۆیە بڕیاریان دا کە دوای گەڕانەوەم لە پاریس،ماڵێک و چێشتلێنەرێک و ترومبیلێکم بە شۆفێرەوە پێ بدەن تا لە ژیانی هۆتێل ڕزگارم بێت!.

قوتب زادە گوتی: "ئامادەم کارێک بکەم کە پاتریسیاش کۆچ بکات بەرەو وڵاتی لیبیا، بەڵام بە مەرجێک کە لەو دوو هەزار دۆلارە کە وەری دەگری، لانیکەم مانگانە هەزار دۆلاری پێ بدەی".

لە وەڵامدا گوتم: "لە پاریس قسەی لێ دەکەین!".

لەگەڵ قوتب زادە سواری فڕۆکەی لیبیا بووین و سەرەتا بۆ لەندەن و پاشان بە بێ ڕاوەستان چووین بۆ پاریس. هاتنە ژوورەوە و چوونەدەر لە پاریس هەمیشە بە فڕۆکەی غەیری لیبیایی ئەنجام دەدرا، بێجگە لە یەکجار، بەڵام هۆکارەکەی چی بوو؟ من قەت وەڵامی ئەو پرسیارەم  نەدۆزییەوە.

شەو دیسان هەموومان لە دەوری یەکتر کۆ بووینەوە. من و قوتب زادە و بەنی سەدر و سەلامەتیان و حەبیبی و پاتریسیا و بێئاتریس... .

بڕیار وابوو کە من ٢٠ ڕۆژ لە پاریس بمێنمەوە، بەڵام لەسەر داوای خۆم دوای ١٥ ڕۆژ گەڕامەوە بۆ ترابلۆس. وڵاتی لیبیا بە هاتنی پاتریسیا ڕازی نەببوو. دیارە ئەوە قسەی قوتب زادە بوو و لەوانەیە درۆیشی کردبێت. بەڵام ڕاستییەکەتان بوێت منیش کەسێک نەبووم کە هەروا بە ئاسانی مانگانە ١٠٠٠ دۆلاری ئەمریکایی بدەم بە پاتریسیا!.

دواتر هەموو جارێک کە سەردانی پاریسم دەکرد، بە واتایەکی دیکە هەر دوو یا سێ مانگ جارێک من سەردانی پاریسم دەکرد و هەر جارێک کە دەچوومەوە، دۆستانمان لەوێ سەرقاڵتر لە جاری پێشووتر بوون. تەنیا ئەو کاتانە خۆشم ڕادەبوارد کە لەگەڵ قوتب زادە بووم. ئەوانەی دیکە هێندە سەرقاڵی باسی سیاسی و دارشتنی پلان و بەرنامە بوون کە بە ڕاستی کۆبوونەوەکانیان ماندووی دەکردم.

بەهەر شێوەیەک بێت، لەو کاتەوە هەتا پێنج ڕۆژ پێش لە سەفەرەکەی خومەینی بۆ پاریس، من لە لیبیا دەژیام و لە دائیرەی ئەمن و موخابەراتی ئەو وڵاتە کارم دەکرد و هەر دوو تا سێ مانگ جارێکیش سەردانی پاریسم دەکرد و هەموو جارێکیش ماندووتر، لە دیداری دۆستان دەهاتمەوە بۆ لیبیا. تەنیا شتێک کە لە پاریس سەرنجی منی ڕادەکێشا، جگە لە بینینی قوتب زادە و پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ پاتریسیا و هەروەها ئەو تەلەفۆنانە بوو کە دەمتوانی بۆ ئیسفەهانی بکەم و لەگەڵ دایک و باوکم و داوود قسە بکەم. ئەو تەلەفۆنانەش زۆرتر بۆ ئەوە بوون کە بزانم دۆستان لەسەر وەعد و بەڵێنەکانی پێشوومان ماونەتەوە یان نا؟ یا خود لە کاتی خۆیدا پارە دەدرێت بە باوکم و دەخرێتە سەر هەژمارە بانکییەکەم؟ وەڵامی ئەو پرسیارەشم هەمیشە "ئەرێ" بوو. تەنیا یەک جار کە زانیم سەید مەهدی و خزمەکانم بە تاوانی کوشتنی ئایەتوڵڵا شەمس ئابادی خەریکن دادگایی دەکرێن، بە جیدی بڕیارم دا کە بگەڕێمەوە بۆ ئێران.

هەتا من لە لیبیاوە خۆم گەیاندە پاریس، دادگا حوکمی دابوو و سەید مەهدی، ئەو پیاوەی کە ئەو هەموو پارە و شتانەی پێدابووم، بە دوو جار ئیعدام مەحکووم کرابوو. من واتای دوو جار ئیعدامم نەدەزانی، هەر بۆیە لەوێ قوتب زادە کردی بە سووژەیەک بۆ ڕابواردن و هەندێک گاڵتەی پێ کردم.

بە قوتب زادەم گوت: "بە هەر شێوەیەک بێت من دەبێ خۆم بگەیەنمە تاران و سەید مەهدی هاشمی لە گرتووخانە ڕزگار بکەم!".

پێم گوت: "ئێستا ئیتر من تەنیا نیم و لانیکەم ٥٠ تا ٦٠ کەسی وەک خۆم،

لە لیبیا لە ژێر دەستی مندا کار دەکەن و لە هیچ شتێک ناترسن. بۆیە دەتوانین لە ڕێگەی چیاکانەوە بڕۆینەوە بۆ ئێران و بە هەر نرخێک بێت سەید مەهدی هاشمی ڕزگار بکەین!".

قوتب زادە لە وەڵامدا گوتی: "جاریێ سەرەتا چۆن دەزانی کە قەزافی ڕێگە دەدات ئەو ٥٠ تا ٦٠ کەسە لەگەڵت بێن، پاشان هێشتا هیچ نەبووە و تەنیا حوکمێکی سادەیە و ئێمە کۆنفدراسیۆنمان هەیە و لە بیروڕای گشتی و نێونەتەوەییدا هەنگاوی بۆ هەڵدەگرین و قەت ئەو حوکمە جێبەجێ ناکرێت، پاشان دادگای پێداچوونەوە و دادگای تەمیز و لەو گەمە یاساییانە هەیە. پاشان هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە داوای پشتڕاستکردنەوەی قسەکانی لە بەنی سەدر دەکرد بە پێکەنینەوە گوتی: "ئێستا دەزانی واتای دوو جار سێدارە چییە؟".

گوتم: "نا".

گوتی: "واتە ئەگەر جاری یەکەم لە سێدارەیان دا و تۆ و لەشکرە ٦٠ کەسییەکەت نەگەیشتنە تاران، بۆ جاری دووهەم بە دڵنیاییەوە دەگەن"!.

پاشان هەموویان دایان لە قاقای پێکەنین.

پێش لەوەی کە بگەڕێمەوە بۆ لیبیا، دیار بوو کە لەسەر داوای قوتب زادە، ئایەتوڵڵا بەهەشتی و پەروەرش و باوکم قسەیان لەگەڵ کردم و داوایان لێ کردم کە جاریێ بیر لە گەڕانەوە بۆ ئێران نەکەمەوە.

باوکم گوتی: "ئەوە پەیامی ئاغا مەهدییە!".

هیچ ڕێگەیەکم نەمابوو جگە لەوەی کە بە قسەیان بکەم و بە ناچاری گەڕامەوە بۆ لیبیا. چوومەوە سەر هەمان کارە دووبارەکانم کە تێکەڵ بە بێ خەبەرییەکی داسەپاو بە سەرمدا بوو. لەو کاتانە تەنیا دڵخۆشیم پارە کۆکردنەوە بوو و ئامادە بووم بۆ پارە کۆکردنەوە هەموو کارێکیش بکەم.

لە لیبیا چاکم ڕادەبوارد و وردە وردە هەستم دەکرد کە خەریکم کەسایەتییەکی دیکە بۆ خۆم پەیدا دەکەم. کەسایەتییەک کە ئیتر ناتوانێ بە هەژاری و لە دووکانی قەسابی ژیان بکات. کەسایەتییەک کە دەبوو شۆفێر و چێشتلێنەری تایبەت بە خۆی هەبا، لە کاتێکدا کە دڵنیا بووم هەردوویان فەرمانبەری ئەمنیی ڕێژیمی قەزافی بوون!.

بەیانیەکی زوو بە کاتی ترابلۆس، سادق قوتب زادە زەنگی بۆ لێدام و داوای لێ کردم کە بە زووترین کات خۆم بگەیەنمە پاریس، چوونکە کارە سەرەکییەکان دەستیان پێ کردووە و هەبوونی من لە تاران و پاریس زیاتر پێویستە هەتا لە لیبیا. قوتب زادە گوتی کە لەگەڵ کاربەدەستانی لیبیا قسە دەکات و چوونکە ئەوانیش ئاگایان لە دۆخەکە هەیە، هەوڵ دەدەن بە یەکەمین فڕۆکە بتنێرنەوە بۆ پاریس. قوتب زادە ئەوەشی گوت کە ئیتر هەرگیز ناگەڕێیتەوە بۆ لیبیا، بۆیە هەرچی کەلوپەلت هەیە لەگەڵ خۆت بیبە بۆ پاریس.

من کە هێشتا پڕ بە مانای وشە نەببوومە کەسێکی سیاسی و تازە خەریک بوو ژیانم بە زەلکاوی تیرۆریزم و پارتیزانبووندا تێپەڕ دەبوو، بە بیستنی ناوی تاران لە زمانی قوتب زادە، گومانم لێ پەیدا بوو کە پلانی ڕزگارکردنی سەید مەهدی دەچێتە بواری جێبەجێ کردن و ئێستا نۆرەی منە کە بڕۆم و هەموو چاکەکانی ئەو پیاوە بە ڕزگارکردنی لە گرتووخانە، وەڵام بدەمەوە.

دوای کەمتر لە ۲۴ کاتژمێر لە فڕۆکەخانەی ترابلۆس ئامادەی سەفەر بۆ پاریس بووم. عەبدولسەلام و عەبدولعامر و چاپچیش بۆ بەڕێکردنم لە فڕۆکەخانە ئامادە بوون. لەو کاتەدا عەبدولسەلام "چەک"ێکی ٥٠ هەزار دۆلاریی وەکوو دیاریی تایبەتی "ژەنەڕاڵ قەزافی" پێشکەش کردم. دان بەوەدا دەنێم کە ئەگەر مەسەلەی ڕزگارکردنی سەید مەهدی هاشمی لە گرتووخانە لە مێشکمدا نەبوایە، هەرگیز ئامادە نەبووم ئەو جێگە و پێگەیەم لە دائیرەی ئەمن و موخابەراتی لیبی لەدەست بدەم.

بە درێژایی سەفەرەکەم لە ترابلۆسەوە بەرەو پاریس، بە بێ ئەوەی وەکوو جاران لە لەندەن بە شێوەی کاتی بنیشمەوە، هەوڵم دا کە پێداچوونەوەیک بە ژیان و دیرۆکی خۆم لەو کاتەوە کە وەبیرم دێت هەتا ئێستا بکەم

و دان بەوەدا دەنێم کە بە پێی پێوەری ئەو ڕۆژانە، جگە لە پێشکەوتن و بەرەوپێشچوون، شتێکی دیکەم شک نەدەبرد.
لە فڕۆکەخانەی "ئۆرلیی باشوور"ی پاریس، بەنی سەدر و قوتب زادە هاتبوون بۆ پێشوازیم و هەر زوو ئاگاداریان کردمەوە کە شوێنی ژیانم هەر وەکوو پێشوو دەفتەری کاری ئاغای قوتب زادە دەبێ و تەنانەت پێش لەوەی کە بگەمە شوێنی کارەکەی، ئاگادار کرامەوە کە ئەو بیر و پلانانەی کە بۆ ڕزگارکردنی سەید مەهدی هاشمی دامڕشتبوون، تەنیا خەون و خەیاڵ بوون و هۆکاری هاتنی من بۆ پاریس و پاشان تاران، شتێکی گرینگی دیکە بوو.
ئێستا کاتی ئەوەیە کە دان بەوەدا بنێم کە، مانەوە و ژیانی خومەینی لە پاریس، بە پێچەوانەی ئەو شتانەی کە باسیان کرا و نووسران، لەناکاو و بە ڕێکەوت نەبوو، بەڵکوو ماوەیەکی یەکجار زۆر بوو کە کاری بۆ کرابوو و پلانی بۆ دارێژرابوو. لانیکەم شەش ڕۆژ پێش ئەوەی کە خومەینی بگاتە پاریس، من ئاگادار بووم کە چ ڕۆژێک و بە چ فڕۆکەیەک و لەگەڵ کێ دەگاتە پاریس. کەوابوو ئەو سناریۆیەی کە گۆیا خومەینی لە عێراقەوە چووە بۆ سنووری کوێت و پاش ڕێگریکردنی کاربەدەستانی کوێتی لە هاتنی خومەینی بۆ وڵاتەکەیان و...، هەمووی تاکتیک و فێڵێک لە ڕاستای بانگەشە بۆ خومەینی و هاوکات ڕاکێشانی بیروڕای گشتیی جیهان بۆ ئەم پرسە و هەروەها، بێتاوان نیشاندانی کاربەدەستانی ئەمریکا و فەڕەنسا بوو.
خومەینی و پلاندارێژەرانی لە پاریس، پێشتر دەیانزانی کە کاربەدەستانی کوێتی ئیزنی ئەوەیان نیە کە ویزای وڵاتەکەیان بدەن بە خومەینی، بۆیە دەبوایە بە شێوەیەک بڕواتە پاریس کە دەنگدانەوە و هەرا و هوریای زۆری لێ بکەوێتەوە.
من بەیانیی ئەو ڕۆژە کە گەیشتمە پاریس، لە هۆتێل "مێریدین" شاهێد و چاوەدێری کۆبوونەوەیەک بووم و لەو ڕێگەیەوە ئەو زانیارییانەم دەست کەوت. با ئەوەش باس بکەم کە هەر ئەو ڕۆژەی کە گەیشتمە پاریس، قوتب زادە ئاگاداری کردمەوە کە ٣٠ کەس لەو پارتیزانانەی کە لە ترابلۆس لە ژێر فەرمانی مندا بوون، دەستچن بکەم و ناوەکانیانی پێ بدەم، تا دوای وەرگرتنی فەرمانی ڕازیبوونی قەزافی، وەکوو گاردی تایبەتی پاراستنی خومەینی لە ترابلۆسەوە بێن بۆ پاریس. من ڕیزبەندی ناوی ئەو ٣٠ کەسەم هەر ئەو ڕۆژە دا بە قوتب زادە. با ئەوەش باس بکەم کە ناوی چایچی و ئەحمەدی و تەقەوی نیا و نەعمانییش لە نێو ئەو ٣٠ کەسەدا بوو.

هەر وەکوو باسم کرد، بەیانیی ئەو ڕۆژەی کە گەیشتمە پاریس، هاوڕێ لەگەڵ قوتب زادە و بەنی سەدر و سەلامەتیان و غەزەنفەرپوور و خانمی سدیقی، عەلی و خوسرەو شاکری و خوسرەو قەشقایی و حەبیبی چووین بۆ هۆتێل "مێریدین"ی پاریس. لەو کۆبوونەوەیەدا بۆ یەکەم جار لەگەڵ دوکتور "ئیبراهیم یەزدی" کە لەگەڵ چەند ئەمریکایی بە ناوەکانی "ڕەمزی کلارک" و "ڕیچارد کاتم" و "فاڵک" و سەرهەنگ "ئێدوارد تامسۆن" و ژنێکی پڕ ڕازورەمز بە ناوی "دۆریان مەک گرێی" کە هاتبوون بۆ پاریس، ئاشنا بووم. "برۆس لینگن" کە دواتر بوو بە کارداری باڵوێزخانەی ئەمریکا و کاتی بە بارمتەگرتنی کارمەندەکانی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران بوو، هاوکات لەگەڵ هاتنی خومەینی، هات بۆ پاریس و بەو جەماعەتەوە زیاد بوو. با ئەوەش باس بکەم کە ئەو ڕۆژە و لەو کۆبوونەوەیەدا من بێجگە لە ناوی ئاشنای دوکتور یەزدی، تەنانەت نەمدەتوانی بە دروستی ناوی ئەوانی دیکە بێنم، چ بگات بەوەی کە لەگەڵیان ئاشنا و تێکەڵ بم. دوای ماوەیەک کە هەندێک لەو کەسانە بوون بە کەسایەتیی جیهانی، من هەندێک لەو کەسانەم تا ڕادەیەک ناسی.

هەر چۆنێک بێت ئەو ڕۆژە، ژوورێکی گەورە لە هۆتێل مێریدینی پاریس لە خزمەت ئەو چەند کەسەدا بوو و من و غەزەنفەر پوور وەکوو بەرپرسانی پاراستن و ئاسایشی ژوورەکە، لە ژوورەوە، بەڵام لە پشتەوەی خەڵکەکە دانیشتبووین. من جگە لەو داواکارییانەی کە ئیبراهیم یەزدی لە ئەمریکاییەکانەوە وەریدەگێڕایە سەر زمانی فارسی، هیچی دیکەم دەست نەدەکەوت.

ئەو کۆبوونەوانە دوو ڕۆژی لە بەیانی تا ئێوارە خایاند. کاتژمێر دەی بەیانی دەهاتن و تا دووی دوانیوەڕۆ لە کۆبوونەوەدا دەبوون. پاشان نانی نیوەڕۆیان دەخوارد کە زیاتر ساندویچ بوو، کاتژمێر چواری ئێوارە دیسان دەستیان پێ دەکردەوە تا کاتژمێر دووی نیوە شەو لە کۆبوونەوەدا دەبوون.

ئەوەی کە لە وەرگێڕانەکانی دوکتور ئیبراهیم یەزدی و قوتب زادە و هەروەها قسەکانی ئێرانیەکان، چ لەکاتی قسەکردنی خۆیان و چ لە کاتی گوتن بە یەزدی بۆ وەرگێڕان لێی تێگەیشتم ئەوەبوو کە، کاری شای ئێران تەواوە و ئێران بەرەوڕووی زۆر ڕووداوی وەکوو جۆزەردانی ١٣٤٢ی هەتاوی (١٩٦٣) دەبێتەوە. هەموو بەرنامە و پلانەکان بۆ مانگرتن و پەیوەندیی تەلەفۆنی لەگەڵ تاران و شارە مەزهەبییەکان و هەروەها دیاریکردنی لێهاتوویی کەسانێک بوو کە دواتر بە ئەندامانی "ئەنجومەنی شۆڕش" ناودێر کران. پلاندارێژیی سەردانی خومەینی

بۆ کویت و پاشان بۆ فەڕەنسا و هەروەها ئەو ڕاپۆرت و زانیارییە تازە و نوێیانە کە لە لایەن ڕەزا قوتبی و مەجید تێهرانیان و عەدنان مەزارعی و موحەممەد درەخشش لە ڕێگەی ئایەتوڵڵا بەهەشتی و فەزلولڵا مەحەللاتییەوە کاتژمێر بە کاتژمێر بە دەستیان دەگەیشتن و هەروەها، ئەو بەرنامە و پلانانەی کە بۆ هێنان و بردنی ئاخوندە شۆڕشگێڕەکان بۆ دەرەوە و نێوخۆی وڵات، بەشێک لەو باس و بابەتانە بوون کە لەو کۆبوونەوە دوور و درێژانەی ئەو دوو ڕۆژەدا لە لایەن ئاغاکان و دوو ژنە ئەمریکاییەکەوە باس کرابوون.

کۆلۆنێل ئێدوارد تامسۆن کە هەر دوو ڕۆژەکە بە جلی سەربازی لە کۆبوونەوەکان ئامادە دەبوو، جانتایەکی ڕەنگ ماشیی پێ بوو کە بە قەد چەمەدانێکی بچووک دەبوو و گەلێک کەلوپەلی پێشکەوتووی موخابراتیی تێدا جێ کردبووەوە و لە ڕێگەی ئەو جانتایەوە ڕۆژانە چەندین جار ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا پەیوەندی دەگیرا. ئەوە جگە لەو پەیوەندییانە بوو کە بە بێتەلێکی بچووک لەگەڵ باڵوێزخانەی ئەمریکا لە پاریس دەگیران. ئەو پەیوەندییانە زیاتر لە کاتێکدا دەگیران کە ڕێککەوتنی نێوانیان بە بێ ئەنجام دەمایەوە.

لە دوانیوەڕۆی ڕۆژی دووهەمی کۆبوونەوەکاندا، قوتب زادە و سوودابە سدیقی کە ژنی غەزەنفەرپوور بوو، لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار نەکران، بۆ ئەوەی لەگەڵ بێئاتریس و پاتریسیا لە هۆتێلەکانی پاریس و دەوروبەری بۆ خومەینی و هاوڕێکانی ژووری تایبەت بگرن. هاوکات بەنی سەدر و سەلامەتیان و حەبیبی ڕاسپێردران کە چەند هەژماری بانکیی تایبەت بکەنەوە.

لە کاتژمێرەکانی کۆتاییدا دوای ئەوەی کە ڕەمزی کلارک بە تەلەفۆن لەگەڵ واشینگتۆن قسەی کرد، دوکتور ئیبراهیم یەزدی وەکوو ئەرکێک ڕاسپێردا کە هەر ئەو ڕۆژە سەردانی عێراق بکات و ئەنجامی کۆبوونەوەکان بۆ خومەینی ببات. لە ساتەکانی کۆتاییدا لە باڵوێزخانەی کەنەدا لە پاریسەوە، دوو پاسپۆرت بۆ سەرهەنگ ئێدوارد تامسۆن و خانمی دۆریان مەک گرێی گەیشتن کە ڕادەستی من کران. پاشان ئاشکرا کرا کە ئەو دوو پاسپۆرتە بۆ سەردانی عێراق ئامادە کراون، تاکوو لەم ڕێگەیەوە بتوانن شک و گومانەکان لەلای خومەینی بڕەوێننەوە.

کاتێک کاتژمێر سێ و نیوی بەرەبەیانی چووم بۆ لای قوتب زادە، پێی ڕاگەیاندم کە بەیانی و دوو بەیانی ئەو ٣٠ پارتیزانە کە ئامادە کرابوون دەگەنە پاریس، بۆیە لەگەڵ برایانی شاکری هەم ئامادەکاری بکە بۆ پێشوازییان و هەم سەرپەرەشتییان بکە. قوتب زادە لەگەڵ برایانی شاکری نێوانێکی خۆشی نەبوو،

بۆیە بەردەوام دووبارەی دەکردەوە کە مەبادا کۆنترۆڵی ئەو سی کەسە لە دەستم دەربچێ. قوتب زادە یەک کەسی دیاری کرد کە دەبێ من لە بڕیار و قسەکانی دەرنەچم، ئەویش پیاوێکی پاکستانی بوو بە ناوی "ئیقباڵ ئەحمەد" کە بڕیار بوو بۆ پاراستن و ئیسکۆرتی خومەینی، لە لەندەنەوە بێتە پاریس.

ئەوە خۆشترین هەواڵ بوو بۆ من کە لەو چەند ڕۆژەدا بیستبووم. ئیدی باسی سیاسی و دانوستان و پلاندارِشتن ماندوویان دەکردم. چوونکە دنیای خۆمم دەویست کە گۆڕەپانی کردەوە و هێز بوو. لەگەڵ هاتنی چریکەکان، ئەو دنیایەم بۆ دروست دەبوو.

هەروەک پێشتر گوتم، هاتنی خومەینی بۆ پاریس و مانەوەی لە نووفێل لووشاتۆ هەرگیز بە ڕێکەوت نەبوو. لانیکەم سێ ڕۆژ پێش هاتنی خومەینی بۆ فەرەنسا، من و ٣٠ پارتیزانەکانم کاری پاراستنی ئەو دوو خانووەمان دەست پێکرد کە بۆ مانەوەی خومەینی لە نووفێل لووشاتۆ بە کرێ گیرابوون. هەر لەو ماوەیەدا بوو کە ١٦ هێڵی تەلەفۆن و هێڵەکانی دیکەی موخابرات و پەیوەندی لە ژوورەوە دامەزرابوون.

من و تەنانەت پارتیزانەکانم دەمانزانی کە خومەینی دوای هاتن بۆ فەرەنسا، سێ ڕۆژ لە ماڵەکەی بەنی سەدر دەمێنێتەوە، با ئەوەش باس بکەم کە ڕێک ئەو ڕۆژەی کە ئێمە ئەرکی پاراستنی ویلای نووفێل لووشاتۆمان گرتە ئەستۆ، ١٤٣ مەلا و ڕەوزەخوێن کە دواتر لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بوون بە خاوەنی کار و پلە و پایەی حکوومەتی، لە تاران و نەجەفەوە هاتنە پاریس و چاوەڕوانی هاتنی خومەینی بوون. کەواتە لە بنەڕەتدا ئەفسانەی بەڕێکەوت بوونی هاتنی خومەینی بۆ پاریس درۆ بوو. تەنانەت ئەوەی کە باس دەکرا ئەمریکاییەکان لە دەوروبەری ویلاکەی نووفێل لووشاتۆ ماڵیان بە کرێ گرتووە بۆ ئەوەی کارەکانی خومینی بگرنە ژێر چاوەدێریی خۆیان، لە ڕوانگەیەکەوە ڕاست و لە ڕوانگەیەکی دیکەوە ناڕاست بوو.

ڕوانگە ڕاستەکەی لەو بارەیەوە بوو کە ماڵێک بە کرێ گیراوە و ١١ کەسی سەربازی و غەیری سەربازیی ئەمریکایی بە ئامێری پێشکەوتووی پەیوەندی و موخابەراتی لێی دەمێننەوە، ڕوانگە درۆ و ناڕاستەکەیشی ئەوە بوو کە باس دەکرا کە ماڵەکە تایبەت بە سیخوڕی کردن بە سەر کارەکانی خومەینیدا بووە. چوونکە بە پێچەوانە ئامانجیان لەو کارە پشتیوانی و ڕێنوێنی کردنی خومەینی بوو.

هەرکات کێشەیەک لە کارەکاندا دەهاتە پێش، دەستبەجێ ئیبراهیم یەزدی

دەچوو بۆ ئەو بینایە کە ئەمریکاییەکانی لێ بوو و تۆزێک دەمایەوە و پاشان دەگەڕایەوە و دوای ماوەیەکی کەم، خومەینی تیرێکی دیکەی لە تیردانی قسەکانی دەهاوێشت.

ئێمە کە لەوێ دەماینەوە و ئاگاداری هەموو شتێک بووین، دەمانزانی کە دوکتور ئیبراهیم یەزدی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکاییەکان لە پەیوەندیدا بوو، بەنی سەدریش لەگەڵ ئیسرائیلییەکان و هاوکات قوتب زادە لەگەڵ فەڕەنسی و ئینگلیزییەکان لە پەیوەندی کاتژمێر بە کاتژمێر و ڕۆژانەدا بوون. بە درێژایی ئەو دوو مانگە کە خومەینی لە فەڕەنسا مایەوە، دوو جار هەر لەو فەرمانبەرە ئەمریکاییانە، درەنگی شەو لە ژێر ناوی ڕۆژنامەوان دەچوونە ماڵی خومەینی و چاوپێکەوتنیان لەگەڵی ئەنجام دەدا.

یەکێک لەو چاوپێکەوتنانە هاوکات بوو لەگەڵ سەردانی مەهدی بازرگان، کە دوای گەڕانەوە لە سەردانی ئەو و ستافەی ئەمریکاییەکان و دانیشتنی لەگەڵ خومەینی، یەزدی ئەمریکاییەکانی بۆ چاوپێکەوتن لە درەنگانی شەودا بانگهێشت کرد. سەرپەرەشتیاری و بەرپرسایەتیی ئەو ستافەی ئەمریکاییەکان لە ئەستۆی سەرهەنگ ئێدوارد تامسۆن بوو.

خاڵێکی دیکە کە پێویستە لێرەدا باسی بکەم ئەوەیە کە خومەینی و بنەماڵەکەی هیچ گرینگییەکیان بە داب و نەریت و بنەما ئایینی و مەزهەبییەکان نەدەدا.

لەو ماوەیەدا خومەینی تەنیا لە پێش چاوی کامێراکان نوێژی دەکرد، لە کاتەکانی دیکەدا هەرگیز نوێژی نەدەکرد، هەروەها گۆشتی حەرام و حەڵاڵ لە لای واتای نەبوو و هەردوویانی دەخوارد!.

چەند خاڵێکی دیکە کە دەبێ لێرەدا باسیان لێوە بکەم ئەوەیە کە، جگە لەوەی کە خومەینی جلیسقەی گوللە نەبڕی هەبوو، هاوکات لەسەر ڕاسپاردەی ئەمریکاییەکان بۆ وڵاتی ئاڵمان، عەمامە واتە مێزەری گوللە نەبڕیش بۆ خومەینی ئامادە کرابوو تاکوو دوای ئەوەی کە لە ماڵی بەنی سەدرەوە بۆ نووفێل لووشاتۆ ڕاگوێزرا، کەڵکی لێ وەربگرێت. قوماشی مێزەرەکەی خومەینی تویێەکی گوللە نەبڕی هەبوو و ئەگەر سەرنج بدەن، لە کاتی مانەوەی لە نووفێل لووشاتۆ، مێزەرەکەی زۆر گەورەترە لەو کاتانەی کە لە ماڵی بەنی سەدر یا دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران دەردەکەوێ.

مێزەرەکە گوللە نەبڕ بوو، بەڵام هێشتا تاقی نەکرابووەوە. لەسەر فەرمانی ئیقبال ئەحمەدی و بە چاوەدێریی یەزدی و قوتب زادە و سەید ئەحمەد،

دوانیوەڕۆیەک مێزەرەکەمان بردە دارستانێکی دەوروبەری شاری "وێرسا" و لەوێ لەسەر جەمشید نەعمانیمان دانا و یەزدی بە چەکێکی ئەمریکایی تەقەی لێ کرد بۆ ئەوەی دڵنیا بین کە لە داهاتوودا گیانی ئیمام پارێزراو دەبێت. لەکاتی ئەو تاقیکردنەوەیەدا، کاتێک من بە یەزدیم گوت کە چەکەکە ڕاشەکانی بەهێزە و ئاگای لە شانی بێت، لە وەڵامدا گوتی کە خولی مەشق و ڕاهێنانی پارتیزانیی لەگەڵ قوتب زادە و چەمران لە وڵاتی میسر دیوە!.

بە گشتی ڕووداوەکانی مانەوەی خومەینی لە نووفێل لووشاتۆ لە یادی هەموو کەسدا ماون و منیش هەوڵ ئەدەم ئەو ڕووداوانەی کە لە چاوی کامێراکان شاردرابوونەوە و ڕاستیی ڕووداوەکانی ئەو کاتەن، بێنمەوە یادم و باسیان لێوە بکەم.

هەڵبەت با ئەوەش باس بکەم کە من تەنیا پاسدارێکی ئاسایی بووم و سروشتی بوو کە زۆر شت نەزانم و ئاگادار نەبم و تەنانەت زۆر کەسیشم نەدەناسی، چوونکە بۆم گرینگ نەبوون زۆر سەرنجم نەدەدانێ. بەڵام کەسانی دیکە هەن کە زانیارییەکانیان لەو پەیوەندییەدا بە بەراورد لەگەڵ من یەک بە هەزارن و دڵنیام کە ڕۆژێک دێت و ئەگەر تەنانەت بۆ بێتاوان نیشاندانی خۆشیان بێت، دەم دەکەنەوە و ڕاستییە شاراوەکان ئاشکرا دەکەن، مەگەر کەسانێکی وەکوو قوتب زادە کە دەرفەتی باس کردنیان بۆ نەمێنێ.

لە بەر ئەوەی کە ناچارم بۆ پاراستنی بەردەوامیی کات، ڕێچکەی بیرەوەرییەکانم لە سەر مژارە سیاسییەکان، لە نووفێل لووشاتۆوە تا تاران و پاشان قوم و جەماران بەرنەدەم، لەوانەیە پێویست بێت کە هەر لێرەدا، باس لە چەند بیرەوەرییەک بکەم کە هەر ئەوکات لە نووفێل لووشاتۆ ڕوویان دا و پێش لەوەی لایەنی سیاسیی تێدا بێت، لایەنی تایبەتی و تاکەکەسیی پێوە دیار بوو، بۆ ئەوەی کەسایەتی زۆرێک لە کاربەدەستانی شۆڕشتان بۆ دەرکەوێت. بۆ نموونە خراپ نیە کە بڵێم بەشی هەرە زۆری ئەو ناکۆکییانەی کە دواتر لە تاران سەریان هەڵدا، بنەما و بناغەیان هەر لە نووفێل لووشاتۆ دانراوە، بۆ نموونە کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان "شێخ مەلا شەهاب ئێشڕاقی" و "حەسەن نەزیە" لەوێوە سەری هەڵدابوو.

شێخ مەلا شەهاب ئێشڕاقی هەر لە نووفێل لووشاتۆوە خەونی بە بەڕێوەبەریی گشتیی کۆمپانیای نەوتەوە دەبینی و هاوکات ئینگلیزییەکان "حەسەن نەزیە"یان بۆ ئەو پۆستە بەربژێر کردبوو. هۆکارەکەشی بەو پێیەی کە قوتب زادە ئەوکات بۆی باس کردم ئەوە بوو کە، سەرەتا "نەزیە" جێگەی باوەڕی ئینگلیزییەکان بوو، پاشان بە هۆی ئەوە کە نەزیە مافناس و سەرۆکی "ناوەندی پارێزەرانی دەزگای دادوەری" بوو، هەوڵیان دەدا کە لە ڕێگەی ناوبراوەوە ڕێککەوتنە نەوتییەکانی ئێران و کۆنسرسیۆم، بە شێوەیەک لە شێوەکان لە لایەن خومەینیەوە پەسند و نوێ بکرێنەوە و پاشان بە یاسایی بکرێن. بە پێی قسەکانی قوتب زادە لەو پەیوەندییەدا، ئینگلیزییەکان بە هەڕەشە لە ئاشکراکردنی دۆسیەیەکی تاوان کە ببوو بە هۆی خۆکوژیی ژنی براکەی نەزیە بە ناوی "نوسرەتوڵڵا نەزیە"، کە لە ئەنجامی دەستدرێژییەکی سێکسی لە سەردەمی خوێندکاریی حەسەن نەزیەدا، ناوبراویان خستبووە نێو مشتی خۆیان و کۆنتڕۆڵیان کردبوو. ئەو کێشە و ناکۆکییانە تا ئاستێک قووڵ کرانەوە کە، لەسەر داوای ئینگلیزییەکان پێشنیار کرا کە شێخ شەهاب ئیشراقی بکرێت بە وەزیری نەوت و نەزیەیش وەک بەڕێوەبەری کۆمپانیای نەوت دیاری بکرێت، هەر

چەندە ئەو پێشنیارە پەسند نەکرا. بەڵام هەر چۆنێک بێت خومەینی وەزارەتی نەوتی دامەزراند.

نموونەیەکی دیکە، دزی و قۆڵبەستکردنی "سەید مەحموود دۆعایی" لە فرۆشگای بەناوبانگی "گالری لافایت"ی پاریس بوو. باسم کرد کە پێش هاتنی خومەینی و هاوکات لەگەڵ هاتنی و تەنانەت تا ئەو ڕۆژەی کە لە فەڕەنسا مایەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی سەرپێچ بەسەرەکان لەو شارە دەچووە سەرێ و زیاتر دەبوون. جا مەلای ئورووپا نەدیو، بە پارەیەکی زۆر کە لەسەر بڕیاری خومەینی و لەلایەن ئەحمەد سەلامەتیان پێیان دەدرا، کەوتبوونە گیان فرۆشگاکانی شاری پاریس و تەنانەت وای لێهاتبوو کە سەرپێچ بەسەرەکان جار جار دەستییان بە هەندێک شتی سادە و هەرزانەوە دەنووسا و دەیاندزی. عەبا و کەوا پۆششێکی باش بوو بۆ دزی و بردنی کەلوپەلی فرۆشگاکان. چوونکە عەبا و کەواکان هەم بەرچاوی فەڕەنسییەکانی دەگرت و پێیان وابوو کە ئەوانەی ئەو جلانەیان پۆشیوە پیاوی خودان و هەم لە ژێر عەبا و کەواکانیانەوە، ئەگەر بۆیان کرابا، تەنانەت گوڵدانێکی کریستاڵیی گەورەیان لە گیرفانەکانیاندا جێ دەکردەوە!!!!.

حوجەتولئیسلام وەلموسلمین سەید مەحموود دۆعایی کە نزیک بە دە ڕۆژ پێش لە هاتنی خومەینی خۆی گەیاندبووە پاریس و هاوکات یەکێک لە باوەڕپێکراوەکانی خومەینی بوو، دزییەکی کرد و لە ئەنجامی دزییەکەدا دەستبەسەر کرا و کەمێک مابوو هات و هاواری ڕاگەیاندنی لێ بکەوێتەوە و ئابڕوویان بڕوات، هەر بۆیە خومەینی هاتە سەر خەت و بڕیاری دا کە بە پارەیەکی زۆر لە گرتووخانە ڕزگاری بکەین. باسم کرد کە سەید مەحموود دۆعایی نووری چاو و باوەڕپێکراوی خومەینی بوو، بەڵام ئەوەی کە جێگەی سەرنج و بایەخە ئەوەیە کە بۆچی نووری چاوی خومەینی بوو!؟.

خومەینی سەرەڕای ئەوەی کە ١۴ ساڵ لە عێراق مایەوە، نەیتوانی و ئێستاش ناتوانێ کە بە زمانی عەرەبی قسە بکات! خومەینیش وەکوو هەموو مەلاکانی ئێرانی تەنیا قورئان خوێندنی دەزانی، هەر بۆیە لەو ١۴ ساڵەدا کە لە عێراق ژیا، مەحموود دۆعایی دیلمانج و وەرگێڕی خومەینی بوو، تەنانەت کاتێک لە ڕەوتی هاوکاریی خومەینی لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا لە دژی حکوومەتی پاشایەتی، ئامێرێکی بڵاوکەرەوەی ڕادیۆیی لەسەر ڕاسپاردەی "سپەهبۆد تەیموور بەختیار" خرایە خزمەت خومەینیەوە، سەید مەحموود دۆعایی بە زمانی فارسی بێژەریی و هاوکات بەڕێوەبەریی ڕادیۆکەی دەکرد.

"شێخ مەهدی کەڕووبی" بۆی گێڕامەوە کە، جارێکیان لە کاتی چاوپێکەوتن و قسەکردنی کاربەدەستێکی ئەمنیەتی عێڕاق لەگەڵ خومەینی، کاربەدەستە ئەمنیەتییەکەی عێڕاق بە باشی شارەزای زمانی فارسی بوو و لە کاتی قسەکردندا هەستی پێ کرد کە سەید مەحموود دۆعایی خەریکی سووکایەتی و گاڵتەپێکردنە و سەرەڕای وەرگێڕانی قسەکانیان، هەر شتێکی خۆی پێی خۆش بایە بە فارسی دەیگوتەوە.

کەڕووبی دەیگوت کە کاربەدەستە عێڕاقییەکە لە کۆتاییدا بە زمانی فارسی هاتە قسەکردن و خومەینی لەو فێڵبازی و سووکایەتیکردنەی مەحموود دۆعایی ئاگادار کردەوە!.

بە گشتی کاری سەید مەحموود دۆعایی دوای هاتنی بۆ پاریس، ئەوە بوو کە هەموو ڕۆژێک سەردانی "گالری لافایت" بکات و هەرجارێکیش هەندێک وردە شتی بێ قیمەت بدزێت. تاکوو دواجار ڕۆژێکیان لە کاتێکدا کە سەید مەحموود شتێکی گەورە و گرانبەها دەدزێ، فەرمانبەرانی ئەمنیەتی فرۆشگاکە دەیبینن و لە کاتی چوونەدەرەوە لە فرۆشگاکە دەستبەسەری دەکەن و دەیگوێزنەوە بۆ کۆمیسارییای شوێنەکە.

مەحموود دۆعایی لەوێوە پێوەندیی بە بەنی سەدر کرد و بە گریان و فرمێسکەوە داوای لێ کرد کە بە فریای بکەوێ، دەنا ڕەوانەی گرتووخانەی دەکەن. بەنی سەدریش شتەکەی لەگەڵ خومەینی باس کرد و خومەینی فەرمانی کرد بە شێخ مەلا شەهاب ئیشراقی کە بە هەر شێوەیەک بێت سەید مەحموود دۆعایی ڕزگار بکەن. سەلامەتییان و حەبیبی و غەزەنفەر پوور بەرەو پاریس بەڕێ کەوتن و بە دانانی ٤٠ هەزار فرانکی فەڕەنسا وەکوو بارمتە، حوجەتولئیسلامییان لە گرتووخانە ڕزگار کرد. لەو ڕۆژەوە ناوی سەید مەحموود دۆعایی گۆڕدرا بوو بە "دۆعایی لافایت". ناوێک کە ئێستاش هەر لەسەری ماوە و زۆر جار بە گوێی خۆم لە ئێران بیستوومە کە هاشمی ڕەفسەنجانی و شەبستەری و خامنەیی بەو ناوە بانگییان دەکرد.

زۆر جوان مرۆڤ دەتوانێ پێشبینی بکات کە ئەگەر بوونەوەرێکی لەم جۆرە بە دەسەڵات بگات، چ ئاکار و کردەوەیەک لە خۆی نیشان دەدات. من خۆم یەکێک لەو کەسانە بووم کە لە چ شوێنێکەوە گەیشتوومەتە چ شوێنێک و چۆن هەموو شتێک بۆ من لە پارە و دەسەڵاتدا کۆ کراوەتەوە. بەڵام لە بیرتان نەچێ کە من کۆرە قەسابێکی نەخوێندەوار بووم، بەڵام ئەوانە مەلای سەروێن بەسەر بوون و

بەردەوام باسیان لە بەهەشت و جەهەنەم دەکرد و بە گشتی جیاوازیی زۆر لە نێوانماندا بوو.

زیاتر لە دوو حەوتوو بەسەر هاتنی خومەینی بۆ پاریس تێپەڕیبوو، شەوێک ئیقباڵ ئەحمەد بانگی کردم و گوتی ئامادە بە بۆ ئەرکێکی شەوانە و دەبێ بڕۆم بۆ دەرەوەی نووفێل لووشاتۆ. ئیقباڵ ئەحمەد ڕایسپاردم کە دەبێ بە چەکەوە بڕۆم و بە هەموو شێوەیەک پارێزگاری لەو کەسایەتییانە بکەم کە لەگەڵم دێن. دەمانچەیەکی درووستکراوی سووریەشیان پێ دام. من پرسیارم کرد بۆم هەیە کە بەکاری بێنم و تەقە بکەم؟ لە وەڵامدا گوتی کە بێ گومان نا! تەنیا لە کاتێکدا بۆت هەیە تەقە بکەی کە گیانی ئایەتوڵڵاکان بەڕاستی بکەوێتە مەترسییەوە!. بۆیە بۆم دەرکەوت کە کەسایەتییە گرینگەکە "سەید ئەحمەدی خومەینی"یە. ئەو شەوە یەکێک لە شەوە قەرەباڵغەکانی نووفێل لووشاتۆ بوو. مانگرتنی فەرمانبەرانی نەوت لە ئێران دەستی پێکردبوو و چەند شاندێک هاتبوون بۆ پاریس بۆ لای ئەو پیرە پیاوە تاکوو بتوانن بە هەر جۆرێک بێت ڕازی بکەن کە ڕاگەیەندراوێک بڵاو بکاتەوە، بەڵکوو لەو ڕێگەیەوە کۆتایی بە مانگرتنەکە بێنن و بیشکێنن.

تەلەڤیزیۆنەکانی ئێران هەندێک دیمەنیان نیشان دەدا کە تێیدا خەڵکی ئێران لە ڕیزی دوور و درێژدا لە بەر دووکانی نەوتفرۆشەکان ڕاوەستابوون، هەوڵەکان بێ سوود بوون. ئەو کەسانەی کە لە نووفێل لووشاتۆ دانیشتبوون، بای خەیاڵیان نەبوو و بۆیان گرینگ نەبوو کە لایەنگرانی شۆڕش لە سەرمای تاقەتپڕووکێنی زستانی تاراندا چی دەکێشن و یەکێک لەو کەسانە کە لە نێو ئاسایش و ئیمکاناتی نووفێل لووشاتۆدا ڕایدەبوارد، هەر ئەو ئایەتوڵڵا سەید ئەحمەدی خومەینیە بوو.

کاتژمێر دەی شەو، کاتێک هەیئەتێک کە تازە لە تارانەوە بۆ بینینی خومەینی گەیشتبوونە پاریس و بۆ چاوپێکەوتن چوون بۆ لای خومەینی، ئیقباڵ ئەحمەد فەرمانی پێ کردم کە بە هاوکاریی سادق قوتب زادە بڕۆم بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانمان. ئەوە یەکەم جار یا دووهەم جارم بوو کە دوای هاتنی خومەینی لەگەڵ قوتب زادە بە تەنیا دەمامەوە. لەو ڕۆژەوە کە خومەینی هاتبوو بۆ پاریس، ڕکابەرییەکی بەهێز لە نێوان قوتب زادە و بەنی سەدر و یەزدی هاتبوو ئاراوە بۆ ئەوەی کە کامیان بتوانێ زیاتر سەرنجی خومەینی بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. هیچ کامیان ئامادە نەبوو کە تەنیا بۆ خولەکێک لەو ئیمامە دوور بکەونەوە کە خۆیان بەرهەمیان هێنابوو.

قوتب زادە هەر کە چووە پشت سۆکانی ترومبێلەکە گوتی:

"جەعفەر! دەبێ زۆر وریا بین. ئەو پیرەپیاوە هەر بەڕاستی باوەڕی کردووە کە ئیمامە. من ١٦ میلیۆن دۆلارم لە ئاغای پێشووی تۆ واتە ژەنەڕاڵ قەزافی وەرگرتووە، ئێستا بەنی سەدر و یەزدی سینگیان داوەتە پێش و وەپێش کەوتوون و پێیان وایە بەو چەند قڕانەی کە لە تارانەوە دێت دەتوانن کارەکان بەڕێوە بەرن. سەلامەتیان و بەنی سەدر ژمارە حیسابێکیان بۆ خۆیان کردۆتەوە و هەر چی لە تارانەوە دێت، یا دەچێتە گیرفانی ئاغا یا دەچێتە ئەو ژمارە حیسابە. ئەوە لە کاتێکدایە کە لە یەک جێ پێنج میلیۆن تمەنیش بێسەروشوێنە!. بۆیە تۆ زۆر وریا بە!. ئەوانە هێشتا منیان نەناسیوە!. ئەمشەو دەبێ هۆش و گوێت کراوە بێت! ئەمشەو ئێمە سەید ئەحمەد خومەینی دەبەین بۆ شوێنی ڕابواردن و گەندەڵیی ئەخلاقی و بە گشتی ئەو شتانەی کە حەرام کراون! هەڵبەت خۆی داوای لێ کردم و منیش کارەکانیم بۆ ڕێکخست.

تەنیا ئاگات لەوە بێت کە ئەگەر لە ناکاو کەسێک هات و وێنەی تۆمار کرد، باڵ فش مەکەوە و لێی گەڕێ چی دەکات با بیکات! خۆت کەر نەکەی لەناکاو بەرۆکی وێنەگرە داماوەکە بگری!. ئەو بایە لەو کونەوە بێتە دەرێ، بەم زووانە پێویستییەکی زۆرمان بەو وێنانە دەبێت!".

دوای کاتژمێرێک، لە پاریس سێ میوانی دیکە هاتن بۆ لامان، ئەویش بریتی بوون لە: "سەید ئەحمەد خومەینی، موحەممەد مونتەزری و "بێئاتریس"ی خۆشەویستی قوتب زادە!. باوەڕتان بێت کە بەڕێزان واتە سەید ئەحمەد خومەینی و شێخ مونتەزری، بەو جلوبەرگەی کە لە بەریان کردبوو، هەرگیز نەدەناسرانەوە. سەید ئەحمەد قاتێکی سورمەیی لە قوماشی ئاورێشمی پۆشیبوو بە ملپێچەوە. موحەممەد مونتەزیریش بەو باڵا وردیلە و لاوازەی خۆیەوە قاتێکی ڕەشی لەبەر کردبوو. قژیان ڕێک و پێک و بۆنی گوڵاویان لەدورەوە دەهات!.

ترۆمبیلەکە پڕ بوو، من و قوتب زادە لە پێشەوە دانیشتین، بێئاتریسیش لە کورسی دواوە و لە نێوان سەید ئەحمەد و شێخ موحەممەد دانیشتبوو و بە ترۆمبیلی مێرسیدێس بێنزی ٤٥٠ لە شەقامی بەناوبانگی "فۆش"ەوە بەرەو "کلیشبی" و ئۆفیسی قوتب زادە بەڕێ کەوتن. بەم شێوەیە ئەرکی شەوانەمان دەستی پێ کرد!

پاتریسییا لە نووسینگەکەی قوتب زادە چاوەڕوانمان بوو. لە پێشدا خوانی تریاک و مەقەڵی و وافوور ئامادە کرابوو. تا کاتژمێر ١١ و نیوی شەو لە ئۆفیسی قوتب زادە برادەران سەرقاڵی تریاک کێشان بوون و پاشان هەموویان پێکەوە بەرەو

یانەیەکی شەوانە بە ناوی "ڕاسپووتین" چووین کە لە کۆڵانێکی بچووکی شەقامی "شانزە لیزە" هەڵکەوتبوو. یانەیێک کە قوتب زادەیان دەناسی و دەستی زۆر دەڕۆیی. لەوێ ژنی نیوە ڕووت بە سینگی ڕووتەوە پێشوازییان لەو میوانانە دەکرد کە تازە دەهاتنە ژوورەوە. هەر لە نیو کاتژمێری سەرەتاوە قوتب زادە لە گەڵ دوو کچ کە چاوەڕوان بوون سەری قسەی دامەزراند و کەوتنە قسەکردن و هەردوویانی لە تەنیشت سەید ئەحمەد خومەینی و مونتەزیری دانا. کاتژمێرێک دواتر سەید ئەحمەد و مونتەزیری و قوتب زادە بەڕادەیەک مەست و سەرخۆش ببوون کە ئاگایان لەوە نەبوو کە خانمی دۆریان مەک گریێ هاتوەتە نێو یانەکە. بەڵام من ئەوم هەر زوو ناسییەوە کە بە جلێکی زۆر شاز و جوانی شەوانە لەگەڵ دوو ئامریکایی دیکە لە قوژبنێکی یانەکە دانیشتبوو و قسەی دەکرد. هەر کە دڵنیا بووم خانمی دۆریان لە یانەی شەوانەی ڕاسپووتینە، بە سەیرکردن بە نێو خەڵکەکەدا دەگەڕام بزانم ناسیاوی دیکەی لێ دەبینمەوە یان نا. بەڵام وادیار بوو کە جگە لەو ژنە ئامریکاییە ڕەمزاوی و جێی گۆمانە کەسێکی دیکەم نەدەناسی. دوای چەند خولەکێک کاتێک خانمی دۆریان لە جێگەی خۆی هەستا و چوو بۆ ئاودەست، من پاتریسیام بەجێ هێشت و بە مەودایەکی کەم کەوتمە شوێنی. دۆریان لەگەڵ دەرکەوانی یانەکە قسەی کرد و پاشان لە دەرگایەک کە لە تەنیشت ئاودەستێکی ژنانە هەڵکەوتبوو و هێمای "هاتنە ژوورەوە قەدەغەیە"ی پێوە بوو، چووە نێو شوێنێکی نادیار. تۆزێک بیرم لێ کردەوە و پاشان بڕیارم دا کە بکەومە شوێنی. هەر کە ویستم دەرگاکە بکەمەوە، دەستێک لەسەر شانم درا، بە ترسەوە گەڕامەوە دواوە، بینیم قوتب زادەیە و گوتی: "گوێ بگرە! ئەی بڕیارمان ئەوە نەبوو کە ڕێگە بدەی خەڵک کاری خۆیان بکەن!".

منیش گوتم: "ئەوە هەمان ژنە ئامریکاییەکەیە!".

ئەویش گوتی: "دەزانم! لە خۆمانە".

خالی جێگەی سەرنج لەو بەریەککەوتنەمان ئەوە بوو کە ئەوکات زانیم قوتب زادە بە هیچ شێوەیەک مەست و سەرخۆش نەبوو، بەڵکوو لاسایی مرۆڤی سەرخۆشی دەکردەوە. دوای چەند ساتێک گەڕاینەوە و دیسان قوتب زادە خۆی کردەوە بە سەرخۆش و گەڕایەوە نێو خەڵکەوە.

کاتژمێر چواری بەیانی لە کاتێکدا کە هەموویان سەرخۆش و ڕەشەمەست بوون بێجگە لە من و هەروەها کچە تازە ناسیاوەکان کە بە بیانووی ئەوە کە جێگەی دانیشتنیان نیە، لەسەر قاچی سەید ئەحمەد و موحەممەد مونتەزیری دانیشتبوون،

بە ترومبیلەکەی قوتب زادە کە بەڕاستی پڕ بوو و هەناسەدان تێیدا زەحمەت بوو، چووین بۆ شوێنێکی نادیار. لەوانەیە ئێستا کە ئەو بیرەوەرییانە دەگێڕمەوە باوەڕ نەکەن، بەڵام کاتێک لە هەمان شەقامی "فووش" ڕاوەستاین تاوەکوو بڕۆینە نێو بینایەکی گەورەی چەند قات، دوو کچەکەی یانەی ڕاسپووتین هێشتا هەر جلی ژێرەوەیان لەبەر بوو. بێئاتریسیش کە وەکوو ئەوانی دیکە سەرخۆش و مەست بوو، هەوڵی دەدا کە زۆر نەیکەین بە هات و هاوار. قوتب زادە کە لەوێش خۆی بە سەرخۆش و مەست نیشان دەدا، چاوێکی لێ داگرتم، من بەپەلە هەموویانم بەدوای خۆمدا ڕاکێشا بۆ نێو بیناکە و پاشان بە ئاسانسۆر چووین بۆ قاتی شەشەم کە ماڵێکی زۆر ڕازاوە بوو. بێئاتریس دەرگای کردەوە و دوای چەند ساتێک دەنگی قاقا و پێکەنین هەموو ماڵەکەی گرتەوە. دوای چەند کاتژمێرێک قوتب زادەش کە مابوویەوە بۆ ئەوەی ترومبیلەکەی بەرێت بۆ پارکینگ، هاتەوە و لە کاتێکدا کە سەرخۆشیی پێوە دیار نەمابوو پرسیی: "ئەو لورە ژن نەدیوانە لە کوێن؟".

بێئاتریس ژوورە خەوەکانی نیشان دا. قوتب زادە لە کاتێکدا کە بە فەڕەنسی هەندێک بڕیاراتی دەدا بە پاتریسیا و بێئاتریس، بە منی گوت: "پاڵەوان! بە دوامدا وەرە!".

من و قوتب زادە چووینە ژوورێکی دیکە کە خانمی دۆریان مەک گریێ و ژن و مێردێکی گەنجی دیکەی لێ بوون. دۆریان قوتب زادەی ماچ کرد و پاشان بە فارسییەکی پاراو لە منی پرسی کە بۆچی لە یانەکە بەدوامدا هاتی؟!.

دوای کەمێک پاتریسیا قاوەی بۆ هێنام، شتێک کە هەمووومان لەو کاتەدا پێویستیمان پێی بوو. پاشان هەمووومان هەر لەو ژوورە و لەسەر کورسی نەرم و خۆش دانیشتین تا قوتب زادە گوتەنی سەیری بەرنامەیەکی تی ڤی بکەین. من بە سەرسوڕمانەوە پرسیم: "ئێستا خۆ تی ڤی بەرنامەیەکی نیە!".

دۆریان گوتی: "با! تەلەڤیزیۆنەکانی سادق هەمیشە بەرنامەیان هەیە".

پیاوە گەنجەکە کە ناوی "دۆمینیک" بوو، کاسێتێکی ڤیدیۆیی خستە ناو ئامێرەکە و دوای چەند ساتێک، وێنە و دیمەنی سەید ئەحمەد خومەینی و مونتەزیریی نیشان دا کە خەریک بوون لیباسی ئاخوندیی خۆیان دادەکەند و لیباسی تازەیان لەبەر دەکرد. بە گشتی لەو کاسێتە ڤیدیۆییەدا سەرەتا هەڵسوکەوتی ئەو دوو ئاغایە پێش لە هاتنی من و قوتب زادەی نیشان دەدا و پاشان دیمەنی تریاک و وافوور کێشانیان لە ئۆفیسی قوتب زادە و هەروەها بەسەرهاتی یانەی ڕاسپووتینی نیشان دەدا. خاڵی بەهێزی فیلمەکە ئەوە بوو کە لە هیچ کام لە دیمەنەکاندا من

و قوتب زادە و پاتریسیا و بێئاتریس دەرنەدەکەوتین.

قوتب زادە و دۆریان دەستخۆشییان لە دۆمینیک کرد. من پرسیارم کرد کە ئایا ئێستا لە ژوورە خەوەکان فێلم هەڵدەگرن؟

دۆریان پێکەنی و قوتب زادە گوتی: "پاڵەوان! هەموو کارەکان بە شەوێک ناکرێن!".

پاشان هەمووومان دامان لە قاقای پێکەنین.

پێش لەوەی کە من بیرەوەرییەکانم درێژە پێ بدەم با لێرەدا ئەوەش باس بکەم کە؛ هەر ئەو فیلمە بوو بە هۆی ئەوە کە سەید ئەحمەد لە تاران بکەوێتە ژێر زەخت و فشارەوە بۆ ئەوەی باوکی ڕازی بکات بەوەی کە قوتب زادە ببێتە زاوای بنەماڵەی خومەینی. هۆکاری ئەوەی کە دەنگۆ بڵاو بووەوە کە قوتب زادە دەیهەوێ ببێ بە مێردی یەکێک لە نەوەکانی خومەینی، هەر پەیوەندیی بەو فیلمەوە هەبوو و هەر بە هۆی ئەو فیلمەوە بوو کە قوتب زادە کوژرا. کاتی خۆی بە تێر و تەسەلی باسی لێ دەکەم کە کەی و چۆن کوژرا.

کاتژمێر دەی بەیانی کاتێک هەمووومان بۆ نووفێل لووشاتۆ دەگەڕاینەوە، ئایەتوڵلازادەکان دیسان عەبا و سەرپێچیان لەسەر کردبوو و وایان نیشان دەدا کە لە مێژە نوێژی بەیانییان خوێندووە!.

کاتێک گەیشتینە نووفێل لووشاتۆ، قوتب زادە بە هێواشی گوتی: "ئەمشەو نا، بەڵام سبەی شەو ئامادە بە، وا دیارە ئاغایان زۆر کەیفیان بەم نوێژی جەماعەتە هاتووە".

گەیشتنەوەی ئێمە بۆ نووفێل لووشاتۆ هاوکات بوو لەگەل ئەو چرکەساتەی کە خومەینی دەیەویست لە "ئەندەروونی"، واتە ئەو بینایەی کە بنەماڵەکەی تێیدا دەژیان، بڕواتە ئەو حەوشەیەی کە باخی سێوی تێدا بوو. لە کۆڵانەکەدا هاوکات لەگەڵ دیتنی ئەوانەی کە لەگەڵ خومەینی بوون، بۆ چرکەساتێک چاوم بە خاتوو دۆریان مەک گرەی کەوت کە چارشێو بە سەر، لەگەڵ ئیمام پیاسەی دەکردا.

دوای ئەو شەوە پڕ لە ڕووداوە، دوو، سێ شەو جارێک بەرنامەی ڕابواردنی سەید ئەحمەد خومەینی و موحەممەد مونتەزیری لەگەڵ قوتب زادە و بێئاتریس و پاتریسیا، ئەویش لە ژێر چاوەدێریی دۆریان مەک گرێی، هەڵبەت بە وێنەگریی دۆمینیک و یاریدەدەرەکەی بەردەوام بوو. کوڕە ئایەتوڵڵاکان ئەوەندە بە تەماح و بێ شەرم ببوون کە بەڕاستی سەرەڕای ئەوەی کە لە پاریس ئەم جۆرە کارانە ئاسایی بوون، بەڵام دیسانیش هەڵسوکەوتی ئەوان سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا.

کۆتایی ئەو ڕابواردنانە، هاوکات بوو لەگەڵ ڕووداوێکی ئابڕووبەرانە، ئەویش یەک حەوتوو پێش لە بەجێهێشتنی پاریس و گەڕانەوە بۆ تاران. ئێستاش بە دروستی نازانم ئەوەی کە ڕووی دا یەکێک لە پیلانەکانی قوتب زادە بوو لە دژی سەید ئەحمەد خومەینی و موحەممەد مونتەزیری، یان نا؟ بە گشتی لە چەند شەوی کۆتاییدا بەرنامەی ڕابواردنی ئایەتوڵڵازادەکان بەو شێوەیە بوو کە، هەموومان پێکەوە بڕۆین بۆ هۆتێلێکی لووکس کە لە شەقامی فرانسۆی یەکەم هەڵکەتبوو، کە تەواوی ژنە لەشفرۆشە گران قیمەتەکانی پاریس لەوێ کۆ دەبوونەوە و لەوێ ئایەتوڵڵاکان بە درۆ و لە ژێر ناوی پرەنسە عەرەبەکاندا، ڕاوی کچە سۆزانی و لەشفرۆشەکانیان دەکرد و پاشان سواری ترۆمبیلمان دەکردن و دەمانبردنە شۆقەکانی شەقامی فووش. پارە ڕژاندن و شەپشەپێنی ئایەتوڵڵازادەکان بە پارە وای کردبوو کە، لەشفرۆشەکانی پاریس لەسەر فریودان و ڕاکێشانی دڵی ئەوان بکەونە کێبڕکێ!.

پارەی بەلاشی بازاڕییەکانی تاران، تەنیا و تەنیا بۆ ئایەتوڵڵا سەروێن لەسەرەکان خەرج دەکرا و خەرجەکانی دیکەی مانەوەی

خومەینی و بنەماڵە و هاوڕێیانی، لەو ١٦ میلیۆن دولارە دابین دەکرا کە قوتب زادە لە قەزافیی وەرگرتبوو.

من بۆیە ئەوانە باس دەکەم کە، بازاڕییەکانی تاران کە ئێستا خومەینی دڵێکی خۆشی لێیان نیە و لێیان بە گۆمانە، بزانن کە هاوکارییەکانیان بە کەڵکی شۆڕش نەهاتن، بەڵکوو لەو هاوکارییانە بوو کە سەید ئەحمەد خومەینی زێڕ و زیو و خشڵی ١٠٠ هەزار فرانکیی بۆ ژنە لەشفرۆشەکانی فەڕەنسا دەکڕی کە لە ڕاستیدا بەهاکەی هەر بە لایەنی زۆرەوە هەزار فڕانک دەبوو و پێشکەشی دەکردن.

ئەو شەوە، واتە دوایین شەوی ڕابواردنەکان، سەید ئەحمەد و شێخ موحەممەد مونتەزیری لەگەل دوو کچی لەشفرۆشی زۆر جوان و گرانبەها ئاشنا بوون کە لە لایەن کوڕێکی قۆز و ژیکەڵەی ئێرانیەوە بە ناوی "کامەران" (ناوبانگەکەیم لەبیر نەماوە) ناسێنران. ناوی یەکیان "کارمێن" و ئەوەی دیکەیان "سێروین" بوو. دیسان دوای مەی خواردنەوەیەکی لەڕادەبەدەر، هەموویان پێکەوە چوون بۆ شۆقەکانی شەقامی فووش.

کارمێن و سێروین پێشتر ڕایانگەیاندبوو کە تەنیا تا کاتژمێر دووی نیوە شەو دەتوانن میوانی ئایەتوڵلازادەکان بن و دوایی دەبێ بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیان. ڕێککەوتنەکەشیان لەسەر بڕی دە هەزار فڕانک کرابوو. بڕە پارەیەک کە بۆ من و قوتب زادە جێگەی باوەڕکردن نەبوو. ئەوەی کە دیار بوو ئەوە بوو کە هەموو شتێک وەکوو شەوانی پێشوو بە باشی و خۆشی دەچووە پێش، لە ڕاستیدا هەر واش بوو. کارمێن و سێروین بەڕاستی لە کاری خۆیاندا کە بەدەستهێنانی دڵی ئایەتوڵلازادەکان و ئاگرتێبەردانی گیانی پیاوان بوو، شارەزا بوون و دەیانزانی کە چی بکەن و چی نەکەن. ئەو شەوە بۆ یەکەمجار بوو کە خوانی وافوور و تریاکیش لە ئۆفیسی قوتب زادەوە گوازرابووەوە بۆ شۆقەکانی شەقامی فووش.

شەوێک کە بە خۆشی و پێکەنین و سەما دەستی پێ کرد، لە کاتژمێر یەکی نیوە شەوەوە، وردە وردە بەرەو ڕووداوێکی نەخوازراو دەچوو. کارمێن و سێروین کە بڕیار بوو ١٠ هەزار فرانک وەرگرن، لەناکاو نرخی خۆیان بردە سەرێ و داوای ٢٠٠ هەزار فڕانکیان کرد. سەرەتا شتەکە بە گاڵتە وەرگیرا، بەڵام قسەکردن و هەڵسوکەوتی دواتری بەسەرهاتەکە، جیدی بوونی ئەوانی سەلماند.

کارمێن کە لە ڕاستیدا قسەی هەردووکیانی دەکرد، لە نێوان دنیایەک هەڕەشە و ناز و خەمزەدا، کە هەر جارەو لە یەکێکیان کەڵکی وەردەگرت، لە کۆتاییدا ئاوێکی ساردی کرد بە دەستی هەموویاندا و گوتی: "ئێمە کەسانی گەمژە نین

و ئێوەش بە باشی دەناسین، بۆیە پێم وا نیە کە بۆ پاراستنی ئابڕووی خۆتان و بنەماڵەتان، ۲۰۰ هەزار فرانک پارەیەکی زۆر بێت".

ئەو مشتومڕ و چەنەلێدانانە تا کاتژمێر دووی نیوەشەو درێژەیان کێشا. لە لایەک سەید ئەحمەد و مونتەزیری و قوتب زادە ئامادە نەبوون ئەو بڕە پارەیە بدەن و هەڕەشەیان دەکرد کە پێوەندی بە پۆلیسەوە دەگرن، لە لایەکی دیکەوە ژنە لەشفرۆشەکان پێدەکەنین و داوایان دەکرد کە هەرچی زووترە پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکەن.

لە نێوان هەڕەشە و گوڕەشەکانی سەید ئەحمەددا کە بە زمانی فارسی دەیگوت ئێمە شازادەی عەرەبین و پارێزبەندیی سیاسیمان هەیە و هاوکات، قاقا و پێکەنینی کارمێن، لەناکاو زەنگی دەرگای شۆقەکە لێ درا.

بێئاتریس بەپەلە دەرگای کردەوە، لەناکاو چوار پیاوی زل و زەبەلاح بە توندی و بە چەکەوە هاتنە نێو ئاپارتمانەکە، بەو بیانووە کە کارمێن و سێروین ژن و خوشکیانن، لەناکاو دڵخۆشی و پێکەنین و سەرخۆشیی نێو ماڵەکە نەما و جێگەی خۆی دا بە ترس و هەڕەشە و نیگەرانی و جوێن و قسەی ناشیرین.

من تەنانەت دەرفەتی ئەوەم نەبوو کە بەرەوڕوویان ببمەوە، چوونکە بە دەستوبرد بوونی ئەوان لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە ئەو شانۆگەرییە کە زۆر لەو فیلمانە دەچوو کە پێشتر لە سینەماکانی ئیسفەهان دیتبووم، بە شێوەیەک ئێمەی تاساندبوو کە بەڕاستی نەماندەتوانی کارێک بکەین.

چوونکە هێرشبەرەکان شارەزا و مل ئەستوور و بەهێز بوون و ئایەتوڵلازادەکانیش سەرخۆش و ڕەشەمەست بوون و ئەوەی کە ئاگای لە خۆی بوو، قوتب زادە و من و پاتریسیا و بێئاتریس بووین و ئێمەش هیچمان لە دەست نەدەهات. تاکە دڵخۆشیی من ئەوە بوو کە پێم وابوو خانمی دۆریان مەک گرێی و دۆمینیک و هاوکارەکانی لە بیناکەدان و بە بێ ئەوەی هێرشبەرەکان هەست بکەن، هەموو ئەو دیمەنانەیان تۆمار کردووە و ئەگەر بە گشتی شتەکە دەستکرد نەبێ، دواجار بە هاواریانەوە دێن. هێشتا چەند خولەک تێنەپەڕیبوو کە سێ میوانی دیکە هاتنە ژوورەوە. من دڵنیا بووم کە دوای هاتنە ژوورەوەی سێ پیاوە زەلامە چەکدارەکە، یەکێکیان دەرگای شۆقەکەی لەدوای خۆی داخستووە، بەڵام ئێستا کە سێ کەسەکە بە جلوبەرگی پۆلیسی فەڕەنسەوە دەهاتنە ژوورەوە، دەرگای شۆقەکە کراوە بوو و پێویستی بە لێدانی زەنگی دەرگا نەبوو. سەرەتا من پێم وابوو کە هاتنی ئەو پۆلیسانە شانۆگەری و دەستکرد و بە شێک لە بەرنامەکەیە، بەڵام دواجار دەرکەوت

کە ڕاستە و شانۆ نیە و دەستی هەموومانیان بە ژن و مێردەوە کەلەپچە کرد. دوای پشکنینی جەستەییمان دەمانچەکەی منیش کەوتە دەستیان و هەموومان بۆ بنکەی پۆلیس ڕاگوێزراین.

شارەزا نەبوون و نەزانینی زمان، ئەگەر زۆر خراپیی هەبێت، ئەو چاکەیەی هەیە کە مرۆڤ ئاگاداری هەموو شتێک نیە و نازانێ چی ڕوو دەدات. ئەو شەو و ڕۆژەش ئێمە لەو دۆخەدا بووین. جیا لە قوتب زادە و بێئاتریس و پاتریسیا کە شارەزای زمانی فەڕەنسی بوون، نە من و نە ئایەتوڵلازادەکان زمانی فەڕەنسیمان نەدەزانی، بۆیە تا ئەو کاتەی کە پێکەوە بووین، نەماندەزانی کە لە نێوان بەرپرسانی پۆلیس و گیراوە فەڕەنسیزانەکاندا چ باسێک دەکرێت. ئەوەی کە من دەمبیست تەنیا دەنگی گریان و هاواری ئایەتوڵلازادەکان بوو کە دوای نزیک بە مانگ و نیوێک ڕابواردن، تازە لەوە دەترسان کە بەم کەتنەی کە کردوویانە، شۆڕشی باوکە خۆشەویستەکەیان بکەوێتە مەترسییەوە.

دوای کاتژمێر و نیوێک کە ئێمە لە بنکەی پۆلیس لە نزیک شارەوانیی پاریس بووین، هەموومانیان لێک دابڕاند و هەموومان لە ژووری تاکەکەسی کراین. لە دوایین چرکەساتەکاندا قوتب زادە گوتی: "بە هۆی ئەوەی کە چەکت پێ بووە، بار و دۆخت لە هەموومان خراپترە!".

سەرەڕای هەموو ئەوانە، پێم وایە لە نێوان گیراوەکاندا، من لە هەموویان هێورتر و لەسەرەخۆتر بووم.

بیرم لەوە دەکردەوە کە چۆنە من ئاوا لەسەرەخۆ و هێورم؟ لە سەردەمی شادا کاتێک کە من لەسەر سەربڕینی نایاسایی مەڕ کەوتبوومە گرتووخانە، هێندە ترسابووم کە ترسەکەم بوو بە هۆی ئەوەی کە لەگەڵ سەید مەهدی هاشمی ئاشنا بم و ئەوەم بەسەر هات کە ئێستا هەمووتان لێی ئاگادارن، بووم بە پارتیزان، بووم بە تێرۆریست، پیاوم کوشت، خەڵک ئەشکەنجە دەدەم، پێم وابوو خەریکم تۆڵە دەکەمەوە. بەڵام ئێستا لە پاریس بە هۆی ڕابواردن و بێ ڕەوشتی و داوێنپیسیی ئایەتوڵلازادەکان لە گرتووخانە بووم و هەر گوێشم لێ نەبوو. لەوانەشە ئەو هێوری و لەسەرەخۆییەی منیش هەر بەو هۆیە بوو کە بە ڕاستی بۆ من گرینگ نەبوو. من نە کوڕی ئایەتوڵلا خومەینی بووم! نە کوڕی شێخ حوسێنعەلی مونتەزیری بووم! نە باوکم لە هەوڵی شۆڕشدا بوو و نە من دەمەویست ببم بە کەسایەتییەک. ئەگەر لە گرتووخانەش مابامەوە، لە سووریە و لیبیا ئەوەندە فێر ببووم کە بە هەر شێوەیەک بووە، ڕابکەم.

یەک و دوو جار پۆلیسم بانگ کرد و هەر جارێک بە خەیاڵی خۆم و بە فەڕەنسییەکی شەقو شڕ کە فێر ببووم هەندێک شتم پێ گوتن، بەڵام دواتر دەرکەوت کە لێم تێنەگەیشتبوون، چوونکە لە جیاتی داواکارییەکانی من، هەر جارەو هەندێک خواردن و دوو جگەرەیان بۆ هێنام.

کاتژمێر نۆی شەو منیان لە ژووری تاکەکەسی هێنایە دەرێ و بردمیانە هەمان ژوور کە لە سەرەتای هێنانمان بۆ بنکەی پۆلیس لێی مابووینەوە. لەوێ تێگەیشتم کە پێش لە من، هەموو تاوانبارانی کەیسەکەیان لە ژووری تاکەکەسی هێناوەتە دەرەوە بێجگە لە کارمێن و سێروین و هاوژین و براکانیان. هەروەها بێجگە لە ئێمە، بەنی سەدر و سەلامەتیان و حەسەن ئیبراهیم حەبیبی و حاج مانیان و پرۆفیسۆر سەیفەدین نەبەوی و یەک و دوو پارێزەری فەڕەنسیش لەوێ بوون. پاتریسیا لە پێش چاوی هەموویان منی ماچ کرد. قوتب زادە کە خۆی هەڵدەکێشا، گوتی: "زۆریش دڵخۆش مەبن، دادگاییکردنی سەرەکیمان لە نووفێل لووشاتۆ دەبێ!".

لەو کاتەدا بوو کە خاتوو دۆریان مەک گرێی پەیدا بوو و دوای ماچکردنم، گوتی: "لە نێو ئەو هەموو تاوانبارانەدا من تەنیا دڵگرانی تۆ بووم، تۆ لە هەموویان بێتاوانتری و گەورەترین تاوانیش خراوەتە پاڵ تۆ. لەوە بە دواوە نە لە ئیقباڵ ئەحمەد و نە لە هیچ گەمژەیەکی دیکە چەکێکی نیشاندار وەرمەگرە کە تایبەت بە حکوومەتی وڵاتێکە!. ئەگەر بە زۆریش پێیان دای، دەستبەجێ فڕێی بدە! چوونکە ئەگەر ئەو چەکە پیسە نەبوایە، ئەمڕۆ تا ئێوارێ لە ژووری تاکەکەسی نەدەمایەوە!".

من بە سەرسووڕمانەوە گوتم: "بەڵام مەسەلەکە شتێکی دیکە بوو".

گوتی: "ئاگاداری هەمووی هەم، بەڵام لە بەختی خراپی ئێوە، پۆلیسی فەڕەنسا بەدوای ئەو ژن و مێردانەوە بوو، چوونکە ئەوانە تاقمێکن و ئەوە کاریانە و چەند ڕۆژ پێش ئێستاش ئەو بەڵایەیان بە سەر وەزیری نەوتی سعوودیە، بەڕێز "زەکی یەمانی" هێناوە، ئەویش بە بەهای یەک میلیۆن دۆلار کە پارەی نەختینەیان لێ ئەستاندووە". من گوتم: "ئێستا چارەنووسمان چی بەسەر دێت؟".

گوتی: "هەمووتان ئازادن و تەنانەت دەتوانن سکاڵایان لەسەر تۆمار بکەن، بەڵام کەیسی تۆ بە هۆی چەکەوە جیاوازە، بەڵام بڕیار وایە کەیسی تۆش چارەسەر بکەین. بەڕێز "ژیسکار دیستێن" ڕازی نیە کە شۆڕشی ئێران بکەوێتە مەترسییەوە.... !".

و پاشان جارێکی دیکە منی ماچ کرد و گوتی: "دنیایەکی پیسە، وانیە؟".

لەو کاتەدا من تەنیا توانیم پێ بکەنم!.
نزیک کاتژمێر ١١ی شەو کاروباری پەیوەندیدار بە ڕزگاربوونمان تەواو بوو و هەموومان بەرەو نووفێل لووشاتۆ بەڕێ کەوتین. هەر کە گەیشتین، دوکتور یەزدی بە زمانی سەرکۆنەوە گوتی: "لێک بڵاو نەبنەوە، چوونکە ئیمام دەیهەوێ پێکەوە چاوی بە هەمووتان بکەوێ!".
قوتب زادەش لە پێش چاوی هەموویان، تەنانەت ئەو کەسانەش کە ئاگایان لە شتەکە نەبوو، بە توندی بەرۆکی دوکتور یەزدیی بە دەستەکانی گرت و لە کاتێکدا کە جنێوی پیسی ناموسیی پێ دەدا گوتی: "دایک قەحبە! ئەگەر پێت وایە دەتوانی لەم قوڕاوە ماسی بگری، با بزانی، پێت ناکرێ. ئاگات لە خۆت بێت، تا ئێستاش زۆر پیاوەتیم لەگەڵ کردووی".
پڕۆفیسۆر نەبەوی، یەزدیی لە دەست قوتب زادە ڕزگار کرد، هەر لەو کاتەدا کە کاتژمێر دووی نیوە شەو بوو، سەرهەنگ تامسۆن و کەسێک بە ناوی ساسانفەر و ئەسەدوڵڵا موبەشیری کە دواتر لە دەوڵەتی "مەهدی بازرگان"دا بوو بە وەزیر، لە ژوورەکەی خومەینی هاتنە دەرەوە و بەم هۆیەوە هەرا و قرم و قاڵەکە کۆتایی پێ هات و هەموومان چاوەڕوان بووین تا خومەینی بانگمان بکاتە ژوورەکەی.
سەرەتا سەید ئەحمەد و پاشان ئەوانی دیکە چووینە ژوورەکەی خومەینی. خومەینی لەسەر دۆشەکێکی بچووک دانیشتبوو و تەنیا کەسێک کە ڕێگەی پێ درا بڕوات و لە تەنیشتی دابنیشێت، خاتوو دۆریان مەک گرێی بوو. دوای چەند چرکە ساتێک، لە کاتێکدا کە خومەینی زۆر تووڕە بوو بە بەنی سەدری گوت: "چی ڕووی دا؟!".
بەنی سەدر گوتی: "شتێکی گرینگ نەبوو، خراپ تێگەیشتنێک لەئارادابوو کە لەبەر ئەوەی کە بێجگە لە قوتب زادە، ئاغازادەکان زمانی فەڕەنسییان نەزانیوە، کێشەیەک هاتبووە پێشێ، خۆتان ئاگادارن کە لێرەش کاروباری فەرمی و بۆرۆکراسی زۆر زۆرە و بێتامی کردووە، هەر بۆیە، جێبەجێکردنی کارە پێویستەکان، برێکی خایاند".
دوای تۆزێک بێدەنگی خومەینی بە سەلامەتیانی گوت: "ئەدی مەسەلەی ٥٠٠ هەزار فرانکەکە چی بوو؟".
سەلامەتیان کەوتە پرتە پرت و گوتی: "بە خۆشییەوە پێویستمان پێی نەبووا!".
قوتب زادە کە لە سەرووی من دانیشتبوو بە هێواشی گوتی: "ئەی دایک سەگ!".
خومەینی بە دەنگی بەرز ڕووی کردە سەید ئەحمەد و شێخ موحەممەد

مونتەزیری و گوتی: "بە لای ناخێرییەوە ئێوە ژن و منداڵتان هەیە و کەسوکاری منن، مەگەر نازانن کە جیهان چاوی لێمانە تاکوو کردەوە و هەڵسوکەوتی باشە لە ئێمە ببینن؟ ئەو داوێن پیسییانەتان هەڵگرن بۆ دوایی! شەو و ڕۆژێکە هەمووومان لێرە نیگەرانین. دوای ئەوە، هەر لێرەوە، داوا لە بەڕێز قوتب زادەش دەکەم چی دیکە گوێ بە داواکارییەکانی ئەو دوو چەپەڵە نەدات".

پاشان لە کاتێکدا کە بۆ یەکەمین جار بزەی سەر لێویم دیت، ڕووی لە من کرد و گوتی: "سەبارەت بە تۆ چاکەی زۆرم بیستووە، بیستوومە کە زەحمەت و فیداکاریی زۆرت بۆ ئێمە و بۆ ئیسلام کێشاوە، خوا خۆی پاداشتت بداتەوە. ئێستاش هەمووتان ئەو شتەی کە ئەمڕۆ ڕووی دا لە بیر بکەن و ئەگەر کەسێکیش پرسیاری کرد کە بۆ دیارتان نەبوو، بڵێن سەرقاڵی کاری سیاسی بووین. ئێستاش ئەحمەد و موحەممەد بمێننەوە و ئەوانی دیکە دەتوانن بڕۆن!.

هەر کە لە ژوورەکە هاتینە دەرەوە، قوتب زادە بە سەلامەتیانی گوت: "ئەوە بە سەرتەوە ناچێت! من و کوڕەکان لە گرتووخانە گیراوین و تۆ دەتهەوێ ٥٠٠ هەزار بخۆی؟! مەگەر من خۆم شەلەلم گرتووە!". خاتوو دۆریان کە تازە لە ژوورەکە هاتبووە دەرێ، قوتب زادەی لەگەڵ خۆی برد و ئێمە هەمووومان لێک دابڕاین. لەو کاتەدا تەنیا شتێک کە من پێویستیم پێی بوو، خەو بوو، بەڵام خۆ پەرۆشی و خەیاڵ نەیدەهێشت بخەوم.

ئەوەی کە بە مێشکمدا دەهات ئەوە بوو کە هەرچی لە نووفێل لووشاتۆ ڕووی دا، درۆ بوو و هەموو هەوڵیان دەدا کە درۆ بکەن! ئیمام درۆی دەکرد، بەنی سەدر درۆی دەکرد، قوتب زادە درۆی دەکرد، یەزدی درۆی دەکرد، درۆ، درۆ، درۆ، ئەویش لە نێوان کەسانێکدا کە یەکتریان باش دەناسی!. من بە هیچ شێوەیەک نامهەوێ بڕۆمە نێو بەسەرهاتی تایبەتی کەسەکان، دەنا لەو جۆرە گەندەڵی و بێ ڕەوشتییانەم زۆر زۆر دیوە. هەڵبەت ئەوەش بەو واتایە نیە کە خۆم لەو شتانە بێبەری بکەم. نا، بەڵام من ئەگەر هەر عەیب و کەموکوڕییەکیشم هەبێ، بە ڕاشکاوی گوتوومە و ئەوانی دیکەش بە ڕاستبێژییەوە باس دەکەم، ئیتر هیچی دیکەم ناوێ. باسی خودا و پێغەمبەر و بەهەشت و جەهەننەم و ڕۆژی حەشر و قیامەتیش ناکەم.

با لێرەدا ئەوەشم لە بیر نەچێت و باسی بکەم کە، لە دوای ئەو ڕووداوە، قوتب زادە، وەک بڵێی، لە بەرچاوی خومەینی کەوت، دەنا تا ئەو شەوە قوتب زادە جێگەی باوەڕ و نووری چاوی خومەینی بوو، بە تایبەتی بە بۆنەی ئەو

یارمەتییانەی کە لە سووریە و لیبیا و جەزایر بۆ خومەینیی وەرگرتبوو. ئەو جۆرەی کە قوتب زادە بۆی باس کردم، ئەگەر بەسەرهاتی ئەو شەوە ڕووی نەدابا، لە جیاتی سەرپەرستی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن، دەبوو ببایە بە سەرۆک وەزیرانی کۆماری ئیسلامی!.

بەڵام خاڵێکی دیکە کە لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو ڕابواردنەدا دەبێ باسی بکەم ئەوەیە کە، دوای ئەو گەندەڵکارییە، کاری "فاتمە خومەینی" هاوسەری ئەحمەد خومەینی کە خوشکی سادق تەباتەبایی بوو، تا سنووری تەڵاق و جیابوونەوە چوو، بەڵام لەبەر ئەوەی کە بە نێوانگیریی هاوسەری ئیمام و براکەی و هەروەها خوشکی "ئیمام مووسا سەدر" ناچار بوو کە بێدەنگەی لێ بکات، دواتر بۆ تۆڵەسەندنەوە ئاشقی ڕۆژنامەوانێکی داماوی کەنەدایی بوو کە لە کاتی خۆیدا باسی دەکەم. ناکۆکیی نیوان سەید ئەحمەد و فاتمە هەتا چوار ساڵ دوای شۆڕشیش هەر بەردەوام بوو.

لە بەر ئەوەی کە دەمهەوێ هەرچی زووتر بگەمە بیرەوەرییەکانی ژیانم لە ئێراندا، ناچارم تۆزێکی دیکە باس لە هەندێک بەسەرهات و ڕووداوی دیکە بکەم کە لە نووفێل لووشاتۆ ڕوویان دا یان بە شێوەیەک لە شێوەکان پێوەندییان بە ڕووداوەکانی ئێرانەوە هەیە، بەڵام سەرەتا بناغەیان لە نووفێل لووشاتۆ دانرا. وەکوو بەسەرهاتی "سەنجابی"، یان سەید جەلال تێهرانی، یا ڕیزبەندی ناوی ئەو کەسانەی کە بڕیار بوو لەسێدارە بدرێن. پێش لەوەی بە هەموو ئەوانە ڕابگەم، با ئەوەش باس بکەم کە، بە درێژایی ئەو دوو مانگەی کە خومەینی لە پاریس مایەوە، من وەکوو سەرپەرشتیاری ئیسکۆرتە ئێرانیەکانی ئەو، ٣٣٠ هەزار دۆلارم وەکوو دەستخۆشانە لەو کەسانە وەرگرت کە چ لە ئێرانەوە و چ لە وڵاتانی عەرەبییەوە بۆ بینینی خومەینی دەهاتن.

بە ڕێنوێنی خاتوو دۆریان مەک گرێی لە لەندەن خستمە حیسابێکی بانکییەوە کە ئێستاش لە سوودەکەی کەڵک وەردەگرم. ئێستا بێننە بەرچاوی خۆتان کە، کاتێک من ئەو بڕە پارە زۆرەم بەر دەکەوت، دەبێ بەشی ئیقباڵ ئەحمەد کە بەرپرسی من بوو، یا بەشی کەسانی وەکوو یەزدی و بەنی سەدر و کەسانی دیکە چەندە بووبێت. با ئەوەشتان لەبیر نەچی کە ئەو پارەیە لەلایەن دوستان و کەسانی نزیک لە خومەینیەوە نەدەدرا. پردی پەیوەندیی ئەوان "حاج عێراقی" و "مانیان" و لەو جۆرە کەسانە بوون. ئەو پارانەی کە دەچوونە گیرفانی ئێمە لە لایەن دۆستە سپڵەکانی "شا"وە دابین دەکرا کە بە سەرشۆڕییەوە پۆل پۆل دەهاتن بۆ

قاچڕاموسینی خومەینی، و چوونکە هێشتا لە خەون و خەیاڵی ڕابردوودا دەژیان، بە سووکە نیگایەک ئێمەشیان دەدی!. و خومەینی ئەگەر لە هەموو ژیانیدا یەک کار باشی کردبێت، ئەویش ئەوە بووە کە پێش هەموو کارێک هەموو ئەوانەی لە نێو برد.

لەو ماوەیەدا کە خومەینی لە پاریس دەژیا، بێجگە لەو شتانەی کە لە لایەن ڕاگەیەنەکان و ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنەکان بڵاو دەکرانەوە و لە ڕاستیدا تەنیا ڕواڵەتی شتەکان بوو، هەندێک ڕووداو و بەسەرهاتی دیکە لە پشتی پەردەکاندا ڕوویان دەدا کە ئەگەر تەنیا یەک لە سەدیان لەو ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنانەوە بڵاو کرابایەوە، بێگومان لاقی خومەینی و هاوبیرانی کە منیش یەکێک لەوان بووم، نەدەکەوتەوە سەر خاکی ئێران.

پلان و بەرنامەکانی نووفێل لۆشاتوو لایەنێکی ئاشکرا و ڕاگەیەندراو و هاوکات لایەنێکی شاراوە و نهێنییان هەبوو. ئێستا دوای تێپەڕینی چەند ساڵ و بەو ئەزموونانەوە کە من بەدەستم هێناون، دەتوانم بە ڕاشکاوی ئەوە باس بکەم کە، هەموو شتە ئاشکرا و ڕاگەیەندراوەکان، درۆ و پیلان بوون. بۆ نموونە گەمەی خومەینی لەگەڵ شاپوور بەختیار، دوایین سەرۆک وەزیرانی شا و هەموو ئەو شتانە کە لەو ڕۆژانەدا باس دەکران و پاشان نووسران، درۆ بوون. ڕاستییەکەی ئەوە بوو کە لە کۆبوونەوەکانی شەوانی نووفێل لووشاتۆدا، ئەگەر ڕێککەوتن لەسەر ڕیزبەندی ناوی ئەو کەسانە کرابا کە دەبوایە لە دە ڕۆژی سەرەتای شۆڕشدا لە سێدارە بدرێن، هەم بەختیار دەهاتە پاریس و هەم ئەگەری ئەوە هەبوو کە ئەگەر یەزدی و قوتب زادە و بەنی سەدر ڕێگەیان دابا، لە جێگەی بازرگان ببێتە سەرۆک وەزیران.

کورتەی بابەتەکە ئەوە بوو کە، ئەمریکایی و ئینگلیزییەکان ڕیزبەندێکی هاوبەشیان ئامادە کردبوو کە ۴۸۳۰ کەس لە فەرماندەکانی ئەرتەش، ئەفسەرانی پلەدار، وەزیرەکان، پارێزەرەکان، بازرگانەکان، مامۆستایانی زانکۆ، ئەندازیارەکان، پزیشکانی فەرمانبەری حکوومەت، ئاخوندەکان و ڕۆژنامەنووسان، دەبوایە لە هەمان ۱۰ ڕۆژی سەرەتای شۆڕشدا لە سێدارە بدرێن. خومەینی و ڕاوێژکارەکانی زۆرێک لەو کەسانەیان نەدەناسی، هەر

بۆیە زۆر زووتر لەوەی کە چاوەڕوان دەکرا خومەینی بڕیاری لەسێدارەدانی ئەو کەسانەی پەسند کرد. بەڵام کێشە و ناکۆکیی نێوان ئەمریکایی و ئینگلیزییەکان، بڕیاری کۆتایی چەند ڕۆژ خستە دواوە. لەو ڕیزبەندە گشتییە، ٣٠٠٠ کەسیان لە ڕیزبەندی ئەمریکاییەکاندا بوون، ١٨٣٠ کەسی دیکەیان لە ڕیزبەندی ئینگلیزییەکاندا بوون. هیچکام لە ئێمە هەرگیز نەمانزانی کە بۆ چی کۆلۆنێل "تامسۆن"ی ئەمریکایی و "مێستێر ساندێرز"ی ئینگلیزی لە جیاتی ئەوەی کە بابەتەکان لە نێوان خۆیاندا چارەسەر بکەن، دەیانهێنا بۆ لای خومەینی؟

ئەو جۆرەی کە باسیان دەکرد، ئەمریکاییەکان ئەو لیستەیان بە باڵوێزی شا "ئەردەشیر زاهیدی" دابوو و لە یەکێک لە سەفەرەکانیدا بۆ تاران لەگەڵ خۆی بردبووی. پێرستێک کە ئەمریکاییەکان دابوویان بە ئەردەشیر زاهیدی، زیاتر لە چوار هەزار کەسی لە خۆ دەگرت، هەڵبەت بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێرستی ئینگلیزییەکان، دیارە دوای ساڵانێک و لە کاتی لەسێدارەدانەکاندا دۆریان مەک گرێی ئەو شتەی لە لا باس کردم.

لە پێرستی ئەمریکاییەکاندا زیاتر کەسانی نیزامی جێ کرابوونەوە و لە پێرستی ئینگلیزییەکاندا کەسانی مەدەنی. هاوکات ٢٥ ئاخوندی بەناوبانگیش لە پێرستی ئینگلیزییەکاندا هەبوون کە هێندەی من ئاگادار بم، دواتر بە بێدەنگی و بە بێ دادگاییکردن، بە شێوەیەکی هۆڤانە و دڕندانە کوژران. ئایەتوڵڵا عەلامەی بووشێهری، ئایەتوڵڵا سەید موحەممەد خەلەفی نائینی، ئایەتوڵڵا سەید مەحموود سادات ئەشکەوەری، ئایەتوڵڵا حاج سەید ئەسەدوڵڵا نیزامولعوڵەمای تەفرەشی و ئایەتوڵڵا ڕەحمەتوڵڵا ئیمامیی دەستجێردی بەشێک بوون لەو ئاخوندانە کە من لە کوشتنی هۆڤانەیان ئاگادار بوومەتەوە. خاڵێکی جێگەی سەرنج ئەوە بوو کە ناوی "ئایەتوڵڵا سەید مەحموود تاڵەقانی"ش لە پێرستی ئینگلیزییەکاندا بوو و تاقە کەسێک بوو کە خومەینی ڕازی نەبوو بە کوشتنی. با لێرەدا ئەوەش باس بکەم کە، بە پێچەوانەی ئەو دەنگۆیانەی کە هەبوون، تاڵەقانی لە سەر بڕیاری ئایەتوڵڵا بەهەشتی نەکوژرا، بەڵکوو گەڵاڵەدارێژ و بکوژی تاڵەقانی، "دوکتور چەمران" و "فەخرەدین حیجازی" بوون کە لە کاتی خۆیدا ئەویش باس دەکەم.

بۆ ئەوەی کە لە چارەنووسی ئاخوندەکانی دیکەی نێو پێرستەکە ئاگادار بین، بۆ یەکەم جار با ئەو ڕاستییە شاراوەیە بدرکێنم کە ڕێک لە شەوی تیربارانکردنی "ژەنەڕاڵ نەسیری" و "ژەنەڕاڵ ناجی"دا، سادق خەڵخاڵی چوو بۆ گرتووخانەی قەسر و ٣١ کەس لە ئاخوندەکانی لە مزگەوتی گرتووخانە دایە بەر دەسترێژ و تیربارانی

کردن، و بە داخەوە پارتیزانەکانی ژێر فەرمانی منیش لەو کۆمەڵکوژییەدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو. دواتر لە نێو خۆیاندا ئەو شەوەیان بە شەوی "ئاخوند قڕان" (آخوند کشان) ناو دەبرد.

دەبینن کە بناغەی ئەم کارانە لە نووفێل لووشاتۆ داڕێژرابوو نەک لە تاران، کە ئەو کاتە بە هۆی بێسەروبەری و ئاڵۆزیی نێوخۆیی، توانای بڕیاردان بۆ ئەو مژارە گرینگ و مەترسیدارانە لە ئاستی "سیفر"دا بوو. با ئیشارە بە نموونەیەکی دیکە بکەم. پلانی نمایشی سەربازیی(ڕێژە) ئەفسەرانی تەکنیکیی هێزی ئاسمانی ئێران لە بەردەم خومەینیدا، لە نووفێل لووشاتۆ گەڵاڵەی بۆ داڕێژرا. هەر لەو کۆبوونەوانەی دوای نیوەشەودا بوو کە "ئێدوارد تامسۆن" و کەسانی دیکە دەیانتوانی لەگەڵ خومەینی کو ببنەوە. لەو پلانەدا، بە هۆی ئەوەی کە پارتیزانەکانی ژێر فەرمانی من بەرپرسیارێتیی سەرەکییان لە ئەستۆ بوو، لە چۆنیەتی و وردەکاریی بابەتەکان ئاگادار بووم. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە دوای چوونی "ژەنەراڵ هایزێر"ی ئەمریکایی بۆ ئێران، بیرۆکەی دزەکردن و دەستێوەردان لە ئەرتەشی ئێراندا کەوتە مێشکی بەشدارانی کۆبوونەوە شەوانەکانی نووفێل لووشاتۆ. ئەمریکاییەکان و خومەینی دەیانزانی کە ئەرتەشی ئێران بەرانبەریان دەوەستێتەوە و خۆ بە دەستەوە نادات و بە سوێندەکەی خۆی پابەند دەمێنێتەوە. سوێند خواردن، ئەویش بە کەلامی خودا، مژارێکی ئایینی بوو کە ئایەتوڵڵای مەزهەبی نەیدەتوانی بێ ئەوەی ڕێگەی بۆ خۆش کرابێت، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو سوێندە بدات. کەواتە بە بۆچوونی ئەوان، تەنیا ڕێگە بۆ سەرکەوتن لەم کارەدا، دروستکردنی ناکۆکی و دووبەرەکی لە نێو ئەرتەش و پاشان دەستێوەردان و دزەکردن لە ئەرتەشدا بوو. کۆلۆنێل تامسۆنی ئەمریکایی زۆر جار دەیگوت کە ئێوە هەوڵی دزەکردن لە نێو فەرماندەکان و ئەفسەران و تەنانەت پلەدارانی ئەرتەشدا و تەنانەت کڕینیان بە پارەش، لە مێشکتان بکەنە دەرەوە. ناوبراو دەیگوت: "ڕاستە ئێمە چەند کەسی نارازیمان لە بەردەستدا هەیە، بەڵام ئەوە بە مانای دزەکردن لە نێو ئەرتەش نیە. تاکە ڕێگە گونجاو ئەو ئەفسەرە تەکنیکییانەی هێزی ئاسمانی ئێرانن کە لە ئەمریکا مەشق و ڕاهێنانیان دیوە و بۆ ئەو کارە پەروەردە کراون و هەر دوو گرووپیشییان لە ژێر فەرمانی دوو کەس لە جێگرانی هێزی دەریایی و هێزی ئاسمانیدا ئامادەن. بەڵام سەرەتا دەبێ بەپێی پلانێکی لەپێشداڕێژراو، ترسیان بڕەوێنینەوە".

لەسەر ئەو بنەمایە و لەسەر پێشنیاری ئەو دوو جێگرەی هێزی دەریایی و

هێزی ئاسمانی، کە لە ڕێگەی ڕاوێژکارانی ئەمریکاییەوە لە تاران بۆ نووفێل لووشاتۆ نێردرابوون و کۆلۆنێل "گێست" لە تارانەوە لەگەل خۆی هێنابوونی، بڕیار درا کە لە یەکەم ڕۆژەکانی هاتنی خومەینی بۆ تاراندا، ئەفسەرە تەکنیکییەکانی هێزی ئاسمانی لە بەردەم خومەینیدا خۆنواندنێکی سەربازی بکەن.

لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە چایچی و جەمشید نەعمانی و ئەفسەرێکی تەکنیکیی هێزی دەریایی بە ناوی "عەباس ڕەزازادە" بە فڕۆکەیەکی سەربازیی ڕاوێژکاری بەرەو تاران چوون تا لە ژێر چاوەدێریی سپاسالار "ئازەر بەرزین" جێگری هێزی ئاسمانی و هەروەها دەریادار "مەجیدی" جێگری هێزی دەریایی و بە هاوکاریی کەسێکی دیکە بە ناوی "حاج مانیان" کە سەر بە ڕێکخراوی "بەرەی نەتەوەیی" بوو، هەم لەگەڵ ئەو ئەفسەرە تەکنیکییانەی کە لە پێرستی "تامسۆن"دا بوو پەیوەندی بگرن، و هەم بەرنامەی ئەو شانۆ درۆیینە داڕێژن کە بڕیار بوو ئەفسەرە تەکنیکییەکان بە ڕێوەی ببەن و ئەگەریش بۆیان نەکرا جلوبەرگی ئەفسەرەکان بکەنە بەر خەڵکی دیکە و شانۆیەک بەڕێوە ببەن. بەو شێوەیە پارتیزانەکانی من بە هاوکاریی حاج مانیان، لە لای بەرگدوورێک بە ناوی "خەلیل عێمادی" لە شەقامی "ژاڵە" و نزیک "ئاب سەردار"، ٤٠٠ دەست جلوبەرگی تایبەت بە ئەفسەرە تەکنیکییەکانی هێزی ئاسمانییان لە ئەندازەی جۆراوجۆردا داوا کرد بۆ دوورین و ٤٠٠ کڵاوی تایبەت بە جلوبەرگەکانیش وردە وردە لە کڵاو فرۆشییەکانی "تاج" لە شەقامی پەهلەوی و چوار ڕێیانی "سپە" کڕدران و بەم شێوەیە، ڕێژەیەکی درۆیین بە بێ بەشداریی تەنانەت یەک ئەفسەری ڕاستەقینەی هێزی ئاسمانی و بە بەشداریی کەسانێک کە تەنیا دڵیان بە لەبەرکردنی دەستێک جلوبەرگ و جووتێک کەوش و نەفەری پێنج هەزار تمەن خۆش بوو، بەڕێوە چوو و بەم شێوەیە پشتی ئەو ئەرتەشە گەورەیە لە عەرز درا و شکێندرا!.

بیرەوەریی مانەوە لە پاریس و نووفێل لووشاتۆ، ناکرێت بە بێ ئاماژە بە بەسەرهاتی "کەریم سەنجابی" و دەست لەکارکێشانەوەی "سەید جەلال تێهرانی" بە کۆتایی بگات، بەتایبەتی کە پێشتر بەڵێنیم دابوو باسیان بکەم.

لە ڕۆژەکانی ناوەڕاستی مانەوەی خومەینی لە نووفێل لووشاتۆدا بوو کە شەوێک سادق قوتب زادە بانگی کردم و گوتی: "جەعفەر! دوو کەس لەو کوڕانەی کە جێگەی باوەڕی خوتن دەستنیشان بکە کە بەیانی بڕۆن بۆ فڕۆکەخانە بۆ ئەوەی پێشوازی لە کەسایەتییەکی گەورە و پلەبەرز بکەن کە لە تارانەوە دێت". پرسیم: "ئێوەش دێن؟".

گوتی: "نەتەنیا من، بەڵکوو بەنی سەدر و حەبیبی و بێئاتریسیش دێن".
من دوو کەس لە کوڕەکانم هەڵبژارد و بەیانی زوو بە سێ ترۆمبیل چووین بۆ فرۆکەخانە. میوانەکەمان "کەریم سەنجابی" سەرۆکی "بەرەی نەتەوەیی" بوو کە لە ڕێگەی سەفەرێکیدا بۆ کەنەدا، بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەیەک، لە پاریس لایدابوو. سەنجابی سەرەتا زۆر لەخۆبایی و بەفیز بوو، بەڵام هەر کە گەیشتە نووفێل لووشاتۆ و هەستی کرد کە کەس حیسابی بۆ ناکات و پیازی پێ پاک ناکات، وردە وردە ڕەفتار و هەڵسووکەتی گۆڕا و قوتب زادە وتەنی خاکەڕا بووەوە. خومەینی بە ئەنقەست دوو ڕۆژ لەوێ ڕایگرت و هەر ڕۆژەو بە بیانوویەک مۆڵەتی چاوپێکەوتنی پێ‌نەدا. ئەوەی کە خومەینیی ڕادەسپارد کە بەم شێوەیە گوێی پێ نەدات و ئیهمالی بکات دوکتور ئیبراهیم یەزدی بوو. من بە گوێی خۆم گوێم لێ بوو کە لەسەر داوای "موهەندیس بازرگان" ئەو کارانەی دەکرد.
لە ئەنجامدا دوای دوو ڕۆژ سەنجابی دەنگی دەرهات و بە حەبیبی و بەنی سەدر و قوتب زادەی گوت: "ئێوە لە پاریسەوە هیچتان پێ‌ناکرێت، ئەگەر بەرەی نەتەوەییتان لەگەڵ نەبێت، بۆیە لە تاران هیچ شتێک ڕوو نادات".
ئەو سێ کەسە زۆر هەوڵیان دەدا کە ڕێز لە سەنجابی بگرن. بەڵام دوکتور یەزدی بە پێچەوانەی ئەوانی دیکە هاتە قسە و گوتی: "ئاغای دوکتور سەنجابی! ئیمام سەری قاڵە و ناتوانێ بە تەنیایی لەگەڵتان کۆ بێتەوە، بەڵام لەوانەیە بتوانین کارێک بکەین کە ئێوەش لەگەڵ کەسانی دیکە پێکەوە بچنە خزمەتی".
سەنجابیی پیرەمێرد بە بیستنی ئەو قسەیە زۆر تێک چوو و پێیەوە دیار بوو کە خەریک بوو دڵی لە لێدان بکەوێ. دوای چەند چرکەیەک گوتی: "کەوایە من لەوە زیاتر ناتوانم چاوەڕێ بکەم و دەڕۆم بۆ کەنەدا". قوتب زادە هەوڵی دا سەنجابی دڵگران نەبێت و شتەکە لە دڵی دەربێنێت، بۆیە پێکەوە چوونە ژوورێک و بە ڕواڵەت شتەکە تەواو بوو. بەڵام دوای کاتژمێرێک من ڕاسپێردرام کە دوکتور سەنجابی بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەیەک لە نووفێل لووشاتۆ بەرم بۆ شۆقەیەک لە شەقامی "فووش".
سواری ترۆمبیلێکی پێژۆ بووین و هاوڕێ لەگەڵ عەلی شاکری و دوکتور سەنجابی هاتین بۆ شۆقەی دیاریکراو لە شەقامی پووش.
لە زەنگی درگامان دا و پاتریسیا دەرگای کردەوە و بەخێرهاتنی کردین. من هەر چاوم بە دوکتور یەزدی و خاتوو دۆریان کەوت، زوو زانیم کە پیلانگێڕییەکی دیکە لە ئارادایە.

دۆریان مەک گریێ سەرەتا دوکتور سەنجابی و منی ماچ کرد و پاشان بێ ئەوەی گرینگی بە عەلی شاکری بدات، دۆسیەیەکی ئەستووری دا بە سەنجابی و گوتی: "جەنابی وەزیر! هەتا من قاوەیەک ئامادە دەکەم، چاوێک لەو دۆسیەیە بکە".

هەر کە سەنجابی دۆسیەکەی وەرگرت، دەستی کرد بە لاپەڕە هەڵدانەوە و خوێندنەوە. ڕەنگی سپی هەڵگەڕا. باسم کرد کە دۆسیەکە ئەستوور بوو و سەنجابی بە پەلە لاپەڕەکانی هەڵدەدایەوە و هەندێک جار لەسەر هەندێک لە لاپەڕەکانی ڕادەوەستا. هاوکات لەگەڵ خوێندنەوەی دۆسیەکە، ئەو پیرەمێردە بەو کەشوهەوا ساردەی پاریس تەڕ ببوو لە ئارەقەدا. هێشتا هەموو دۆسیەکە نەخوێنرابووەوە کە سەنجابی هاوکات لەگەڵ بەستنی دۆسیەکە ڕووی لە یەزدی کرد و گوتی: "وا دیارە کە ئیمام هەموو کارەکانی پێشتر جێبەجێ کردووە! ئێستا بفەرموون کەوایە دەبێ چی بکەین؟".

دوکتور یەزدی بە پێکەنینەوە دۆسیەکەی لە دەست سەنجابی وەرگرت و گوتی: "بێگومان ئێوە ناڕۆن بۆ کەنەدا. ئەوە فەرمانی حەزرەتی ئیمامە و لە جیاتی سەفەر بۆ کەنەدا بەیانی دەچنە خزمەت ئیمام و پاشان ئەو ڕاگەیەندراوە کە ئەگەر پیتان خۆش بوو شتێکی پێوە زیاد یا کەم دەکەن، واژوو دەکەن، تا وەکوو دوایی بیدەین بە ڕۆژنامە و ڕاگەیەنەکان و بڵاوی بکەنەوە".

من هەرگیز نەمزانی کە نێوەڕۆکی دۆسیەکە چی بوو. قوتب زادە زۆر هەوڵی دا کە بە شێوەیەک لە شێوەکان ئاگاداری نێوەرۆکی بین، بەڵام نەیتوانی و هەر ئەوەندە دەتوانم بڵێم کە دوای بینینی دۆسیەکە بوو کە سەنجابی ڕاگەیەندراوە بەنێوبانگەکەی "نایاسایی بوونی ڕێژیمی پاشایەتیی لە ئێراندا" واژۆ و بڵاو کردەوە.

هەڵبەت بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی هاوشێوەی سەید جەلال تێهرانی، دەتوانی پێشبینی بکەی کە دۆسیەی سەنجابیش هەر شتێکی وا بوو.

بەڵام دۆسیەی سەید جەلال بەو شێوەیە بوو کە، ناوبراو وەکوو "سەرۆکی ئەنجومەنی پاشایەتی" هاتە پاریس تاکوو لەگەڵ خومەینی کۆ ببێتەوە. بە پێی بڕیاری پێشوو هیچ شەرت و مەرجێک بۆ کۆبوونەوەی سەید جەلال و خومەینی دیاری نەکرابوو، بەڵام دوای هاتنی سەید جەلال بۆ پاریس ۆ کۆبوونەوەیەکی شەوانەی خومەینی و یەزدی و دۆریان مەک گریێ و قوتب زادە و برووس لینگن و کۆلۆنێل تامسۆن، شتەکە گۆڕانی بەسەردا هات.

ئەو جارە من ڕاسپێردرام کە سەید جەلال بەرم بۆ شۆقەکەی شەقامی فووش.

هەر کە فەرمانەکەم بۆ هات، دووبارە هەستم بە بۆنی پیلانگێڕی و شانۆگەری کرد. پێم وا بوو کە یاری دیسان یاریی دۆسیەیە، بەو جیاوازییەوە کە ئەمجارە نێچیرەکە سەرۆکی ئەنجومەنی پاشایەتییە.

پاتریسیا درگای کردەوە و ئەم جارە بێجگە لە خانمی دۆریان مەگ گرێی، سەید ئەحمەد خومەینی و کۆلۆنێل تامسۆن و شێخ شەهاب ئیشراقی و موحەممەد مونتەزیریش لەوێ بوون. یەزدی دیار نەبوو و عەلی شاکریی بەستەزمانیش کە لەمێژ نەبوو هەشت هەزار فرانکی دزیبوو، بۆیە لەو جۆرە کارانە دووریان خستبووەوە و خۆی بە شتی دیکەوە سەرقال کردبوو.

دوای سڵاو و یەکتر ماچ کردن، شێخ شەهاب ئیشراقی گوتی: "ئێستا کە لە مقومقۆ و سەرئێشەی نووفێل لووشاتۆ ڕزگارمان بوو، باشتر وایە کە چاو لە فیلمێک بکەین."

چرای ژوورەکە کوژایەوە و کۆلۆنێل تامسۆن ئامێرێکی بچووکی نیشاندانی فیلمی خستە کار و دوای چەند چرکەیەک، لەسەر دیواری سپیی ژوورەکە فیلمێک پیشان درا. فیلمەکە بە خوانی تریاک و بافوور دەستی پێ کرد. جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی پاشایەتی سەید جەلال لەسەر دۆشەکێک پاڵ کەوتبوو و تریاکی دەکێشا. دیمەنەکانی دواتری زۆر قێزەونتر و پیستر بوون. ماوەی سێ چارەکە کاتژمێر هەمووومان بینەری هەوەسبازی و کاری سێکسیی ئەو پیرەمێردە لەگەڵ ژنانی قژزەردی لەشفرۆش و هاوڕەگەزبازیی ناوبراو بووین. بە دیتنی زۆربەی ئەو دیمەنانە کە تێیدا سەید جەلال تێهرانی پاڵەوان و ئەکتەری سەرەکی بوو، پیاو ڕشانەوەی دەهات. دیمەنەکان و شوێنی فیلم هەڵگرتنەکەش لە لای من ئاشنا بوو. هەمان ئۆفیسی قوتب زادە لە شەقامی کلیشی بوو. بە بینینی ئەو دیمەنانە دڵنیا بووم کە چەندین جار لە منیش و لە کاتی کاری جنسی لەگەڵ پاتریسیا فیلم هەڵگیراوە و دیمەنەکانمان تۆمار کراون.

دیمەنەکانی هەوەسبازی و هاوڕەگەزبازییەکانی سەید جەلال تێهرانی، پیسترین و قێزەونترین دیمەنێک بوون کە من لە هەموو ژیانمدا دیتبووم. ئەو پیرەمێردە لەڕ و لاوازە کە هەموو گیانی هەر ئێسک و پرووسک بوو، خۆی ڕووت کردبووەوە. ئەگەری ئەوەش هەبوو کە ئەو کارانەی لە ژێر کاریگەریی مادەی هۆشبەردا کردبێت. چوونکە بینەر بە بینینی ئەو دیمەنانە بە ڕاستی بێزار دەبووا! فیلمەکە کە دیار بوو لە ماوەیەکی دوور و درێژدا دروست کرابوو، ماوەی ٤٥ خولەکی خایاند. کاتێک کە چراکان هەڵکرانەوە، سەید جەلال تێهرانی وەکوو مشکێکی

لێ هاتبوو کە لە ئاویان هەڵکێشابێت. شێخ مەلا شەهاب ئیشراقیش لە کاتێکدا کە قاقای پێکەنینی لێ دەدا، گوتی: "فیلمێکی سەرنجڕاکێش بوو، ئاغای تێهرانی! ئێستا بەڕێزت بەم ڕابردووەوە دەتهەوێ بچیتە خزمەتی حەزرەتی ئیمام!؟".

تێهرانی سەری داخستبوو و بە دەنگێکی بەرز دەگریا. چەند خولەکێک دواتر، دۆریان مەک گرێی هاتە سەر ئەو کاناپەیەی کە سەید جەلال تێیدا چەقیبوو و دوای ماچکردنی گوتی: "بیری لێ مەکەرەوە، کەمتەرخەمی لە لایەن خۆتەوە بوو، دەنا ئەو جۆرە کارانە لە شەو و ڕۆژدا کەم ڕوو نادەن. بۆیە لەوانەیە دەستلەکارکێشانەوەی ئێوە لە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی پاشایەتی کۆتایی بەو دۆخە بێنێ!".

دوای چەند خولەک، دیسانەوە پاتریسیا خوانی تریاک و وافووری دامەزراند و سەید جەلال و شێخ شەهاب بەدەم تریاک کێشانەوە دەستیان کرد بە نووسین و داڕشتنی نووسراوەی دەستلەکارکێشانەوەی سەید جەلال!.

دواتر قوتب زادە بۆی باس کردم کە لە کاتی چاوپێکەوتنی سەید جەلال تێهرانی و خومەینیدا، خومەینی پێی گوتووە کە بیستوومە بەر لە نووسینی نامەی دەستلەکارکێشانەوەکەت، سەردانی سینەمات کردبووا!. لە تاران ئەو جۆرە فیلمانە پیشان نادرێن!. بۆیە هەر لێرە بمێننەوە بۆتان باشترە!. ئەوە بوو کە ئیدی سەید جەلال قەت نەگەڕایەوە بۆ ئێران.

بیرەوەرییەکانی من لە سەر ئەو ڕۆژانە ئیتر شتێکی گرینگ نین کە بە کەڵکی باسکردن بێن، من دەمەوێ دووبارەی بکەمەوە کە ئەمانە هەموو لە ڕاستیدا دەستپێک و سەرەتای بیرەوەرییەکانمن، بۆ ئەوەی بڕۆمە سەر بەشی سەرەکیی بیرەوەرییەکانم، کە ئەویش بیرەوەرییەکانی ئێرانمە.

داستانی سەفەری خومەینی لە پاریسەوە بۆ تاران، هەر ئەوە بوو کە لە تەلەڤیزیۆنەکان پیشان درا. نە لەو فڕۆکە "جێمبۆ جێت"ی ئەیر فڕانسەدا کە ئێمەی هێنایەوە بۆ ئێران، جێگە و دەرفەتی پیلانگێڕی هەبوو و نە ئەگەریش دەرفەت هەبوایە، لە بەرانبەر چاوی ئەو هەموو ڕۆژنامەوان و هەواڵنێرە دەکرا کاری وا بکرێت، بەڵام بەو حاڵەش دەکرێ بڵێین کە، تەنانەت پێش ئەوەی کە ئەو فڕۆکەیە لە فڕۆکەخانەی پاریس هەڵسێتەوە، ڕیزبەندییەکان دیاری کرابوون و کێشە و ناکۆکی لەسەر دوو پرسی حەپەلووشکردنی پارە لە نووفێل لووشاتۆ و هەروەها چۆنیەتیی دابەشکردنی پۆست و بەرپرسایەتییەکان لە داهاتووی ئێراندا هەبوو. هەر بۆیە هەموو ئەوانەی کە من دەمناسین، بە لالووتی لە تەنیشت یەکترەوە دانیشتبوون.

پیلانگێڕی و یارگیرییەکان هەر لە سەرەتای هاتنی خومەینی بۆ فڕۆکەخانەی "مێهرئاباد" دەستی پێکرد. قوتب زادە، بەنی سەدر، غەزەنفەر پوور، دوکتور ئیبراهیم یەزدی و حەسەن ئیبراهیم حەبیبی لە لووتکەی دەستە و گرووپە پیلانگێڕەکاندا بوون و لە بەر ئەوەی کە لە هەلومەرجی نووفێل لووشاتۆ و پاریس لە چەند مانگی ڕابردوودا ڕاهاتبوون بەوەی کە هەر کارێکیان ویستبا بە بێ کێشە و بە ئاسانی ئەنجام دەدرا، پێیان وابوو کە لە تارانیش هەر بەو شێوەیە دەبێت و چەند ڕۆژی سەرەتای هاتنیان کە دەبوایە بۆ پتەوکردنی جێگە پێی خۆیان لە تاران تەرخانیان کردبا، بە فیڕۆیان دا و ئەوە دەرفەتێکی گەورە بوو بۆ باڵی سەروێن بەسەرەکان کە ئایەتوڵڵا بەهەشتی سەرکردایەتییانی دەکرد و بە جۆرێک خومەینیی لە هاوڕێیانی سەردەمی پاریسی دابڕاند کە تەنانەت چاوپێکەوتنیان لەگەڵ خومەینی، دەبوایە بە تکا و پاڕانەوە و نێوبژیوانیی خاتوو دۆریان مەک گریێ ڕێک خرابا.

لە نێوان ئەو چەند کەسەدا، بە باوەڕی من سادق قوتب زادە لە هەموویان زیرەکتر بوو. قوتب زادە خاوەنی مێشکێکی تەواو بۆ پیلانگێڕی بوو و هێندێک تایبەتمەندیی تێدا بوو کە لەوانی دیکەدا بەدی نەدەکرا. بۆ خۆیشی باسی دەکرد کە ئەوانی دیکە لە من باشتر و زیاتریان خوێندووە، بەڵام هیچ نازانن و تێناگەن.

سەبارەت بە بەنی سەدر دەیگوت: "بەنی سەدر حەزی لە خۆنواندنە، بەڵام چوونکە کەم بیر و هۆشە، هەمیشە حەزی لەوەیە کە بە مرۆڤێکی خوێندەوار نیشان بدرێت. بووە بە مەراق بۆ بەنی سەدر کە ئەگەر بۆ یەک ڕۆژیش بێت لە زانکۆ دەرس بڵێتەوە!".

کە باسی دوکتور یەزدی دەهاتە گۆڕێ، دەیگوت: "مانگا لە بەرانبەر ئەو کابرایەدا "سوقرات"ە، کەمترین لێهاتوویی لەو مرۆڤەدا بەدی ناکرێت و هەر شتێک کە ئەمریکاییەکان پێی بڵێن، وەکوو سەربازێک جێبەجێی دەکات".

ڕوانگەی قوتب زادە لەسەر حەبیبی باش بوو و دەیگوت: "وشیار و فێڵباز و خۆپارێزە". ئەوانی دیکەی هەر پێ مرۆڤ نەبوو!.

هەر ئەو سادق قوتب زادەیەی کە گوتم کەسێکی زیرەک و وشیار لە نێو هەموویاندا بوو و دەیزانی چ بکات، هەر لە یەکەم ڕۆژی هاتنمان بۆ تاران و دوای ڕێوڕەسمی بەهەشتی زەهرا، لە شوێنی ژیانی خومەینی منی بانگ کرد و گوتی: "خۆت ئامادە بکە بۆ ئەوەی لەگەڵ پارتیزانەکانت بچیتە خزمەت ئیمام!".

گوتم: "چی بووە؟".

گوتی: "هیچ نیە، تەنیا ئیمام دەیهەوێ سپاستان بکات و پێم وایە سمێڵیشتان چەور دەکات".

هەر وەهاش بوو، خومەینی زۆری پێدا هەڵگوتین و سپاسی خزمەتەکانی پارتیزانەکانی من و بە تایبەت منی کرد و گوتی: "من دەزانم لەو دوو مانگەدا چەندە چەرمەسەری و ناخۆشیتان دیوە و بیستوومە کە چەند ساڵیشە لە خزم و کەسوکاریشتان دوور بوونە. ئێستا کە هەمووومان بە ساغی و سەلامەتی گەیشتووینەتە ئێرە و مەترسی لە سەرمان نەماوە و ئێرەش کەمێک ئاڵۆز و شێواوە و کۆبوونەوە و چاوپێکەوتنمان زۆرن و...، لەگەڵ پێشنیاری دوکتور یەزدی هاوڕام کە بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ بڕۆنەوە بۆ ماڵەکانتان و پشوویەک بدەن، بەڵام دەبێ ڕۆژی ١٨ی مانگ هەمووتان لێرە بن، چوونکە تازە کارەکانمان دەست پێ دەکەن. هەڵبەت بۆ بەڕێز جەعفەر ئاغا پێنج ڕۆژ زۆرە، بۆیە دەبێ بەیانیی ڕۆژی ١٥ی مانگ لێرە بێت!".

لە ژوورەکە هاتمە دەرێ، بەڕێزێک بە ناوی "دەستماڵچی" کە لە بازاڕییەکانی تاران بوو و دواتر بیستم کە خومەینی ئەویشی تیرباران کردووە، یەک میلیۆن تمەن پارەی نەختی لە پێش چاوی یەزدی و قوتب زادە پێدام تاکوو لە نێوان چەکدارەکانمدا دابەشی بکەم.

لە کاتی ماڵئاواییدا بە قوتب زادەم گوت: "نازانم، بەڵام هەست دەکەم کەسانێک هەن کە حەز ناکەن و نایانهەوێ ئێمە لێرە بین! خوا دەزانێ ئەو چەند ڕۆژە چی دەبێ"!.

قوتب زادە پێکەنی و گوتی: "جارێ خۆ هێچ دیار نیە، هەر خومەینی لێرەیە و هێندێک ئاخوندی ئەسپیۆن و پیس و بۆگەن. باشتر وایە کە پشوویەک بدەین هەتا خولی دووهەمی یارییەکە دەست پێ دەکات. تۆش بە ئاسوودەیی بڕۆ با ئەو ناپیاوانە پارەکانت نەخۆن و بەیانی ڕۆژی ١٥هەم لێرە بە!.

کاتژمێر لە دووی نیوەشەوی ڕۆژی پێنجشەممە تێپەڕیبوو و لە ڕاستیدا چووبووینە نێو ڕۆژی هەینی ١٣ی ڕێبەندان (بهمن)، بە ترومبیلێکی مێرسێدێس بێنزی ئاخرین مۆدێل کە هەمان دەستماڵچی پێی دام، بەرێ کەوتم بەرەو ئیسفەهان. لە کاتێکدا کە دڵەخورپەم هەبوو و ئەو دوورکەوتنەوەیە لە تارانم بە پیلان لە دژی خۆم دەزانی. بەڵام لە لای خۆم حیسابم دەکرد کە ئەوە هەینی دەستی پێ کردووە و من لەسەر داوای خومەینی، بەیانیی ڕۆژی ١٥هەم، واتە دوو ڕۆژی دیکە دەبێ بگەڕێمەوە بۆ تاران. هەینی پشوویە و دەمێنێتەوە یەک ڕۆژ کە ئەویش شەممەیە و بە ڕۆژێکیش کەس ناتوانێ کارێک بکات!. بەو دڵخۆشییانە کاتژمێر هەشتی بەیانی گەیشتمە قەهدەریجان.

دۆخی ژیانی باوکم و دایکم لە هەموو قەهدەریجان باشتر بوو. داوود و خوشکیشم باشترین ژیانیان هەبوو. دووکانی قەسابییەکەمان گەورەتر و پێشکەوتووتر ببوو. ئێستا چەند ساردکەرەوەی ویترینیی تێدا بوو.

هەم داهاتی دووکان زیاتر ببوو و هەم مانگانە دە هەزار تمەن، ژیانی ماڵەوەمانی گۆڕیبوو. دایکم بەردەوام بە قوربان و سەدەقەم دەبوو، بەڵام هەڵسوکەوت و ڕەفتاری باوکم زۆر گەرم و گوڕ و بە ڕێزەوە نەبوو!. لە کۆتاییدا باوکم خۆی پێڕانەگیرا و درەنگانی شەو کاتێک کە بە تەنیا ماینەوە، سەرکۆنەی کردم و گوتی: "نازانم چ دەکەی و ئەو ماوەیە لە کوێ بووی و چ کارێکت کردووە، بەڵام دڵنیام کە ڕێگەیەکی شەرەفمەندانەت هەڵنەبژاردووە!".

ئەوە دەقی قسەکانی باوکە پیرەکەم بوو کە دەیگوت: "من باش دەزانم کە لەم

سەردەمەدا، کەس بە بەلاش پارە نادات بە کەس. ترسم لەوەیە کە کەوتبیتە نێو کاری قاچاخ".

باوکم مرۆڤێکی قسە لەڕوو بوو. بۆ یەکەم جار و دواجار لە نێوان هەموو ئەو کەسانەدا کە لە هەموو تەمەنمدا ناسیمن، باوکم تەنیا کەسێک بوو کە پارە نەیتوانی فریوی بدات. نازانم، لەوانەشە لەبەر ئەوەی کە من کوڕی بووم، فریوی پارەی نەدەخواردا!.

تاقەتی قسە و باسم نەبوو لەگەڵ باوکم، چووم خەوتم و بەیانی لەگەڵ داوود قسەم کرد بەڵکوو بتوانێ کارێک بکات کە من لە گرتووخانە چاوم بە سەید مەهدی هاشمی بکەوێ. چووم بۆ گرتووخانە. داوود داوای چاوپێکەوتنی کرد بۆ ئەوەی ناوی من باس نەکرێت، بەڵام بەرپرسی گرتووخانە کە ئەفسەرێک بە ناوی "سەرهەنگ فەدەوی" بوو، ڕێگەی نەدا و بەم شێوەیە بە بێ هیوایی گەڕاینەوە. سەردانێکی بانکم کرد، بە هۆی خۆپیشاندانەکان بانکەکە داخرابوو. داوود گوتی: "بەنیسبەت پارەکان کێشەت نەبێ، چوونکە عەلی ئەکبەر پەروەرش هەموو وەسڵەکانی پێ داوە و نزیک بە دوو میلیۆن و ۴۰۰ هەزار تمەن پارە لە هەژمارە بانکییەکەتدا هەیە". جارێکی دیکە گەڕامەوە قەهدەریجان، ۵۰ هەزار تمەنم دا بە دایکم و ۲۰ هەزار تمەنیشم دا بە خوشکم و داوود و پێش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ گەڕامەوە بۆ تاران. هەستم کرد ئیدی قەهدەریجان جێگەی ژیانی من نیە!.

کاتژمێر شەشی دوانیوەڕۆ گەیشتمە خوێندنگەی "ڕیفاه". قوتب زادە منی بۆ سووچێک بانگ کردەوە و گوتی: "پاڵەوان! تۆ ڕاستت دەگوت و باش بوو زوو گەڕایەوە. ئەگەر بتوانی چەکدارەکانیشت ئاگادار بکەوە کە پێش لە ڕۆژی ۱۸هەم بگەڕێنەوە، چوونکە ئەو شۆڕشە بەو دایک قەحبانەوە، بە بێ ئێوە و کورەکانی لیبیا تام و چێژی نیە!. بۆ خۆشت باش گوێ بگرە و بزانە چی دەڵێم. سەرەتا لە لای دەستم دوور مەکەوەوە!. پاشان ئەو شێخ سادق خەلخاڵییە گرووپێکی فیدایی بۆ خومەینی پێک هێناوە کە وەکوو ئاو خواردن، سەری مرۆڤ دەبڕن، دوورخستنەوەی تۆ لەم چەند ڕۆژەشدا هەر بەو مەبەستە بوو، هەڵبەت کڵاو چووبووە سەر منیش و تۆ ڕاستت دەگوت. ئێستا ئێوە لێرەن و ئەو گرووپە لە بەچکە ئاخوندەکان، کە دەبێ هێزی خۆتیان پیشان بدەی. پاشان من توانیومە چایچی بکەم بە هەمەکارەی ئێرە و ڕامسپاردووە کە لەگەڵ تۆ وەکوو فەرماندەیەک هەڵسوکەوت بکات، بۆیە تۆش ئاگات لە دۆخەکە بێت کە تێکی

نەدەی. گرینگتر لە هەمووی، کاتژمێر ١٠ی شەو لێرە بە. بڕیار وایە پێکەوە بڕۆین بۆ شوێنێک، قسەکانی دیکەش دوایی دەکەین".

کاتژمێر دەی شەو قوتب زادە هات و گوتی: "با بڕۆین!".

پێش لەوەی خوێندنگەی ڕیفاه بەجێ بهێڵین، قوتب زادە گوتی: "ئاخوندەکان لە هەوڵدان کە هەموو شتێک لە دەستی ئێمە دەربێنن، منیش خەریکم گەمەیان پێ دەکەم، بەڵام تۆ لە بیرت نەچێت زۆربەی ئەو کەسانەی کە لێرە دەیانبینین، بە جۆرێکی دیکە سەیری ئەوانە دەکەن کە لەگەڵ خومەینی لە دەرەوەڕا هاتوونەوە. بۆیە ئێمەش دەبێ وریا و خۆڕاگر بین و ئاگامان لە خۆمان بێت. بۆ نموونە من حەز ناکەم تۆ وەکوو شۆفێرەکان لە پشت سۆکانی ترۆمبیل دابنیشی. تۆ فەرماندەی پارتیزانەکانی و لێرە دەبێ ڕۆڵی فەرماندەیەکی زۆر گرینگ و زیرەک بگێڕی، بۆ ئەوەی حیساب بێتە دەستیان و بترسن و واز بێنن! بۆیە بە هیچ شێوەیەک خۆت بە کەم مەگرە!".

کاتێک ترۆمبیلەکە بە شۆفێرێکەوە هات تا من و قوتب زادە هەڵگرێت و بمانبات، درگایان بۆ من و قوتب زادە کردەوە و ئێمە لە کورسیی دواوە دانیشتین. شۆفێرەکە مامۆستایەکی زانکۆی تاران بە ناوی "دوکتور پەرویز ساداتی" بوو.

بەرەو "زەعفەرانیە" بەڕێ کەوتین، من ئەو کاتە زانیم کە مەبەستی قوتب زادە لەو کارانەی کە دەیهەویست من بیکەم، چییە؟.

کوڕە قەسابی قەهدەریجانی و فەرماندەی پارتیزانەکانی پارێزەری خومەینی، دەبێ لەسەر کورسیی دواوەی ترۆمبیل پاڵ بداتەوە و دوکتۆرێکی شۆڕشگێڕ و مامۆستای زانکۆ ببێتە شۆفێری و پێی وابێت کە خەریکە خزمەت بە شۆڕش دەکات!. واتای قسەکەی قوتب زادە ئەوە بوو کە دەیگوت خۆت بە کەم مەگرە و وەکوو فەرماندەیەکی زیرەک هەڵسوکەوت بکە.

دوای کاتژمێرێک لە زەعفەرانیە چووینە ماڵێکی زۆر خۆش لە نێو کۆڵانی "ئێران". برای قوتب زادە، ئەندازیار تەوەسولی کە دواتر بوو بە شارەداری تاران، زەمانی(عەباس ئاغازەمانی) کە ناوی "ئەبوو شەریف"ی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو، موحەممەد ڕەزا مەهدەوی کەنی و براکەی و هاشمی ڕەفسەنجانی و ئەندازیار چەمران و ژنێکی چارشێوبەسەر و دەموچاو داپۆشراو لەوێ بوون.

هەر کە ژنە چارشێو بە سەرەکە بە هێوری گوتی: "جەعفەرا! یادی شەقامی فووش بەخێرا". زانیم کە خاتوو دۆریان مەک گرییە و بە بوونی لەوێ زۆر دڵخۆش بووم.

ئەو شەوە خاتوو دۆریان تاکە قسەکەری کۆبوونەوەکە بوو، تەنیا کاتێک کە پرسیاریان لێ دەکرد یا خۆی پرسیاری دەکرد، لە قسەکردن دەوەستایەوە. دامەزراندنی کۆمیتەکان و پلاندارێژی بۆ ئەگەری ژەهراوی کردنی ئاوی تاران و خولقاندنی کەشوهەوای ترس و تۆقان لە کۆمەڵگەدا سەرەکیترین مژارەکان بوون کە خاتوو دۆریان ئەو شەوە خستییە بەر باس و جێبەجێ کردنی هەرکامیان بە کەسێک لەوێ سپێردرا.

دامەزراندنی کۆمیتەکان کەوتە ئەستۆی مەهدەوی کەنی و براکەی، ئەندازیار تەوەسولی بە هاوکاریی زاوای بازرگان کە کەسێک بوو بە نێوی ئەندازیار حیجازی و لە کۆبوونەوەکەشدا بەشدار نەبوو، ڕاسپێردران کە گەڵاڵەی ژەهراوی کردنی ئاوی تاران دابرێژن و ئەگەر پێویست بکات بە کردەوە جێبەجێی بکەن و هەروەها، هەوڵدان بۆ پێکهێنانی کەشی ترس و تۆقاندن لە کۆمەڵگەدا و پلانی هێرش بۆ سەر ماڵ و ژیانی خەڵک و دەستدرێژی کردنە سەریان بە جلوبەرگی سەرباز و ئەفسەرانی ئەرتەشی شاهەنشاهی، خرایە ئەستۆی "زەمانی" واتە هەمان ئەبوو شەریف.

کاتژمێر دووی نیوە شەو قوتب زادە دەستی کرد بە قسەکردن و گوتی: "ئێمە بانگەشەی زۆرمان کردووە کە تێچووی شۆڕش لەلایەن بازارییانی تارانەوە دابین کراوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئێمە ١٦ میلیۆن دۆلارمان لە وڵاتێکی دۆستمان بە قەرز وەرگرتووە و دەبێ زوو قەرزەکە بدەینەوە، دەنا باس لە داهاتی نەوت دێتە ئاراوە. ئەورۆ کە چووم بۆ خزمەتی ئیمام، فەرموویان کە بەڕێز مەهدەوی کەنی یا هاشمی ڕەفسەنجانی و بەڕێزانی دیکە، لە کەمترین کاتدا و بە هەر شێوەیەک کە بە باشی بزانن، ئەو بڕە پارەیە دابین بکەن بۆ ئەوەی نەکەوینە ژێر کاریگەریی دەرەکی. کەواتە ئەرکی سەر شانی هەموومانە کە لە ماوەیەکی کەمدا، بۆ نموونە لە حەفتەیەکدا ئەو بڕە پارەیە بە هەر شێوەیەک کە پێتان باش بێت، کۆ بکەینەوە!.

هاشمی ڕەفسەنجانی گوتی: "ئیمام بە منیشی گوت، بەڵام نازانم ئەو بڕە پارە زۆرە چۆن پەیدا بکەین؟".

قوتب زادە گوتی: "من پێم وایە ئەبوو شەریف بتوانێ لەو پەیوەندییەدا کارێک بکات!. ڕاستە ١٦ میلیۆن دۆلار پارەیەکی زۆرە، بەڵام بە کەڵکوەرگرتن لەو بێسەروبەرییەی کە هەیە، دەتوانین بڕۆین بۆ مۆزەخانەکان و هەندێک شت دەربێنین و کێشەکەمانی پێ چارەسەر بکەین!".

ئەبوو شەریف گوتی: "مژاری هێنانەدەری ئاسەواری مێژوویی لە مۆزەخانەکان، بەو شێوەیە کە قوتب زادە دەڵێ، ئەوەندەش ئاسان نیە. مۆزەخانەکان لە ژێر چاوەدێریدان و چاک دەیانپارێزن، بەتایبەت لەو چەند مانگەی ڕابردوودا پاراستنی بە ئەندازەیەک توند بووە کە تەنانەت کۆترێکیش ناتوانێت لێیان نزیک بێتەوە".

هاشمی ڕەفسەنجانی و برایانی مەهدەوی کەنیش قسەکانی ئەبوو شەریفییان پێ درووست بوو و لەو پێوەندییەدا قسەیان کرد. بە گشتی هەموویان لەسەر ئەو باوڕە بوون کە ئەو کارە نایەتە دەست و بۆ دابین کردنی ئەو ۱۶ میلیۆن دۆلارە، دەبێ فکرێکی دیکە بکەینەوە.

خانمی دۆریان مەک گرێی بە بێدەنگی دانیشت تا هەموویان قسەکانیان کرد و پاشان لە خاڵێکی گرینگی دا یەکێک لە کارتە "ئاس"ەکانی خۆی خستەڕوو. خاڵێک کە مرۆڤ هەم کەیفی پێی دێ و هەم پێی تووڕە دەبێت کە بۆچی ئەو بیرۆکەیە بە مێشکی خۆیدا نەهاتووە. کاتێک قسەکانی هەموویان تەواو بوو، دۆریان بە دەنگی بەرز گوتی: "تا ئەو جێگایەی کە من شاهێدم، بەڕێز قوتب زادە هەر ئێستا مژاری دزیی لە مۆزەخانەی خستە بەر باس، لە کاتێکدا کە زانیارییەکانی ئێوە لەسەر چۆنیەتی پاراستنی مۆزەخانەکان پێشتر تاوتوێ کراون. من دەمەوێ بزانم و سووریشم لەسەری کە ئێوە ئەو هەموو زانیاریانەتان لە کوێ هێناوە و بە چ مەبەستێک کۆتان کردوونەوە؟".

بە بیستنی ئەو قسانە، ئەبوو شەریف و هاشمی ڕەفسەنجانی و موحەممەد ڕزا مەهدەوی کەنی ڕەنگیان بە ڕووخسارەوە نەما و هەرسێکیان هەوڵیان دەدا پاساو بۆ گەنەکارییەکەیان بهێننەوە. بەو پرسیارە یەک لەدوای یەکانەی کە دۆریان دەیپرسین، جار بە جار دەستی برادەران زیاتر ئاشکرا دەبوو. لە کۆتاییدا دۆریان بە تووڕەیی هەڕەشەی کرد کە، ئەگەر هەر ئێستا وەڵامێکی گونجاو نەبیسێت، ئەوە مەسەلەکە بە خومەینی دەڵێت و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوە کە لە بەرنامە و پلانەکانی داهاتوودا وەلابنرێن!.

هەڕەشەی دۆریان کاری خۆی کرد و ئەبوو شەریف گوتی: "ڕاستییەکەی ئەوەیە کە دوای ڕووداوەکەی گۆڕەپانی "ژاڵە"، ئێمە نەک لەبەر فرۆشتنی کەلوپەلی مۆزەخانە، بەڵکوو بۆ ئەوەی بتوانین زەربەیەکی دیکە لە ڕێژیم بدەین، پلانمان دارشت کە لە ئۆپەراسیۆنێکی پارتیزانیدا هەندێک لە کەلوپەلی مۆزەخانەکان ببەین و پاشان شا و دامودەزگاکانی حکوومەت بە تاڵانی ئاسەواری گرینگی مێژوویی تاوانبار بکەین. زۆریشمان زەحمەت پێوە کێشا بەڵام سەرکەوتوو

نەبووین!".

دۆریان وازی نەدەهێنا و گوتی: "پێم بڵێن کە یەکەم جار کێ ئەم بیرۆکەیەی خستە بەر باس و چ کەسانێک و چ کاتێک دەستتان پێ کرد و تا کوێ چوونە پێش؟".

ئەو جارە نۆرەی وەڵامدانەوەی هاشمی ڕەفسەنجانی بوو. ڕەفسەنجانی گوتی: "بیرۆکەکە یەکەم جار لە لایەن مامۆستایەکی زانکۆ بە ناوی "قائم مەقامی" خرایە بەر باس و لەبەرئەوەی پێویستمان بە نەخشەی مۆزەخانەکان بوو، توانیمان لە ڕێگەی مامۆستایەکی دیکەی زانکۆ بە ناوی "ناسر پاکدامەن" و هاوژینەکەی بە ناوی "هۆما ناتق" کە کچی ئەندازیار "ناسح ناتق" بوو، نەخشەکان دەستەبەر بکەین. دوو مانگ پلانمان دارشت، بەڵام لە قوناخی جێبەجێ کردندا، چوار کەس لە کوڕەکان گیران و ئێستاش لە بەندیخانەن، بۆیە ئێمە ناچار بووین پلانەکەمان بوەستێنین".

دۆریان مەک گرێی کە بە باوەڕی من هەموو زانیارییەکی لەو بارەوە هەبوو، تەنیا دەیهەویست لە زاری خۆیانەوە بیبیسێت و بە جۆرێک قوتب زادە زاڵ بکات بە سەریاندا.

لە کاتێکدا کە بە پێی ئەزموونەکانم دەمزانی کە خانمی دۆریان دەیتوانی زیاتر پێداگرێت، بەڵام باسەکەی بادایەوە و گوتی: "هەڵبەت کردەوەکانتان جێگەی دەستخۆشی و ڕێزن، بەڵام وادیارە کە بە گۆترە کارەکانتان کردووە".

بەهەرحاڵ، ڕابردوو تازە چووە، بەڵام لە بیرتان نەچێت کە ئەوسا "ساواک"ێکی بەهێز لەسەر کار بوو کە زۆر بە ئاسانی لەکارمان خست. ئێستا دۆخەکە بە شێوەیەکی دیکەیە و فەرمانبەرانی حکوومەت تاقەتی تێوەگلان لەو کێشانەیان نیە. بە بڕوای من گەڵاڵەی بەڕێز قوتب زادە دەبێ جێبەجێ بکرێت، بەتایبەت کە یەکێک لە باشترین فەرماندەکانی پارتیزان کە ئێستا گەورەی کردووین، هاوکاریمان لەگەڵ دەکات. بۆیە هەر بەو شێوەیە کە لە خزمەت ئێمام باسم کردووە، بەڕێز شەفیعزادە فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکە دەکات و دڵنیام کە سەرکەوتوو دەبێت، ئێوەش دەبێ هەتا پێتان دەکرێ پێداویستییەکانی بۆ دابین بکەن!".

ڕاستیەکەتان بوێت، ئەوەندە سەرم سووڕ مابوو و حەپەسابووم کە لەو کاتەدا جگە لە بێدەنگی هیچم پێ نەکرا!.

قوتب زادە تەنانەت پێی نەگوتبووم کە بۆ کوێ دەڕۆین و مەسەلە چییە و من

که به مەیلی خۆم و به بێ بەرنامەی لەپێشدا داڕێژراو له ئیسفەهان گەڕابوومەوه و هاتبوومه ئەوێ، ئێستا ببووم به فەرماندەی ئۆپەراسیۆنی هێرش بۆ سەر مۆزەخانەکان و تالان کردنیان!.

بەڵام دوای ماوەیەک که هاتمەوه سەر خۆم، بەو ئاوەز و وریاییەی که له خانمی دۆریاندا دەمبینی، هەستم کرد که به گۆتره ئەو پلانەی دانەڕشتووه و دڵنیام له پشت ئەو قسه و گەلاڵه و کۆبوونەوەیه، بەرنامه و نەخشەیەکی گەوره و ئەساسی هەیه.

بێ دەنگی و لەسەرەخۆیی من که به قسەی خانمی دۆریان به بەهێزی من لەلای ئاغاکانی بەشدار له کۆبوونەوه شوبهێندرابوو، دواجار بەو قسەیه که له داهاتوویەکی نزیکدا سەبارەت به وردەکارییەکانی بابەتەکه قسه دەکەین، شکا و چوونکه کاتژمێر بوو به چواری سەر له بەیانی و حکوومەت نیزامی بوو، بڕیار درا که هەموو بەشداران بێجگه له من و خانمی دۆریان و قوتب زاده لەوێ بمێننەوه تا دەبێته بەیانی.

کاتێک له ماڵەکه هاتینه دەرێ، گوتم: "لەگەڵ حکوومەت نیزامییەکه چی بکەین؟".

خانمی دۆریان له ژێر چارشێوەکەیەوه دەستی کێشام و گوتی: "بیری لێ مەکەوه!. من بابەتی حکوومەت نیزامییەکەم جێبەجێ کردووه!".

دەوروبەری کاتژمێر چوار و نیوی بەیانی کە لە ماڵەکەی شەقامی زەعفەرانیە هاتینە دەرێ، لەسەر بڕیاری دۆریان من چوومە پشت فەرمانی ترۆمبیلەکە و خۆی کە ئیدی چارشێوەکەی لابردبوو، بە قژی ڕووتەوە هات و لە پەنا دەستم دانیشت و قوتب زادە و شۆفێری پێشوو کە گوتم مامۆستای زانکۆ بوو، لە کورسیی دواوە دانیشتن.

هێشتا بە تەواوی نەچووبووینە نێو شەقامی "پەهلەوی" کە کارمەندانی فەرمانداریی نیزامی فەرمانی "بوەستە"یان پێداین. دۆریان دەستبەجێ گوتی: "سەرکێشی مەکە و بوەستە!".

پلەدارێک کە بڵیندگۆیەکی بەدەستەوەبوو گوتی: "دەستتان لەسەر سەرتان دانێین و لە ترۆمبێلەکە دابەزن".

دۆریان گوتی: "هەر چی گوت بیکەن".

هەموو لە ترۆمبێلەکە دابەزین. سەربازێک کەوتبووە سەر چۆک و بە تفەنگەکەی ئێمەی کردبووە ئامانج. پلەدارێکی دیکە هاتە پێش و پێی گوتم: "کارتی پێناسی خۆتم پێ بدە!".

پێش لەوەی کە من قسەیەک بکەم، دۆریان کارتی ڕێگەپێدانی هاتوچووی شەوانەی نیشانی پلەدارەکە دا. کارتەکەی وەرگرت و تەماشایەکی کرد و سەرنجێکی دۆریانی دا و پرسیاری کرد: "هەموو بەڕێزان لەگەڵ ئێوەن؟".

دۆریان وەڵامی بەڵێی دایەوە، پلەدارەکەیش سڵاوێکی نیزامی لێ کردین و ڕێگەی پێداین کە بڕۆین. ئەو سەربازەی کە لەسەر چۆک بۆمان دانیشتبوو هەستایە سەر پێ و ئێمە درێژەمان بە ڕێگاکەمان دا. من دیسان ڕاکێشی دنیایەک پرسیار ببووم؛ کە ئەو خانمی دۆریانە کێیە وا لە پاریس تا نێو دڵی تاران و لە دادگای فەڕەنسا تا فەرمانداریی نیزامیی تاران، ئەو هەمووە دەستی دەڕوا، فەرمان بە هەموو کەس دەکات و بۆ ئاخوندەکانی خومەینی خەت و نیشان دیاری دەکات؟.

ئەو پشکنینی شەوانە دوو جاری دیکەش دووبارە بوویەوە و هەر دوو

جارەکە بە هەمان شێوە دەربازمان بوو. بە ڕێنوێنیی دۆریان چووینە نێو شەقامی "دەوڵەت" لە "قۆلهەک" و لە کۆڵانی "داراب" بەرانبەر ماڵێکی جوان ڕامانگرت. دۆریان و قوتب زادە زیاتر لە ٢٠ بۆ ٢٥ خولەک بە زمانی ئینگلیزی قسەیان کرد و پاشان دۆریان داوای لێ کردم کە لەگەڵی دابەزم. قوتب زادە گوتی پێنج بۆ شەش خولەکی ماوە کە کاتژمێر ببێتە شەشی بەیانی و حکوومەت نیزامی تەواو بێت، پاشان گوتی: شەو جارێکی دیکە لەگەڵ خانمی دۆریان دەیانبینێتەوە. ئێمە خەریک بووین لە ماڵەکە وەژوور دەکەوتین، خانمی دۆریان دەستی بە درگاکەوە بوو کە ترۆمبێلی قوتب زادە بەڕێکەوت و ڕۆییشت.

چووینە نێو ماڵێک کە حەوشەیەکی گەورەی هەبوو و لە حەوشەکەش حەوزێکی گەورەی لێ بوو. پاشان چووینە نێو بیناکە. دۆریان جانتا و کەوشەکانی فڕیدا بۆ قوژبنێکی ماڵەکە و لە کاتێکدا کە کاناپەیەکی گەورەی بۆ دانیشتن نیشان دەدام، خۆی بەرەو لای تەلەفۆنی ماڵەکە چوو. کەمم نەگوتووە کە زیاتر لە کاتژمێر و نیوێک لەگەڵ چەند کەسی جیاواز بە ئینگلیزی قسەی کرد. کاتژمێر حەوت و نیوی بەیانی گووشی تەلەفۆنەکەی دانا و بە گاڵتە و پێکەنین و وەبیرهێنانەوەی بەسەرهاتەکانی پاریس و نووفێل لووشاتۆ ڕووی کردە چێشتخانەکە و ئەو جارە لە شکڵی ژنی ماڵدا دەستی کرد بە ئامادەکردنی خواردنی بەیانی. پێکەوە نانی بەیانیمان خوارد، لە کاتێکدا کە ئەو ژنە ماندوو نەناس و نامۆیە بۆ چرکەساتێکیش لە گاڵتە و پێکەنین نەکەوت. پاشان هاوکات کە سەرقاڵی کۆکردنەوەی سفرەی نان خواردنەکە بوو، گوتی: "هەردووکمان ماندووین و دەتوانین تا کاتژمێر دووی دوانیوەڕۆ بخەوین".

پاشان دەستی منی گرت و پاڵی پێوەنام بۆ حەمام و گوتی: "حەمامێکی بەیانی نیوەی ماندوویەتییەکەت لادەبات".

دووشی ئاوی گەرم لەو بەیانیە ساردەی زستاندا، بەڕاستی لە نەهێشتنی ماندوویەتی و بێخەویدا کاریگەریی باشی هەبوو.

کاتێک لە حەمام هاتمە دەرێ، دۆریان بە دەنگی بەرز هاواری کرد کە بڕۆم بۆ نهۆمی دووهەمی ماڵەکە. بەسەر پلیکانە فەرشکراوەکاندا سەرکەوتم و چوومە ژوورەوە. لە تاقە ژوورێکەوە کە دەرگاکەی کراوە بوو، خانمی دۆریانم بینی کە ڕووت و قووت لە حەمام هاتبووە دەرێ و کرێمی لە هەموو جەستەی دەدا، بڕیارمدا بگەڕێمەوە، گوتی: "تۆ بۆ ئەوەندە شەرمێونی!؟ هێشتا هەستت نەکردووە کە ئەگەر منیش وەک ئێوە پیاوانە هەڵنەکەوتایەم، لەم هەموو ڕووداوە لەگەڵتان

نەدەهاتمەوە!؟".
گوتم: "با، بەڵام منیش شەرم و حەیای گوندیی خۆمم هەیە!".
پێکەنی و گوتی: "ئەوە بۆ لەگەڵ پاتریسیا لەو شەرم و حەیا گوندییانەت نەبوو؟".
گوتم: "پێدەچێ ئێستا دەبێ فیلم و دیمەنەکانی خۆم و پاتریسیا ببینمەوە!".
لە کاتێکدا کە بە قاقا پێدەکەنی، خاولییە تەڕەکەی بەرەو لای من فڕێدا و گوتی: "نە! تۆ بەڕاستی کوڕێکی باشی".
هاوکات کە خەریک بوو جلوبەرگی ماڵەوەی لەبەر دەکرد گوتی: "پاتریسیا بۆی گێڕامەوە کە چەندە خۆشی دەوێی. لەوانەیە ئەگەر پاتریسیا قسەی دڵی خۆی لەلای من نەکردبا، منیش ئەگەر کاتم هەبا عاشقت بووایەتم!".
من دەمزانی درۆ دەکات. دۆریان لەو ژنانە بوو کە نەیدەتوانی قسەی ڕاست بکات. لەوانەیە بە هۆی تایبەتمەندیی کارەکەیەوە بوو کە نەیدەتوانی قسەی ڕاست بکات. ژنێکی سەربزێو و قون بە گێچەڵ بوو کە تەنیا سەری لە ڕووداو و گێچەڵ و بەڵا دەخورا. پاشان گوتی؛ بڕۆ و لە ژوورەکەی ئەو تەنیشتە بخەوە و هەتا کاتژمێر دووی دوانیوەڕۆ بە بێخەم بخەوە. پاشان خۆی هەتا ملی خزایە ژێر لێفەکەی. منیش چوومە ژوورەکەی تەنیشتی. ژوورێکی خاوێن و خۆش بوو کە هەموو دار و دیوارەکەی وێنەی ڕووت و قیزەونی ژنی سێکسی بوو. من نەمزانی کە ئەو ماڵە تایبەتە بە خانمی دۆریان یا خود ئەوەی کە بە ئەمانەت تێیدا دەژییا.
کاتژمێر ١٢ لە خەو هەستام. دۆریان دیسانەوە سەرقاڵی قسەکردن بە تەلەفۆن بوو. کەمێک سەرم دێشا. دوای ئەوەی کە قسەکانی بە تەلەفۆن تەواو بوو، پەرداخێک ویسکی بۆ تێکردم و خۆی سەرقاڵی لەبەر کردنی جلوبەرگ بوو. بۆ چرکەساتێک بە بیرمدا هات کە؛ ژنێکی جوانە و خۆیشی دەزانێ کە جوانە.
دۆریان هەمیشە ناکاوگیری دەکردم. لە کۆبوونەوەکان و لە کاتی قسەکردن لەگەڵ سەید ئەحمەد خومەینی و بەنی سەدر و قوتب زادە و سەرهەنگ تامسۆن و مێستێر ساندێرزی ئینگلیزی، زیاتر لە فەرماندەیەکی نیزامی دەچوو هەتا ژنێکی جوان و خۆشڕوو و سەرنجڕاکێش. کاتێک لەگەڵ خومەینی دەبوو، ژنانە و بێدەنگ و لەسەرەخۆ و هێور بوو، وەک ئەوەی مورید و خزمەتکاری بێت. زۆر بە ئاسایی ڕووت و قووت لە بەرانبەرم ڕادەوەستا. بەڵام کاتێک چارشێوە ڕەشەی دەدا بە سەریدا و ڕووخساری دادەپۆشی، حاجی خانمێکی ٦٠ بۆ ٧٠ ساڵەت دەدیت کە زۆر زۆر شارەزای کولتووری چارشێو بەسەردادان بوو. بۆیە

ئەوانە باس دەکەم، چوونکە لەوە بەدواوە زۆر لەگەڵی بەرەو ڕووو دەبینەوە و لە هەموو ڕووداو و بەسەرهاتەکاندا بەشداره، بۆیە حەز دەکەم تایبەتمەندییەکانی بە باشی بناسن.

ئەو ڕۆژەش دوای ئەوەی کە وەکوو ڕۆژانی پێشوو نەرمە ئارایشێکی گونجاوی کرد و پێکەوە سووکە نانێکی نیوەڕۆمان خوارد، لە ناکاو زۆر بە جیددی گوتی: "سەیرکە جەعفەر! نزیک بە دوو مانگ لە ناسیاریی من و تۆ تێپەڕ دەبێ، بەڵام من زۆر زووتر لەوانە دەتناسم. تۆ منت لە پاریس ناسی، بەڵام من لەگەڵ شێوازی کاری تۆ لە دەمشق ئاشنا بووم. تۆ چریک و پارتیزانێکی ڕاستەقینەی. تۆ دەتوانی ببی بە "کارلۆس"ێک. بەڵام ناچارم عەیبەکانیشت باس بکەم و تەنانەت پێت بڵێم کە بۆ داپۆشین و شاردنەوەی عەیبەکانت دەبێ چی بکەیت. ئەوەیە کە پێت دەڵێم، دەبێ زۆر ئاگات لە خۆت بێت، تۆ نەترس و بەغیرەتی، زیرەک و وریای، دەتوانی لە کەمترین کاتدا دژکردەوە لە خۆت نیشان بدەی، بەڵام عەیبێکی گەورەت هەیە، ئەویش ئەوەیە کە نەتەنیا خوێندەواریی بەرز، بەڵکوو سووکە خوێندەوارییەکیشت نیە و ئەوە لە هەموو شوێنێک بە زەرەرت تەواو دەبێ. تەنانەت ئەگەر دیپلۆمێکت هەبا، باش گوێ بگرە، مەبەستم خوێندەوارییەکی باشە، نەک تەنیا وەکوو بەڵگەنامەیەک، بە بڕوای من بۆ زۆربەی کارەکان گەلێ لەو کەسانە باشتری کە دەوروبەری ئەو پیرەمێردەیان(خومەینی) گرتووە. بەڵام چی بکەین! چارە نیە و ئێستاش ناتوانین هیچ کارێک لەو پەیوەندییەدا بکەین. بۆیە دەبێ ئەو عەیبی نەخوێندەوارییەت بە کارەکانی دیکە داپۆشی. بۆ نموونە گەلاڵەی دزی لە ئاسەوارە مێژووییەکانی مۆزەخانەی "ئێرانی باستان" و مۆزەخانەی "کاخی گوڵستان" دەتوانێ بۆ هەمیشە چارەنووست بگۆڕێت. ئێمە هەوڵ دەدەین کە هەموو کارەکان بە نێوی تۆ تەواو بێت و لەلای خومەینی تۆ وەکوو گەلاڵەداڕێژ و بەڕێوەبەری ئەو دزییە بناسرێی. کاتێک خومەینیش ڕۆڵی تۆی پەسند کرد، ئیدی دوژمنەکانت ناتوانن هیچ کارێک بکەن لە دژت".

کە قسەکانی تەواو بوو، گوتم: "قسەکانت ئەوەندە بێ پەردە و بێ توێکڵ بوون کە ڕاستییەکەی هێشتا نەمتوانیوە لە هەموویان تێبگەم، بەڵام ئەو بەشەی کە باسی دوژمنەکانی منت کرد، کەمێک تووڕە و دڵگرانی کردم. من هێشتا دەستم بە کارەکانم نەکردووە و شتێک نەهاتۆتە پێش کە ڕکابەڕ و دوژمنی بۆ پەیدا بووبێ".

دۆریان گوتی: "هەڵەی تۆ لێرەدایە. تۆ لە دنیای بچووکی خۆتدا ماویتەوە،

لەکاتێکدا کە خەڵکانی دیکە حیسابت لەسەر دەکەن. زۆربەی ئەو کەسانە کە بۆ مەشق و ڕاهێنان چووبوون بۆ دەمشق، لە زاری دۆستانی سووریی تۆوە، بەسەرهاتی جۆراوجۆری زیرەکی و لێهاتوویی تۆیان بیستووەتەوە و پێموایە هەموویان بەسەرهاتی تیرباران کردنی ئەفسەرە سوورییەکانیان بیستووە. لەسەر ئەو بنەمایەیە کە تۆ لەلای ئەوان کەڵە پیاوێکی لە دنیای چریکی و پارتیزانیدا".

ئەو پیاوە گەمژەیە کە ناوی خۆی ناوە "ئەبوو شەریف" و لەڕاستیدا لە هیچ تێناگات، یەکێ لە بێمێشکەکانی دەمشقە و ئێستا مەترسیدارترین دوژمنی بەڕێزتە و مەیلی لێیە وەکوو دەسپێکی ئەرکەکانی سەرت بە چەقۆی چێشتخانە بپەڕێنێت!. بۆیە دەبێ زۆر ئاگات لە خۆت بێت. باوڕت بە کەس نەبێ، کەمتر قسە بکە و زۆرتر لەسەر کردەوە جەخت بکەوە. تۆ دەبێ لە پەنا دەستی سادق بی. ئەو منداڵەش بە قسەی نەکردم و ئێستا بە تەنیا ماوەتەوە. تەنیا تۆی هەیە. زۆرێک لە کارەکانمان ڕێک خستووە. لەبیرت بێت کە ڕەمزی سەرکەوتنی تۆ لە هەرچی باشتر ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی مۆزەخانەی "ئێرانی باستان" و مۆزەخانەی "کاخی گوڵستان"ە.

من گوتم: "سەیرکە خانمی دۆریان!. ئێستا کە بە باشی من دەناسی، دەشزانی کە من نۆکەر و فەرمانبەرێکی باشم. ئەگەر پێم بڵێن لەوە بدە، ئەوە بگرە، ئەو کارە بکە، ئەو کارە مەکە، باش و زۆر باش ئەنجامیان دەدەم، بەڵام ئەوەی کە خۆم دابنیشم و گەڵاڵە دابڕێژم، لە توانامدا نیە و ناتوانم. بۆ نموونە لە پێوەندی لەگەڵ کاری مۆزەخانەکان، من لە هەموو ژیانمدا تەنانەت یەک جاریش نەچوومەتە مۆزەخانە! ئێستا چۆن دەتوانم بڕۆم و دزیی لێ بکەم؟".

دۆریان دیسان دای لە قاقای پێکەنین و گوتی: "دیسان خەریکی خۆت گەمژە دەکەی!. پێم وایە گوێت لە قسەکانم نەبووە. من گوتم من و دۆستان هەموو کارەکانمان ڕێکخستووە و پاشان دەیدەینە دەستی تۆ و تەواو".

لەو کاتەدا بوو کە لە زەنگی ماڵەکە درا و دۆریان بۆ کردنەوەی دەرگاکە چووە دەرێ لە ژوورەکە. دوای خولەکێک پێنج پیاوی ئەمریکایی مل ئەستوور و دوو ژن هاتنە ژوورەکە.

دۆریان منی پێ ناساندن، پاشان هەر لەو ژوورە کە ژووری نان خواردن بوو لەدەوری یەکتر دانیشتین. یەکێک لە ژنەکان کە ئێرانی بوو و ناوی "سوودابە" بوو، هات و لە تەنیشتم دانیشت و دوای کەمێک قسەی لاوەکی، قسەکردن بە زمانی ئینگلیزی دەستی پێ کرد و لە هەر جێگەیەک پێویست با، ژنە ئێرانیەکە

و خانمی دۆریان بابەتەکانییان بۆ یەکتر شی دەکردەوە. دوای نیو کاتژمێر قسەکردن، تازە بۆم دەرکەوت کە کاری دزی کردن لە مۆزەخانەکان لەلایەن ئەو پێنج کەسە ئەمریکاییەوە ئەنجام دەدرێت، نەک من یا ئەبوو شەریف یا داروودەستەی ئاخوندەکان!.

کۆبوونەوەکە تا کاتژمێر شەشی ئێوارەی خایاند و بڕیار درا بەیانی کاتژمێر دە دیسانەوە لە هەمان شوێن کۆ ببنەوە. ئەوان ڕۆییشتن و من و دۆریان دیسان بە تەنیا ماینەوە و دۆریان هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە لە پۆششی هەمیشەیی خۆی دەهاتە دەرێ و دەبوو بە ئیسلامی، پێی گوتم: "لەبارەی ئەو بەرنامە و دانیشتن و قسەکردنانە، جگە لە من و ئەو، تەنیا یەک کەسی دیکە دەتوانێ ئاگادار بێت، ئەویش سادق قوتب زادەیە". دۆریان بەتایبەتی پیداگری لەسەر دوکتور ئیبراهیم ئەزدی دەکرد کە بە هیچ شێوەیەک تەنانەت نابێ یەک وشەش ببیسێتەوە. دوای ئەو هۆشدارە دۆریان بۆ شوێنێک زەنگی لێدا و کاتێک گووشییەکەی دانا گوتی: "سادق تا چەند خولەکی دیکە دەگاتە ئێرە".

من گوتم: "خانمی دۆریان!. دەتوانم تەنیا یەک پرسیار بکەم؟".

گوتی: "بلێ".

گوتم: "ئایا خومەینی دەزانێ کە ئێمە دەمانەوێ ئەو ١٦ میلیۆن دۆلارە بەو شێوەیە بەدەست بێنین؟".

دۆریان دیسان دای لە قاقای پێکەنین و گوتی: "ئەگەر لەلای کەس باسی نەکەی، تەنانەت یەکەم جار ئەو بیرۆکەیە لە لایەن ئیمامەوە خرایەڕوو، بەڵام نە بەو شێوەیە!. ئەو ئیمامە لەو ئیمامانە نیە کە پێشتر بووتە!. ئیمامی ڕاستەقینەیە!. پاشان دیسان قاقایەکی تێ کرد".

ئەو دنیایەی کە دوو ساڵ بوو من چووبوومە نێوی، دنیای سەیروسەمەرەکان و سەرسوڕمان و ناکاوگیریی بوو. بەڵام ئەوەی کە خومەینی، واتە ئەو پیاوەی نازناوی ئایەتوڵڵای لەسەر بوو و ئەو هەموو ناو و ناوبانگەی هەبوو، گەڵاڵەی ئەو دزییە گەورەیەی داڕشتبێت، بەڕاستی باوڕم نەدەکرد، تەنانەت کاتێک کە دۆریانیش باسی کرد. هەر بۆیە قسەکانیم جیدی نەگرت و پاشان قوتب زادە هات و ئیدی دەرفەت نەما کە ئێمە زیاتر قسەی لێ بکەین.

ئەو جارە من لە پشت فەرمانی ترومبیلەکە دانیشتم و قوتب زادە لە تەنیشتم دانیشت و خانمی دۆریانیش کە بە تەواوی دەمو چاوی بە چارشێوی ڕەش داپۆشیبوو، لەسەر کورسیی دواوە دانیشت. قوتب زادە گوتی کە دەڕۆین بۆ

خویندنگەی "ڕیفاه" و پاشان مەیدانی "بەهارستان". بەڵام هەر کە گەیشتینە مەیدانی بەهارستان، گوتی لە شەقامی "شاە ئاباد"ەوە برۆ نێو کۆڵانی "زەهیرولئیسلام" و لە نێوەڕاستی کۆڵانەکە ئەمری کرد کە ڕاوەستم. هەر کە ڕاوەستام قوتب زادە دابەزی، ترومبیلێکی "بی ئێم دەبلیۆ"ی سەوز لە پشت ترومبیلەکەمان ڕاوەستا. دەستبەجێ دۆریان دابەزی و دەرگای پێشەوەی ترومبیلەکەمانی کردەوە و هات و لە پەنا دەستم دانیشت. لە کاتێکدا کە ترومبیلەکەم بە دووبلە ڕاگرتبوو، ویستم بیکوژێنمەوە، دۆریان گوتی: "نەک هەر مەیکوژێنەوە، بەڵکوو هەر کە ئیمام و سادق و دوکتور یەزدی سوار بوون، بەپەلە بەڕێبکەوە، بەڵام بە شێوەیەک کە ترومبیلە بی ئێم دەبلیۆکە بتوانێت بەدواماندا بێت و دەڕۆینە هەمان ماڵی کۆڵانی "ئێران" لە "زەعفەرانیە".

ئەو ڕاوەستان و چاوەڕوانیەی ئێمە کە پڕ بوو لە ترس و دڵەڕاوکێ، نزیک بە ٢٠ خولەکی خایاند تاکوو سەرەتا دوکتور یەزدی و پاشان خومەینی و قوتب زادە لە تاریکیی شەودا هاتن و سواری ترومبیلەکە بوون. هێشتا قوتب زادە دەرگای ترومبیلەکەی نەبەستبوو کە دۆریان بە تێکوتانی ئەنیشکی پێی گوتم کە برۆ و بەرەو زەعفەرانیە و منیش بەڕێ کەوتم.

بە درێژایی ڕێگاکە خومەینی و دۆریان قسەیان دەکرد و دۆریان لە پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتی "بەختیار" و ئەو پەیوەندییانەی کە لەگەڵی هەیەتی و هەروەها هەندێک هەواڵ لەبارەی مانەوە و نەخۆشیی شا لە دەرەوەی وڵات، زانیاریی دا بە خومەینی.

کاتژمێر هەشت و نیوی شەو بوو کە لە زەعفەرانیەوە چووینە نێو کۆڵانی "ئێران" و پاشان گەیشتینە هەمان ماڵ کە باسمان کرد. هیچ کەس جگە لە براکەی سادق قوتب زادە لەوێ نەبوو، بەڵام دوای چەند خولەکێک و کاتێک خومەینی لەسەر باڵنجێک دانیشتبوو، مەهدی بازرگان و دوکتور یەدوڵڵا سوبحانی و دەریادار مەدەنی و سەید ئەحمەد خومەینی هاتە ژوورەوە و دەور تا دەوری خومەینی و لەسەر عەرزەکە دانیشتن.

میوانەکانی دیکە ڕێک پێنج خولەک پێش دەستپێکردنی حکوومەت نیزامی، واتە کاتژمێر نۆ و پەنجاوپێنج خولەک هاتنە ژوورەوە. میوانە تازەکان "ویلیام سالیوان"ی باڵوێزی ئەمریکا و دوو کەسی هاوڕێی بوون کە یەکێکیان ئێرانی بوو. لەگەڵ هاتنە ژوورەوەی ئەو میوانانە، ئەوانەی ژوورەوە هەندێ خۆیان کۆ کردەوە بۆ ئەوەی جێگەی دانیشتنی ئەوانیش ببێتەوە.

من چاییم بۆ بردن و قوتب زادە بە ئیشارە پێی گوتم کە لەگەڵ براکەی، ژوورەکە بەجێ بێڵین. کاتێک هاتینە دەرێ قوتب زادە گوتی هەتا بانگمان نەکردوون، نابێ بێنە ژوورەوە و لەو ساتەوە ئیدی کەس بۆی نەبوو بڕواتە ئەو ژوورە.

من و براکەی قوتب زادە لە هاڵی ماڵەکە دانیشتبووین کە لەناکاو دەنگی زەنگی ماڵەکە هات، هەردووکمان حەپەساین و نەماندەزانی دەبێ چی بکەین. لەوکاتەدا برای قوتب زادە گوتی: "هەموو بەشدارانی کۆبوونەوەکە ئامادەن، کەواتە ئەوەی لە دەرگا دەدات، میوانێکی نەخوازراوە".

من ترسی ئەوەم هەبوو کە کارمەندانی فەرمانداریی نیزامی بن. کەسەکە هەر وازی نەدەهێنا و بەردەوام زەنگی ماڵەکەی لێدەدا. دوای دوو، سێ خولەک قوتب زادە هاتە دەرێ و گوتی: "چی بووە؟".

براکەی گوتی: "لە دەرکە دەدەن و ئێمە نازانین چی بکەین، دەرگاکە بکەینەوە یا نە؟".

قوتب زادە بە تووڕەیی گوتی: "لێی گەڕێن، دەرگای بۆ مەکەنەوە، با ئەوەندە لە دەرگا بدات تا چاوی دەردێت!".

من پرسیم: "مەگەر دەزانن کێیە لە دەرگا دەدات؟".

گوتی: "بەڵێ! ئایەتوڵڵا بەهەشتییە!".

ئەوەندە سەرم سووڕ مابوو! هێندەی نەمابوو هەناسەم بوەستێ. ئەگەر کەس نەزانێت، من دەزانم کە پاش میوانیەکەی باغی حاجی توراب، جڵەوی هەموو کارەکانی ئێران بەدەست بەهەشتییەوە بوو. ئەو بوو کە فەرمانی کوشتنی ئایەتوڵڵا شەمس ئابادیی دا. ئەو بوو کە دژبەرانی مەزهەبیی ڕژێمی شای ڕێک دەخست. ئەو بوو کە منی نارد بۆ سوورییە و لیبی. ئەو بوو کە شۆڕشی ئیسفەهانی ڕێک خست و گەیاندییە تاران. لە ڕاستیدا ئەو بوو کە هەموو ئەوانەی گەیاندبوو ئێرە، ئێستا چۆن دەکرێ باوڕ بکەی کە بە بەشداریی باڵوێزی ئەمریکا جێگەی هەموو کەس لەو کۆبوونەوەیە ببێتەوە، بەڵام جێگەی بەهەشتی نەبێتەوە؟!.

کۆبوونەوەی ئەو شەوە لە نێوان خومەینی و ویلیام سالیوان و دوو هاوڕێکەی، تا کاتژمێر شەشی بەیانیی ڕۆژی دواتری خایاند بە بێ ئەوەی کەسێک بێتە دەرێ یا بڕواتە نێو ژوورەکە.

کاتژمێر شەش و لە تاریکیی بەرەبەیانی زستاندا، سەرەتا باڵوێزی ئەمریکا و دوو هاوڕێکەی و پاشان بازرگان و هاوڕێیانی و لە کۆتاییدا تیمی خومەینی، کە ئێمە بووین لە یەکتر جیا بووینەوە و هەر کەسەو بەرەو شوێنێک چوو. تەنیا شتێک کە گۆڕدرا ئەوەبوو کە، سەید ئەحمەد خومەینیش هات و گەیشتە تیمەکەی ئێمە و دوکتور یەزدییش گەیشتە تیمەکەی بازرگان. ئەم جارە خومەینی و سەید ئەحمەدمان گەیاندە خوێندنگەی "عەلەوی". قوتب زادە لەگەڵیان ڕۆشت و گوتی؛ چەند خولەکێک چاوەڕوانم بە، کاتێک هاتەوە لە پێش چاوی دۆریان ١٠٠ هەزار تمەن پارەی کاشی پێدام و گوتی: "ئێستا با ئەوەندەت پێ بێت تا دوایی!".

پاشان گوتی: "سەرەتا ترومبیلەکە با لەلای تۆ بێت و سویچەکەی نادەی بە هیچ کەس، چوونکە بەم زووانە ئۆپەراسیۆنی سەر مۆزەخانەکان دەست پێدەکەی، بریارە و دەبێ چەند ڕۆژێک یەکتر نەبینین، بۆیە شوێنی مانەوەت لەلای دۆریان دەبێت و تەنیا ئەوە کە پێت دەڵێ کە دەبێ چی بکەی و چی نەکەی، بڕیار لە کەسی دیکە وەرناگری!".

ئەگەر کارمان بە یەکتر بێت، جا فەرق ناکات چ من کارم بە تۆ بێت و چ تۆ کارت بە من بێت، ئەوە خانمی دۆریان پەیوەندییەکەمان بۆ ڕێک دەخات".

یەکترمان ماچ کرد و من و خانمی دۆریان مەک گریێ کە کاتژمێر بە کاتژمێر گرینگیی لەلام زیاتر دەبوو، بەرەو ماڵەکەی بەڕێ کەوتین. دۆریان دیسانەوە لە پۆششی ئیسلامی هاتە دەرێ و هەر کە چووینە

ژوورەوە، لە مەودای چاو ترووکاندنێکدا، جلوبەرگەکانی داکەند و ڕووت و قووت کەمێک هاتوچوو و هاوکات کە دەچوو بۆ حەمام، گوتی: "نانی بەیانیی ئەمڕۆ تۆ ئامادەی دەکەی، جەنابی فەرماندەی ئۆپەراسیۆنی مۆزەخانە، لەشکرەکەت کاتژمێر ١٠ لێرە ئامادە دەبن!!".

دوای خواردنی نانی بەیانی و ڕێک ئەوکاتەی کە خەریکی کۆکردنەوەی سفرەی نانی بەیانی بووین، میوانەکانی ڕۆژی ڕابردوو هاتنە ژوورەوە و دوای یەک بۆ دوو خولەک دەستیان بە کارەکانییان کرد. لە چاوتروووکانێکدا سەر میزی نان خواردن و دار و دیواری ژوورەکە پڕ بوون لە نەخشەی جۆراوجۆر و ئەو قسانەی کە هەستم دەکرد هەرگیز کۆتاییان نایە، لە نێوانیاندا دەستی پێ کرد. دۆخی من بە هۆی نەزانینی زمان هەر دەهات، خراپ و خراپتر دەبوو. دۆریان و سوودابە ئەگەر کارێک پەیوەندی بە منەوە بایە، با لێرەشەوە بیڵێم کە زۆریش کەم بوون، ئەو بەشەیان بۆ وەردەگێڕام و منیش ئەو شتەی کە گوێم لێ دەبوو، دەبوو بە دەیان جار دووبارەم کردباوە، تاکوو ڕێبەری ئۆپەراسیۆنەکە کە سەرهەنگێکی ئەمریکایی بە ناوی "ویلیام بێیکێر" بوو، دڵنیا بێتەوە کە من لە ئەرکەکانم تێگەیشتووم.

لەسەر بڕیاری بێیکێر دەبوایە لە کاتی بەڕێوەچوونی ئۆپەراسیۆنەکە، سوودابە لە تەنیشتم بێت و لە ڕێگەی بێتەلێکەوە، ئەگەر بڕیار یا فەرمانێکی تازە گەیشت، ئاگادارم بکاتەوە.

کاتژمێر چواری دوانیوەڕۆ کۆبوونەوە شەش کاتژمێرییەکەی ماڵی خانمی دۆریان مەک گرێی کۆتایی هات. دەمانچەیەکی بچووک(گیرفانی) درا بە سوودابە و دەمانچەیەکی کۆڵتی ئەمریکایی و چەکێکی ئۆتۆماتیکی "یووزی"ی ئیسرائیلی دران بە من. ئەو ڕۆژە و ڕۆژی دواتر و شەوەکەیشی پشوومان دا و دواجار دووبەیانی کاتژمێر شەش لە ماڵی خانمی دۆریان ئامادە بووین بۆ ئەوەی ئۆپەراسیۆنی مۆزەخانەی "ئێرانی باستان" دەست پێبکات.

لە دوایین ساتەکاندا سەرهەنگ ویلیام بێیکێر پێڕستێکی پێدام کە تێیدا ٣٧ موسەلسەل و ١١ دەمانچەی کۆڵت، ٢٠ نارنجۆک، ٣٠٠ هەزار تمەن پووڵی کاش، ١١ دەست جلوبەرگی ئەفسەری کە سایزەکەیان لە تەنیشتیان نووسرابوون، هەنێک پەتی پلاستیکی، ئامێرێکی (بەرینەیەکی) هەڵکەندن و کون کردن و هەندێک کەرەستەی دیکەی تێدا نووسرابوون.

بێکێر گوتی: "ئەو پێڕستە دەبێ بدەی بە هاشمیی ڕەفسەنجانی و ئەبوو شەریف

و بە بێ پرسیار و باس و خواست، لایەنی کەم لە ماوەی ١٥ ڕۆژدا هەموو ئەو پێداویستییانە بە هەر شێوەیەک بێت ئامادەی بکەن و بیدەن بە تۆ".

ئەوە ئەو بەشە لەو بەرنامەیە بوو کە قەرار بوو ڕادەی ڕێبەریی و بەرپرسیارەتی من لە ئۆپەراسیۆنی مۆزەخانەکان، نیشانی ئێرانیەکان بدات. هێشتا میوانەکان بە تەواوی پێیان نەنابووە دەرەوە کە خانمی دۆریان گوتی: "من ئیتر وەڕەز بووم، تۆ ئەگەر دەتهەوێ حەمام بکەی، بیکە، من دەڕۆم بنووم. بەیانییش کارمان نیە، بۆیە زوو هەڵمەستە لە خەوا!".

منیش ئەوەندە ماندوو بووم کە تەنیا توانیم کارەکانی دۆریان کۆپی بکەم و هەر زۆر زوو خەوم لێ کەوت.

کاتێک لە خەو هەستام کاتژمێر ١١ی شەو بوو، دۆریان لە کاتێکدا کە تەنیا جلوبەرگێکی تەنکی خەوی لەبەردا بوو، لە تەنیشت تەختەکەی من دانیشتبوو و بە هێوری ویسکیی دەخواردەوە. بە شڵەژاوی لە جێگاکەم ڕابووم و هەوڵمدا خۆم داپۆشم. دۆریان دیسان وەکوو هەمیشە دای لە قاقای پێکەنین و گوتی: "جەعفەر! تۆ، نابی بە بەشەر! مەگەر کچی ١٤ ساڵەی کە شەرم لە خۆت و لەشت دەکەیەوە؟ من سەرەڕای ئەوەی کە ژنم، هێشتا وەک تۆ شەرم ناکەم. مەگەر ئەو چەند ڕۆژە کە چەندین جار منت ڕووت دیوە چی بووە؟".

بە پەلە گوتم: "نە! بە دڵنیاییەوە هیچ نەبووە! بەڵام هەندێک شتی وەک جلوبەرگ لەبەر کردن و لەبەر نەکردن ڕاهاتنە لە داب و نەریتەکان. ئێوە خووتان بەوە گرتووە ڕووت و بێ جلوبەرگ بێن و بڕۆن، بەڵام ئێمە کولتوورمان وایە کە خۆمان داپۆشین".

دۆریان دیسان پێکەنی و گوتی: "کەواتە، جەنابی فەرماندە هەرچی زووترە جلوبەرگەکانت لەبەر بکە بۆ ئەوەی نامووس و خووەکانت نەکەونە مەترسییەوە! ئەویش بەو نیوە شەوە!".

کاتژمێرێک دواتر بە دوو کەسی خواردنێکی شەوی زۆر بە تام کە لەلایەن دۆریانەوە ئامادە کرابوو، لەگەڵ کەمێ شەرابی فەرەنسیمان خوارد و دوای کەمێک قسەکردن سەبارەت بە داهاتووی کارەکانمان و هەندێک ڕێنوێنیی زۆر باشی خانمی دۆریان، مەست و سەرخۆش هەر لەو ژوورە و لەسەر کاناپەی نەرم و گرانبەها، خەومان لێ کەوت. بە لێدانی زەنگی دەرگا، سەرەتا من و پاشان دۆریان لە خەو ڕاچڵەکاین، نزیک بە دوو کاتژمێر بوو کە خەوتبووین، دۆریان دوای کەمێک بێدەنگی پێی گوتم: "تۆ بڕۆ دەرگاکە بکەوە و خۆشی هەوڵی

کۆکردنەوەی پەرداخ و شووشە شەرابەکانی دا".
کاتێک چوومە حەوشە، دنیا وردە وردە ڕووناک دەبووەوە و کاتێک دەرگام کردەوە، بە سەرسوڕمانەوە ئایەتوڵڵا "بەهەشتی" و دوکتور "مۆفەتێح"م بینی. هێشتا سڵاو و هەواڵپرسیمان تەواو نەببوو کە هەردووکیان هاتنە حەوشە و بەرەو ژوورەوە بەڕێکەوتن. دیار بوو کە ماڵەکەیان بە باشی دەناسی. دوای چەند ساتێک هەموومان لە هاڵی ماڵەکە ئامادە بووین. دۆریان هەر وەک پێشوو ئەو جلوبەرگە خەوە تەنکەی لەبەر بوو کە هەموو ئەندامانی لەشی لە ژێرەوە بە جوانی دیار بوون. دۆریان هەردووکیانی ماچ کرد و چەند خۆلەکێک هاوکات کە دەستەکانی لە دەوری ملی ئایەتوڵڵا بەهەشتی عەڵقە کردبوو، کەوتنە دانووستان. کاتێک کە من کەشەفی چایی و قاوەم دێنا بۆ ژوورەکە، ئایەتوڵڵا بەهەشتی بە تووڕەیی و دەنگی بەرزەوە دەیگوت: "ئەو پیرەمێردە خەرفاوە خەریکە گەمەم پێ دەکات!. من خەریکم لەوسەری دێمەوە، ئەو بەتەمایە کڵاو بنێتە سەرم. بڕیارە ئەمڕۆ کاتژمێر ۴ دوو کەسی کۆبینەوە. من ئێستا هاتووم ڕاوێژت پێ بکەم. بەم شێوەیە ناتوانین بەردەوام بین. ئەو سێ کەسە تازەپێداکەوتووە لووسکە وا کەس نازانێ سەری خاوەنەکەیان لە ئاخوڕی کێ بەندە، دەوری ئەو پیرەمێردەیان گرتووە و ئەویش هەر بە ڕاستی باوەڕی کردووە کە ئیمامە و کەوشەکانی لە بەر لاقی جووت دەبن!. پێرێ شەو لەگەڵ باڵوێزی ئەمریکا کۆبوونەتەوە. خەبەرەکە بۆ من هاتەوە. منیش چووم تا بزانم مەسەلەکە چییە. دڵنیا بووم کە هەموویان لەوێ بوون، بەڵام دەرگایان لەسەر نەکردمەوە. من ٢٠ خولەک زەنگی دەرگام لێدا ...".
دۆریان قسەکانی بە بەهەشتی بڕی و زۆر بە ڕاشکاوی گوتی: "منیش بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە بووم. لەناکاو نەبوو و لەپێشدا بەرنامەی بۆ داڕێژرابوو و هێچ پێویستی نەدەکرد کە ئێوە تێیدا بەشدار بن. چەند جار دەبێ ئەو باسە بێتە پێشێ و هەموو جارێکیش من شیی بکەمەوە بۆ تو و پاش حەوتوویەک دیسان هەمان قەوانی کۆن لێ دەیەوە؟ ئێرەش خەریکە وەکوو عێراق و پاریسی لێ دێت! لە کۆبوونەوەکەی پێرێ شەویش هەندێک مژار هاتنە بەرباس کە بەشێک لەوان ئیمام بۆ خۆی داوای کردبوو و دەبوو ئیمام و باڵوێزی ئەمریکا چارەسەریان کردبا، چ باشتر کە تۆ بەشدار نەبووی، دەنا لەوانەبوو پیرەمێرد قبووڵیان نەکات!. بەڵام هەمان قسەکان کاتێک باڵوێزی ئەمریکا پێشنیاری کردن، هەموویان قبوولیان کرد".
قسەکانی دۆریان وەکوو ئاوێک بوو کە بە ئاگردا بکرێت، ئەو قسەی دەکرد و

بەهەشتی و مۆفەتیح تەنیا گوێیان دەگرت. لە کۆتاییدا بەهەشتی گوتی: "کەواتە ئاوا؟!".

دۆریان زوو گوتی: "زۆر باشە! ئێستا ئەگەر بابەتەکە بە دڵی ئێوە، واتە تۆ و مۆفەتیح نەبوو، دەتانهەوێ چی بکەن؟".

بەهەشتی لە کاتێکدا کە پێدەکەنی گوتی: "لێرانە هەندێک کار دەکرێن کە هەم لەناکاو دێنە بەرچاو و هەم دواجار شا و ساواک ببنە هۆکار. سەیرکە دۆریان، خودی خومەینی کێشە نیە، من لەو سێ دیارییەی ڕۆژئاوا دڵگرانم، ڕێڕەوی هەموو شتێکیان گۆڕیوە!".

دۆریان زۆر لەسەرەخۆ و بە هێوری گوتی: "سەد جار دووپاتم کردۆتەوە کە هەموو شتەکان زۆر بە جیددی وەرمەگرە!. ئێستاش دووبارەی بکەمەوە؟".

هەموویان پێکەنین و بەهەشتییش کە ئیتر ئاسەواری توورەیی لە ڕواڵەتیدا بەدی نەدەکرا، گوتی: "ئەرێ بەڕاستی دۆریان قەرار وابوو کە ئەمڕۆ ئامانەتییەکان ئامادە بن، ئایا ئامادە دەبن؟".

دۆریان گوتی: "بەڵێ!. پێموایە تا نیوەڕۆ دەگەن، دەمێنیەوە یا دەڕۆی؟".

بەهەشتی گوتی؛ "دەمێنمەوە تا ئامانەتییەکان دەگەن. بەو شێوەیە کە دەچێتە پێش، دیار نیە کە کۆتایی کارەکان دەگاتە کوێ. ئەگەر نیزامییەکان کوودەتایەک بکەن، هەمووومان تێدا دەچین ....!".

کاتژمێر دە و نیوی بەیانی ماتۆر سیکلێتێک هات و ١١٧ جلد پاسپۆرتی ئەمریکایی دا بە دۆریان، دانووستانی ئەو سێ کەسە بەردەوام بوو.

دۆریان پاسپۆرتەکانی لە ماتۆڕسوارە پیرەکە وەرگرت، هاتەوە نێو هاڵی ماڵەکە و دوای ئەوەی کە پاسپۆرتەکانی لەگەڵ پێرستێک کە لەلای خۆی بوو بەراورد کرد، هەموویانی دا بە بەهەشتی و گوتی: "ئەوەش ئامانەتییەکان! هەم بە دارودەستەی بازرگان و هەم بە بەرەی نەتەوەیی و هەم بە مەلاکان بێژە، کە ئەگەر تەنانەت یەک دانە لەو پاسپۆرتانە بگاتە دەستی فەرمانبەرانی شا، هەموومان بە دڵنیاییەوە تێدا دەچین".

کاتێک بەهەشتی و مۆفەتیح ڕۆییشتن. دۆریان بە تەلەفۆن لەگەڵ هاشمی ڕەفسەنجانی و ئەبوو شەریف قسەی کرد و گوتی، بەڕێز شەفیعزادە، واتە من، دەیهەوێ ئەمشەو کاتژمێر حەوتی پاش نیوەڕۆ چاوی پێتان بکەوێ. شوێنی چاوپێکەوتنەکەش ماڵی دۆریان بوو. دیسان من و دۆریان بە تەنیا ماینەوە. پرسیارم لە دۆریان کرد و گوتم: "ئەو پاسپۆرتانە بۆ چی دەبن؟. ئەگەر بە کەڵک

دێن بۆچی دانەیەکیان نادەن بە من؟".

دۆریان گوتی: "ئەمجارە نۆرەی تۆیە کە خووەکانی من بشکێنی! خۆ تۆ دەزانی کە من عادەتم نیە وەڵام بدەمەوە بە هەموو کەس، بەڵام لە گاڵتە بەدەر، چوونکە دەمەوێ ڕۆژ بە ڕۆژ زانیارییەکانت زیاتر بن، وەڵامت دەدەمەوە. دارودەستەی خومەینی و بازرگان و بەرەی نەتەوەیی باوڕ ناکەن کە کاربەدەستانی داهاتووی ئێرانن. ترسێکی زۆریان لە کوودەتای نیزامی لە ئێران هەیە، پێیان وایە کە ئەگەر پاسپۆرتێکیان هەبێت، ئەوە دوای کودەتا دەتوانن لە ئێران ڕابکەن و بەم شێوەیە پارێزراو دەبن.

گوتم: "بەڵام خۆ ئەوانە هاووڵاتی ئەمریکایی نین!. لە دوورەوەش هاوار دەکەن کە لێرەوە هاتوون".

دۆریان پێکەنی و گوتی: "داماوانە دڵیان بەوە خۆشە، چی بکەین و هیچ ناکری؟".

گوتم: "یانی ئەمریکاییەکان هەر بەو ئاسانیە پاسپۆرت دەدەن؟".

دۆریان گوتی: "سەیرکە!. لەو شوێنانەی کە تۆ دەبێ هەندێک شت بزانی، هەندێک شوێنی ئاوان!. ڕاستە کە ئەو پاسپۆرتانە ئەمریکایین و لە باڵوێزخانەکەمان هاتوون. بەڵام لەو جۆرە پاسپۆرتانەن کە ئەگەر بیدەیتە دەستی هەر فەرمانبەرێکی ئەمریکایی، بە ژمارەکانیاندا دەزانن کە دەستکرد و ساختەن، کەواتە ئەم پاسپۆرتانە بەدەست هەر کەسێکەوە بگیرێن، لەگەڵ "ئێف بی ئای" و "سی ئای ئەی"، بەرەوڕوو دەبنەوە. ئەوکاتەیە کە ئیدی چارەنووسی خاوەنی پاسپۆرتەکان دیاری دەکرێت. ئێستا دەزانی بۆ چی تۆ ناتوانی و نابێ یەکێک لەو پاسپۆرتانەت پێ بێت؟".

گوتم: "ئەگەر پاسپۆرتێکی ڕاست و دروستم بوێت دەبێ چی بکەم"؟.

دۆریان دیسان دای لە قاقای پێکەنین و گوتی: "جەعفەر گیان، من هیچ ڕێگەیەک شک نابەم جگە لەوەی کە لەگەڵ من زەماوەند بکەی و بە جێگەی جەعفەر ببی بە "جێفری!".

تۆش کە لەو کەسانە نیت کە لەگەڵ ژنێک کە ڕووت و قووت لە بەرانبەر پیاوی بێگانە ڕاوەستێت زەماوەند بکەی!. کەواتە هەر بیریشی لێ مەکەوە!. بەڵام با لە شۆخی و گاڵتە بێینە دەرێ، بە دڵنیاییەوە دەلوێ کارێکت بۆ بکەم، بەڵام نەک ئێستا و لەو دۆخەدا! کەواتە جارێ ڕاوەستە!".

تا کاتژمێر حەوتی ئێوارە کە ئەبوو شەریف و ڕەفسەنجانی دێن، دەرفەتێکی زۆر باش بوو کە من باشتر لە پێشوو خانمی دۆریان مەک گرێی ئەمریکایی

بناسم. تا کاتژمێر حەوتی ئێوارە زیاتر لە سی جار تەلەفۆنیان بۆ کرد. لە هەموو جێگەیەکەوە. لە خوێندنگەی عەلەوی، لە شوورای شۆڕش، لە باڵوێزخانەی ئەمریکا، لە باڵوێزخانەی کەنەدا، لە باڵوێزخانەی ئینگلیز، دوو جار لە واشینگتۆن و یەک جاریش خومەینی!. فەرمانی بە هەموویان دەکرد کە ئەوکارە بکەن، نەخێر مەسڵەحەت نیە و ئەو کارە مەکەن. لە قسەکردنەکانی بە تەلەفۆن، چی بە کەسانی غەیری ئێرانی دەکۆت، نازانم، چوونکە زمانم نەدەزانی، بەڵام نێوچاوان و هەڵسوکەوتی هەمان شت بوو کە لە کاتی فەرمان دان بە ئێرانیەکان هەیبوو.

کاتژمێر شەش و نیوی دوا نیوەڕۆ، دۆریان دووبارە چووە نێو پۆششی ئیسلامی و چارشێو بەسەر چاوەڕوانی میوانەکان دانیشت.

لە لای ڕەفسەنجانی و ئەبوو شەریف دۆریان بە شێوەیەک هەڵسوکەوتی دەکرد کە من فەرماندەم و دۆریان فەرمان لە من وەردەگرێت، ئەوە لەکاتێکدا بوو کە لەوانەبوو ئەبوو شەریف ئەو شتە باوڕ بکات، بەڵام بە نیسبەت ڕەفسەنجانی کە لە کۆبوونەوەکانی پێشوو، بە بێ بەشداریی من هێز و توانای دۆریانی بینیبوو، نازانم ئەو شانۆ و گەمانە کە بەڕێوەیان دەبرد باوڕ بکات یا نە؟.

هەر ئەو ڕێگەیەم لە پێش بوو کە دەبێ قبووڵ بکەم هەموو کەس و یەکێکیان من، کۆمەڵە ئەکتەرێک بووین کە هەرچی دۆریان ویستبای دەبوو گەمەمان کردبا، بە بێ ئەوەی کە تەنانەت پەیوەندییەکی لۆژیکی لە نێوانیاندا هەبا!.

بە گشتی ئەو شەوە، شەوی نیشاندانی هێزی فەرماندەیی من بوو. هاشمی و ئەبوو شەریف بەپێچەوانەی کۆبوونەوەکانی پێشوو، ئەوەندە ڕێز و قەدریان لێ دەگرتم کە خۆم جار جار پێکەنینم دەهات.

پێش لەوەی کە من ئەو ڕیزبەندەی کە کۆلۆنێل پێیدابووم بدەم بە هاشمی و ئەبوو شەریف، هاشمی سەری قسەی کردەوە و گوتی:

"من خۆشحاڵم کە بەڕێز شەفیعزادە هاوکارێکی نەترس و زیرەکی وەکوو بەڕێز ئەبوو شەریفی بۆ خۆی هەڵبژاردووە. لە دوو و سێ ڕۆژی ڕابردوودا ئەبوو شەریف هەندێک کاری لە پێوەندی لەگەڵ پلانەکە ئەنجام داوە کە باشتر وایە خۆی هەندێک شیکردنەوەی لەسەر بدات!".

من حەپەسا بووم کە مەبەستییان لەو قسانە چییە. لێیان تێنەدەگەیشتم، چوونکە من هێشتا داوای هیچم لێ نەکردبوون. بەڵام لەناکاو هاتەوە بیرم کە نابێ من زۆر قسە بکەم، بەڵکوو دەبێ کەم قسە بکەم و زۆرتر گوێگر و هێور

بم. بە بێدەنگی بە بێ هیچ دژکردەوەیەک، چاوەڕوانی ڕاپۆرتی ئەبوو شەریف بووم. ئەبووشەریف لە کاتێکدا کە جانتاکەی دەکردەوە و پاکەتێکی لێ دەردەهێنا، گوتی:

"ئێمە لە ڕێگەی ئیمام و شۆڕشدا سەرمان پێوە نیە و گیان لەسەر دەست ئامادەی فیداکارییین و چوونکە دوای ئەو کۆبوونەوەی پێشوو پێمان وابوو کە دەبوو کارێک بکەین تا ١٦ میلیۆن دولارەکە پەیدا بکەین، بە ڕاوێژی ئایەتوڵڵا مەهدەوی کەنی هەندێک کارمان ئەنجام داوە کە عەرزتانی دەکەم".

ئەبوو شەریف پاکەتێکی لە جانتاکەی دەرهێنا و بۆ لای من درێژی کرد. منیش زۆر بە هێوری و لەسەرەخۆ، بە سەر ئیشارەتم کرد بە خانمی دۆریان و خانمی دۆریان پاکەتەکەی لە ئەبوو شەریف وەرگرت. پاکەتەکەی کردەوە، هەندێک جەواهیراتی تێدابوو کە هەڵیرشتە سەر زەوییەکە.

نازانم دۆریان ئەو کارەی بۆ کرد، بەڵام من پێموابوو کە بە نیشانەی نارەزایەتی کردی و لە کاتێکدا کە بزەیەکی گاڵتە ئامێزی هاتێ، گوتی: "دەی!. واتە .....؟".

ئەبوو شەریف کە شڵەژابوو، گوتی: "ئەگەر ئێمە فریا نەکەوتباین، خەڵکانی دیکە بردبوویان!. ئێمەش بیرمان کردەوە کە چلۆن بەشێک لەو ١٦ میلیۆن دۆلارە دابین بکەین!".

دۆریان لە بێدەنگی من کەڵکی وەرگرت و گوتی:

"سەیرکەن!. پێشتریش هۆشداریی ئەوەمان دابوو کە بە بێ پرس نابێ هیچ کارێک بکەن، ئێستا کە ئێوە ئەنجامتان داوە من چاوەڕوانم بزانم کە ئەوانەتان چۆن و لە کوێ هێناوە؟".

ئەبوو شەریف شیکردەوە و گوتی: "چوونکە زۆربەی "تاغووتی"یەکان ڕایانکردووە یان خەریکن ڕادەکەن، دزی لە ماڵەکانیان دەستی پێکردووە. ئێمەش لەگەڵ ئایەتوڵڵا مەهدەوی کەنی پێمان وابوو کە لەسەر مۆرە ناسراو و دەوڵەمەندەکان کار بکەین. ئەو جەواهیراتەشمان تەنیا لە دوو ماڵی تایبەت بە سێناتۆر موحەممەد عەلی مەسعوودی و مەحموود خەیامی دزیوە".

دۆریان ڕووی کردە من و گوتی: "بەهەرحاڵ ئەو کارە کراوە و ئێستا ئێمە چی بکەین؟".

دوای کەمێک بێدەنگی، گوتم:

"ئێستا لێرە هەموو شتێک لە بازنەیەکی بچووکدا و بە شێوەی دزییەکی شارەزایانە باس کراوە کە من نازانم چی بکەم. من تکام ئەوەیە کە شتەکە

شاراوە بمێنێتەوە، چوونکە ناکرێت شەو بڕۆنە دەرێ و دەست بکەن بە دزی. هەڵبەت بەڕێز ئەبوو شەریف خۆی چریک و پارتیزانە و دەزانێ کە پارتیزان تەنیا فەرمان ئیجرا دەکات، ئەو ئایەتوڵڵایەی کە ئەو فەرمانەی داوە هەڵەی کردووە و من ئیتر بە هیچ شێوەیەک ئامادە نیم کاری لەگەڵ بکەم. ئەو زبڵ و متوموورە گاڵتەجاڕانەش کە هێناوتانە بە هیچ شێوەیەک بارتەقای قەرزەکانمان بە وڵاتێکی دیکە نیە. بە گشتی تەنانەت ئێستا دیار نیە چەندە لەو خشڵانەی کە دەستییان بەسەردا گیراوە ئێستا لێرەن و چەندی لە شوێنی دیکەیە!".

هاشمی ڕەفسەنجانی کە بێدەنگ دانیشتبوو، زمانی هاتە گۆ و گوتی: "بەو متمانەیەی کە من بە ئەبوو شەریفم هەیە، بڕوا ناکەم شتەکان لەوانە زیاتر بن کە هێناونی بۆ خزمەت ئێوە".

دۆریان گوتی: "هەروایە کە ئێوە دەڵێن، بەڵام مەبەستی بەڕێز شەفیعزادە ئەوەیە کە ئەگەر بێ دەستور و فەرمانی جەنابیان کارێک ئەنجام بدرێت، لەوانەیە بە زەرەری هەموومان تەواو بێت".

ئەبوو شەریف گوتی: "من تەنیا نیەتم چاکە بووە و ئێستا دەبێ چی بکەین؟. تازە باش یا خراپ کارەکە کراوە!".

من هاوکات کە پێرستی کۆلۆنێل بێکێرم دەدا بە ئەبوو شەریف، گوتم: "کاری چریکێکی باش کە ئێوەن، دابین کردنی ئەو پێداویستیانەیە تا ١٥ ڕۆژی دیکە!".

دۆریان پێی گوتم: "ئەی چی لەو جەواهیراتە بکەین؟".

گوتم: "هیچ پێوەندییەکی بە من و پلانەکانی منەوە نیە.ماڵی دزراوە و با هەر خودی ئایەتوڵڵا مەهدەوی کەنی بێت و بیباتەوە خزمەت ئیمام، بۆئەوەی ئیمام حەڵاڵی بکات و پاشان دەردێکی پێ دەرمان بکەن".

هاشمی ڕەفسەنجانی گوتی: "بەم شێوەیە منیش پێموایە کە ئیمامیش هەر ڕەخنەمان لێ دەگرێ. من پێم وایە تازە هەڵەیەک ڕووی داوە و باشتر وایە کە خانمی دۆریان مەک گرێی کە لەگەل "بەیتی ئیمام" لە پەیوەندیدایە، ئەو زەحمەتە بکێشێت و لە کاتێکی گونجاودا شتەکە بە بێدەنگی چارەسەر بکات".

ئیتر من زۆر لەسەر بابەتەکە نەچووم و لێی گەڕام بۆ خۆیان لەسەری بڕۆن. بەڵام ئەنجامی قسە و باسەکان مانەوەی جەواهیراتەکە لە ماڵی دۆریان بوو.

کاتێک ئەو دوو کەسە ڕۆییشتن، بە بێ یەک و دوو دۆریان چارشێوەکەی فڕێدا و پەڕییە باوەشم و دوای ماچ کردنێکی زۆر، گوتی:

"جەعفەر!. تۆ تایبەت و بەهرەمەندی!. بەڕاستی دەستت خۆش!. شاکارت کردا!. گوێ نەدانت بەو گەنجینە گەورە و بەلاشە، تووڕەبوونت، بە ئەدەبەوە گوتت کە؛ چریک چەک دەدزێت نەک جەواهیرات و لە کۆتاییدا حەڵاڵ کردنی ماڵی دزراوا!. و لە هەموویان گرینگتر ئەوی کە بەڕاستی وەکوو فەرماندەیەکی بەهێز خۆت دەرخست".

گوتم: "ئێستا پێت وایە ئەوانە بایی چەند بن؟".

دۆریان گوتی: "نزیک بە ٢٠ هەتا ٢٥ میلیۆن دولار، بەڵام پێموانیە ئەو گەمژانە تەنانەت ئەوەش بزانن!".

دواجار ڕۆژی دیاریکراو گەیشت. واتە ڕۆژی ئۆپەراسیۆن بۆ سەر مۆزەخانەی "ئێرانی باستان" و مۆزەخانەی "کاخی گوڵستان". کاتژمێر شەشی بەیانی هەموومان لە ماڵی دۆریان مەک گریێ ئامادە بووین. سەرهەنگ ویلیام بێیکێر، چاوەدێر و فەرماندەی سەرەکی بوو. کاتژمێر حەوتی بەیانی بووین بە ٣٦ کەس. ١١ ئەمریکایی و ٢٥ ئێرانی کە بە فەرمانی بێیکێر جلوبەرگی ئەفسەر و پلەدار و سەربازانی ئەرتەشی ئێرانیمان لەبەرکردبوو. لەڕاستیدا کاتێک پرۆسەی لەبەرکردنی جلوبەرگ کۆتایی هات، ئەگەر من بە چاوی خۆم جلوبەرگ گۆڕینەکەم نەدیبا، بە دڵنیاییەوە باوڕم دەکرد کە هەموو نیزامیی ئێران و ئەرتەشی شان. لەسەر فەرمانی بێیکێر بەسەر دوو دەستەدا دابەش بووین و کەلوپەلی پیویستمان وەرگرت. هەموومان بێتەل و دەمانچەی کۆڵتمان پێ بوو و پلەدارەکان و سەربازەکان سەرەڕای دەمانچە، چەکی "یووزی" و "ژ٣"شیان پێ بوو. پاشان کارتی پێناسی نیزامی و کارتی فەرمانداریی نیزامیی تاران درا بە هەموویان و لە سەرۆکایەتی هەر دوو دەستەکەدا، کەسێک وەکوو سەرهەنگ بە نازناوی تایبەتەوە وەکوو فەرماندە دیاری کرابوو.

من و سوودابە و ئەمریکاییەکان، تەنیا کەسانێک بووین کە جلوبەرگی نیزامیمان لەبەردا نەبوو و ئەو بێتەلانەی کە بە ئێمە بوو، لەگەڵ بێتەلی ئەوانەی دیکە جیاواز بوو. چوونکە بە دوو فرێکانسی جیاواز کاری دەکرد.

دوای ئەو کارانە، کۆبوونەوەی کۆتایی لە ساڵۆنی نان خواردن و بە

بەشداریی هەموویان دەستی پێکرد و بە بێ ئەوەی من شتێک لە دانووستانەکانیان بزانم، ماوەیەک گوێیان لە قسەکانی بێیکێر گرت. سوودابە ببووە "گوێی من" و بە درێژایی ئۆپەراسیۆنەکە بڕیار و فەرمانەکانی لە بێیکێر وەردەگرت و بە منی ڕادەگەیاند.

کاتژمێر هەشت و نیوی بەیانی، من و سوودابە و بێیکێر و ئەمریکاییەکان تەنیا کەسانێک بووین کە دوای ماڵئاوایی لە دۆریان، ماڵەکەمان بەجێ هێشت. من و سوودابە سواری مێرسێدێس بێنز و بێیکێر و ئەمریکاییەکان سواری سێ ترۆمبێلی دیکە بوون و بەڕێ کەوتین.

هێشتا لە کۆڵانی "داراب"ەوە نەگەیشتبووین بە وێستگەی "قەنات" لە شەقامی "دەوڵەت"ی ناوچەی "قۆلهەک"، من لە ترسی ئەو دیمەنەی کە دیتم خەریک بوو دڵم لە لێدان بکەوێ و گیانم دەرچێ.

لە هەردوو لای شەقامی "دەوڵەت"، دوو کاروان ترۆمبیلی بارهەڵگر و جیپی نیزامی ڕووبەڕووی یەکتر ڕاوەستابوون.

بە شڵەژاویی و ترسەوە گوتم: "وابزانم پێوەبووین!".

سوودابە پێکەنی و گوتی: "نە! هەموویان دۆستانی خۆمانن. دوو خولەکی دیکە بەڕێدەکەون. ئێستا برێک برۆ پێشەوە و چاوەڕوان بە!. کاتێک ئەوانەی ئەملا وئەولا کەوتنە ڕێ بەرەو قۆلهەک، بە مەودایەکی دیاری کراو لە پشتە سەریانەوە برۆ، بەڵام تا دەگەینە شوێنی دیاری کراو، مەوداکە بپارێزە".

بە ناچاری مەودای ١٠٠ مەترێک وەپێش کاروانی نیزامی کەوتم و لە چۆڵایی شەقامەکە و لە گۆشەیەک ڕاوەستام. سوودابە بە بێتەل لەگەڵ بێیکێر قسەی کرد و دوای چەند چرکەیەک، کاروانی نیزامی بەڕێ کەوت. سەرەتا جیپێکی ئەمریکایی و پاشان جیپێکی ڕووسی و دواتر پێنج کامیۆنی بارهەڵگری ئەرتەشی هاتن و تێپەڕین و بە ئیشارەتی سوودابە، منیش کەوتمە شوێنییان.

هێشتا نەگەیشتبووینە سێڕێیانی قۆلهەک و جادەی قەدیم، لە ناکاو پەردەی برێزێنتی پشتەوەی ئەو کامیۆنەی کە لە پێش منەوە دەڕۆشت، لا درا و من لەوپەڕی ناباوەڕیدا، بە چاوی خۆم بینیم کە زیاتر لە ٣٠ بۆ ٣٥ سەربازی چەکدار لە کامیۆنەکەدا دانیشتبوون. بە دیتنی ئەو سەربازانە، بە سادەیی و خۆش باوریی خۆم پێکەنیم و تازە تێگەیشتم کە ئۆپەراسیۆنی دزی لە مۆزەخانەکان، بەو سادەییە نیە کە من بیرم لێ دەکردەوە. بەڵکوو ڕێکخستنی بەربڵاو و پلانی گەورە و بە هێز و تەنانەت مەشق و ڕاهێنانی زۆر لەو پەیوەندییەدا کراون.

ئەوەی کە بە نیسبەت دزی و دزیی سیاسی و پارتیزانی لە مێشکی مندا بوو، لەگەڵ ئەوەی لە پێش چاوانم بوو، زۆر زۆر جیاواز بوون.

لە ڕێگەی شەقامی "شمیران"ەوە بەرەو ناوەندی شار چووین. پۆلیسەکانی هاتوچۆ، تەنانەت ئەگەر چرای سووریش بایە، ترۆمبیلە ئاساییەکانیان ڕادەگرت بۆ ئەوەی کاروانی ئێمە تێپەڕ بێت، بەڵام ئەو هاوکارییەی پۆلیسی هاتوچۆ جارجارە شوێن هەڵگرتنەوەی من و ئەمریکاییەکانی لەگەڵ کاروانی کامیۆنەکان لەگەڵ کێشە بەرەوڕوو دەکرد. واتە ئەگەر کاروان دەرباز دەبوو، هەر کە چراکە سوور با، ئێمە ڕێگەمان نەبوو کە بەدوای کاروانەکەدا بڕۆین و ئەوەش ببوو بە هۆی ئەوە کە مەودای نێوانمان زیاتر بێت لە مەودای دیاریکراو. بەڵام بە گشتی جیا لەوە، هیچ کێشەیەکی دیکەمان بۆ نەهاتە پێش، هەتا کاروانەکە گەیشتە شوێنی دیاری کراو، تەنیا لە یەکتربڕی شەقامی "فیردەوسی" و گۆڕەپانی "تۆپخانە" و شەقامی "سپەه"، خەڵک هەندێک کامیۆنەکانیان دایە بەر بەرد و ئەوەش لەو ڕۆژانەدا کە دۆخەکە تێک چوبوو، شتێکی سەیر و سەمەرە نەبوو.

ڕێک کاتژمێر ١٠ی بەیانی، کاروان لە بەرانبەر مۆزەخانەی "ئێرانی باستان" ڕاوەستا و دەستبەجێ بێیکێر و یەکێک لە هاوکارەکانی لە ترۆمبیل دابەزین و هاتن بۆ لای من و سوودابە. هەر کە سواری ترۆمبیلەکەی ئێمە بوون، لە چاو تروووکانێکدا هەموو سەربازە چەکدارەکان لە کامیۆنەکان دابەزین و بە ئیشارەتی دەستی فەرماندەکەیان، هەر چەند کەسەو بەرەو شوێنێکی دیاری کراو ڕایانکرد. لە گرووپی ١٠ کەسیدا دابەش بوون، ١٠ کەس بەرەولای شەقامی "سپەه"، ١٠ یش بەرەو شەقامی "سەبت"، ١٠ نەفەر بەرەو "وەزارەتی کاروباری دەرەوە و شارەوانی گشتیی وڵات" و ١٠ نەفەری دیکەش بەرەو شەقامی "قەوامۆلسەڵتەنە" چوون و ئەوانی دیکە دەوروبەر و بەر دەرگای مۆزەخانەیان گەمارۆ دا. دوای چەند خولەکێک هاتوچۆی ترۆمبێل بە تەواوی ڕاگیرا. بێیکێر و سوودابە بەردەوام بە بێتەل قسەیان دەکرد. بە ئاشکرا دیار بوو کە هەر یەکیان بە فریکانسێکی جیاواز قسەیان دەکرد.

دوای دە خولەک سەرهەنگ بێیکێر و سێ کەس لە ئەمریکاییەکان، هاوڕێ لەگەڵ سەرهەنگ و هەندێک ئەفسەری دیکەی دروێین، لە پلیکانەکانی مۆزەخانەی ئێرانی باستان سەرکەوتن. چەند خولەکێک پێش ڕۆیشتنەکەی ئەوان، هەندێک ئێرانی بە جلوبەرگی ئاسایی لەبەر دەرگای مۆزەخانەکە ڕاوەستابوون و چاوەدێریی کارە سەرەتاییەکانی ئۆپەراسیۆنیەکەیان دەکرد. وەک ئەوەی لە

پێشترەوە چاوەڕوان بوون. دەستبەجێ هەموویان چوونە نێو بینای مۆزەخانە. ئێستا ئیدی جگە لە من و سوودابە و هاوڕێکەی بێیکێر و ئەو سەربازانەی کە مۆزەخانەکەیان گەمارۆ دابوو، کەسی دیکە لە گرووپەکەمان بەرچاو نەدەکەوت. ماوەی نیو کاتژمێر هیچ جموجۆڵێک بەدی نەکرا، جگە لەوەی کە سوودابە و هاوڕێکەی بێیکێر بە بەردەوامی بە بێتەلەکانیان قسەیان دەکرد. دواجار سوودابە بە خۆشحاڵییەوە ڕووی کردە من و گوتی:

"دەبینی کە ئەمریکاییەکان چ مۆعجیزەیەک دەکەن! کورەکانی کاخی گوڵستانیش سەرکەوتوون، ئەوانە هەموویان بەڕاستی شاکارن ...!".

پاشان بە بێ ئەوەی کە من دەرفەتی وەڵامدانەوەم هەبێ، سوودابە گوتی: "چەکە یووزییەکەت هەڵگرە و تۆش برۆ نێو بینای مۆزەخانەکە، چاوەڕوانی تۆن!".

گوتم: "بەڕاستی؟".

گوتی: "ئاسوودە بێخەم بە، هەموو شتێک بە پێی پلان دەچێتە پێش".

چەکە ئۆتۆماتیکە یووزییە ئیسرائیلییەکە لە پەنا دەستم بوو، هەڵمگرت و هەر هاتم دابەزم سوودابە گوتی: "بێتەلەکەت لەبیر نەچێ و لە هەر شوێنێک کێشەیەک هاتە پێش بە بێتەل پێوەندیم پێوە بگرە".

ئێستا کە ساڵانێک بەسەر ئەو بەسەرهاتەدا تێدەپەڕێت، دەبێ ئەوە بڵێم کە؛ ڕاستییەکەتان بوێت، تەنانەت ئەوکاتیش کە ئەزموونی ئەمڕۆم نەبوو، ئەو کارانەم بە مەیلی خۆم ئەنجام نەدەدا. بە هەر بارێکدا بیرم لێ دەکردەوە، ئەو کارە دزی کردن بوو و بۆ من مرۆڤ کوشتن ئاسانتر بوو لە دزی کردن. خۆیشم نازانم هۆکارەکەی چی بوو. بەهەرحاڵ تازە تووش ببووم و ڕێگای دووهەمم لە بەردەمدا نەمابوو.

سەرهەنگ ویلیام بێیکێر کە ئیتر منیش وەکوو هەموو ئەمریکاییەکان بە ناوی "بیل" بانگم دەکرد، لە دەرگای چوونە ژوورەوەی مۆزەخانەکە چاوەڕوانم بوو. هەر زوو دەستی منی گرت و منی بردە قاتی سەرەوە. بەپەلە چووینە نێو ژوورێک کە لەسەری نووسرابوو "بەڕێوەبەری گشتی".

هەر دەرگاکەم کردەوە دیمەنێکی دڵتەزێنم بینی و باوەڕم نەدەکرد.

نۆ کەسم بینی کە دەمیان بە تێپ(چەسپ) بەسترابوو و دەست و لاقیشیان لە دواوە بە پەت جەڕەبابە درابوو. هەموویان بە چاوی دەرپەڕیو و نیگەران بە دەمەوە لە نێوەڕاستی ژوورەکە کەوتبوون و دوو کەسی دیکەش کە بێگومان کوژرابوون، هەموو گیانیان خەڵتانی خوێن بوو و لە تەنیشت مێزی بەڕێوەبەری

گشتی کەوتبوون.
شکم نەبوو کە هەر ١١ کەسەکە، واتە نۆ دیلەکە و دوو کوژراوەکە کارمەندی مۆزەخانەکە بوون. هێشتا حەپەسابووم و باوەڕم نەدەکرد کە، دەنگی بێتەلەکەم هات و سوودابە گوتی:
"بەداخەوە تازە ئەو ڕووداوە ڕوویداوە و بێیکێر دەڵێ گرینگ نیە و هەموو شتێک بە پێی بەرنامە دەچێتە پێش. لە ئێستا بەولاوە ئەرکی تۆ ئەوەیە کە دیلەکان و تەرمەکان بۆ شوێنێک بگوازییەوە کە دواتر دیاری دەکرێت!. ئەگەر پێویستیت بە هاوکارییە باسی بکە!".
گوتم: "بەڵێ!. من پێویستیم بە چەند کەس لە پارتیزانەکانی خۆمە کە وەکوو ئەو گوێرەکانە نەبن!".
گوتی: "کەسانی تایبەتت لە نەزەردا هەیە؟".
گوتم: "بەڵێ! بەڵام سەرەتا با بزانم چەندەم کات لەبەر دەستە؟".
گوتی: "خولەکێک ڕاوەستە!".
کەمتر لە ٣٠ چرکە تێپەڕی و سوودابە دیسان بانگی کردم و گوتی:
"لە ئێستاوە تا خۆرئاوا!. پێتوایە بەستە؟".
گوتم: "زیادیشە، بەڵام لە بیرت نەچێت کە من بە تەنیا لێرە نامێنمەوە کە بکەومە داوی فەرمانبەرانی شا!".
سوودابە گوتی: "بە لایەنی کەمەوە من و ٢٠ هەتا ٣٠ کەسی دیکە ناچارین لێرە بمێنینەوە، بۆیە لەو بارەیەوە ئاسوودە بە!".
من گوتم: "هەر ئێستا دەمهەوێ لەگەڵ دۆریان قسە بکەم!".
گوتی: "لێی گەڕێ بۆ دوایی!".
گوتم: "دوایی نیە!. من ئێستا پێویستیم بە چریکەکانمە و ئەوان تەنیا دەتوانن لە دۆریان فەرمان وەربگرن. لە بیریشت نەچێت لە ئێستادا منم کە بڕیار دەدەم کە چی بکەین و چی نەکەین!".
سوودابە کە بە دەنگیدا دیار بوو نیگەرانە، گوتی: "تکات لێ دەکەم تووڕە مەبە، هەر ئێستا چارەسەری دەکەم!".
گوتم: "هەروەها دەمهەوێ بزانم چۆن بەو ڕۆژی ڕووناکە مۆزەخانە داخراو بووە؟".
گوتی: "هەمیشە ڕۆژانی پێنج شەممە مۆزەخانە داخراوە، چ بگات بەو ڕۆژانە کە سەگ خاوەنی ناناسێتەوە!".

گوتم: "لە بیرت نەچێت کە من چەکێکی ئۆتۆماتیکی یووزیم پییە و کڵاویش ناچێتە سەرم!. بۆ من مرۆڤ کوشتن وەکوو ئاوی خواردن وایە، هەموو ئەو ئەمریکاییانە دەنێرم بۆ جەهەندەم. بەتایبەت ئەمریکاییەکان. ئەوەش بەو کۆلۆنێلە درێژە بڵێ!".

سوودابە ئەو جارە بەدەم پاڕانەوەوە گوتی: "جەعفەرا! ت.کات لێ دەکەم توورە مەبە!. من دەزانم کە چەندە تووڕەی!. بەڵام ئەوە تەنیا ڕووداوێک بووا!. کوڕەکان لە کاخی گوڵستان کارەکانییان تەواو کردووە!. بە سەرکەوتوویی و بە بێ توندوتیژی!. بەڵام ئێستا لێرە وای لێهات، تۆ تەنیا هەوڵ بدە تووڕە نەبی!".

لەو کاتەدا سەرهەنگ بێیکێر کە کەمێک پێش ئەوە چوبووە دەرێ، هاتەوە نێو ژوورەکە و من لە خۆمەوە و بە تووڕەیی لوولەی یووزییەکەم بەرەوڕووی ڕاگرت و بە تووڕەییەوە هاوارم کرد، دەستەکانت بەرە سەر سەرت!.

ئەوەندە بە تووڕەیی و دەنگی بەرزەوە هاوارم کرد کە ڕێگەیەکی دیکەی نەبوو جگە لەوەی کە بە بێتەلەکەی دەستییەوە دەستەکانی بەرێتە سەر سەری. هەر لە خۆمەوە هاوارم دەکرد و بە هەر شێوەیەک بوو تێم گەیاند کە بێتەلەکەش لەسەر مێزەکە دابنێت. بێیکێر خەریک بوو بێتەلەکەی لەسەر عەرز دابنێت کە بێتەلەکەی من دەنگی دەرهات. سوودابە بوو، گوتی:

"چەند ساتێکی دیکە تەلەفۆنە بۆرەکەی سەر مێزی بەڕێوەبەری گشتی زەنگ لێدەدات و دۆریان دەیهەوێ قسەت لەگەڵ بکات!".

گوتم: "لەبیرت نەچێ ئەوە فێڵ نەبێ، چوونکە کۆلۆنێل بێیکێریش ئێستا دیلی دەستی منە!".

گوتی: "گاڵتە دەکەی!".

گوتم: "لەهەموو ژیانمدا گاڵتەم لەگەڵ کەس نەکردووە!".

گوتی: "ئەوە من هاتمە سەرەوە!".

گوتم: "هەر کەس بێتە سەرووەوە تەقەی لێ دەکەم، تەنانەت تۆش سوودابە!".

سوودابە کە بەڕاستی لە تووڕەیی من تێگەیشتبوو، بە ترسەوە گوتی: "بەڵام ئەگەر کۆلۆنێل نەتوانێ لەگەڵ نەفەراتی خۆی قسە بکات و فەرمانیان پێ بدات، ئەوە هەموومان دەکەوینە داوەوە!".

گوتم: "وایە، بەڵام بێجگە لە من!. بەڵام تا دۆریان قسە نەکات من کارەکەم درێژە دەدەم".

هەر لەو کاتەدا بوو کە تەلەفۆنە بۆرەکە دەنگی دەرهات و من وەڵامم دایەوە،

دۆریان بوو.

گوتی: "جەعفەر چی بووە و سپاس بۆئەوەی کە باوەڕت پێ کردووم، من دەتوانم چیت بۆ بکەم؟".

گوتم: "ئەوانە دوو کەسیان کوشتووە و نۆ کەسیشیان بە دیل گرتووە و ئەرکی پاراستن و گواستنەوشیان خستۆتە ئەستۆی من. قسەکان یەکتر ناگرنەوە!. من دەبێ ئەوانە لێرە بەرمە دەروە، پاشان دەڵێن تا ڕۆژئاوابوون کاتت هەیە. ئەوەش بەو واتایەیە و هەموو گەمژەیەک دەزانێ کە دەبێ چاوەڕوان بی تا بێن و قۆڵبەستت بکەن!. منیش بێیکێرم بە دیل گرتووە تا بتوانم لەگەڵ تۆ قسە بکەم!".

دۆریان بە نیگەرانیەوە پرسیاری کرد: "بۆ چی بێیکێر؟. ئەگەر بێیکێر نەبێت هەموو کارەکان پەکیان دەکەویت!. ڕێگەم بدە با من لەگەڵ بیل قسە بکەم!".

گوتم: "تۆ باوەڕت پێ هەیە؟".

دۆریان گوتی: "بە دڵنیاییەوە باوەڕم پێی هەیە"!.

گوتم: "کەواتە تەلەفۆنەکەی پێ دەدەم".

ماوەی دوو بۆ سێ خولەک پێکەوە قسەیان کرد، لەو ماوەیەدا من بێیکێرم کردبوو بە ئامانجی یووزییەکەم. کاتێک قسەکانییان تەواو بوو، بێیکێر تەلەفۆنەکەی لەسەر مێزەکە دانا و ئیشارەتی کرد کە قسەی لەگەڵ بکەم، دۆریان بەدەم پێکەنینەوە گوتی:

"سەیرکە جەعفەر!. ڕاستە تۆ هەندێ لاسایی پارتیزان و چریکەکانت کردۆتەوە، بەڵام بێیکێر دەڵی تۆ تەنیا کەسێک بووی کە مێشکت چاک کاری کردووە و لەمەودوا تەنیا لەسەر تۆ حیساب دەکات. کەیفی بە دەستوبردی تۆ هاتووە. من تا نیو کاتژمێری دیکە دێم بۆ لات. ئاگادار بە کە ئۆپەراسیۆنەکە بە باشی بەڕێوە چووە، بەڵام گواستنەوەی کەلوپەلەکانی نێو مۆزەخانە بە ڕۆژی ڕووناک ناکرێت، بۆیە دەبێ تا خۆرئاوا ڕاوەستین. سوودابە نەیتوانیوە ئەوە بۆ تۆ شی بکاتەوە. بێیکێر و ئەمریکاییەکان و بە گشتی ٥٠ کەس تا خۆرئاوا لەوێ دەمێننەوە".

گوتم: "تۆ بەڵێنی ئەو شتە دەدەی؟".

گوتی: "چ بەڵێن و سۆزێک لەوە باشتر کە خۆم لە تەنیشتت بم تا خۆرئاوا".

گوتم: "هیوادارم".

تەلەفۆنەکەم دانا و بە زمانی فارسی داوای لێبووردنم لە بێیکێر کرد و ویستم کە چاوی ماچ بکەم. بەڵام ئەو خۆشحاڵ بوو و بەردەوام دەیدا بە شانمدا و دەیگوت: "ئۆکەی جێفری! ئۆکەی جێفری!".

هەر کە بێیکێر لە ژوورەکە چووە دەرەوە، دیسانەوە تەلەفۆنە بۆرەکە زەنگی لێدا و من وەڵامم نەدایەوە، بەڵام دوای چەند ساتێک دیسان سوودابە بە بێتەلەکە گوتی: "دۆریانە و وەلام بدەوە".

دۆریان گوتی: "ئەوەندە شڵەژابووم کە بیرم چوو بپرسم کام یەک لە پارتیزانەکانت دەوێ؟".

گوتم: "منیش لە بیرم چوو. زەحمەت نەبێ بە قوتب زادە بڵێ چایچی و ئەحمەدی و جەمشید نەعمانی و تەقەوی نیام بۆ بنێرێ بۆ ئێرە".

دۆریان بە پێکەنینەوە گوتی: "هاوڕێیانی لیبی!".

گوتم: "ڕاستە، تەنیا ئەوان پیاوی کارن!. بەڵام ئەگەر حەزت لێ بێ مانۆڕێکیش نیشانی لایەنی دیکە بدەین، پێم وایە خراپ نیە کە بەرە بەرەی مەغریب ئەبوو شەریف بنێری سەرێک لەو دەوروبەرە بدات!".

دەنگی پێکەنینەکانی بەرز بووەوە و گوتی: "تۆ شەیتانێکی گەورەی!. بیر و مێشکت چاک کار دەکات. چاوەڕوان بە تا نیو کاتژمێری دیکە دەتبینم لەوێ!".

دوای نیو کاتژمێر، دۆریان مەک گرێی لای ئێمە بوو، لە نێوان دۆستان و دیلەکان و تەرمی دوو کوژراودا!. وەکوو هەمیشە جوان و دلڕفێن بوو. هەر کە هاتە ژوورەوە لە پیش چاوی دیلەکان و بێیکێر و ئەو دوو ئەمریکاییەی کە هاوڕێی بێیکێر بوون، منی لە ئامێز گرت و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ تەنانەت لێوەکانی ماچ کردم.

کاتژمێر یەکی دوانیوەڕۆ بوو کە چایچی و ئەحمەدی و جەمشید نەعمانی و تەقەوی نیا بە جلوبەرگی ئەفسەرانی تەکنیکیی هێزی ئاسمانی هاتن بۆ لامان. هاتنیان زۆر خۆش بوو و خۆشحاڵ بووم. بە بێ ئەوەی کە گرینگی بە حاڵی ئەو نۆ کەسە بدەین کە لەسەر زەوی کەوتبوون و هەروەها دیمەنی ترسناکی ئەو دوو کەسە کە لە تەنیشت مێزەکە کەوتبوون، کاریگەری لەسەر مۆرالمان هەبێت، سەرقاڵی یەکتر ماچ کردن و هەواڵ پرسیی یەکتر بووین. ئەوانم بە بێیکێر ناساند و پاشان هەموومان بە بەشداریی دۆریان کۆبوونەوەیەکی نیو کاتژمێریمان گرت سەبارەت بەوەی چۆن دیلەکان و تەرمەکان ڕاگوێزینە دەرەوە.

سەرهەنگ بێیکێر بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر گوێی لە قسەکانی ئێمە دەگرت و تەنانەت بۆ یەک جاریش دژایەتی قسە و بۆچوونەکانی ئێمەی نەکرد. دوای کۆبوونەوەکە دەستمان کرد بە ڕێگە خۆش کردن بۆ کارەکانمان کە بە داپۆشینی تەرمەکان دەستی پێ دەکرد!.

بەدەم کارکردنەوە بە کوڕەکانم گوت: "لەبیرتان نەچێت بڕیارە ئەبوو شەریف چاوترسێن بکەین. بۆیە ئاگادار بن هەرکە ئەو پیاوە بێقیمەتە هات، دەبێ هەموو کارەکان بە توندوتیژییەوە بکرێن".

دۆریانیش کە هاتبوو نێو گەمەکەوە، بە قاقای پێکەنین کوڕەکانی هان دەدا.

کاتژمێر چواری دوا نیوەڕۆ سوودابە بە بێتەل گوتی کە: "کەسێکی ڕیشنی ناشیرین هاتووە و داوای خانمی دۆریان دەکات".
هەمووومان پێکەنین!. دیار بوو کە ئەبوو شەریفە. چوونکە لە نێوان هەموو ئەو کەسانەی کە لە دەوروبەری خومەینی بوون، لە هەموویان ناشیرینتر بوو.
دۆریان گوتی: "من دەچمە خوارێ و بڕێک دەیخافڵێنم، بەو نیەتە کە جەنابی فەرماندە زۆر سەرقاڵە!".
دیسان هەمووومان پێکەنین. دۆریانیش کە بە کەیفێی بوو لەو گەمەیەدا ڕۆڵی هەبێت، ڕۆییشت هەتا هەندێ بە ئەبوو شەریف ڕابوێرێت!. ٢٠ خۆلەکی پێچوو هەتا بێتەلەکە دەنگی لێوەهات و دۆریان گوتی: "ئەبوو شەریف لێرەیە!".
گوتی: "١٠ خولەکی دیکە پەیوەندی بگرن" و قسەکانی پچڕاند.
دوای دوو، سێ جار دووبارە کردنەوە، دواجار دۆریان و ئەبوو شەریف هاتنە ژوورەوە. هەر کە چاوی بە نۆ دیلەکە کەوت بە دەست و قاچ و زاری بەستراو، ڕەنگی پەڕی، هەناسەی توند بوو و لە ترسان دەست و لاق و هەموو لەشی دەلەرزی.
با لێرەدا ئەوەش باس بکەم کە؛ ئەبو شەریف و زۆرێک لەو کەسانە کە ئەو ڕۆژانە دەوروبەری خومەینییان گرتبوو، چ ئەوانەی مێژەربەسەر بوون و چ ئەوانەی مێزەریان نەبوو و بانگەشەیان دەکرد کە دەورەی چریکی و پارتیزانییان بینیوە، لەو کەسانە بوون کە ئەو دەورەیەیان لە فەلەستین دیبوو و لەگەڵ ئەو خولانەی کە ئێمە لە لیبی دیتبووومان زۆر جیاواز بوو. وەکوو ئەوەبوو کە ئێمە دەورەیەکی

پارتیزانیمان لە جۆری ڕووسییەکەی دیبێت و ئەوان، مەشق و ڕاهێنانێکیان دیبوو لە ئاستی ئەو منداڵبازارِییەی زیاتر لە شانۆ دەچوون و یاسر عەرەفات بەڕێوەی دەبردن بۆ ئەوەی لە بەرانبەریاندا پارە وەرگرێت!.

بۆ ئەوەی ئاستی هزر و تێگەیشتنی ئەو ئەبوو شەریفە کە دواتر بوو بە سەرۆکی سپای پاسدارانی خومەینی دەربخەم، ئەوەندە بەسە بەڵێم کە؛ کاتێک هاتە ژوورەوە و دیتی کە نۆ دیلمان بە دەستەوەیە بە دەست و لاقی بەستراو و دوو تەرمیش لەویَ لە پەردەیەکەوە هەڵپێچراون و خۆیشی بە لاقی خۆی هاتووەتە مۆزەخانەی ئێرانی باستان، بە منی گوت:

"ئەو کەلوپەلانەی کە داوات کردبوون چەند ڕۆژی دیکە ئامادە دەبن ...!".

کاتێک بە تووڕەیی گوتم: "هەر لە سەرەتاوە دەمزانی کە منداڵەکانی تاران شەهامەت و توانایی ئەو کارانەیان نیە!".

هێشتا هەر نەیزانی کە دانی ئەو پێرستە و ناردنیان بۆ دابین کردنی کەلوپەلەکان، لە ڕاستیدا گەوجاندنیان بووە. گەوجاندنێک کە جارێکی دیکەش جەنابی ئەبوو شەریف دەبوو تووشی بێتەوە، ئەویش لە هەمان ڕۆژ و هەمان کاتژمێردا!.

ماوەی نیو کاتژمێر ئەبوو شەریف و دیلەکان و تەرمەکان و تەقەوی نیا هەر لەو ژوورە مانەوە و من و دۆریان هاوڕێ لەگەڵ چایچی و نەعمانی چووین بۆ لای بێیکێر و لەسەر پێشنیاری من بڕیار درا کە ئەرکێکی ساختەی دیکەی، لە ژێر چاوەدێریی چایچی‌دا بە ئەبوو شەریف بسپێرین.

ئەبوو شەریف ناچار بوو تا کاتژمێر هەشتی ئێوارە، واتە لە ماوەی کەمتر لە سێ کاتژمێردا، شوێنێک لە نزیک پادگانێکی نیزامی بدۆزێتەوە کە هەم پارێزراو بن و هەم دوو دەرگای چوونە ژوورەوەی هەبێت و هەم پێنج ژووری هەبێت، کارێک کە ئەنجامدانی مەحاڵ بوو.

کاتێک ئەبوو شەریف پێشنیارەکەی منی بیست، دەستەوەستان مایەوە. هەڵبەت فەرمان و دەستووراتی دیکەمان زۆر لەوەش بێڕەحمانەتر هەبوو، جگە لە هاشمی ڕەفسەنجانی بۆی نەبوو لەگەڵ کەسی دیکە پەیوەندی بگرێت. دوای چەند خولەک، چایچی کە بێ‌تەلێکی دوورمەوداتری پێ بوو، لەگەڵ ئەبوو شەریف لە مۆزەخانەکە چوونە دەرەوە و چوونکە بەرە بەرە هەوا تاریک دەبوو، ئێمەش ئامادەی بەشی سەرەکیی ئۆپەراسیۆنەکەمان دەبووین.

دوای نیو کاتژمێر پشتبەستوو بە ڕاپۆرتەکانی سوودابە، دیسانەوە هاتوچۆی شەقامەکانی سەبت و قەوامولسەڵتەنە ڕاگیرابوون و ئێمە توانیمان بەپەلە

سەرەتا تەرمی کوژراوەکان و پاشان نۆ دیلەکە بگوازینە نێو یەکێک لە کامیۆنە بارهەڵگرەکان. یەکێک لە ئەمریکاییەکان بە پەلە جلوبەرگی پلەدارێکی ئەرتەشی ئێرانی کردە بەری و لە پشت فەرمانی کامیۆنە بارهەڵگەرەکە دانیشت کە کوژراو و دیلەکانی تێدا بوو. تەقەوییش لێخوڕینی ترۆمبێلە مێرسێدێس بێنزەکەی منی گرتە ئەستۆ بۆئەوەی بە ڕێگەیەکی دیکەدا بڕوات و سەرەڕای پاراستنی پەیوەندییەکەی لەگەڵ ئێمە بە بێ‌تەل، کاتێک کە گەیشتینە شوێنی دیاری کراو، ئەوانیش پەیوەست بنەوە بە ئێمە.

کاتژمێر شەش و نیوی پاش نیوەڕۆ گەییشتینە گاراژێکی کۆن لە سێ ڕێیانی "ئەمین" و لەسەر بڕیاری دۆریان بە بێ ئەوەی لە ترۆمبێلەکان دابەزین، چاوەڕوان بووین. ئەو چاوەڕوانیەمان زۆری نەخایاند و کەمتر لە نیو کاتژمێر، واتە کاتژمێر حەوت و چەند خولەک، جارێکی دیکە بەرەو شوێنێکی نادیار بەڕێ کەوتین.

کاتژمێر نزیک هەشتی ئێوارە بوو کە چایچی بە بێ‌تەل قسەی کرد و گوتی: "ئەبوو شەریف هەتا ئێستا نەیتوانیوە کارێکمان بۆ بکات، چەند شوێنی دیاری کردبوو و سەردانمان کرد، بەڵام بە کەڵکی کاری ئێمە نەدەهاتن!".

من کە دەمزانی ئەبوو شەریفیش گوێی لە دەنگم دەبێ، بە تووڕەیی گوتم: "ئەو ساویلکانە هیچیان لەدەست نایە، من یەک کاتژمێری دیکە کاتتان دەدەمێ و ئەگەر هیچتان بۆ نەکرا، ئەوە قۆناغی دووهەمی گەڵاڵەکەمان دەچێتە قۆناغی جێبەجێ کردن!. هەروەها لەو یەک کاتژمێرەدا هەر ١٥ خولەک جارێک ئاگادارم بکەنەوە کە چیتان کرد و چیتان نەکردا". پاشان پەیوەندییەکەم پچڕاند.

هەمووومان و لەسەرووی هەموویان چایچی دەیزانی کە ئەو گەمەیە تەنیا بۆ شکاندنی ئەبوو شەریف و دارودەستەکەیەتی، دەنا، نە دەکرا لە ماوەیەکی ئاوا کەمدا شوێنێکی ئاوا پەیدا بکەن کە ئێمە داوامان لێ کردبوو و، نەیش ئەگەر پەیدا ببا جێگەی متمانە بوو. ئەو شێوە گەمە منداڵانەیە، تەنیا لەو کەسانە دەوەشێتەوە کە خولی ڕاهێنانیان لە کەمپەکانی فەلەستین دیوە، دەنا لە گەڵاڵەیەکی پارتیزانیدا پەیدا کردنی جێگەیەکی ئەوتۆ، لە خودی گەڵاڵەکە قورسترە. چوونکە وای دابنێین کە کاتی بەڕێوەبردنی بەپەلەی پلانەکەمان نیو کاتژمێر، یەک کاتژمێر یان بەلای زۆرییەوە حەوت بۆ هەشت کاتژمێر دەخایەنێت، بەڵام کاتێک دەگەیتە ماڵێکی پارێزراو و شاراوە، لەوانەیە بابەتەکە چەند ڕۆژ و تەنانەت چەند حەوتوو بخایەنێت، کە ئەوساش دەبێ بیر لە مژارەکانی پاراستن و ئەمنیەتی بکرێتەوە!.

بەڵام بەگشتی ئامانجی ئێمە شکاندنی ئەوانە بوو، چوونکە خۆیشیان تێگەیشتن

و ئەزموونی پێویستیان نەبوو، ئێمە سەرکەوتوو بووین. بوونی چایچی لەگەڵمان، ئەوەندەی دیکە ئێمەی لەگەڵ کار و پەیوەندییەکانیان ئاشناتر دەکرد.

واز لەوانە بێنین و بگەڕێینەوە بۆ گێڕانەوەی بیرەوەرییە سەرەکییەکان.

پێش لەوەی کە حکوومەتی نیزامی دەست پێبکات، لە شەقامە چۆڵەکانی "تێهران پارس"ەوە ڕۆییشتینە نێو خانوویەکی زۆر خۆش. بە بێ کێشە تەرمەکانمان گواستەوە بۆ ژێرزەمینی ماڵەکە و دیلەکانیشمان لە ژوورێکی دیکە دانا. وەک ئەحمەدی دەیگوت، کاری سەرەکیی ئێمە تازە دەستی پێدەکرد. برێک ئاومان دا بە دیلەکان و هەموویانمان بە نۆرە ناردە ئاودەست و دوای گەڕانەوەیان وەکوو نانی شەو هەندێک نان و غوراِبی و چای شیرینمان پێ دان و پاشان سەر لە نوێ دەم و دەست و لاقیانمان بەستنەوە. دیلەکانمان ڕادەستی ئەمریکاییەک و تەقەوی نیا کرد کە تازە گەیشتبووە ماڵەکە و هەمووومان بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی دیلەکان و درێژەی ئۆپەراسیۆنەکەمان چووین بۆ ژوورێکی دیکە. دۆریان کە بڕیار بوو بە هیچ شێوەیەک بەشداری ئۆپەراسیۆنی مۆزەخانەکە نەبێت، ئێستا و دوای ڕووداوەکەی بەیانی، ڕاستەوخۆ بەشدار بوو و وەکوو فەرماندەیەکی ڕاستەقینە هەڵسوکەوتی دەکرد. کارێک کە لەوکاتەدا زۆر بەجێ و پێویستیمان پێی بوو.

کاتژمێر ١١ی شەو، سەرەڕای ئەوە کە حکوومەت نیزامی دەستی پێ کردبوو، سەید ئەحمەد خومەینی و قوتب زادە و کەسێکی دیکە هاتنە ماڵەکە لە تێهران پارس و بە بێ یەک و دوو باسی ئۆپەراسیۆنەکە دەستی پێ کرد.

سەرهەنگ ویلیام بێیکێر، خانمی دۆریان مەک گریێ، سەید ئەحمەد خومەینی، سادق قوتب زادە، سوودابە و من و کەسێکی دیکە کە لەگەڵ ئەحمەد خومەینی هاتبوو، بەشداری کۆبوونەوەکە بووین. هەر کە سەرهەنگ بێیکێر ویستی قسەکانی دەست پێبکات، من بە قوتب زادەم گوت:

"لەوانەیە هەمووتان ئەو بەڕێزە بناسن، بەڵام من وا فێر کراوم کە هەتا کەسێک نەناسم، لەگەڵی تێوەناچم بۆ هیچ کارێک، ئێستاش پرسیارەکەم ئەوەیە؛ ئەو بەڕێزە کێیە؟. و بۆ دەبێ لەو کۆبوونەوە گرینگەدا بەشدار بێت؟".

بریسکەی چاوەکانی دۆریان و بێیکێر بۆی دەرخستم کە لە کاتێکی باشدا ئەو پرسیارەم کردووە. سوودابە خەریک بوو بۆ بێیکێری وەردەگێڕا و سەید ئەحمەد وەڵامی منی دەدایەوە و گوتی: "ئەو بەڕێزە سەرهەنگ "تەوەکولی" یە و جێگەی متمانەی هەمووومانە!".

لە کاتێکدا کە بە تووڕەیی و بەدەم هەڕەشەوە لە پشت مێزی نان خواردنەکە هەستام، گوتم: "من نە ئەو بەڕێزە دەناسم، نە پێشتر دیومە و نە ئامادەم بە بەشداریی بەڕێزیان یەک وشەش سەبارەت بە کارەکانمان قسە بکرێت".

سەرهەنگ تەوەکولی سپی هەڵگەڕا و هەموو جەستەی دەلەرزی و هەر بۆ ئەوە دەبوو لەو حاڵەدا تەماشای بکەی، تەنانەت زرەپێکەنینەکانیشی نەیدەتوانی ڕێگە لە لەرزینی جەستەی بگرێت.

هەر کە ویستم لە ژوورەکە بڕۆمە دەرەوە، سەرهەنگ بێیکێر کە لە جێگای خۆی هەستابوو، بەرەو لای من هات و دەستی کرد بە قسە کردن و دۆریان بە پەلە دەستی کرد بە وەرگێڕانی قسەکانی و گوتی: "ڕاست دەکەی و حەقتە، هەڵەکە لە منەوە بوو کە پێشتر نەمناساندا! کۆلۆنێل لە ئۆپەراسیۆنەکەدا زۆر ماندوو بووە، هەموو کامیۆنەکان و کەرەستە نیزامییەکان و جلوبەرگەکان لەلایەن ناوبراوەوە ئامادە کراون و ئەو ماڵەش تەنانەت ئەو بۆ تیمەکەی ئامادە کردووە. کۆلۆنێل لە نێو ئەرتەشی ئێراندا دەستی باش دەڕوات، هەرچەند بە فەرمی بەرپرسیارییەتی لە ئەستۆ نیە".

پاشان دۆریان دەستی گرتم و سەرلەنوێ لە دەوری مێزەکە دانیشتین. سەرهەنگ تەوەکولی کە هێشتا نەهاتبووەوە سەر خۆی، بەردەوام هەوڵی دەدا کە وا بنوێنێت کە وەکوو پارتیزانێکی لێهاتوو، من مافی ئەوەم هەیە هەڵوێستی ئاوا بگرم و بەگشتی شۆڕش و کاری شۆڕشگێڕانە پێویستی بە ڕێکخستن و کاری لەو شێوەیە هەیە. منیش سەبارەت بە هەڵسوکەوتە تاڕادەیەک توندەکەم داوای لێبووردنم لێ کرد. بەڵام ئەوانەی وا بەو هەڵسوکەوتەی من شاگەشکە ببوون، دۆریان و قوتب زادە بوون.

ئەو کۆبوونەوەیە هەتا بەیانی درێژەی کێشا. سەرهەنگ بێیکێر گوتی: "بە گشتی ١٦ سندووق لە هەردوو مۆزەخانە پڕ کراون لە ئاسەواری بچووک و سووک بەڵام بە نرخ و گرانبەها، کە بە پێی خەمڵاندنی ئەو پسپۆڕانەی کە چەند مانگە کاری لەسەر دەکەن، زیاتر لە ٤٠٠ میلیۆن دۆلار دەژێن".

دواتر چووینە سەر مژاری بڕیاردان لەسەر ئۆپەراسیۆنەکەمان و سەرهەنگ بێیکێر پێشنیاری کرد کە، لە ماوەیەکی کەمدا شتەکە ئاشکرا دەبێت. خومەینی دەبێ ڕاگەیەندراوێک بڵاو بکاتەوە و دزییەکە بخاتە ئەستۆی شا و دەوروبەرەکەی. پاشان فەرەح پەهلەوی، ئەشرەف پەهلەوی و شەهرام پەهلەوی نیا وەکوو ئامانجەکانی ئەو ڕاگەیەندراوە دیاری کران کە بە تاوانبار بناسرێن.

بێیکێر هەروەها پێشنیاری کرد کە هەتا ئەو ١٦ سندووقە لە ئێران دەبرێنە دەرەوە، پێویستە کە بسپێردرێنە دەستی من و پارتیزانەکانی لیبی.
پاشان باسی تەرمەکان و دیلەکان هاتە گۆڕێ. هەندێک لە بەشداران کە یەکێک لەوان سەید ئەحمەد خومەینی بوو. لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە، بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی هەنووکەیی، پێویستە هەر هەمان شەو هەموویان بکوژرێن و پاشان هەموویان پێکەوە بێسەروشوێن بکرێن.
من و سەرهەنگ تەوەکولی و دۆریان لە دژی ئەو کارە بووین و بەتایبەت من پێم باش بوو کە هەموویان زیندوو ڕابگرین، بۆ ئەوەی کە ئەگەر ڕووداوێکی نەخوازراو هاتە پێشێ، بتوانین وەکوو دیل کەڵکیان لێ وەرگرین. لە کۆتاییدا پێشنیارەکەی من پەسند کرا. بەڵام مژاری تەرمەکان کێشەیەکی دیکە بوو. لە ڕاستیدا تەرمەکان جگە لە کێشە و سەرئێشە، شتێکی دیکەیان بەدواوە نەبوو.
بێیکێر گوتی: "بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی هەنووکەیی، لەوانەیە دەوڵەت هەواڵی تایبەت بە مۆزەخانەکان بڵاو نەکاتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا دیلەکان بنەماڵەیان هەیە و ئێستا چەند کاتژمێرە لە چاوەڕوانی و نیگەرانیدان و بەدواداچوون دەکەن و ئەوەش کێشە ئەنێتەوە، بۆیە هەم دەبێ تەرمەکان بێ سەر بکرێن و هەم چارەنووسی دیلەکان بەزوویی بخرێت بە بارێکدا".
لە کۆتاییدا دۆریان کێشەی تەرمەکانی چارەسەر کرد. دۆریان گوتی: "ئەگەر هادی غەفاری دەستنووسی خومەینیی پێ بێت، ئێمە بە ئامبۆلانس تەرمەکان تا نزیک دەرگای چوونە ژوورەوەی "بەهەشتی زەهرا" دەبەین و لەوێ غەفاری تەرمەکان بە ناوی شەهیدانی کوژراوی دەستی هێزی سەبازییەکانی شا بە خاک بسپێرێت".
گەڵاڵەکەی دۆریان شاکار بوو و با هەر لێرەدا ئەوە بڵێم کە هەر بەو شێوەیە چووە قۆناغی جێبەجێ کردن و پاش خوپیشاندانی بەرانبەر ژاندارمێری کە ژەنەڕاڵێکی شا تێیدا کوژرا، تەرمەکان ڕادەستی هادی غەفاری کران و ئەویش بە ناوی شەهیدی دەستی فەرماندارییی سەربازی، ڕادەستی خەڵکی کردن.
کاتژمێر هەشتی بەیانی و پاش کۆتایی هاتنی کۆبوونەوەکە، بڕیار وابوو کە؛ من و دۆریان و کۆلۆنێل بێیکێر بۆ وەرگرتنی ١٦ سندووقەکە بڕۆین و قوتب زادەش ئامبۆلانس بنێرێت بۆ ڕاگواستنی تەرمەکان و پاشان جگە لە دیلەکان و پارتیزانەکانی من، کەس لەوێ نەمێنێت و کەسیش سەردانی ماڵەکە نەکات.
لە پێش چاوی هەموویان فەرمانم کرد بە پارتیزانەکانم کە؛ ئەگەر کەسێک

ویستی بێتە ژوورەوە تەقەی لێ بکەن!.
کاتێک بێیکێر و دۆریان و من ماڵەکەی تێهران پارسمان بەجێ هێشت، تەنیا دیلەکان، سوودابە، نەعمانی، تەقەوی نیا و ئەحمەدی لەو ماڵە مانەوە و ئەحمەدی پێگەی فەرماندەی هەبوو لە نێویاندا.
لە ڕێگەی شەقامی چل و پێنج میتریی "نارمەک"ەوە چووین بۆ "قۆلهەک" و لەوێشەوە چووینە ماڵی دۆریان. هەر ١٦ سندووقەکە لە ماڵی دۆریان بوون. من بە وردبینیەکی زۆرەوە سەرقاڵی وەرگرتنی سندووقەکان بووم. کێشیان زۆر نەبوو، هەستم دەکرد کە دەکرا هەر ١٦ سندووقەکە بکرێت بە سندووقێک. بەڵام ئەوەندە بە شارەزایی پێچرابوونەوە کە شکم نەبوو لە نیزامییە درۆیینەکانی دۆینێ، هەندێکیان شارەزای ئەو بوارە بوون.
بۆ من کە ئەوکاتە هیچ شارەزاییەکم لەو پێوەندییەدا نەبوو، هەموویان هەندێک دەفر و گۆزەی کەل بوون کە بە کەڵکی هیچ نەدەهاتن. لە ڕاستیدا چەند پارچە زێڕی شەق و شڕ و چەند کتێبی دەستنووس و چەند تابلۆی نەقاشی بوون کە بە هیچ کلوجێک ٤٠٠ میلیۆن دۆلار هیچ، ٤٠٠ تمەنیشیان نەدەهێنا!.
با لێرەدا ئەوەش باس بکەم کە پاش چەند ڕۆژێک، شێخ مەحموود مونتەزیری ڕاسپێردرا کە سندووقەکان بۆ دەرەوەی وڵات ڕاگوێزێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێوەندییەی کە لەگەڵ عەبدولسەلام جلوود، پیاوی ژمارە دووی لیبی هەیبوو، ڕووداوەکەی فڕۆکەخانەی مێهر ئابادی خولقاند و هەر ١٦ سندووقەکەی لە ئێران بردە دەرەوە بەرەو لیبی و دوای تێپەڕینی زەمەن و پاش سەفەرم بۆ لیبی، لە دۆستانی خۆم لە لیبی بیستم کە بەشێک لەو ئاسەوارانە دراون بە مەعمەر قەزافی و ئەوانی دیکەش ڕادەستی "بیلی کارتێر"ی برای "جیمی کارتێر" کران کە ئەوکات ڕاوێژکاری قەزافی بوو و ناوبراویش ئاسەوارەکانی بۆ وڵاتی ئەمریکا گواستبووە.
هەڵبەت با ئەوەش بڵێم هەرچەند هیچ بەڵگەیەکم بۆی نیە، بەڵام دڵنیام کە لە ڕەوتی ئۆپەراسیۆنی مۆزەخانەکاندا، زۆر زیاتر لە ١٦ سندووق ئاسەوار لەلایەن ئەمریکاییەکانەوە دزرا و بەشی هەرە زۆریان لە ڕێگەی فڕۆکەکانی خۆیانەوە کە لەو ڕۆژانەدا، ئەمریکاییەکان و کەلوپەلەکانیان دەگواستەوە بۆ دەرەوە، لە ئێران برانە دەرەوە.
پاش وەرگرتنی ١٦ سندوقەکە، کۆلۆنێل لە کاتی ماڵئاواییدا دەستخۆشی لێ کردم و گوتی: "من هیوادارم بە تۆ، و هەندێک بەهرەمەندیت تێدایە کە دڵنیام

دوای ڕووخانی ڕێژێمی شا، دەبیتە کاربەدەستێکی گرینگی ئێران".
کاتێک کۆلۆنێل بێیکێر لە ماڵی دۆریان چووە دەرەوە، بە دۆریانم گوت: "داخۆم جارێکی دیکە دەیبینمەوە؟".
دۆریان پێکەنی و گوتی: "هەر کاتێک حەزت لێ بوو دەتوانی بیبینی، یانی نازانی کە بیل دراوسێی دیوار بە دیواری منە؟. و پاراستنی من لە ئەستۆی ئەوە!".
پاشان دۆریان ستایشی هەڵسوکەوتی منی کرد لەگەڵ سەرهەنگ تەوەکولی و لە کۆتاییدا گوتی: "وەرە با بڕۆین بخەوین، دەنا بەم هەموو ماندوو بوونەوە، دەمرین و ڕووخانی ڕێژێمی شا نابینین!".
گوتم: "منیش پێویستیم بە خەوە، بەڵام حەز دەکەم بگەڕێمەوە بۆ ماڵەکەی تێهران پارس، بۆ ئەوەی کە هەم خۆم بخەوم و هەم کوڕەکان پشوویەک بدەن!".
دۆریان گوتی: "لەوانەیە هەندێک شت ڕوو بدات کە باشترە لێرە بین. ئەوانیش بە دڵنیاییەوە بە نۆرە پشوو دەدەن، من و تۆش کاتژمێر چوار دەبێ بڕۆین".
وەکوو هەمیشە ملکەچی قسەکانی دۆریان بووم و بە پەلە چوومە حەمام تاکۆ ماندوویەتی و عارەقە و تەپ و تۆز بە لەشمەوە نەمێنێت.
سەرقاڵی خۆ شۆردن بووم کە دەرگای حەمام کرایەوە و دۆریان بە تەلەفۆنەوە هاتە ژوورەوە و تەلەفۆنەکەی پێدام و گوتی: "ئیمام دەیهەوێ قسەت لەگەڵ بکات!".
دەستبەجێ شێری ئاوەکەم بەست و بەو خاولییەی کە دۆریان بۆی فڕێدام، دەستم ویشک کردەوە و دەستم کرد بە قسەکردن لەگەڵ خومەینی.
سپاسی کردم و هیوای خواست کە بە زوویی بتوانێ من و پارتیزانەکانم کە کۆڵەکەی سەرەکیی ئیسلامن! ببینێت و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بکات.
هەر کە قسە کردنم کۆتایی هات، گوێم لە قاقاکانی دۆریان بوو، لە کاتێکدا کە ئیشارەی بە ڕووت و قووتی من دەکرد، گوتی: "بینیت!؟. لە کۆتاییدا تۆش ڕووت بوویتەوە و تەریقیش نەبوویتەوە؟".
لە کاتێکدا کە تازە بەخۆمدا دەهاتمەوە کە لە هەموو ئەو ماوەیەدا کە لەگەڵ خومەینی قسەم کردووە، ڕووت و قووت لە بەرانبەر دۆریان ڕاوەستاوم، گوتم: "وەڵامی "تەحا، پەحا"یە!. پاشان دەرگای حەمامەکەم داخست".
کاتێک لە حەمام هاتمە دەرێ، دۆریانم بینی کە ڕووت و قووت لەسەر تەختی خەوی من ڕاکشابوو. بە پێچەوانەی جاران زۆر لە ژنە لەشفرۆش و سەرنج ڕاکێشەکان دەچوو، هەرکە ئامێزی کردەوە، ڕانەوەستام و یەکسەر پەنام بۆ

باوەشی بردا!.

بەم شێوەیە سەرەڕای ئەو هەموو ترس و وەهمەی کە من لەو ژنە جوان و جێی گومانە هەمبوو، ئەوجارە پەیوەندیی عاشقانە و خۆشەویستیش لە نێوانماندا دەستی پێ کردا!.

لەگەڵ دۆریان بەرەو تێهران پارس دەڕۆیشتین کە زرینگەی بێتەلەکە دەستی پێکرد و چایچی بە دەنگێکی پڕ لە ترس و نیگەرانی گوتی: "لە هەر جێگەیەک هەی، بەپەلە خۆت بگەیەنە بۆ تێهران پارس".

گوتم: "من لە ڕێگای تێهران پارسم و لەوانەیە ٢٠ خولەکی دیکە بگەمە ئەوێ، بەڵام بڵێ بزانم چی بووە؟".

چایچی کە ترس و نیگەرانی لە دەنگی دەباری گوتی:

"نیو کاتژمێر لەوەبەر لەگەڵ هادی غەفاری و شێخ عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی و ئەبوو شەریف، بۆ وەرگرتنی ئەو دوو ئەمانەتییە کە لە پەردەدا پێچرابوونەوە، هاتین بۆ ئێرە، هەموو شتەکان ئامادە بوون و کارەکان ڕێکخرابوون و ئەمانەتییەکانمان خستە نێو ئامبۆلانسەکە، بەڵام لەناکاو ڕووداوێک قەوما کە پێویستە ئێوە لە زووترین کاتدا خۆتان بگەیەننە ئێرە".

پێداگرییەکانی من و دۆریان بۆ ئەوەی کە شتەکەمان زیاتر بۆ شی بکاتەوە بێ سوود بوو. بۆ چرکە ساتێک هەردووکمان گۆمانمان پەیدا کرد کە نەوەک ماڵەکەی تێهران پارسمان ئاشکرا بووبێت و ئەوەی کە چایچی زانیاری زیاترمان پێ نادات، لە ترسی هەبوونی فەرمانبەرانی شا بێت لە ماڵەکەدا، بەڵام زوو هەردووکمان ئەو گریمانەیەمان وەلا نا و دۆریان گوتی: "لەوانەیە ئەبوو شەریف قەوماندبێتی".

هەر واش دەرچوو. لە کەمتر لە نیو کاتژمێردا گەیشتینە ماڵەکەی تێهران پارس. ئامبۆلانسە سپییەکە هەر لە حەوشەی ماڵەکە بوو و کوڕەکان چاوەدێرییان دەکرد. ئەحمەدی کە لە جاران تووڕەتر دیار بوو، بە بێ ئەوەی شتێکمان بۆ شی بکاتەوە، من و دۆریانی بردە ژووری نان خواردن. یەکەم شت کە بینیمان تەرمی سێ کەس لە دیلەکان بوو کە لە ناوەندی ژوورەکە کەوتبوون و هێشتا خوێنیان لەبەر دەڕۆی.

چایچی بە یووزییەکەی، غەفاری و ڕەفسەنجانی و ئەبوو شەریفی گرتبووە ژێر چاوەدێری و کەشوهەوای ترس و دڵەڕاوکێ ماڵەکەی داپۆشیبوو. بە بێ یەک و دوو یووزییەکەم لە چایچی وەرگرت و دوای ئەوەی کە بە توندی لە بنا گوێیم سرەواند، بە دەنگی بەرز هاوارم کرد: "لێنەهاتوویی و دەستەوەستانیی ئێوەی بێناموس و بێشەرەف بەو دەردەی بردووین. ٢٤ کاتژمێرە ڕۆشتوون شوێنێکی ئەمین و پارێزراوم بۆ پەیدا بکەن، ئێستا سێ تەرمی دیکەشتان خستۆتە سەر دەستمان".

زیللەیەکی بەهێز و کاریگەر بوو. کەس ڕەنگی بە ڕووخسارەوە نەمابوو و هەموویان سپی هەڵگەڕابوون. ئەبوو شەریف هات زمان بجووڵێنێ و قسە بکات، بە پشتی دەستی ڕاستم کە یووزییەکەی تێدا بوو، لە دەم و ددانیم سرەواند. کەسی دووهەم کە لە دەمیم دا و دەستبەجێ خوێنی دەم و لووتی پژا هاشمی ڕەفسەنجانی بوو. بە هاوارەوە تەقەوی نیا و نەعمانیم بانگ کرد و گوتم دەست و لاقی هەر سێ کەسەکە ببەستنەوە و بیانبەن بۆ ژێرزەوییەکە و لەلای دیلەکان ڕایانگرن!.

فەرمانەکەم لە کەمتر لە پێنج خولەکدا جێبەجێ کرا. ئەو خێراییە لە کاردا دەبوو نیشان بدەم بۆ ئەوەی لە کەمترین ماوەدا بۆم دەرکەوێ کە مەسەلەکە چییە و چی بووە. ئەوەش یەکێک لە وانەکانی من بوو لە لیبی. کاتێک لەگەڵ ڕووداوێکی لەناکاو بەرەوڕوو بووی، دەمودەست ڕووداوێکی دیکە بخوڵقێنە بۆ ئەوەی دەرفەتی زانیاری کۆکردنەوە لەسەر ڕووداوەکەی یەکەم پەیدا بکەی.

ئێستا ئیدی کاتی لێوردبوونەوە بوو لە چۆنیەتی کوژرانی سێ دیلەکە. کۆبوونەوەیەکم پێک هێنا. هەر سێ کوژراوەکە لە کارمەندانی پاراستنی مۆزەخانەی ئێرانی باستان بوون و بە هۆی ئەوەی کە خولی تایبەتیان بینیبوو، توانیبوویان دەست و لاقیان بکەنەوە و لەوکاتەدا کە تەرمەکانیان دەگواستەوە بۆ نێو ئامبۆلانسەکە، هەوڵیان دابوو کە هەموو هاوڕێیانی خۆیان بکەنەوە و هەوڵی ڕاکردن بدەن. تێکهەڵچوونێکی بچووکیشیان لەگەڵ سوودابە و تەقەوی نیا هەبووە. لەناکاو ئەبوو شەریف هاتۆتە نێو کێشەکە و یووزییەکەی لە دەستی نەعمانی دەرهێناوە و هەر سێ دیلەکەی داوەتە بەر دەسرێژ.

دۆریان نیگەرانی دەنگی تەقەکردنەکە بوو، بەڵام بە گشتی ٤٥ خولەک لە ڕووداوەکە تێپەڕیبوو و هێشتا کەس لە دەرەوەی ماڵەکە هەستی پێ نەکردبوو. بەڵام هەردووکمان لەسەر ئەو باوەڕە بووین کە چیدی مانەوەمان لەو ماڵە

گونجاو نەبوو و دەبوو بیر لەماڵێکی دیکە بکەینەوە.

لەسەر پێشنیاری دۆریان، پێوەندیمان بە خوێندنگەی "عەلەوی" و شەخسی خومەینی و قوتب زادەوە گرت و دوای گەورەکردن و گێڕانەوەی ڕووداوەکە و تاوانبار کردنی ئەبوو شەریف و ڕەفسەنجانی و هاوکات خولْقاندنی کەش و هەوای ترس و دڵەڕاوکێ بە بۆنەی ئاشکرابوونی پەناگاکەمان، داوامان لە خومەینی کرد کە بەپەلە قوتب زادە بنێرێتە لامان!.

پاش کاتژمێرێک قوتب زادە خۆشحاڵ و دەم بە پێکەنین هات و گوتی: "ئەو بۆمبەی ئێوە تەقاندووتانەوە، ئەو پیرەپیاوەی زۆر نیگەران کردووە!. تازە زانیویەتی لەگەڵ ئەو ولاغانە هیچی بۆ ناکرێت. بەگشتی زۆر باشی لێکەوتەوە، ئێستاش با بڕۆین ئەو سێ دیلە داماوە!! ببینین. بینینیان لەو حاڵەدا چێژبەخشە!!".

قوتب زادە کە لە خۆشیاندا هەڵدەپەڕی، هەر کە چووە ژێر زەمینەکە، خۆی زۆر تووڕە نیشان دا و داوای لە من کرد کە لەسر بڕیاری ئیمام هەر سێ کەسەکە ئازاد بکەم. من سەرەڕای ڕێزگرتنێکی زۆر و لە ڕادەبەدەر لە قوتب زادە، گوتم: "لەبەرئەوەی بابەتەکە گرینگە، ڕێگەم بدەن با من جارێکی دیکە پرسیارێک لە ئیمام بکەم".

١٥ خولەکی دیکە کێشەکەم درێژ کردەوە و پاشان بڕیاری ئازاد کردنیانم دا. لای خۆرئاوا، هادی غەفاری و پێنج تەرم و دوو کەس لە کوڕەکانی ئێمە ماڵەکەی تێهران پارسیان بەجێهێشت بۆئەوەی شانۆی شەهیدەکان بگێڕن و هەروەها بە مەبەستی ئاشت کردنەوە هاشمی ڕەفسەنجانی و ئەبوو شەریف لەوێ مانەوە.

با لێرەدا ئەوەش باس بکەم کە؛ هاشمی ڕەفسەنجانی دوای ئەو بابەتە هەرگیز لێم خۆش نەبوو و ئەوەی کە من لەو دنیایەدا ئاوارەم و هەر خەریکی ڕاکردنم، بە هۆی ئەو کینەوەیە کە ڕەفسەنجانی بەرانبەر من لە دڵیدایە. سەرباری ئەوەش ڕەفسەنجانی گەلاڵەی تێرۆرەکەیشی کە لەلایەن ئێمەوە دارێژرابووی لەبیر نەکردبوو کە لەکاتی خۆیدا ئەویش شی دەکەمەوە.

با ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە، یەکێک لە نەیارەکانی سادق قوتب زادە هەر ئەو ڕەفسەنجانییە بوو. تەنانەت من بە چاوی خۆم بینیم کە دوای لەسێدارەدانی سادق قوتب زادە، ئەو کەسەی لە پێش چاوی "موحەممەدی ڕێیشەهری" تیری خەلاسی لە نێوچاوانی قوتب زادە دا، هەر ئاغای هاشمی ڕەفسەنجانی بوو.

ئەو شەوە پاش هەندێک قسەکردن کە لە ڕاستیدا لە پێناوی ئاشت کردنەوەی

ئێمەدا بوو و جەخت کرایەوە کە پێویستە هاوکاریی نێوانمان زیاتر بێت، هاشمی ڕەفسەنجانی ڕۆییشت و قوتب زادە مایەوە بۆ ئەوەی کە پاش ئەو ماوە زۆرەی، کە دەرفەتمان نەبوو پێکەوە قسە بکەین، دانیشتنێکمان هەبێت.

قوتب زادە مزگێنی دامێ کە لەسەر بڕیاری خومەینی ٥٠٠ هەزار دۆلار دەڕژێتە حیسابی خانمی دۆریان مەک گرێ و ١٠٠ هەزار دۆلاریش دەڕژێتە حیسابی من لە پاریس. کاتێک ئێمە پرسیارمان کرد، بۆچی؟. قوتب زادە گوتی: "دەستخۆشی بۆ ئۆپەراسیۆنی مۆزەخانەکان!".

دۆریان دیسان دای لە قاقای پێکەنین و بە قوتب زادەی گوت: "فێر بە! عومرێک کارم بۆ کردی تەنانەت یەک سەنتم دەست نەکەوت، بەڵام لە پلانێکدا کە بڕیار بوو تێیدا بەشدار نەبم، جێفری ٥٠٠ هەزار دۆلار پارەی بۆ مسۆگەر کردم!".

قوتب زادە لە قسەکردنی بەردەوام بوو و زۆر بە جیددی باسی لە کێشە و ناکۆکی توندی نێوان سەید ئەحمەد خومەینی و یەزدی و بەنی سەدر کرد و داوای لە دۆریان کرد کە هەندێک خۆی لە خومەینی و بنەماڵەکەی نزیکتر بکاتەوە. قوتب زادە هەروەها گوتی: "من هەست دەکەم کە پاش چەپەڵکارییەکەی ئاغازادەکەی لە پاریس، خومەینی وەکوو جاران لەگەڵ من گەرم و گوڕ نیە. پێشتر لە هەموو دەرگایەکی دەدا کە زۆرتر لەگەڵم دانیشێت، ئێستا کە دوو کەسی پێکەوە دەمێنینەوە، هەوڵ دەدا لەو ڕیش پانانە بێنێتە ناوەوە بۆ ئەوەی بە تەنیا نەمێنینەوە و نەتوانین پێکەوە قسە بکەین".

دۆریان گوتی: "من ئاگام لە هەموو بابەتێک هەیە و تۆش تا لە ئێران جێگەی خۆت دەگری، دەبێ خۆڕاگر بیت. لە بیریشت بێت کە تۆ کاتێک لە پاریس بووی زۆر گاڵتەت بە یەزدی و بەنی سەدر و تەنانەت بازرگان و سەنجابی کردووە!. ئەوانیش ساویلکە و گێل نین و دژکردەوە لە خۆیان نیشان دەدەن. تۆ هەتا پێت دەکرێ دەبێ لەگەڵ چین و توێژەکانی ئێران پەیوەندی بگری. بەنی سەدر بەو ساویلکەییەی خۆی سەردانی زانکۆکانی کردووە، یەزدی داروودەستەی بازرگانی گرتووە. تۆ ناتوانی هەر لەسەر ژنە جوانەکانی پاریس حیساب بکەی. کەواتە تۆ دەبێ بڕۆی بۆ لای بازاڕ و بازاڕییەکان!. پێگە و شوێن دەستی تۆ دەبێ ئەوێ بێت".

دوای ڕێنوێنییەکانی دۆریان، قوتب زادە پێی گوتم: "بۆ ساتێکیش لە دۆریان دوور مەکەرەوە و تەنیا بڕیار و دەستوورەکانی ئەو جێبەجێ بکە، چون بەم زووانە

کاری گەورە گەورەیان پێت دەبێ".
ئەو شەوە هەتا بەیانی لە ماڵەکەی تێهران پارسماینەوە و بەشی هەرە زۆری کاتەکەمان بۆ دۆزینەوەی پەناگەی تازە تەرخان بوو. چوونکە دۆریان لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە، دوای ڕووداوەکەی ئەو ڕۆژە، دوور نیە کە ئەبوو شەریف و ڕەفسەنجانی، بە شێوەیەک کاربەدەستانی فەرماندارییی نیزامی ژێر بە ژێر ئاگادار بکەنەوە و ڕیسەکەمان ببێتەوە بە خوری.
دواجار بەیانیەکەی توانیمان بە هاوکاریی قوتب زادە ماڵێک لە "تێهرانی نوێ" پەیدا بکەین و خێرا و بە بێ ئەوەی کە کەسێک هەست بکات، دیلەکان ڕاگوێزین بۆ شوێنە نوێیەکە لە تێهرانی نوێ. چایچیمان بۆ سەرپەرەشتیی کوڕەکان لە ماڵەکە دانا و دوانیوەڕۆ لەگەڵ دۆریان گەڕاینەوە بۆ ماڵەکەی. بڕیار وابوو کە هەموو کاتژمێرێک جارێک چایچی بە بێتەل لە دۆخی خۆیان و ماڵە نوێکە و دیلەکان ئاگادارم بکاتەوە.
ئەو شەوە دۆریان منی بەتەنیا بەجێ هێشت و بەو پێیەی بەیانی بۆی گێڕامەوە، سەرەڕای ئەوەی کە زۆر ماندوو و هێلاک و کەم خەو بووە، بە درێژایی شەو لە شوێنی ژیانی بنەماڵەی خومەینی و لەلای ژن و منداڵەکانی بووە.
کاتێ دۆریان گەڕایەوە ماڵەوە، شەکەت و هیلاک بوو، سەرەڕای ئەوەش چەند کاتژمێرێک لە تەنیشت تەلەفۆنەکە دانیشت و لەگەڵ ئەم و ئەو، چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوە قسەی کرد. دواجار کاتژمێر بوو بە ١١:٣٠ خولەک، تەلەفۆنەکەی دانا. دۆریان هات و لە باوەشمدا ڕاکشا و گوتی: "ئەگەر ڕووداوێکی تازە ڕوو نەدات، لەو یەک و دوو ڕۆژەدا ڕێژیمی شا دەڕووخێت!. دواجار بڕیارەکە لەلایەن "دی سی"(واشینگتۆن دی سی)ەوە دەرچووە!".
دۆریان هەرکات دەیهەویست باس لە واشینگتۆن و دەوڵەتی ئەمریکا بکات، تەنیا دەیگوت "دی سی" و وادیار بوو کە دی سی هەمیشە قسەی کۆتایی کردووە!.
دۆریان لە باوەشمدا ڕاکشا بوو و هەستم دەکرد حەز دەکا کە قسەم لەگەڵدا بکات. لەلای من بوو، بەڵام جار جار بیر و هۆشی دەچوو و ئاگای لێ نەبوو کە چاییم بۆ تێکردووە و دەبێ بیخواتەوە. ئەو شەوەش یەکێک لەو دەگمەن کاتانە بوو کە لە ڕادە بەدەر نوقمی بیر و خەیاڵاتی خۆی ببوو، بەڵام بەو حاڵەش هەستم دەکرد کە پێویستی بەوەیە لەگەڵ کەسێک قسە بکات. کەسێک کە بەتەواوی متمانەی پێی هەیە و ئەو کەسەش لەو کاتەدا جگە لە من کەسی دیکە نەبوو.

هەوڵمدا لەو دۆخە بێتە دەرێ. پرسیارم لەسەر "دی سی" کرد، لەسەر ئەوەی کە ئەگەر شکستمان هێنا، چارەنووسمان چی بەسەر دێت؟. ئەوەی کە بۆ چی ئەمریکا لە دژی شا هەستاوەتەوە، لە کاتێکدا هەمێشە بە ئێمەیان دەگوت شا نۆکەری ئەمریکایە!؟.

دواجار دۆریان بێدەنگی شکاند و پەرداخێکی پڕ کرد لە ویسکی و سەهۆڵ و گوتی:

"بڵێم چی، لەوانەیە وەک خۆت گوتت لەگەڵ شکست بەرەوڕوو بین، هەمێشە ئەو کارانە بە سەرکەوتن تەواو نابن. دەزانی جەعفەر! لەو دنیایەی کە من و تۆ تێی کەوتووین، هەموو ئەگەرێک ڕێی تێدەچێت. تەنانەت ئەگەری ئەوە هەیە کە منیش بکەن بە قوربانی. بۆ نموونە پێت وایە کە شا و ڕێژیمەکەی خراپەیان بۆ من بووە کە من ئەوەندە تینووی خوێنیانم؟. بە هیچ شێوەیەک!. بەڵام مژاری من و تو پێوەندی بە من و تۆوە نیە، بە واتایەکی دیکە پێوەندی بە کەسەوە نیە. هەر ئەو شایەی کە ئێمە باسی دەکەین، مەگەر پیاوێکی کەمە؟. هەموو جیهان دەزانێ کە شای ئێران کۆڵەکەیەکی سەرەکیی ئاشتییە لە جیهاندا. نۆکەری ئەمریکا نیە و ئەمریکاییەکانیش زۆریان خۆش دەوێ، چوونکە زەحمەتی ئەمریکاییەکانی زۆر کەم کردۆتەوە، بەڵام ئێستا دەبێ بڕوات!. ڕێک وەکوو من و تۆ کە ئەگەر ڕۆژێک پێویست بیت، سەرمان دەپەڕێنن سەرەڕای ئەوەش کە دۆستیانین".

ئەو کاتە زۆر لە قسەکانی دۆریان تێنەدەگەیشتم، بۆیە پرسیارم کرد کە: "ئێستا دەستوور و بڕیاری دی سی چییە و پێت وایە چی لێ دێت؟".

دۆریان لە کاتێکدا کە بۆ یەکەمین جار هەموو ویسکییەکەی نێو پەرداخەکەی یەکجێ هەڵدا و خواردییەوە، گوتی:

"چوار پلان لە ئارادا هەیە کە هەر کامیان لە ئاستی خۆیدا بۆ ڕووخاندنی ڕژێم بەسە. ئەگەر یەکەمیان نەبوو، نۆرەی دووهەمە. ئەهەر دووهەم نەکرا نۆرەی سێهەمە. ئەگەر سێهەمیش جێبەجێ نەبوو، نۆرەی چوارەمە!".

پرسیم: "من و تۆش ڕۆڵمان دەبێ؟".

گوتی: "ئەو کارەی کە ئێستا من و تۆ دەیکەین، هەر ئەوەندەیە کە پێمان دەکرێ!".

من گوتم: "سەیرکە دۆریان، من لە قسەکانی تۆ تێناگەم، ئەگەر دەکرێ بە شێوەیەک باسی بکە کە تێبگەم!".

دۆریان بەدەم پڕ کردنەوەی پەرداخەکەیەوە، لە تەنیشت من دانیشت،

پەنجەکانی خستبووە نێو قژم و گوتی:
"بارێک گەنم بێنە پێش چاوت! تێگەیشتی؟".
گوتم: "بەڵێ!".
گوتی: "بۆ ئەوەی ئەو بارە گەنمە گڕ بگرێت، پێویستی بە چەخماخەیەک هەیە!. ئێستا ئەو بارە گەنمە وڵاتی ئێرانە و ئەو چەخماخەیە بە شانۆی هاتنی ئیمام خومەینی بۆ ئێران لە ڕێگەی فرۆکەخانەی مێهرئابادەوە کە لەم دوو، سێ شەوەدا لە تەلەفزیۆنەوە بڵاو دەکرێتەوە لێ دەدرێت، و ئەوەش بە واتای دەرچوونی بڕیاری دی سی یە!".
گوتم: "کەواتە بە نیشاندانی ئەو شانۆیە بەڵگەی ڕووخانی ڕێژیمی شا واژۆ دەکرێت؟".
دۆریان بزەیەکی هاتێ و گوتی: "چوار پلان هەیە، یەکێک لە کەلانتەرییەکان، یەکێک لە هێزی هەوایی، یەکێک لە بازاڕی تاران و یەکێکیش لە مەشهەد".
پاشان بە بێ ئەوەی کە من داوی شی کردنەوەی زیاتری لێ بکەم، درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی:
"بیری لێ بکەوە؛ بۆ نموونە ئەگەر لە کاتی زیارەتی ئیمام ڕەزا خۆپیشاندان سەر هەڵبدات و لەناکاو گۆڕی ئیمامەکەتان بتەقێتەوە و هەندێکیش چەکدار و کەسی نیزامی لەو دەوروبەرە بن کە هەن، چێ ڕوو دەدات؟".
وەها ڕاچڵەکام و بە حەپەساوی لە جێگاکەم هەستامەوە کە دەستم بەر پەرداخەکەی دۆریان کەوت و ویسکییەکەی ڕژایەوە سەر تەختی نووستنەکەمان.
پرسیارم کرد: "یانی بە ڕاستی بەنیازن قەبری ئیمام بتەقێننەوە و تێکی بدەن؟".
دۆریان پێکەنی وگوتی: "بۆ عەیبی چییە؟. لە بەرانبەردا دواتر باشتر و جوانتر نۆژەن دەکرێتەوە!".
قسەکانی دۆریان وەکوو پیکێک بوو کە لە سەرم درا و ئێستا با بە ڕاشکاوی دان بەوەدا بنێم کە؛ هەموو ئەو کارانەی کە کردبووم، لە ئەشکەنجەدان و دزی و مرۆڤ کوشتنەوە بگرە هەتا بە بارمتە گرتن و تیربارانی سوورییەکان بەلامەوە ئاسایی بوون، بەڵام ئامادە نەبووم لەو پەیوەندییەدا یەک هەنگاو هەڵگرم. من ئەوکات هێشتا دەمارگرژیی مەزهەبی و گوندیی خۆمم هەبوو. حەزرەتی ئیمام ئەوکات بۆ من پشت و پەنا بوو، پیرۆزییەکی تایبەتی هەبوو و تەقاندنەوەی ئەو شوێنە پیرۆزە بە حەوت هەزار زیارەتکەرەوە، تەنیا ڕق و کینەی لە دڵمدا زیاد دەکرد.

بازاڕی تاران و تەقاندنەوە و سووتاندنی، ئەویش لە یەک شەودا، پلانێکی دیکەیانە. ئەوەندە تووڕە و لەسەر هەست بووم کە ئامادە بووم بە دەستەکانی خۆم خومەینی بخنکێنم، بەڵام زەرەرێک نەگاتە حەزرەتی ئیمام ڕەزا!.

دۆریان ئاگای لە هەستەکانی من بوو و هاوکات لەگەڵ دڵدانەوەی من، بە بێ ئەوەی کە باسی دوو پلانەکەی دیکەی بکات، گوتی: "ئەوانە تێچوویەکن کە دەبێ بۆ هەموو شۆڕشێک بدرێن، جا لە هەر جێگەیەکی ئەو جیهانە بن!. بۆ مەگەر تۆ پێت وایە کە ڕووداوی "سینەما ڕێکسی ئابادان" بەدەر لەو مەسەلەیە بوو؟".

گوتم: "یانی ...!".

قسەکەمی بڕی و گوتی: "نازانم!. بەڵام لەوانەیە.... نە ..... بە دڵنیاییەوە ...".

دان بەوەدا دەنێم کە لە هەموو ژیانمدا نەکەوتبوومە دۆخێکی ئەوەند خراپەوە. نە پێش ئەوە و نە دوای ئەوە. تەنانەت وام لێهات کە ئیدی ئاگام لە قسەکانی دۆریانیش نەما. دۆریان قسەی دەکرد و من بە بێ ئەوەی بتوانم بیریان لێ بکەمەوە، تەنیا تووڕە دەبووم. هەر دەهات و تووڕەتر دەبووم. دواجار نازانم کەی و چۆن خەوم لێ کەوت. ئەویش خەوی دوانیوەڕۆ، دوای ئەو هەموو بێخەوی و تووڕەبوونانە.

کاتژمێر چواری پاش‌نیوەڕۆ بە دەنگی دۆریان لە خەو هەستامەوە، بەڵام چاوم گیرا و لە دەوروبەری خۆم نەمدی، دۆریان ڕۆشتبوو و ئێستا بە بێ‌تەل بانگی دەکردم. ماندوو و خەواڵوو وەڵامم دایەوە: "لە کوێی؟".

گوتی: "من لێرەم. لە خوێندنگەی "عەلەوی" و پێویستە کە زوو خۆت بگەیەنیە ئێرە، زۆر زۆر زەرووره کە زوو بێی".

گوتم: "شتێک ڕووی داوە؟".

گوتی: "هێشتا نە!. تەنیا زوو خۆت بگەیەنە ئێرە!".

پاشان قسەکانی بڕی. تازە هاتبوومە سەرخۆ و بە هیچ شێوەیەک دوای ئەو قسانەی کە دۆریان کردی و ئاگادار بوون لە تەقاندنەوەی حەرەمی حەزرەتی ئیمام ڕەزا، حەزم لێ نەبوو بڕۆم، بەڵام نەدەکرا و ناچار بووم بڕۆم. دوای کاتژمێرێک لەگەڵ دۆریان و قوتب زادە چووینە ژوورەکەی خومەینی.

ئەوان تەنانەت پێش لە چاوپێکەوتنەکە منیان ئاگادار نەکردبۆوە و خومەینیش دوای کەمێک سپاس کردن لە من، گوتی:

"من لێرە متمانەم بە کەس نیە. هەر لە خۆیانەوە تۆیان لێرە دوور خستۆتەوە. هەر ئێستا لەگەڵ ئەو ئاغایانە دەڕۆی و میوانەکانت ڕادەستی شێخ سادق دەکەی و خۆت و سەربازەکانت دێن بۆ ئێرە. لێرە زیاتر پێویستیمان پێتانە!".

نازانم دۆریان و قوتب زادە بۆچی ئەو هەواڵە گرینگەیان لێ شاردبوومەوە. ئەوە ڕێک ئەو شتە بوو کە هەرسێکمان ئاواتمان پێ دەخواست و ئێستا بەو ساناییە ئاواتەکەمان هاتبووە دی. بە بێ یەک و دوو ڕامگەیاند کە ئامادەم و پاشان لەگەڵ قوتب زادە چوومە دەرێ لە ژوورەکە. دۆریان لەلای خومەینی مایەوە.

پاش خولەکێک، کاتێک قوتب زادە لەشکرێک لە کەسانی دەوروبەری

خومەینی پێ ناساندم بۆ ئەوەی کە دیلەکانیان ڕادەست بکەم. ئەوکات زانیم کە ڕەوتی شتەکان بەو سادەیی و ساکارییە نیە کە من دەیبووم.

شێخ مەلا شەهاب ئیشراقی و شێخ سادق خەڵخاڵی و شێخ جەعفەر سوبحانی و لاهووتی و هادی غەفاری و ئیبراهیم یەزدی و هاشم سەباغییان و دوکتور موعین فەر و میناچی و هەروەها ئەبوو شەریف!. ئەوەندە بە پەلە بوون بۆ ڕۆییشتن بۆ تێهرانی نوێ و وەرگرتنی دیلەکان کە، دەرفەتیان پێ نەدام کە چاوەڕێ بکەم هەتا دۆریان لە ژوورەکەی خومەینی دێتە دەرێ.

لە دوایین چرکەساتەکاندا کە خەریک بوو سواری ترۆمبیلەکە دەبووم، سادق قوتب زادە لە پەنا گوێمدا گوتی: "جەعفەر زوو بگەڕێوە و هەوڵ بدە ئەگەر بە بەشداری تۆ ڕووداوێک ڕووی دا خۆت تێکەڵی مەکە!".

دەبوو پێشبینیم کردبا کە بڕیاری کوشتنی دیلەکان دراوە، بەڵام ئەگەر ئامانج تەنیا کوشتنی دیلەکان بوو، هەم دەکرا ئەو فەرمانە بە چریکەکانی من بدەن و هەم لەلایەکی دیکەوە ئەبوو شەریف بە تەنیا خۆی بەس بوو بۆ کوشتنیان. بۆیە زانیم کە ئەو ماستە بێ موو نیە و دواتر و پاش تێپەڕینی ماوەیەکی زۆر، ئەبوو شەریف بۆی گێڕامەوە. هەڵبەت ئەوە لەکاتێکدا بوو کە ئەویش لە دامودەزگای ڕێژیم وەدەرنرابوو و لە ئاوارەییدا دەژیا.

لەبەرئەوەی کە لە پێوەندی لەگەڵ بیرەوەرییەکانم، چیدیکە ئەو بارمتانە هیچ ڕۆڵێکیان نەمابوو، ئەبوو شەریف بۆی گێڕامەوە کە ئەو شەوە و دوای ئەوەی کە دیلەکانیان لە چریکەکانی من وەرگرتبوو و ئێمە ئەوێمان بەجێ هێشتبوو، نوێنەرانی خومەینی تا نیوە شەو ڕادەوەستن و پاشان دوای دەست پێکردنی حکوومەت نیزامی، دیلەکان دەبەن بۆ مەیدانی ئەسپ سواریی "فەرەح ئاباد" و لەوێ لە شانۆ و دیمەنێکی دەستکرد دا، دەست و لاقیان دەکەنەوە و پاشان ئازادیان دەکەن و بەڵێنیان لێ وەردەگرن کە لەو پێوەندییەدا لەگەڵ کەس قسە نەکەن. پاشان کاتێک دیلەکان ڕادەکەن، لە پشتەوە تەقەیان لێ دەکەن و هەر شەش کەسیان تیرباران دەکەن و دەیانکوژن. ئەو تیربارانە بە دەستی ئاخوندەکان کرا، بەڵام تیری خەلاس لەلایەن ڕێکپۆشە کراواتییەکانەوە لێدران. بەڵام ڕوون نیە کە کێ و چۆن لەو دیمەنانە و بەو تارییکە شەوە وێنەی تۆمار کردبوو، چوونکە دواتر هەمان ئەو وێنانە، بوونە کارتی فشار بۆ سەر لایەنگرانی بازرگان، واتە یەزدی و مۆعین‌فەر و میناچی و هاشم سەباغییان!.

تەرمی ئەو شەش کەسە ڕۆژی دواتر و پاش ڕووداوەکەی "دووشان تەپە"،

وەکوو یەکەمین شەهیدانی دەستی "لەشکری گارد"، لە هەموو شەقامەکانی تاران نمایش کران و تارانی شڵەقاند!.

بە گشتی ئەو ڕۆژە دوای ئەوە کە نەفەراتی خۆم، واتە چایچی و ئەحمەدی و نەعمانی و تەقەوی نیا و سوودابەم بانگ کرد و ئەرکی ژمارە یازدەهەمیانم پێ ڕاگەیاندن، ماڵەکەی "تێهرانی نویّ" و دیلەکانم ڕادەستی نوێنەرانی خومەینی کرد و جگە لە بێتەلە دووربڕەکە و چەکە ئەمریکاییەکان، هەموو ئەو چەک و تەقەمەنی و کەرەستانەی دیکە کە بۆ ئۆپەراسیۆنی مۆزەخانەکان وەرم گرتبوون، ڕادەستی سوودابەم کردنەوە هەتا بە هەر شێوەیەک کە بۆی دەکرێت، ڕادەستی کۆلۆنێلی بکاتەوە. بەم شێوەیە و پێش کاتژمێر هەشتی ئێوارە، بە مەبەستی ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکانی، ئەرکە نوێیەکەمان کە مانەوە لەلای خومەینی بوو دەستی پێ کرد.

لەوکاتەدا تەلەفزیۆنەکان سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی گەڕانەوەی خومەینی بۆ تاران بوون و ئەو پیرەپیاوە دەرگای لەسەر خۆی داخستبوو و سەیری فیلمی گەڕانەوەی خۆی دەکرد بۆ تاران.

تا چوار ڕۆژ دواتریشی، من بە شەو و ڕۆژ لەلای خومەینی بووم و نەمدەزانی کە لە دەرەوە چی ڕوویداوە و چی قەوماوە، ئاگام لە هیچ نەبوو. ئەو هەواڵانەی کە بە من و چریکەکانم دەگەیشت، یا هەواڵی سەرکەوتنی شۆڕش بوو یان ڕاپۆرتەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بوو، کە ئەگەر ڕاستیتان بوێت تەنانەت دەرفەتی سەیرکردنیمان نەبوو.

بە گشتی لەو چوار ڕۆژەدا بوو کە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران سەرکەوت. دەوڵەتی بەختیار ڕووخا و دەورانی حکوومەتی خومەینی و هاوڕێیانی دەستی پێکرد. لەو ڕۆژانەدا ئەوەی لە دەرەوی شۆڕش ڕووی دەدا، ئەوە بوو کە هەموو کەس، جگە لە من و کەسانی وەکوو من کە لەبەر دەستی خومەینیدا بووین، لێی ئاگادار بوون. بەڵام هاوکات و هەر لەو ڕۆژانەدا، هەندێک ڕووداوی دیکە لە پەنا دەستی خومەینی ڕوویان دەدا کە، تەنیا ئێمە ئاگامان لێیان بوو. بە بڕوای من هەموو نهێنی و ڕەمزەکانی شۆڕشی ئێران، کەوتبووە ئەو لایەی شۆڕش کە ئێمە لێی ئاگادار بووین، نەک ئەوەی کە لە ڕێی تەلەفزیۆنەکانەوە بڵاو دەکرانەوە. بۆ ئەوەی کە نموونەیەکی ڕوون بێنمەوە، پێویستە ئاماژە بە یەک شت بکەم.

هەر ئەو شەوەی کە ئێمە ماڵەکەی "تێهرانی نویّ"مان ڕادەست کردەوە و هاتین بۆ لای خومەینی، ڕووداوی هێزی ئاسمانی لە دوای بڵاوکرانەوەی فیلمی

دیمەنەکانی گەڕانەوەی خومەینی بۆ تاران ڕووی دا. ئەفسەرە تەکنیکییەکان شۆڕشیان کرد و لەگەڵ لەشکری گاردی پاشایی بەشەڕ هاتن و لە کۆتاییدا دەستیان بە کۆگای چەک و جبەخانەکان گەییشت و پاشان خەڵک چەکدار کران.

ئەوە ئەو دیمەنە بوو کە بە دەرەوە نیشان درا. کاتژمێر دەی بەیانیی هەر ئەو شەوە بوو کە سەرهەنگ تەوەکولی منی بانگ کردە و گوتی؛ "بە هەر شێوەیەک بێت ئیمام ئاگادار بکەوە کە چەند خولەکێک تەشریف بێنن بۆ "ئەندەروونی"، واتە ئەو شوێنەی کە بنەماڵەی ئیمام لێی دەژیان".

خومەینی لەگەڵ چەند کەس لە نوێنەرانی مەجلیسی شا کە بۆ دیتنی هاتبوون، سەرقاڵی قسەکردن بوو.

لەو کاتانەدا کە کەسێک لەلای خومەینی بوو و من وەژوور دەکەوتم، خومەینی هاوکات کە لەسەر قسەکردن یان گوێ گرتنی خۆی بەردەوام دەبوو، دەستی دەبردە بنا گوێی و ئەوەش بەو واتایە بوو کە من ئیزنم هەیە بە ئاسپایی و لە گوێیدا قسەکەم بکەم. ئەگەر ئەو کارەم نەکردبا، ناچار دەبووم چاوەڕێ بکەم.

بۆ گەیاندنی پەیامی سەرهەنگ تەوەکولی چوومە ژوورەوە. خومەینی دەستی نەبردە بنا گوێی و ناچار بووم بگەڕێمەوە. سەرهەنگ تەوەکولی دەستبەجێ هات و گوتی: "چێت کرد؟".

گوتم: "ئیمام سەری قاڵە".

گوتی: "بە هەر شێوەیەک بێت پێی بڵێ؛ نیشان بە نیشانی "مالک ئەشتەر" تەوەکولی ئەو پەیامەی بۆ ناردووی".

دووبارە چوومەوە ژوورەکەی، ئەم جارە هەر خومەینی چاوی پێم کەوت، دەستی بردە بن گوێی ڕاستی و من چوومە پێشەوە و بە هێواشی گوتم:

"سەرهەنگ تەوەکولی بە گوتنی نێونیشانی "مالک ئەشتەر" داوا دەکات کە چەند خولەکێک تەشریف بەرن بۆ ئەندەروونی!".

خومەینی سەری ڕاوەشاند و گوتی: "چەند خولەکی دیکە دێم!".

پاش چەند خولەکێک خومەینی و سەید ئەحمەد لە ژوورەکە هاتنە دەرێ و پێکەوە چووین بۆ ئەندەروونی. سەرهەنگ تەوەکولی چاوەڕوان بوو. ماوەی چەند خولەکێک لە گوێی خومەینیدا قسەی کرد و پاشان هەمووامان پێکەوە چووین بۆ ژوورێکی دیکە لە ئەندەروونی. دیسان ئەوەی کە بینیمان یەکێک لەو دەگمەن دیمەنانەبوو کە بەڕاستی ئێمەی تاساند. تا ئەو جێگەیەی من ئاگادار بووم و پێیان

ڕاسپاردبووم، جگە لەو کەسانەی کە زۆر لە خومەینی و بنەماڵەکەی نزیکن، کەس بۆی نیە بێتە ئەندەروونی. تەنانەت کەسانی وەکوو بازرگان و بەهەشتی و مونتەزیری و مۆفەتیح و مۆتەهەرییش بۆیان نەبوو کە بێنە ژوورەوە. بەڵام کە چوومە ژوورەوە، خانمی دۆریانم بینی کە لە تەنیشت کۆلۆنێل دانیشتبوون و پێکەوە لەبەر پێی ئیمام هەستانە سەر پێ. خومەینی دەستی لەگەڵ خانمی دۆریان و کۆلۆنێل دایەوە و ئەوە دیمەنێک بوو کە هەرگیز تا ئەوکاتە نەمدیبوو. بەڵام هەر کە خومەینی ڕووی کردە ژەنەڕاڵە ئێرانیەکە، ژەنەراڵە سێ ئەستێرەکە خۆی دا بە زەوییەکەدا و سەرەتا قاچ و پاشان دەستەکانی خومەینیی ماچ کرد. خومەینی بەدەم قاقای پێکەنینەوە، پاش چەند چرکەیەک دەستی دایە بن هەنگڵی "سپەهبۆدی هێزی هەوایی" و لە زەوییەکەی هەڵبڕی. پاشان پێکەنین و بزە بە ڕوخساری خومەینیەوە نەما و گوتی: "سپاستان دەکەم بەڕێز سپاسالار ئازەر بەرزین!. خواوەندی گەورە پشتیوانی هەموو موسوڵمانێکی وەکوو تۆ بێت. ئەمە "سەرکەوتنی ڕۆژی خودا"یە و دەرئەنجامی ماندووبوونە بێخەوشەکانی ئێوەیە بە ئیسلامەوە".

زیاتر لە نیو کاتژمێر خومەینی و کۆلۆنێل و سپاسالار ئازەر بەرزین پێکەوە قسەیان کرد و لە کۆتاییدا دۆریان مەک گرێی چەکێکی پارەی دایە دەستی خومەینی و خومەینیش پاش ئەوەی دۆعایەکی بە سەر چەکەکەدا خوێند، دایە دەست سپاسالار ئازەر بەرزین.

دۆریان دواتر پێی گوتم بڕی یەک میلیۆن دۆلاری تێدا نووسرابوو.

پێشتر لە بیرەوەرییەکانمدا سەبارەت بە سپاسالار ئازەر بەرزین باسم کردووە، کە چۆن کاتێک لە نووفێل لووشاتۆ بووین و بۆ ڕێژەی ئەفسەرە تەکنیکییەکان پلانمان دادەڕشت، توانیمان کەڵکی باش لە خزمەتەکانی وەربگرین. لەو ماوەیەدا کە ئەوان سەرقاڵی قسەکردن بوون، من بۆ چرکەساتێک لە بیری چارەنووسی خۆم و بەراورد کردنییان لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانە نەدەهاتمە دەرەوە. ئەو تاوانانەی کە من لەو یەک، دوو ساڵەدا ئەنجامم دابوون کەم نەبوون. من لە دزی و دەستبەسەرداگرتنی ماڵی خەڵک و کوشتن و ئەشکەنجە و دەستدرێژی گلابووم، بەڵام من خوێندەوار نەبووم، لە ئەرتەشی شادا نەگەیشتبووم بە پلەی سپاسالاری، من باگراوند و پێشینەی مەزهەبیم هەبوو، منداڵی دێهات بووم، کوڕە قەساب بووم، بە دوای پارە و هێزدا دەگەڕام و مێشکم باش کاری نەدەکرد، بەڵام ئەم سپاسالارە چی؟. ئەو خوێندوار بوو، پارەی هەبوو، پلە و پایەی هەبوو، جێگە و

پێگەی هەبوو، ئەو بۆ دەبێ لە من تاوانکارتر بێت؟. تەنیا بۆ ئەوەی کە حەوت و هەشت ڕۆژی ماوە ببێتە فەرماندەی هێزی ئاسمانیی خومەینی و پاشان ڕابکات و بێتە دەرەوەی وڵات و دیسان ببێتە دەڵاڵی چەک بۆ خومەینی؟. کەسانی وەکوو ئازەر بەرزین زۆر بوون. سێناتۆرەکان، نوێنەرانی مەجلیس، پارێزەرەکانی دادگوستەری، ژەنەڕاڵەکان، بازرگان و تاجرەکان و کەسانی دیکە کە دەهاتن، ڕاستە ئەو یەک میلیۆن دۆلاری وەرگرت، بەڵام ئەوان تەنانەت پارەشیان دەدا. دروست دوو یا سێ ڕۆژ دوای سەرکەوتنی شۆڕش، لەسەر سفرەی خوانی شەوی شێخ مەلا شەهاب ئیشراقی هەواڵیان دا بە خومەینی کە هەر لەو یەک، دوو ڕۆژەدا ٣٨٦ میلیۆن پارەی کاش لەلایەن بازرگانانی تارانەوە پێشکەش کراوە. ٣٨٦ میلیۆن تمەن، بەشی ئیمام بوو لەو یەک، دوو ڕۆژەدا، ئەویش لە کاتێکدا کە بە وتەی سەید مەحموود دۆعایی، خومەینی کرێی ١٨ مانگی ماڵەکەی خۆی لە نەجەفی نەداوە و قەرزدارە!.

کاتێک دیسان لەگەڵ خومەینی هاتمەدەرەوە تا لەگەڵ بەهەشتی و موجتەهێد شەبێستەری و فەلسەفی و واعێز کۆبوونەوەیەک پێک بێنی، لە پەنا گوێمدا بە ئاسپایی گوتی:

"بە بێ ئەوەی کەس بزانێت، سەید ئەحمەد کارێکی بە تۆ هەیە، بۆی جێبەجێ بکە!".

ئەو داواکارییەی خومەینی لە دنیای خەیاڵ و بیر کردنەوە دەرهێنام و خۆشحاڵی کردم. چوونکە شۆڕش سەرکەوتبوو، خومەینی ئیمامی گەورە بوو و سەید ئەحمەد قائم مقام و هەمەکارەی بوو. هەموو پلان و بەرنامە ڕواڵەتییەکانی خومەینی لەلایەن سەید ئەحمەدەوە دادەڕێژران و جێبەجێ دەکران. هەر شتێک کە سەید ئەحمد پێی خۆش بایە من بە ئاسانی و سادەیی جێبەجێم دەکرد بۆی. کەواتە ئەوەی کە بۆ ئەو کارە پەنای بۆ باوکی بردووە، بەو واتایەیە کە، هەم کارەکە زۆر گرینگە و هەم من بوومەتە کەسێکی زۆر گرینگ.

هەموو دۆخی ئەوکاتەی ئێرانیان لەیادە. هەموو شتێک بێسەروبەرە و ئاڵۆز بوو. هەر لەو چرکە ساتەوە کە ڕاگەیاندنی ئێران لەسەر بڕیاری ئایەتوڵڵا تاڵاقانی خرایە خزمەت شۆڕش و شۆڕشگێڕەکان، دەستبەجێ چوار دەستە و تاقم لە دەوری خومەینی سەریان هەڵدا و هەر لە یەکەم چرکەساتەکانەوە بە دەستێوەردان و ڕکابەری و کارشکێنی و هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی هێز دەستی پێ کرد. من لە کاتی خۆیدا بە وردی ئاماژە بەو ناکۆکی و دەستەبەندییانە دەکەم.

بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ ئەو بەشە لە بیرەوەرییەکانمدا دەبێ بڵێم کە؛ لەو ڕۆژانەدا، ڕاستە ناوەندی هەموو هەواڵەکان خومەینی بوو و هەموو بڕیارەکان لەوێ و لەلایەن خۆیەوە دەدران، بەڵام لە ڕاستیدا ئێمە کە لەوێ بووین، کەمتر لە هەموو کەسێک ئاگاداری ڕاستییەکان بووین. لە شارەکانی ئێران هەر کەس هەر کارێکی پێ خۆش با دەیکرد و چون ئەو کارانە بە گشتی لە خەتی سیاسی و گشتیی خومەینیەوە سەرچاوەیان گرتبوو، ئەگەر ڕووداوێک ڕووی دابا خومەینی پەسندی دەکرد و پشتیوانیی لێ دەکرد. ئەو سیاسەتە کە هێڵە گشتییەکەی لە نووفێل لووشاتۆ و لە هەمان کۆبوونەوەی بەناوبانگی کلارک و تامسۆن و دۆریان مەک گرێی و ساندێرزی ئینگلیزی داڕێژرابوو، ڕێگەی دابوو بە هەر جۆرە توندوتیژی و بە قسەی خۆیان تووڕەیی و غەزەبی شۆڕشگێرانە. لەو پلانەدا پێشبینی کرابوو کە تا یەک میلیۆن کەس گیانیان لەدەست بدەن.

ئەو ڕۆژە ئەوەندە کارمان بۆ هاتە پێش کە دەرفەت نەما من و سەید ئەحمەد خومەینی کەمێک پێکەوە دوو کەسی قسە بکەین. کاتژمێر یازدە و نیوی شەو هەمووومان بۆ خواردنی نانی شەو چووین بۆ ئەندەروونی. یەزدی و قوتب زادەش لەوێ بوون. شێخ مەلا شەهاب ئیشراقی کە زاوای خومەینی بوو، ڕاپۆرتی ئەو پارانەی دا کە گەیشتبوون و قوتب زادە داوای لە خومەینی کرد کە منیش لەگەڵی بڕۆم بۆ ناوەندی دەنگ‌وڕەنگ(سەدا و سیما). خومەینی داخوازەکەی قوتب زادەی ڕەد کردەوە و گوتی: "جەعفەر دەستی ڕاستی منە و دەبێ لێرە بمێنێتەوە".

ئەوە یەکەمین دژایەتی خومەینی بوو لەگەڵ قوتب زادە، بەڵام منی زۆر خۆشحاڵ کرد. دواتر دۆریان و قوتب زادە بۆیان باس کردم کە بە ئەنقەست ئەو مەسەلەیان هێناوەتە گۆڕێ هەتا بزانن خومەینی چەندە منی خۆش دەوێ و متمانەی پێمە.

ئەو شەوە دوای چوار شەو و ڕۆژ کاری بەردەوام، بڕیار وابوو من و دۆریان بۆ پشوودان بڕۆینەوە بۆ ماڵی خومان.

کاتژمێر دووی نیوەشەو بوو، ئامادەی ڕۆییشتنەوە بووین کە سەید ئەحمەد پێ گوتم: "تۆ چەند خولەکێک بمێنەوە، کارم پێتە".

دۆریان گوتی: "کەواتە منیش دەمێنمەوە تا کارەکانت تەواو بن".

بەم شێوەیە قوتب زادە و یەزدی و کەسانی دیکە ڕۆیشتن.

دۆریان چوو بۆ ژوورێکی دیکە و کاتێک من و سەید ئەحمەد بە تەنیا ماینەوە،

هاوکات کە عەبا و مێزەرەکەی دادەکەند و باسی بیرەوەرییەکانی خۆی لە پاریسی دەکرد، کەمێک بیدەنگ بوو و پاشان گوتی:
"تۆ ئەو ناپیاوە کەنەداییە، واتە "ڕاجێر جۆنز" دەناسی؟".
گوتم: "نە!".
گوتی: "هەر ئەو کوڕە باڵا بەرزە قژ زەردە کە لە نووفێل لووشاتۆ بوو و بە تەیارەی خۆمان هاتە تاران!".
گوتم: "ڕاستە من ئەگام لەو کارانە نەبووە و نیە، بەڵام لەوانەیە ئەگەر بیبینم بیناسمەوە".
سەید ئەحمەد لە کاتێکدا کە لەسەر دۆشەکەکەی خومەینی واتە جێگەکەی باوکی دانیشتبوو، گوتی:
"دڵنیام کە دەیناسی، چوونکە چەند جار دیومە کە سەرشاخی گرتووی، هەم لێرە و هەم لە نووفێل لووشاتۆ، لەسەر وێنە گرتن و لەو جۆرە کارانە!".
گوتم: "نازانم، من ناوی ئەو کەسانە نازانم!".
سەید ئەحمەد گوتی:
"سەیرکە!. ئەو شتەی کە من لەگەڵت باسی دەکەم، مژارێکی بنەماڵەیی ئێمەیە و تایبەت بە بنەماڵەکەمانە و هەتا ئێستا جگە لە من و باوکم کەسی دیکە ئاگاداری نیە، کەواتە تا پاش کارەکەش نابێ کەس ئاگاداری بێت".
گوتم: "پێموایە من لەو ماوەیەدا ڕازداریی خۆمم سەلماندووە!".
سەید ئەحمەد بزەیەکی هاتێ و گوتی: "هەر بۆیەش حەزرەتی ئیمام گوتیان، ئەو کارە تەنیا بە جەعفەر دەکرێت و تەواو!".
گوتم: "من لە خزمەتدام".
سەید ئەحمەد بەردەوام بوو و گوتی:
"هەروەک گوتم کێشەکە بنەماڵەییە، بەڵام دەتوانێ ببێتە بیانوویەک و بکەوێتە دەستی دوژمنانی ئیمام، بۆیە پێویستە کە بە بێدەنگی کۆتایی بە شتەکە بێنین. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە دوای کێشەکەی ئاپارتمانی شەقامی فووش کە سەرەتا بە بنکەی پۆلیس و پاشان دەستبەسەرکردنی من کۆتایی هات، "فاتی" (هەمان فاتمە تەباتەبایی هاوژینی سەید ئەحمەد خومەینی و خوشکی سادق تەباتەبایی) لێم بەقین کەوتووە وهەتا ئێستاش پێوەندیمان ساردە و ڕووی خۆشم پێ نیشان نادات. چوونکە ژنە و بێعەقڵە، لەوانەیە کەوتبێتە تۆڵەکردنەوە و ترساندنی من و باوکم. نازانم چۆن باسی بکەم....!!!

بە کورتی، ڕاجێر جۆنز شێت و شەیدای "فاتی" بووە و ئەوەش بۆتە هۆی نیگەرانی و دڵگرانیی هەموو کەسێک. دیارە فاتی ڕووی سەگێکی ناداتێ! بەڵام ئاوا نابێت و پێویستە کارێک بکەین کە ئەو سەرئێشەیەمان لەکۆڵ بێتەوە".

گوتم: "وەڵڵا ئێستا کە شتەکەت بۆ باس کردم، ڕاجێر جۆنز دەناسم، ئەو تێکهەڵچوونانەی منیش لەگەڵی هەر لەسەر ئەوە بوو. جارێکیان لە پاریس کە خانمی "فاتمە" لەگەڵ کچەکەی بەنی سەدر، واتە " فیرووزە" و کچەکەی سەید مەهدی ڕووحانی چوون بۆ بازاڕ بۆ شت کڕین، ئەوکاتە ئەو ناپیاوە کەوتبووە شوێنیان بۆ بازاڕ. ئەوکاتە ئیقباڵ ئەحمەد پێی گوتم کە ئاگام لەو پیاوە بێت".

سەید ئەحمەد کە دیار بوو یەکەم جارە ئەو هەواڵە دەبیست، گوتی:

"بە کورتی من و ئیمام بڕیارمان داوە کە بە هەر شێوەیەک بێت ئەو پیاوە لەسەر ڕێگەمان لابەین".

گوتم: "ئەو پیاوە ئەوە دوو، سێ مانگە لە دەوروبەرمان دەخولێتەوە و دەرکردنی کارێکی زۆر ئاسانە، وەکوو ئەو حەوت، هەشت هەزار ئەفغانیەی کە دەرکران. دەکرێ ئەو پیاوەش سەرەتا دەرسێکی عیبرەتی پێ بدەین و پاشان دەری بکەین".

سەید ئەحمەد گوتی: "نە!. هەموو ئەر ڕێگایانەمان تاقی کردۆتەوە، تەنیا ڕێگە ئەوەیە کە بۆ هەمیشە بێ سەروشوێنی بکەین و تەواو!".

گوتم: "ئەگەر ئیزنم بدەی من ئەمشەو بیرێکی لێ بکەمەوە. با پلانێک دابڕێژین کە بەڵکوو بە بێ ئەوەی دەستمان بە خوێنی سوور بێت تەرکی ئەو دۆڵەی پێ بکەین".

ئەوەم گوت و هەستام. چوونکە دەمزانی کە دۆریانم زۆر ڕاگرتووە. لە کاتی ماڵئاواییدا سەید ئەحمەد پاکەتێکی زەردی دا بە دەستمەوە و شکم لەوەدا نەبوو کە وەک پێشوو برە پارەیەکیان بۆ من داناوە. ڕاستییەکەتان بوێ ئەوان خاڵە لاوازەکەی منیان بە باشی دۆزیبووەوە.

هەر كە سواری ترۆمبیلەكە بووم و بەرەو ماڵەوە بەڕێكەوتم، دۆریان گوتی:

"ها!. چییە دیسان؟. بۆ ئاوا تووڕە و وەڕەزی؟. دیسان پێشنیاری مرۆڤ كوشتنیان پێ كردووی؟".

گوتم: "تۆ چۆن دەزانی؟".

دۆریان گوتی: "هەروا گوتم، ئەم جارەیان ئاگام لە هیچ نیە، بەڵام تووڕەیی و جووڵە عەسەبییەكانت دەرخەری ئەوەن كە ڕاسپاردەیەكی وا لە ئارادایە، و لەوانەیە ئەو پاكەتەش پڕ بێت لە پارە، ئەرێ؟".

پاشان لە كاتێكدا قاقا پێدەكەنی گوتی:

"ئەگەر پێت وایە شتێك هەیە كە دەبێ لەگەڵم باسی بكەی، پێش ئەوەی بگەینە ماڵەوە باسی بكە، چوونكە قوتب زادە لەوێیە و لەوانەیە لەوێ نەتوانی بۆم باس بكەی!".

گوتم: "بەڵام قوتب زادە ماڵئاوایی كرد و ڕۆییشت!".

گوتی: "وایە، بەڵام بڕیارە كە شەو بێتەوە و سێ قۆڵی كۆبوونەوەیەكمان هەبێت".

گوتم: "بەیانی كاتێك بێیكێر و ئازەر بەرزین ڕۆییشتن، خومەینی گوتی سەید ئەحمەد كارێكی تایبەتی بە تۆ هەیە و بۆی جێبەجێ بكە".

ئێستا ئاقازادەش بڕیاری داوە كە هەواڵنێرە كەنەداییەكە بكوژم و بێ سەر و شوێنی بكەم!.

دۆریان گوتی: "ڕاجێر جۆنز بكوژی؟!".

گوتم: "بەڵێ!. بەڵام چۆنت زانی مەبەستم ئەوە؟".

دۆریان بەدەم سەر ڕاوەشاندنەوە گوتی: "من لە پاریسەوە ئاگام لە پەیوەندی ژنەكەی سەید ئەحمەد لەگەڵ ڕاجێر هەیە. دوای

کارەساتەکەی ئاپارتمانی فووش، خوشکی "ئیمام مووسا سەدر" کە دەبێتە پووری "فاتی"، لەسەر کێشەی ئیمام مووسا و ئەوەی کە گۆیا سەید مەهدی ڕووحانی گوتوویەتی کە، خومەینی و سەید ئەحمەد، هاوکاریی قەزافییان کردووە بۆ لەنێوبردن و کوشتنی ئیمام مووسا، فاتیی هان داوە بە جیابوونەوە و تۆڵە کردنەوە و ڕاجێری نازەنینی ئێمەش بەو شێوەیە کەوتۆتە داوی ئەوان. بەڵام ئەوە باش بزانە کە بەقەولی ئێوە ئێرانیەکان دەڵێن، نابێ یەک تاڵە موو لەسەر ڕاجێر کەم بێتەوە. من خۆم کارێک دەکەم کە هەتا سبەی کاتی خۆرئاوا ڕاجێر لە ئێران نەمێنێت!".

ئێستا نۆرەی حەپەسانی من بوو و هەر بۆیەش بە سەرسووڕمانەوە پرسیم: "بۆ مەگەر ڕاجێر لەگەڵت لە پەیوەندیدایە؟".

دۆریان گوتی: "سەیرکە جەعفەر! ڕاجێر جۆنز نە ڕۆژنامەوانە و نە کەنەداییە، لە کوڕەکانی "سی ئای ئەی"یە و پیلانی کوشتنی هیچ پێوەندییەکی بە پەیوەندیی ئەو لەگەڵ فاتی نیە. مەسەلە شتێکی دیکەیە. ئەو داماوە جارێکی دیکەش لە ڕەوتی مەسەلەکەی چێکۆسلۆڤاکیش خەریک بوو تێدا بچێت، بەڵام من بە فریای کەوتم. با شتێکی دیکەشت بۆ باس بکەم، هەرچەند دەزانم کە باوەڕ ناکەی، بەڵام گرینگ نیە، گرینگ ئەوەیە کە ئاگات لەو بابەتە بێت!".

گوتم: "من لەو ماوەیە هەندێک شتم بینیوە کە چیدیکە باوەڕ بە هەموو شتێک دەکەم، تەنانەت ئەگەر بڵێن تۆ پیاوی!".

دۆریان گوتی: "هەر ئەوەندەت پێدەڵێم کە؛ بە وریاییەوە و بە نهێنی چاوەدێریی پێوەندی خومەینی و ئەو فاتی خانمە بکە. دواتر هۆکارەکەیت بۆ باس دەکەم. بەهەرحاڵ من بەیانی پێت دەڵێم کە دەبێ چی بکەی، بۆ ئەوەی دڵنیایی و باوەڕی خومەینی و سەید ئەحمەد بە نیسبەت خۆتەوە بپارێزی و هاوکات ڕاجێر جۆنزیش لەو کێشەیە قوتاری بێت!".

پاشان پاکەتەکەی لەسەر داشپۆرتی مێرسێدێس بێنزەکە هەڵگرت و گوتی: "با بزانین، بەهای سەری ڕاجێری قوڕبەسەر چەندە؟".

دۆریان پاکەتەکەی کردەوە و دەستبەجێ گوتی؛ "هەر لێرە ترۆمبیلەکە ڕاگرە!".

لە تەنیشت شەقام و لە شەقامی کۆنی شمیران و لە بەرانبەر وەزارەتی تەندروستی ڕاوەستام.

لە پاکەتە دیارییەکەی سەید ئەحمەددا سێ بەستە پارەی ١٠٠٠ تمەنی داندرابوون و وێنەیەکیشی تێدا بوو. وێنەکە دیمەنێکی منی نیشان دەدا کە

خەریکی ئەشکەنجە کردنی کچێکی نیوە ڕووت بووم لە ژووری لێکۆڵینەوەکەی ترابلۆس. چایچیش لە وێنەکەدا هەبوو. دۆریان دوبارە وێنەکەی لە من وەرگرت و بە ئینگلیزی شتێکی گوت کە نەمزانی چی بوو. بەڵام کاتێک بە فارسی گوتی: "سەگ بابینە!. تێگەیشتم کە ڕستە ئینگلیزییەکەش هەر مانایەکی وای هەبووە".

من ئەو شەوە لە واتای "گرِ" ئاگر گرتن تێگەیشتم، هاوارم دەکرد و باسی تۆڵەم دەکرد. زۆر بە ڕاشکاوی بە دۆریانم گوت: "خۆیان فێری کوشتنیان کردم و ئێستا نۆرەی خۆیانە، لێیان دەدەم، دەیانکوژم و دەڕۆم!".

دۆریان هەوڵی دەدا هێورم بکاتەوە و گوتی: "ئێستا کە ئەوان نامەردییان کردووە، تۆ جارێ وازیان لێ بێنە تا دەرفەتی خۆی دێتە پێشێ و پاکانە حیسابیان لەگەڵ دەکەی".

تەواوی ئەو شەوە و بە درێژایی کۆبوونەوەکەمان لەگەڵ دۆریان و قوتب زادە کە تا بەیانیی خایاند، بۆ چرکەساتێک لەو ئاریشە خافڵ نەبووم، بەڵام ڕاستییەکەتان بوێت خۆیشم دەمزانی کە هیچم پێ ناکرێت.

ئاراستەی گلەییەکانی قوتب زادە گۆڕابوون. زۆر بە ڕاشکاوی بە دۆریانی گوت کە، من بۆ سەرکۆماری هاتووم، بەڵام منیان داوە بە ڕاگەیاندنی وڵات. ئەو پیرەپیاوەش بەردەوام دەستوور دەدات کە ئەوە بکە و ئەوە مەکە و دەوروبەریش دەیانهەوێ چیلکە لە کولانە زەردەواڵە وەردەن، کۆمۆنیستەکان دەوروبەری خومەینییان گرتبوو و دەبوو کارێکمان کردبا. من بەو ڕاگەیەندراوانەی کە لە ئۆفیسی خومەینیەوە دەهاتن، هەستم پێ کردبوو. لە تەلەفزیۆنیش زۆر بەتەنیام. هەموو بۆ خۆیان دەستە و گرووپیان پێک هێناوە و من جگە لە تۆ و جەعفەر و براکەم کەسی دیکەم نیە.

دۆریان گوتی: "تا من و جەعفەرت هەبێ، خەمت نەبێ. هەروەها تۆ لە لووتکەی کارێکدای کە چەپ و ڕاستەکان کاریان پێت دەبێ. ئەوەی کە لە پاریس نەدەبوو بیکەی، دەتکرد و ئێستا کە دەبێ بیکەی، نایکەی!. توند بیگرە و لەسەری بەردەوام بە. خۆت لە سەرووی هەموو کەسەوە دابنێ، هەڵبەت تا ئەو ڕۆژەی کە دۆخەکە ئاوا شێواو و بێسەرەوبەرەیە!. با جارێکی دیکەش پێت بڵێم کە؛ دۆخەکە تاسەر ئاوا نامێنێت".

قسەکانی دیکەشمان هەر لەو پێوەندییانەدا بوون و بۆ من سەرنجڕاکێش نەبوون. لە کۆتاییدا کاتژمێر پێنجی بەیانی خەوتین و کاتژمێر شەش و نیو لەخەو هەستاین.

بەیانی کاتێک بەرەو ماڵی خومەینی چووین، دۆریان گوتی: "پلان و بڕیاری کوشتنی ڕاجێر جۆنز قبووڵ بکە، بەڵام بەو شەرتە کە گەڵاڵەکە و چۆنیەتی کوشتنەکەی با لەلایەن خۆتەوە دابڕێژرێت. هاوکات لەبیرت نەچێ کە گلەیی وێنەکەش بکەی".

کاتێک گەیشتم خومەینی هێشتا لە ئەندەروونی بوو و گوتی: "دەبێ کارێک بکەم کە تۆش هەر لێرە بمێنیەوە و هەموو ڕۆژێک ئەو هەموو ڕێگەیە نەڕۆیت و بگەڕێیتەوە".

سەید ئەحمەد لەوکاتەدا کە منی بە تەنیا بینی، هەرچۆنێک بێت سەری قسەی کردەوە و پرسیاری کرد: "چیت کرد، بڕیارت دا؟".

گوتم: "پێویستی بە بڕیار نەبوو، دەمویست هەندێ بیری لێ بکەمەوە بۆ ئەوەی بزانم چۆن دەتوانم ئەنجامی بدەم، هەڵبەت بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە من باش شارەزای تاران نیم، بۆیە ئێستا پێم وایە خۆتان هەر کەسێک کە بۆ ئەو مەبەستە بە باشی دەزانن دیاریی بکەن بۆ ئەوەی هاوکاریم بکات، هەتا سەرەتا گەڵاڵە و پلانەکە دابڕێژم و پاشان جێبەجێی بکەم".

سەید ئەحمەد گوتی: "ئەمشەو قسەی لەسەر دەکەین. بەڵام لەبیرت نەچێ، نابێ بە هیچ شێوەیەک خانمی دۆریان مەک گرێی بە شتەکە بەزانێت".

گوتم: "جێگەی خۆیەتی کە من گلەییەکیش بکەم لە پێوەندی لەگەڵ وێنەکە. دەزانن کە من هەموو ئەوانەم لەو ڕێگەیەدا ئەنجام داوە، لە ڕێگەی شۆڕشدا!. من لەو کەسانەش نیم کە پێگەم بکەوێتە مەترسییەوە، بەڵام ئەو کردەوانە تەنیا دەرخەری ئەوەن کە متمانەیەکی ئەوتۆ لە نێوانماندا نیە!".

سەید ئەحمەد بەدەم پێکەنینەوە، دای لە پشتم و گوتی:

"ئەو متمانەیەی کە ئیمام بە تۆی هەیە، بە منی نیە کە کوڕی خۆیم!".

بە کورتی بڕیارەکەمان بوو بەوە کە شەو لەگەڵ سەید ئەحمەد کۆ ببینەوە و گەڵاڵە و پلانی کوشتنی ڕاجێر جۆنز دابڕێژین.

ئەو ڕۆژە، ڕۆژێکی قەرەباڵغ و بێسەروبەر بوو و خومەینیش بە هۆی چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیی بازرگانەوە زۆر تووڕە بوو. خەریک بوو بە تەلەفۆن لەگەڵ بازرگان قسەی دەکرد کە لە ناکاودا دوکتور ئیبراهیم یەزدی بە برینداری و خوێناوی، لەگەڵ دوکتور حاج سەید جەوادی و ئەسەدوڵڵا مۆبەشری هاتنە ژوورەوە.

یەکەم جار بوو کە من بینیم هیچ هێوری و ئارامییەک لە سیمای خومەینیدا

بەدی ناکرێت، خومەینی پرسیاری کرد: "چی بووە؟".
ئەسەدوڵڵا گێڕایەوە کە؛ دوو کەس لە ژەنەڕاڵەکان، واتە "نادر جەهانبانی" و هەروەها " مەنووچێهر خۆسرۆداد" لە کاتی لێکۆڵینەوەدا و لە کاتێکدا کە دەستیان بە کورسییەکەوە بەسترابوویەوە، هێرشیان کردە سەر یەزدی، کورسییەکە شکا و یەزدییان بە توندی بریندار کرد.
خومەینی بە بیستنی ئەو هەواڵە کە مۆبەشێریش ئاوا بە تام و چێژ دەیگێڕاوە، تەواو تێک چوو و بە دەنگی بەرز هاواری کرد:
"ئەو سادقە شێتە لەکوێیە؟ لە هەر جێگەیەکە بیدۆزنەوە و بیهێنن بۆ ئێرە!".
هەموو دەیانزانی کە مەبەست لە "سادقە شێت"، شێخ سادق خەڵخاڵی بوو کە بە هۆی دۆستایەتی و تێکەڵاوی لەگەڵ مستەفای کوڕی خومەینی، وەکوو شاگردی ماڵی خومەینی وابوو. هێندەی نەخایاند سادق خەڵخاڵی کە هەر لەوێ بوو، هاتە ژوورەوە.
خومەینی بە خەڵخاڵی گوت: "هەر ئێستا دادگای شەرعیی شۆڕش پێک بێنە و لەسەر بنەماکانی شەرع سزا دیاری دەکەی. ئەمشەو پێش لە خۆرئاوابوون دەبێ یەکەمین سزادانەکانت ببینم!. هەتا خوێن نەڕێژین ئەو شۆڕشە سەرناکەوێ!".
خەڵخاڵی داوای کرد کە چەند خولەکێک لەگەڵ ئیمام بە تەنیا قسە بکات بۆ ئەوەی ڕێنوێنیی پێویستی لێ وەربگرێت. دەمودەست هەموومان لە ژوورەکە هاتینە دەرێ و خومەینی و خەڵخاڵی ڕێک هەتا کاتژمێر یەکی دوانیوەڕۆ لە ژوورێکی داخراودا مانەوە و بە بێ ئەوەی تەنانەت سەید ئەحمەد خومەینییش ڕێگەی چوونە ژوورەوەی هەبێت، پێکەوە قسەیان کرد.
کاتژمێر یەک خومەینی بانگی کردم و هەر کە چوومە ژوورەوە، گوتی:
"دادگای شۆڕشی ئیسلامی لە ژێر فەرمانی شێخ سادق خەڵخاڵی لە ئەمڕۆوە دەست بەکار دەبێت. چوونکە ئێوەش دەستی ڕاستی منن، دەبێ دەستەیەکی تیرهاوێژی لێهاتوو لە کوڕەکانی خۆتان ئامادە بکەن کە سزادانە ئیسلامییەکان لەسەر کافر و بێ دین و دوژمانی خودا و ڕەسووڵی خودا جێبەجێ بکرێن. بۆیە ئێستا فەرمان بە ئۆفیسەکەم دەکەم کە بڕیارنامەی شێخ سادق و تۆ بنووسن. بڕۆن خواتان لەگەڵ. ئەو شێخ سادقە وەکوو کوڕی منە، بۆیە پەیمانی دۆستی و وەفاداریی لەگەڵ ببەستە و....".
بەم شێوەیە شمشێری سادق خەڵخاڵی کەوتە کار و بە داخەوە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژیش، من و چریکەکانم بووین بە دەلاڵی ئەو زاڵم و جینایەتکارە

گەورەیە.

ئەو ڕۆژە ڕووداوێکی تایبەت ڕووی نەدا، یا ئەوەی کە ڕووی دا و من نەمدی و نەمزانی. چوونکە بە درێژایی ڕۆژ لەگەڵ کوڕەکان سەرقاڵی دابینکردنی کەرەستە و ئامادە کردنی دەستەی تیرهاوێژ بووین. تەنیا ئەوە دەزانم کە کاتژمێر چواری دوانیوەڕۆ خەڵخاڵی جارێکی دیکە لەگەڵ خومەینی کۆبووەوە و گوتی: "ئەو ڕۆژە کاری دادگایی کردنەکە تەواو نابێت و بۆ بەیانیەکەی کە دەبێتە چوارشەممە، ئەو کارە دەگاتە ئەنجام و خومەینیش ڕازیبوونی خۆی نیشان دا".

بۆ بەیانیەکەی دانیشتەکانی دادگاکە لە خوێندنگەی دووی عەلەوی دەستی پێ کرد. یەکەمین تۆمەتبارەکان کە "ئەرتەش بۆد نەسیری" و "سەرلەشکر خۆسرۆداد" و خوالێخۆشبوو "سپاسالار ڕەحیمی" و هەروەها هاوشاریی خۆم "سەرلەشکر ناجی"یان هێنا بەرانبەر خەڵخاڵی. لە ڕاستیدا ئەوەی کە لەو دادگایەدا هەوڵی دەرکردنی سزای ئێعدامی دەدا، سەرهەنگ تەوەکولی بوو. بۆ ئەوەی بیسەلمێنم کە ئەو کابرایە چەندە ١٣ و نەحس و دێزە بوو، باشە کە ئەو نهێنیە شاراوەیەشتان بۆ باس بکەم کە؛ خەڵخاڵی سەرەتا بۆ "ناجی" سزای زیندانیی هەتا هەتایی بڕییەوە، بەڵام سەرهەنگ تەوەکولی هێندە بە گوێی خومەینیدا خوێندی هەتا خومەینی تووڕە کرد و لە کۆتاییدا خومەینی بەسر سادق خەڵخاڵیدا گوڕاندی. بەم شێوەیە و هەر ئەو شەوە لەسەر بانی خوێندنگەی عەلەوی، ئەو چوار کەسە کە بەڕاستیش گاڵتەیان بە مردن دەهات، لەبەرانبەر دەستەی تیربارانی چریکەکانی لیبی ڕاوەستان و لەسەر فەرمانی "تەقە"ی من، شەلاڵی خوێن کران و کەوتنە سەر زەوی. بە پێچەوانەی ئەوەی کە نووسراوە خومەینی پاش تیرباران کردنەکە بۆ بینینی تەرمەکان هاتووە، خومەینی و سەید ئەحمەد و کەسانی دەوروبەریان هەر لە سەرەتای تیرباران کردنەکەوە لەوێ بوون. دوای ئەوەی کە خومەینی دڵنیا بوو کە قوربانیەکان گیانیان دەرچووە، هەر لەوێ نوێژی شوکرانەشی خوێند.

ئەوکاتە کە خومەینی و دەوروبەرییەکانی سەرقاڵی خوێندنی نوێژی شوکرانە بوون، من و چریکەکانم ناچار بووین لە بواری ئەمنیەتیەوە ئاگامان لێیان بێت. لەناکاو بینیم کە سەرەڕای هەواڵنێرانی "ئیتلاعات" و "کەیهان"، تەنیا هەواڵنێرێکی بیانی کە لەوێ ئامادە بوو، ڕاجێر جۆنز بوو کە لەگەڵ سەید ئەحمەد خومەینی لە شوێنی تیربارانکردنەکە دەڕۆشتنەوە.

هیچم لەدەست نەدەهات و هیچیشم پێ نەبوو تا بەهەر شێوەیەک بێت

دۆریانی لێ ئاگادار بکەمەوە.

دوای نوێژ دووبارە هەموومان گەڕاینەوە بۆ ئەندەروونی. خومەینی بۆ یەکەم جار ئەو شەوە تا کاتژمێر چواری بەیانی نەخەوت و ئاسایی بوو کە دەبێ منیش نەخەوم و ئاگام لێی بێت. کاتژمێر چواری بەیانی کاتێک خومەینی ویستی بخەوێت، من و سەید ئەحمەد بەتەنیا ماینەوە، من گوتم: "ڕاستە درەنگی شەوە، بەڵام قەرار بوو کە ئێمە پێکەوە و بە تەنیا قسە بکەین!".

سەید ئەحمەد گوتی: "من چاوەڕوانم تا ئیمام بخەوێ و تۆ ئازاد بیت. لێرەبە تا دێمەوە".

پێنج خولەکی نەخایاند کە سەید ئەحمەد هاتەوە و گوتی با بڕۆین. لە ئەندەروونی هاتینە دەرێ و دیسانەوە چووین بۆ قوتابخانەی عەلەویی ژمارە "٢"، لەوێ ئەبوو شەریف و موحەممەد غەرەزی کە ئێستا وەزیری نەوتە تاساو و شڵەژاو چاوەڕوانمان بوون. سەید ئەحمەد پرسیاری کرد: "لە کوێیە؟".

موحەممەد غەرەزی گوتی: "کارەکە تەواو بووا!".

سەید ئەحمەد گوتی: "یانی چی؟. چۆن کارەکە تەواو بوو؟".

غەرەزی گوتی: "هیچوپووچە زۆر خۆڕاگریی کرد، قوتابخانەکەش قەرەباڵغ بوو و هەرا هەرا زۆر بوو، هەر لەو کاتەشدا موتەهەری و بەهەشتی هاتن و لە بەر دەرگای ئاودەستەکە بۆ ماوەی دە خولەک ڕاوەستان و قسەیان کرد، لەو ماوەیەدا بە هەر کلوجێک بوو نەمانهێشت دەنگی دەربێت هەتا گیانی دەرچوو و بێدەنگ بووا!".

سەید ئەحمەد بە هێواشی پرسیاری کرد: "یانی خنکاندتان؟".

ئەبوو شەریف گوتی: "نەماندەویست وای لێ بێت، بەڵام خنکا!".

سەید ئەحمەد سەرەڕای شڵەژاوی و پەشۆکاویی ئەبوو شەریف و غەرەزی گوتی: "دەی بە جەهەندەم کە خنکا، بەڕێز شەفیعزادە لە بەفێڕۆدانی چەند فیشەکێک ڕزگاری بوو. دەی باشە ئێستا پێم بڵێن کە تەرمەکەی لە کوێیە؟".

غەرەزی و ئەبوو شەریف کە دوای قسەکانی سەید ئەحمەد تۆزێک هاتنەوە سەر خۆیان، دەستیان کرد بە گێڕانەوە و گوتیان تەرمەکەی لە هەمان ئاودەست کەوتووە. بەڵام خەمتان نەبێت، زۆرمان هەوڵ داوە کە کەس لەو دەوروبەرە هاتوچۆ نەکات.

سەید ئەحمەد پرسیاری کرد: "سەیری جانتای وێنەگریی و کەلوپەلەکانیتان کردووە یان نە؟".

ئەوان گوتیان: "نەخێر".
بەپەلە گوتی: "کەواتە با بڕۆین بیانهێنین!".
غەرەزی لە پێشەوە و سەید ئەحمەد و ئەبوو شەریف و منیش بە دوایەوە چووین بەرەو لای ئاودەستەکە. کاتژمێر لە چوار و نیوی بەیانی لای دابوو. پێنج ئاودەست لە تەنیشت یەکتر بوون و غەرەزی ڕووی کردە دوایین ئاودەستەکە. بەڵام کە دەرگاکەی کردەوە تەرمەکە نەمابوو!.
دیسانەوە من هاوکات بە چەند شێوە ناکاوگیر ببووم!.

بەو قسانەی کە دۆریان سەبارەت بە گرینگیی پاراستنی گیانی ڕاجێر جۆنز کردبووی، دوای ئەو ڕووداوە ترسناکەی سەر بانی خوێندنگەکە و پێکەوە چوونەدەری ڕاجێر جۆنز و سەید ئەحمەد خومەینی و ئێستاش ڕووداوی خنکاندنی ڕاجێر جۆنز و دواتریش دیار نەمانی تەرمەکەی، ئیتر پێویست ناکات کە بڵێم چەندە ترسابووم و لە چ دۆخێکی خراپ و شڵەژاودا بووم. دۆخی ئەوان لە من خراپتر بوو.

سەید ئەحمەد بە تەواوی شڵەژابوو و ئەبوو شەریف و غەرەزی خەریک بوو دڵیان دەوەستا.

دەرگای هەر چوار ئاودەستەکەی دیکەش کرانەوە و چ مردوو و چ زیندوو ڕاجێر جۆنز دیار نەبوو. سەید ئەحمەد بە بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت، هەر زوو زوو پرسیاری دەکرد کە دڵنیان خنکا؟. دڵنیان خنکا؟. بۆ خۆتان لەشی ساردەوەبووی ڕاجێرتان بینی؟. ئەوانیش وەڵامیان دایەوە کە؛ نەتەنیا لەشی ساردەوەبوویمان بینی، نەتەنیا خنکا بوو، بەڵکوو ماوەی یەک کاتژمێر هەر لێرە لەسەر سەری ڕاوەستابووین.

من گوتم: "لەوانەیە هەر لەو ماوەیەدا کوڕەکان هاتوون بۆ بەر دەرگای ئاودەستەکە و تەرمەکەیان بینیبێت و بردبێتیان بۆ ژوورەکەی سەرهەنگ تەوەکولی. باشترە سەرێک لەوێ بدەین".

لەوێش هیچ خەبەرێ نەبوو و پاسدارە نیگابانەکان هیچ ڕاپۆرتێکیان بە نیسبەت ڕووداوێکی لەو شێوەیە نەدابوو بە سەید ئەحمەد خومەینی، ئیتر ئێمە هیچمان پێ نەدەکرا. سەید ئەحمەد ئیزنی دا کە ئەبوو شەریف و غەرەزی بڕۆنەوە و بە منی گوت:

"هیچ ڕێگەیەکی دیکەمان نیە جگە لەوەی کە ئیمام لە خەو هەستێنین و ڕاستیی ڕووداوەکەی بۆ باس بکەین!".

من دەرفەتم بە باش زانی کە دەستی خۆم بوەشێنم، بۆیە گوتم:

"من پێم وایە ئەو دووانە درۆ دەکەن!. لێرە باڵندەش ناتوانێ بە بێ چاوەدێریی پاسدارەکان بفرێت، ئێستا چۆن دەبێ تەرمێک بزر بێت، ئەویش لە ژێر دەستی ئەو دوو کەسە!".

سەید ئەحمەد گوتی: "لەو دوو کەسە و بەتایبەت لە ئەبوو شەریف هەموو کارێک دەوەشێتەوە!. تۆ ڕابردووەکەی دەزانی ...".

کاتێک پێتان دەڵێم کە شانۆ لەگەڵ کردەوە جیاوازە، دەبێ گەڵاڵە دابڕێژین، پلان دابنێین، هەڵسەنگاندن بۆ هەموو کارەکان بکەین و پاشان دەست بدەینە کردەوە، بۆ ئەوەیە.

بەڕێزت پێت وایە ئێمە ناتوانین و کارمان لەدەست نایە، بۆیە دەچی ئەو هیچ و پووچانە زەق دەکەیەوە!. سەید ئەحمەد گوتی قسەکانت زۆر ڕاستن، و پاشان گوتی: "ئێستا کە بە خۆشییەوە لە دەستی ڕاجێر جۆنز ڕزگارمان بوو، بەڵام دەترسم ئەوەی کە تەرمەکەی بزر بووە دوایی ببێتە کێشە بۆمان!".

کاتژمێر ١٥ خولەکی مابوو بۆ شەش کە من و سەید ئەحمەد چووین بۆ بەر دەرگای ژووری خەوی خومەینی. سەید ئەحمەدیش کە وەکوو من پێی وابوو خومەینی لە خەو دایە، بە هێوری دەزگیرەی دەرگای ژوورەکەی گرت. بەڵام تەقەوی نیا کە ئەو شەوە پاسداری بەر دەرگای ژوورەکەی خومەینی بوو گوتی:

"ئیمام فەرموویەتی با کەس نەیەتە ژوورەوە، میوانی هەیە!".

سەید ئەحمەد گوتی: "تەنانەت منیش؟".

تەقەوی نیا گوتی: "فەرموویان هیچ کەس!".

بە تەقەوی نیام گوت: "بۆچی تا ئێستا ئیمام نەخەوتووە و میوانەکەی کێیە؟".

تەقەوی نیا گوتی: "ئیمام کاتژمێرێکە کە لە خەو هەستاوە و لەگەڵ بەڕێز دوکتور کیانووری کۆبوونەوەی هەیە".

بەپەلە پرسیارم کرد: "هەر ئەو کیانوورییە توودەییەکە؟".

بە جێگەی تەقەوی نیا، سەید ئەحمەد گوتی: "کیانووری خزمایەتی لەگەڵ ئێمە هەیە!".

پاشان پرسیاری لە تەقەوی نیا کرد؛ "کیا نووری بەتەنیایە؟".

تەقەوی نیا گوتی: "خانمەکەیشی لەلای خێزانی ئیمامە!".

هەر کە باسی خانمی کیانووری کرا، سەید ئەحمەد یەکسەر چوو بۆ ژوورەکەی دایکی. تەقەوی نیا زۆر بە هێواشی گوتی: "خانمی دۆریان مەک گرێی پێنج شەش جار پێوەندی گرتووە و کاری بە تۆیە و داوای کرد هەرکات هاتییەوە زوو

پێوەندییان پێوە بگریت".
من پرسیارم کرد: "ئێستا لە کوێیە؟".
گوتی: "لەگەڵ خانمی کیانووری لەلای هاوسەری ئیمامن!".
بێ خەویی بەردەوام و ڕووداوە یەک لە دوای یەکەکان و ئەو هەواڵە ناخۆش و ناخافڵانە کە دێن، بە گشتی منی لە پێ خستبوو. بۆیە لەسەر ئەو باوڕە بووم کە تەنیا خەو دەتوانێت کەمێ لەو هێز و وزەیەم بۆ بگەڕێنێتەوە کە لەدەستم دابوو.
بە تەقەوی نیام گوت: "من پێنج، شەش شەوە نەخەوتووم، بۆیە دەچمە شوێنی پشووی ئێوە و کەمێک پشوو دەدەم. ئەگەر دۆریان یا ئیمام داوای منیان کرد خەبەرم بکەوە، دەنا ئەگەر کەسێکی دیکە داوای منی کرد بڵێ نازانم لە کوێیە!".
کاتێک خەبەرم بووەوە کاتژمێر دووی دوانیوەڕۆ بوو و سەرم زۆر دێشا. لەوانەبوو ئەگەر تەقەوی نیا خەبەری نەکردبامەوە، بە درێژایی ڕۆژ هەر خەوتبام. خوێندنگەی عەلەوی زۆر قەرەباڵغ بوو و خۆم پێم سەیر بوو کە لەنێو ئەو هەموو قەرەباڵغی و هەراوزەنایەدا چۆن توانیومە بخەوم. تەقەوی نیا گوتی کە خومەینی و کیانووری تا کاتژمیر نۆ و چەند خولەک هەر لە کۆبوونەوەکەدا بوون و پاشان خومەینی خۆی بە تەنیا هاتۆتە دەرێ.
پرسیاری دۆریانم لە تەقەوی نیا کرد: "گوتی لە کاتژمێر نۆ و نیوەوە کە من هاتووم بۆ پشوودان، ئیتر ئاگام لێی نەماوە".
بەپەلە ئاوێکم بە دەموچاومدا کرد و دوو حەبی ئازارشکێنم خوارد و گەڕامەوە بۆ شوێنی کارەکەم. ئێرەش هەر قەرەباڵغ بوو. ژووری خومەینی پڕ بوو لە ئەندامانی دەوڵەتی بازرگان و هەندێک ئاخوندی تارانی و مەلای شارستانەکان!.
چایچی و نەعمانی پارێزەری ئەمنیەتی شوێنەکە بوون و کاتێک پرسیارم کرد کە سەید ئەحمەدیان بینیوە یان نە؟. گوتیان: "لەگەڵ قوتب زادە و دوکتور یەزدی چوون بۆ بینای سەرۆک وەزیران. دۆریانیش گوتی هەرکات لە خەو هەستای تەلەفۆنی بۆ بکە لە ماڵەکەی خۆی".
چوومە نێو ژوورەکەی خومەینی و لە دوورەوە خۆم نیشان دا، هەر کە دڵنیا بووم منی بینیوە، هاتمەوە دەرێ لە ژوورەکە و چووم بۆ لای تەلەفۆنەکە. ئەوکات هێشتا کۆنترۆڵ و سانسۆری تەلەفۆن نەهاتبووە کایەوە، هەر بۆیە لە ئۆفیسەکەی خۆم و بە بێ خەیاڵی ژمارە تەلەفۆنی ماڵەکەی دۆریانم گرت. بەڵام پێوەندی دیکەی لەگەڵ بوو.
زۆری پێچوو هەتا تەلەفۆنەکەی دۆریان ئازاد بوو و توانیم پێوەندی پێوە بگرم

و دەنگی ببیستم.
گوتم: "دەبێ لە زووترین کاتدا بتانبینم تا لە هەندێک شت کە هاتوونەتە پێش ئاگادارتان بکەمەوە".
دۆریان گوتی: "بۆ بە تەلەفۆن باسی ناکەی؟".
گوتم: "گرینگن بە تەلەفۆن بۆ باسکردن نابن".
گوتی: "من ناچارم لە ماڵێ بمێنمەوە، بەڵام کارێکم کردووە کە تۆ ئەمشەو سەردانم بکەی، بیرم کردوویت".
من گوتم: "هەندێک کاری گرینگ هەیە کە پێویستە دەستی لێ بجووڵێنین، هەرچەندە بە بڕوای خۆم ئێستاش درەنگ بووە".
دۆریان گوتی: "پێوەندی بە ڕاجێرەوە هەیە؟".
گوتم: "بە دڵنیاییەوە!".
گوتی: "زۆر خۆت دڵگران مەکە، کەواتە ئەوەندەش گرینگ نیە. کاتژمێر حەوت لێرە دەبێ و ئەوکات قسەی لێ دەکەین".
دڵنیا بووم کە دۆریان دەزانێ باسی چی دەکات، بۆیە یا ئاگای لە هەموو شتەکە هەبوو و دڵنیا بوو، یا هەموو کارەکانی جێبەجێ کردبوو و نەیدەویست کە من تێکەڵ بە پرسی ڕاجێر جۆنز بم. پاش قسەکردن لەگەڵ دۆریان، برێک هێور بوومەوە و چووم بۆ لای سەید ئەحمەد کە لەلای سەرۆک وەزیر هاتبووەوە.
سەید ئەحمەد گوتی: "ئیمام بە چارەنووسی ڕاجێر جۆنز خۆشحاڵ بوو و سەبارەت بە بزر بوونی تەرمەکەشی، مەهدەوی کەنی و براکەی ڕاسپاردووە کە بزانن چی بەسەر هاتووە و لێی بکۆڵنەوە. ئەوەشت لە بیر نەچی کاتژمێر پێنج لێرە ئامادە بە، ئیمام کارێکی تایبەتی پێت هەیە!".
شکم نەبوو کە خومەینی دیسان حیسابی لەسەر من کردووە و هەروەها لەوەی کە پلانەکەی خۆی کە بریتی بوو لەوەی ڕاجێر جۆنز بە دەستی من بکوژرێت، بەو پلانە ساویلکانەی سەید ئەحمەد تێکچبوو، تووڕەیە.
کاتژمێر پێنجی پاش نیوەڕۆ، سەید ئەحمەد و شێخ مەلا شەهاب ئێشڕاقی و قوتب زادە و من بۆ ژوورەکەی خومەینی بانگ کراین.
ئەوە تەنیا یەک مانای هەبوو، ئەویش ئەوە بوو کە بۆ شتێکی ئاوا گرینگ، تەنیا ئەو چوار کەسەمان جێگەی متمانەی خومەینی بووین.
خومەینی دەستبەجێ باسەکەی کردەوە و گوتی:
"دۆێنێ شەو لە قوتابخانەی عەلەوی ڕووداوێک ڕووی داوە کە ئێمەی بە

نیسبەت هەموو شت و هەموو کەس خستۆتە گومانەوە. بە هەموو ئەو هەوڵانەوە کە ئاغاکان دەیدەن و ئەو زەحمەتانەی کە پاسدارەکان دەیکێشن، بەڵام چوونکە ئێستاش ئێرە ناوەندی سەرنجی هەموو کەس و لایەنێکە، بە گونجاوی نازانین کە ئێمە و "ئەهلی بەیت" شەوانە لێرە بمێنینەوە. نابێ لە ڕق و قینی دوژمنان خافڵ بین. ئەمڕۆ بە تێر و تەسەلی لەگەڵ بەڕێز کیانووری قسەمان کردووە. لەلایەن ڕووسەکانەوە هاتبوو و هەندێک زانیاریی پێبوو کە ئاماژەیان بە پلانی لەنێوبردنی ئێمە دەکرد و لەو جۆرە قسانە. ویستم لەو پێوەندییەدا هۆشداریی و ئۆلتیماتۆمتان پێ بدەم و هاوکات ئەگەر بە باشی بزانن ڕاویژێکیش بکەین. کارەکان بە شێوەیەک ڕێک بخەین کە شوێنی مانەوەی شەوانەمان بە شێوەی نهێنی لە جێگەیەکی دیکە بێت و جگە لەو چەند کەسەتان، کەسی دیکە ئاگاداری نەبێت. بە ڕۆژ لێرە بین و بە شەو لەوێ بین تا ئەوکاتەی بە ئەمروئیرادەی خودا و بە زووترین کات ئامادەکارییەکان بکرێن و بڕۆین بۆ شاری قوم".

شێخ شەهاب ئیشراقی، قوتب زادە و سەید ئەحمەد لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە قسەکانی خومەینی ڕاستن و بە ئەرێنی قسەیان لەسەر کرد، لە کۆتاییدا خومەینی ڕووی لە من کرد و گوتی:

"جەعفەر ئاغا و هاوڕێیانی گەلێک ڕێک و پێک و باوەڕمەندن، بەڵام هەست دەکەم کە دەستیان زۆر ئاوەلا نیە، بەو کوشتوبڕانەوە کە دەستی پێکردووە، پێم وایە کە کاتی هاتووە بۆخۆمان شتێکمان لەنێو خۆماندا هەبێت، بۆئەوەی ئاگامان لە پلان و پیلانگێڕییەکان بێت. کاتێک لە "نەجەف"یش بووم ئەو عێراقییە مەلعوونانە گاردێکی تایبەتیان هەبوو. نەک بەو گەورەیی وبەربڵاوییە، بەڵام من هەست دەکەم ئێمەش شتێکی هاوشێوەمان پێویستە. بۆیە کاک جەعفەر دەبێ هێزێکی وامان بۆ ڕێک بخات لە خۆی و ئەو دۆستانەی کە لە فەڕەنسا بوون. هەڵبەت تێچوو و پارەی پێویستیش شێخ شەهاب ئیشراقی لە بەشی "پشک"ەکانی ئیمام دابینی دەکات، نە دەوڵەت و نە کەسی دیکە. ئێستاش با شتەکە بڵاو نەبێتەوە و دەنگی دەرمەهێنن".

شێخ شەهاب ئیشراقی پێشنیاری کرد کە ناوی "جووخەی شەهادەت"یان لەسەر دانێن، بەڵام ئیمام خێرا گوتی:

"زۆر پێداگری لەسەر ناو مەکەن، ئێستا کێشەکەمان ناو نیە، بەڵام بە پشتیوانیی خودا، ئەگەر بوون بە سێ، چوار هەزار کەس، ئەوسا بۆ نموونە دەتوانین ناویان بنێین "سپای زەربەتی شۆڕش" یا شتێکی هاوشێوەی".

بەو شێوەیە و لەسەر داخوازی خومەینی، من بەرپرسایەتی یەکەمی ئەرکێکم وەرگرت کە، نووسینی کۆی ئەو بیرەوەرییانە، لە ڕاستیدا سەرەتایەکە بۆ گێڕانەوەی کارنامەی ئەو ئەرکەم. کارنامەیەک کە دەپرژێمە سەری و باسی لێوە دەکەم.

شوێنی مانەوەی خومەینی هەرماڵەکەی زەعفەرانیە لە کۆڵانی "ئێران" بوو و بەرنامەی گواستنەوەیان هەر ئەو شەوە جێبەجێ کرا. چایچی، ئەحمەدی و نەعمانی بۆ زەعفەرانیە گوازرانەوە و تەقەوی نیا ڕاسپێردا کە چریکەکانی دیکە بۆ کۆبوونەوەیەکی گرینگ بۆ ڕۆژی دواتر ئاگادار بکاتەوە.

خومەینی تا پێنجی مانگی ڕەشەمە کاتی بۆ دیاری کردم بۆئەوەی بناغەی سپای زەربەت دابنێم. بۆ یەکەم جار ژمارە تەلەفۆنی تایبەتی خۆیشی پێدام بۆ ئەوەی بە شێوەی ڕاستەوخۆ و لە کاتژمێرێکی دیاریکراودا بتوانم ڕۆژانە قسەی لەگەڵ بکەم.

هاوکات فەرمانی بە شێخ شەهاب ئیشراقی کرد کە پێنج میلیۆن تمەنم پێ بدات بۆ دەسپێکی کارەکان. دەستی خومەینیم ماچ کرد و شاد و خۆشحاڵ لە ماڵەکەی کۆڵانی "ئێران" وەدەرکەوتم.

دەوروبەری کاتژمێر هەشتی ئێوارە، گەیشتمە ماڵی دۆریان. وەکوو هەمیشە جوان و دڵڕفێن بوو. جلوبەرگی ئیسلامیی لەبەردا نەبوو و ئارایشێکی تێروتەسەڵ و سەرنج ڕاکێشی کردبوو. هەر گەییشتمە بەرەوە، لە ئامێزی گرتم و گوتی: "لە هەموو ژیانمدا قەت ئەوەندە بیری کەسم نەکردووە".

کاتێک هەوڵەکانی دامەزراندنی سپای زەربەتم بۆ باس کرد، قیژاندی و چوونکە گوتم چەند ڕۆژێکیش پشوویان پێ داوم، هاواری کرد و گوتی: "لەوە باشتر هەر نابێ!".

پرسیارم کرد: "بۆ؟ میوانت هەیە؟".

گوتی: "میوانی پلە بەرز و هەمووشیان تامەزرۆن فەرماندە جێفری ببینن!".

گوتم: کەواتە پێش لەوەی میوانەکان بگەن، دانیشە، من باسی ڕاجێر جۆنزت بۆ بکەم.

پێش لەوەی قسەکەم تەواو بکەم دۆریان گوتی:

"هەواڵی دەربازبوونی مردوویەک لە بناگوێی ئیمام، هەواڵێکە کە زۆرم پێ خۆش نەبوو".

گوتم: "کەواتە تۆ ئاگاداری شتەکە هەی؟".

گوتی: "جارێ لێیگەڕێ، هەستە بەپەلە حەمامێک بکە. دەستێک کۆت و

شەڵوارم بۆ کڕیوی، بیکە بەرت، چوونکە میوانەکانم هێندەی نەماوە بگەن".
یەکەم جار بوو لە ژیانمدا کە کەسێک شتێکم بۆ بکڕێت، ئەویش کۆت و شەڵوارا!.
مافی خۆیشم بوو کە دوای بیستنی ئەو هەواڵە خۆشە بە نیسبەت ئەو دیارییە، خۆشحاڵ بم. ئەویش لە ئاستی زەوق و سەلیقەی قەهدەریجانیی خۆم. ئەو جلوبەرگانەشم کە سەلامەتیان لە پاریس بۆی کڕیم، لە ڕاستیدا بە پارەی خۆم و بۆ پاراستنی ئابڕووی خۆیان بۆی کڕیم. بەڵام ئەو جلوبەرگانە، ژنێک بۆی کڕیبووم، ژنێکی جوان و گوماناوی و دەلال بۆی کڕیبووم و بەڕاستییش جوان بوو و لە بالّام دەهاتەوە.
لە خۆشییاندا ڕاپەڕیم و وەکوو منداڵێک دۆریانم ماچ کرد و چووم بۆ حەمام، ڕیشە درێژەکەم کورت کردەوە و بۆ یەکەم جار بۆنێکی زۆرم لە خۆم دا و بە دڵخۆشی لە پلیکانەکان هاتمە خوارێ.
دۆریان خەریک بوو بە ئینگلیزی لەگەڵ کەسێک قسەی دەکرد، لەبەر خۆمەوە گوتم یا بە تەلەفۆن قسە دەکات یان میوانەکان هاتوون. بەڵام پاش چەند ساتێک کە چوومە هاڵەکە، خریک بوو دڵم لە لێدان بکەوێ.
ڕاجێر جۆنز ڕێکپۆش و بە جلوبەرگێکی کەشخەوە، لە کاتێکدا کە پەرداخێکی ویسکیی بەدەستەوە بوو، هەرکە منی بینی لە جێگەی خۆی هەستایەوە و ڕووی لە دۆریان کرد کە پشتی لە من بوو، و بە زمانی فارسی گوتی: "ئەوەش جێفریی خۆشەویست، سەلام جێفری!".
پاشان ڕاجێر جۆنز پەرداخە ویسکییەکەی لەسەر مێزەکە دانا و منی بە توندی گرتە ئامێز و دەستی کرد بە پێکەنین.
بێگومان ساتێکی دەگمەن و جێگەی سەرسوڕمان بوو. جۆنز گوتی: "ئەوەی کە من هێشتا زیندووم، لە سایەی سەری تۆ و دۆریانەوەیە. ئەگەر زانیارییەکانی ئێوە نەبان، لەوانەبوو کە هەر بەدەستی خۆت بکوژرایەتم".
جۆنز گوتیشی: "ئەگەر مرۆڤ ئاگای لە پیلانگێری هەبێت، دەتوانێت ڕێگای بەرنگاربوونەوەی پیلانەکەش بدۆزیتەوە. من هەر ئەو کاتەی لەسەر بانی خوێندنگەی عەلەوییەوە لەگەڵ سەید ئەحمەد خومەینی هاتمە خوارێ، درێژەی سێناریۆکەم دەزانی، پێویست بوو بخنکێم بۆ ئەوەی بتوانم ڕابکەم، بەڵام ئەوانە بەڕاستی گەمژە و ساویلکەن!".
پرسیارم کرد: "بەڵام بۆ من بابەتی ڕاکردنەکەتان لە خنکاندنەکەتان کە ڕێی

تێدەچێت وەکوو شانۆیەک ئەنجام بدرێت، گرینگترە، چۆن توانیتان لەو زنجیرە و لەو عەڵقە ئەمنیەتییانە دەرباز بن؟".

جۆنز پێکەنی و گوتی: "ڕام نەکردا! لە پێش چاوی هەموویان لەوێ هاتمە دەرێ، هەڵبەت بە هاوکاریی خانمی دۆریان و فاتی و چارشێونوێژێکی!".

قاقای پێکەنینی هەر سێکمانماڵەکەی تەنیبوو، تا ئەو کاتەی لە زەنگی درگای ماڵەکە درا.

کاتێک دۆریان ڕۆیی بە پیریی میوانەکانەوە، جۆنز کە وەکوو دۆریان بەجوانی فارسی قسەی دەکرد و لە دوو مانگی ڕابردوودا بۆ یەک جاریش، یەک وشەم لێ نەبیستبوو، گوتی: "پێش لە گەڕانەوەم بۆ ئەمریکا، شەوێک دەبێ سێ کەسی لەدەوری یەکتر کۆبینەوە و ڕووداوەکەت بە تەواوی بۆ بگێڕمەوە بۆ ئەوەی تێر پێبکەنی".

میوانیەکە تا کاتژمێر ١٢ی شەوی خایاند. میوانەکانی ئەو شەوە بریتی بوون لە؛ "ویلیام سالیوان"ی باڵوێز، ژەنەڕاڵێکی ئەمریکایی، سەرهەنگ بێیکێر و چەند کچ و ژنی گەنج. خواردنی شەو هەندێک ساندویچی بچووک بوون کە دۆریان ئامادەی کردبوون و دوای خواردنیان، جگە لە ژنەکان و من و جۆنز، ئەوانی دیکە چوونە ژوورێکی تایبەت بۆ ئەوەی پێکەوە قسە بکەن. ئێمەش تەماشای فیلمێکی ئەمریکاییمان دەکرد و بەم شێوەیە ئێمەش کاتمان تێپەڕاند.

پاش ڕۆشتنی میوانەکان، دیسان من و دۆریان بەتەنیا ماینەوە و چوونکە ئیدی ژووری نووستنەکەشمان ببوو بە یەک، لە تەنیشت یەکتر خەومان لێ کەوت.

کاتێک لە خەو هەستام، کاتژمێر نۆی بەیانی بوو و هێشتا دۆریان لە خەو هەڵنەستا بوو. پاش چەندین ساڵ، ئەوە یەکەم جار بوو کە بە هۆی هیلاکیی و ماندوویەتی لە ڕادە بەدەرەوە، ئاوا بە قورسی و بە دوورودرێژی خەوم لێ کەوتبێت.

بە تەلەفۆن پەیوەندییم بە تەقەوی نیاوە کرد و لە دەرئەنجامی هەوڵەکانی بۆ پەیدا کردنی چریکەکان ئاگادار بوومەوە. هەموویانی ئاگادار کردبووەوە و کاتژمێر دووی پاشنیوەڕۆ، کۆبوونەوەکەمان لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا بەڕێوە دەچوو.

بە دەنگی قسەکردنەکانی من، دۆریانیش لە خەو هەستا و هەردووکمان لە کاتی خواردنی نانی بەیانی دەرفەتمان پەیدا کرد کە تێر و تەسەل پێکەوە قسە بکەین. دۆریان بەپێچەوانەی ڕۆژی پێشتر و ڕۆژەکانی پێشو، خەمبار و دڵگران دیار بوو. شادی و بزە و پێکەنینەکانی پێشووی نەمابوو و من شکم لەوەدا نەبوو کە ئەو حاڵەی دۆریان پەیوەندیی بە کۆبوونەوەکەی دوێنی شەوی لەگەڵ باڵوێزی ئەمریکاوە هەبوو. وەڵامی پێداگرییە بەردەوامەکانی منی نەدایەوە سەبارەت بەوەی کە چی بووە و بۆ ئاوا تێکچوویی. تەنیا گوتی: "دەبێ زۆر وریا بین و ئاگامان لە خۆمان بێت. چوونکە زۆرێک لە شتەکان خەریکن دەگۆڕدرێن، ئەگەر ئاوا بڕواتە پێش لەوانەیە ناچار بین ئێران بەجێ بهێڵین!".

دۆریان شیکردنەوەکانی هەڵگرت بۆ ڕۆژەکانی داهاتوو و تەنیا ئامۆژگارییەک کە کردی بە من، ئەوە بوو کە: "هەوڵ بدە سپای زەربەت لە زووترین کاتدا ئامادە بکەی. نەکەوییە ژێر کاریگەریی ئەو گەمە منداڵانەیانەی ئێرە، هەوڵ بدە بە هەر شێوەیەک بێت سەردانێکی هاوڕێیانی پێشووت، واتە سەید مەهدی هاشمی و دەوروبەرەکەی بکەی کە ئێستا هەموویان لە قومن. ئەوانە بە کەڵکمان دێن!".

هەروەها کاتێک بە ترۆمبیل دەمبرد بۆ شوێنی نوێی مانەوەی خومەینی، گوتی: "کاتژمێر هەشت کۆبوونەوەیەکی گرینگمان دەبێ و تۆش دەبێ تێیدا بەشدار بی!".

گوتم: "لەو کۆبوونەوانە ماندوو بووم، ئەوەیان لەسەر چییە؟".

دۆریان لە کاتێکدا کە هەستت دەکرد چاوی پڕە لە فرمێسک، گوتی: "ئەو کۆبوونەوەی پاریس و لیستی ئاڵۆزی ئەمریکایی و ئینگلیزیی ئێعدامەکانت لەبیرە؟. کۆبوونەوەکە پێوەندی بەو لیست و ئێعدامانەوە هەیە!".

ئەوەی گوت و لە کاتێکدا کە لە ترۆمبیلەکە دادەبەزی، ئەنیشکی دەستمی بە توندی گوشی و گوتی: "جێفری! من ئەو جۆرە شۆڕشانە بە باشی دەناسم، هەموو شتێک خەریکە تێکەڵ و پێکەڵ دەبێت، تۆ بەڵێنم پێ بدە کە هەتا کۆتایی تەنیا لەگەڵ من و لەگەڵ من بمێنیەوە!".

تەنیا ئەوەندەم گوت: "لە من دڵنیا بە و ...".

بەڵام چوونکە گەیشتبووینە ماڵە تازەکەی خومەینی، بە هیوای کۆبوونەوەی شەو لەیەکتر جیا بووینەوە.

سەردانێکی خوێندنگەی عەلەویم کرد، وەکوو هەمیشە قەرەباڵغ و شێواو بوو.

سەید ئەحمەد گوتی: "ئیمام کاری پێتە، بۆیە چەند خولەکێک چاوەڕوان بە هەتا دەوروبەری چۆڵ دەبێت".

پرسیارم کرد: "هەواڵێک لە جۆنز نەبوو؟".

گوتی: "هێشتا هیچمان دەست نەکەوتووە، بەڵام براکانی مەهدەوی سەرقاڵن بەشکوو شتێکیان دەست کەوێت. سادقی خۆمان (تەباتەبایی) گوتوویەتی کە ئەگەر پێویست بێت بۆ بەدواداچوونی بابەتەکە، کەڵک لە حیزبوڵڵای لۆبنان وەردەگرین".

گوتم: "بۆمەگەر ئەوانیش ئاگایان لە بابەتەکە هەیە؟".

گوتی: "پێدەچێ چەمران ئاگاداری کردوونەتەوە و ئێستاش ئەوەی بۆ من و ئیمام جێی پرسیارە ئەوەیە کە چەمران چۆن ئاگای لەو بابەتەیە؟ من پێم وایە کە ئەبوو شەریف ئاگاداری کردبێتەوە، چوونکە بەکرێگیراوی چەمرانە و لە کۆڕەکانی ئۆردووگای "ئامۆلی" چەمرانە. شکی دووهەممان کوڕەکانی تاڵەقانین کە پیس لێمان بوونەتە شۆڕشگێر و ئیسلامی، لە کاتێکدا کە هەتا سەر ئێسقان کۆمۆنیستن!".

پاش چەند خولەکێک لەناکاو لەگەڵ خومەینی کۆبووینەوە. ئاگادارم کردەوە کە یەکەمین کۆبوونەوەی سپام ڕێک خستووە و دەستبەجێ ئامادەکارییەکانی پێویست ئەنجام دەدەین.

خومەینی لە وەڵامدا گوتی: "سەبارەت بە تۆ هەندێک دەنگۆ هەن و لەوانەیە کە شووڕای شۆڕش داوات بکات، لاساری مەکە و برۆ، بەڵام قورس و قاییم لە بەرانبەریان ڕاوەستە و پێیان بڵێ؛ "ئێوە لە قولایی شۆڕشدا نین و تەنیا لە بەرانبەر من(ئیمام)دا بەرپرسیاری".

گوتم: "ئەگەر ئیزنم بدەن، پاش ئەوەی ئاسانکارییە سەرەتاییەکانی سپا لەم یەک، دوو ڕۆژەدا تەواو بێت، سەردانێکی قوم و ئیسفەهان بکەم، بۆ ئەوەی ژمارەیەک لە فەقێ گەنجەکان و ئەو کەسانەی کە لە قەهدەریجان دەمناسین و مێشک و لێکدانەوەیان پاک و خاوێنە، بۆ خزمەت لە سپاکەماندا دابمەزرێنم".

خومەینی بزەیەکی کرد و گوتی: "تۆ کارت بە فەقێکان نەبێت!. چوونکە جێگەی متمانە نین!. بەڵام لە قوم و ئیسفەهان هەوڵی خۆت بدە و زۆریشم پێ خۆشە".

دەستی خومەینیم ماچ کرد و ویستم ماڵئاوایی لێ بکەم کە گوتی: "بۆ ئەم سەردانانەت هیلیکۆپتێر بەکار بێنە، ئەوە باشترە، هەر ئێستا ئەمرەکەی دەردەکەم".

لەگەڵ تەقەوی نیا بەرەو کەرەج بەڕێ کەوتین بۆ ئەوەی فریای کۆبوونەوەی کاتژمێر دووی پاشنیوەڕۆمان بکەوین. تا ئەو ڕۆژەی کە پادگانێکی نیزامیمان ڕادەست دەکرا، باخەکەی "نادر جەهانبانی"یمان بەدەستەوە بوو و دواتر دەبوو ئەو باخە ڕادەستی خەڵخاڵی بکەین. ئەو شوێنە بنکەی سەرەکیی سپای زەربەت بوو.

بە درێژایی ڕۆژ، لە نێوان وتە هیوابەخشەکانی خومەینی و متمانەی لەڕادە بەدەری بە نیسبەت من و هاوکات ئەو قسانەی کە سەر لە بەیانیی هەمان ڕۆژ لە دۆریان بیستبووم، نەمدەتوانی پەیوەندییەکی لۆژیکی پەیدا بکەم و چوونکە لە گرینگیی ڕۆڵی دۆریان لە هەموو ڕووداوەکانی شۆڕش ئاگادار بووم، ئەوەندەی کە قسەکانی ئەو کاریگەریی لەسەر من هەبوو، ئەوەندە قسەکانی خومەینی کاریگەرییان نەبوو. بەڵام بە گشتی ئەوە خومەینی بوو کە ئێستا بە ئیشارەتێکی ڕەنگی سپی ڕەش دەبوو و ڕەنگی ڕەش سپی دەبوو و بۆ کەسێکی وەکوو من کە هێشتا ئەزموونی پێویست و بەرۆژی نەبوو، لێکدانەوەی ئەوانە کارێکی ئاسان نەبوو.

بۆ ئەوەی خۆم لەو هەموو سەرلێشێواوییە فکرییە ڕزگار بکەم، پرسیارم لە

تەقەوی نیا کرد:
"ئەرێ بەڕاست، بنەماڵەکەت چۆنن؟. توانیوتە پێوەندییان پێوە بگری؟".
تەقەوی نیا چەند ساتێک بە بێدەنگی لێم ورد بووەوە و پاشان هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و گوتی:
"بۆ مەگەر دەتوانم بنەماڵەم هەبێت؟".
پاشان دیسانەوە گوتی:
"هێشتا پێوەندیم نەگرتووە!".
گوتم: "دەبینی دنیای ئێمە چ دنیایەکە، یان نابێ تێکەڵی بی و ئەگەریش تێکەڵی بووی، بتهەوێ و نەتهەوێ، هێچ ڕێگەیەکت بۆ نامێنێتەوە، جگە لە مانەوە. پێم وایە ئێستا باش دەبێ تێگەیشتبی کە لە هەموو ئەو گەمانەی ترابلۆس و لێکۆڵینەوەکانی من لە تۆ و نەعمانی، من جگە لەوەی کە دەمکرد، هێچ ڕێگەیەکی دیکەم لەبەردەمدا نەبوو. پێش لە من چاپچی و ئەحمەدی و بەدڵنیاییەوە دوای تۆش زۆر کەسی دیکە! بەڵام من پێم وایە دوای هەستانە سەر پێی سپا، بتوانین وردە وردە لە بنەماڵەکانمان نزیک بینەوە".
هەر ۳۰ پارتیزانەکەی لیبی لە باخی "نادر جەهانبانی" کۆ ببووینەوە و هەموومان زۆر بەدەماخ و کەیف خۆش بووین. بەشێکیان لە چەند حەوتووی ڕابردوودا بەکردەوە پەراوێز خرابوون و ئەوەش بە شێوەیەک لە شێوەکان تووشی بێهیوایی کردبوون و ئەو کۆبوونەوەیەمان، ڕێک بە واتای کۆتایی ئەو دەورانە بوو و هەموویان دەبوون بە خاوەنی کار و بە کردەوە بەشدارییان پێ دەکرا.
چوار کاتژمێر قسەمان کرد و هەمان شێوەکاری گاردی تایبەتی "قەزافی"مان پێڕەو کرد و بناغەکەیمان ڕێکخست. ئەوە پاڵنەرێکی باش بوو بۆ کارەکانمان. هەموومان شێوەکار و ڕێکخستنەکەیمان دەزانی و پێویستی بە مەشق و ڕاهینان و فێرکردن نەبوو. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا و بە دەنگی کۆڕەکان، من وەکوو فەرماندەی یەکەم و چاپچی و تەقەوی نیا و ئەحمەدی و نەعمانی وەکوو جێگرانی سپا و هاوکات هەر کامیان بەرپرسایەتی یەکێک لە چوار کۆڵەکە سەرەکییەکەی سپایان پێ سپێردرا، "ناوەندی فەرماندەیی"مان دامەزراند و دەستبەجێ ۲۶ کەسی دیکە، بوون بە فەرماندەی یەکینەکانی "جێبەجێکار" و "زەربەتی" کە دواتر سپاییەکانی خۆیان هەڵدەبژارد و پەروەردەیان دەکردن. بە لایەنی کەمەوە هەر کام لە کۆڕەکان، فەرماندەیی یەکینەیەکی زەربەتیی ۲۵ کەسییان دەکرد.

بەشی دووهەمی قسەکانمان لەسەر جۆری پێداویستییە نیزامیی و پارتیزانییەکانی ئێمە و شێوەی مسۆگەر کردنیان بوو، کە لەسەر هەموویان یەک بە یەک قسە کرا و بڕیاریان لەسەر درا. لە کۆتاییدا بە هەر یەک لە کوڕەکان ١٠٠ هەزار تمەن پارەمان دا. هاوکات بڕیار درا کە هەمان باخی نادر جەهانبانی و ئۆردووگای "مەنزەرییە" وەکوو پایەگای نیزامیی و، لە حەوت ئاپارتمانی داگیرکراو لە بینای "سامان" و ١٢ ئاپارتمانی دیکە لە بیناکانی "ئا ئێس پی" و هەروەها دوو ئاپارتمانی دیکە لە بیناکانی "ئێران سۆکنا"، وەکوو ماڵی ئەمن و پاریزراو(خانەهای تیمی) کەڵک وەرگرین، بەڵام بەو شەرتەی کە دواتر خاوەنداریەتی هەموویان بدرێت بە پارتیزانەکان.

بە قەولی چایچی، سپای بێ سپا ئامادەی خزمەت بوو، سپایەک کە دەبوو بە پەلە سێ، چوار هەزار کەسی دیکە دابمەزرێنێت و پەروەردەی بکات بۆ ئەوەی کە ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامی لە هەموو باریکەوە ئەرخایەن بێت.

بۆ یەکەم جار هەر لەوێوە پێوەندیم بەو ژمارەیەوە گرت کە خومەینی خۆی پێی دابووم. ئامادەبوونی سپاکەم پێ ڕاگەیاند و بڕیار درا کە لە زووترین کاتدا چایچی ئەو پلانە تایبەتەی کە بۆ پاراستنی شوێنی نوێی حەوانەوەی خومەینی و شەخسی خۆی لە مەدرەسەی عەلەوی دامانڕشتبوو، بۆ پەسند کردنی کۆتایی ببات بۆ لای خومەینی. خومەینی کە هەستم کرد بە بیستنی ئەو هەواڵانە خۆشحاڵ بوو، پێش لە کۆتایی پێوەندییە تەلەفۆنییەکە گوتی: "با پێش لە سەفەرت بۆ قوم و ئیسفەهان، کۆبوونەوەیەکمان پێکەوە هەبێت، تاکوو لە پێوەندی لەگەڵ پاراستنی ماڵەکەم لە قوم کە بەم زووانە دەچمە ئەوێ، هەندێک شت باس بکەین".

لەکاتێکدا کە بە هۆی شەوق و زەوقی کۆبوونەوەی کەرەجەوە وزەیەکم بە بەردا هاتبووەوە، بەرەو ماڵی دۆریان بەڕێ کەوتم تا پێش لە کاتژمێر هەشت و کۆبوونەکەمان لە ماڵەکەی ئەو، شتەکانی بۆ بگێڕمەوە.

من و دۆریان هاوکات پێکەوە گەیشتینە ماڵەوە، هەر وەکوو پێشوو لە قاوغی خۆیدا و مات بوو. لە بەرەوپێشچوونی کارەکانم خۆشحاڵ بوو و زیاتر لە دە جار وشە بە وشە ئەو قسانەی کە خومەینی وسەید ئەحمەد پێیان گوتبووم، پێی دووبارە کردمەوە. هەستم کرد شتێک ڕووی داوە کە دۆریانی زۆر بێتاقەت و زویر کردووە. بەڵام نە دەمتوانی پێشبینی بکەم کە چییە و نە بە هیچ شێوەیەک ئامادە بوو کە لەو بارەوە قسە بکات. دیسان بە هاتنەوەی میوانەکانی، بڕیارمان دا کە ئەو شەوە و دوای تەواوبوونی کۆبوونەوە و کاتێک بەتەنیاماینەوە، بڕۆینەوە

سەر باسەکەمان و قسەکەمان درێژە پێ بدەین. کۆبوونەوەی ئەو شەوە لە کۆبوونەوەکانی "هۆتێل مێریدین"ی پاریس دەچوو، بەتایبەت دوای ڕووداوەکانی نووفیل لووشاتۆ، بەشداریی "سەرهەنگ تامسۆن" بۆ یەکەم جار لە کۆبوونەوەکانی ئێران، واتایەکی تایبەتی هەبوو.

دوو گرووپی تایبەت و لە دوو نەتەوەی جیاواز، بەرانبەر یەکتر دانیشتبوون. ویلیام سالیوان و سەرهەنگ ئێدوارد تامسۆن و ژەنەراڵ کێست و سەرهەنگ بێیکێر و دۆریان مەک گرێی لە لایەک بوون و سەید ئەحمەد خومەینی و دوکتور چەمران و دوکتور یەزدی و سادق قوتب زادە و ئازەریی قومی و دوکتور ئایەت و ئایەتوڵڵا بەهەشتی و من لە لایەکەی دیکە بووین.

بە پێچەوانەی کۆبوونەوەکانی دیکە، دۆریان بە بێ پۆششی ئیسلامی و بە ئارایشێکی شەوانە بەشدار بوو، ئەوە لە کاتێکدا بوو کە بە لایەنی کەمەوە سێ کەس لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە عەبا پۆش بوون.

یەزدی و چەمران و قوتب زادە ڕۆڵی دیلمانجیان دەگێڕا. باسەکە بە سەرهەڵدانی ئەو کێشە و گرفتانەی کە پێشبینی نەکرابوون دەستی پێ کرد و بە کەم و زیادکردنی پێرستی ئەو کەسانەی کە دەبوو لە سێدارە بدرێن کۆتایی پێهات.

دوکتور ئایەت و ئایەتوڵڵا بەهەشتی لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە لە پێشدا دەبێ وەزیر و پارێزەر و بە گشتی کەسانی غەیری نیزامی بەپەلە لەسێدارە بدرێن و ئەمریکاییەکانیش بە بیانووی پاراستنی ئەرتەشی دارماوی شا، پێداگرییان لەسەر ئێعدام کردنی بەپەلەی فەرماندە نیزامییەکان دەکرد.

تامسۆن بە ڕاشکاوی گوتی: "هەموو ئەو گیر و گرفتانە کە شۆڕش لەگەڵی بەرەوڕوو بووە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە چەند ڕۆژی سەرەتادا، هەنگاو بۆ لەنێوبردنی پێرستەکەی پاریس هەڵنەگیراوە و ئێستا بەشێکی بەرچاوی ئەو کەسانە ڕایانکردووە و ئێستاش بوونەتە هەڕەشە و مەترسیی سەرەکی لەسەر ڕژێمی داهاتوو".

کاتژمێر ١١ی شەو کاتێک کۆبوونەوەکە بەرەو کۆتایی دەچوو، ژەنەراڵ گێست پێرستێکی تازەی دایە دەست ئایەتوڵڵا بەهەشتی کە ناوی ٦٣٤ کەس لە فەرماندەکانی ئەرتەشی شای لە خۆ دەگرت. ئەو پێرستە، ئەو کەسانەی لەخۆ گرتبوو کە دەبوو دەستبەجێ دەستبەسەر و دادگایی بکرێن. ئەو پێرستە هەر ئەو شەوە دابەش کرا. دەستبەسەرکردنی بەشێک لەوانە درا بە من بۆ ئەوەی لە ماوەی سێ ڕۆژدا بەهاوکاریی چریکەکانم قۆڵبەستیان بکەم.

من ئێستاش ئەو لاپەڕەیەم لا ماوە و هەڵم گرتووە و ناوی کەسەکانی بە فارسی و ئینگلیزی لەسەر نووسراوە:

"سەرلەشکر پەرویز ئەمینی ئەفشار، سەرلەشکر مۆعتەمێدی فەرماندەی تیپی زرێپۆشی قەزوین، سەرتیپ مەلەک، سەرتیپ هەمەدانییان، سپاسالار فەخر مۆدەڕێس، سپاسالار نەوزەری بەقا، سەرتیپ ئایەت مۆحەقێق، سەرتیپ ئەمجەدی، سەرتیپ فەتحی مۆقەدەم، سەرلەشکر خاجیێ نووری، سپاسالار هاشم برنجییان، ناخودا شەهریار شەفیق، ئەرتەشبۆد تووفانییان، سەرلەشکر مەنووچێهرییان، سەرتیپ موحەممەد شەهنام، تیمسار شەعامی فەرمانداری نیزامیی جەهرۆم، تیمسار ئازادی، سەرهەنگ سەلامی، تیمسار عێینۆلقۆزات، سەرلەشکر زەند کەریمی، سەرهەنگ مەسعوود زەمانی، سەرلەشکر خەڵوەتی، سەرلەشکر کازم خەزاعی، سەرهەنگ کەمانگەر، سەرهەنگ ئیبراهیم هووشەنگی، سەرهەنگ غەرەوی، سەرهەنگ یاسایی، سەرلەشکر سۆداگەر، سەرهەنگ کەریمییان ئازەر، سپاسالار ناسر مۆقەدەم، سپاسالار ئیرەج مۆقەدەم، سەرهەنگ جەهانبینی، ئەرتەشبۆد ڕەزا عەزیمی، سپاسالار مۆحسێن هاشمی نژاد، کەمالەدین حەبیبوڵڵاهی فەرماندەی هێزی دەریایی، سپاسالار مۆحسێن دادیێ کرمانی، سپاسالار هاشم نەجەفی نژاد، سپاسالار هاشم حوجەت، سپاسالار مووسا ڕەحیمی لاریجانی، سپاسالار ناسر فیرووزمەند، سپاسالار ئەبولحەسەن سەعادەتمەند، سپاسالار وەشمگیر، سپاسالار جەعفەر سانعی، سپاسالار موحەممەد کازمی، سپاسالار سیاوەش بێهزادی، سپاسالار نوسرەتوڵڵا فەردووست، سپاسالار حوسێن جەهانبانی، سپاسالار جەلال پژمان، سپاسالار حەبیب نەعمەتی، سپاسالار ئەمیر فەرهەنگ خەلعەتبەری، سپاسالار جەمالەدین تەسلیم تەوەکولین، سپاسالار عەلی موحەممەد خاجیێ نووری، سپاسالار مەهدەوی ئەردەستانی، سپاسالار پەرویز سەفایی نیلی، سپاسالار موحەممەد ڕەزا وەحدانی، سپاسالار ڕەزا پەروانە، سپاسالار موحەممەد ڕەحیمی ئابکناری، سپاسالار جەواد مۆعتەزێد، دەریاسالار ئەبولفەتح ئەردەڵان، سپاسالار عەبدولعەلی نەجیمی ئایینی، سپاسالار حاتەم، سپاسالار خەلیل بەخشیئازەر، سەرلەشکر حەمید جەهانبانی، سەرلەشکر عەلی ئەکبەر دێهپەنا، سەرلەشکر موحەممەد حوسێن شەهیر مۆتلەق، سەرلەشکر عەلیڕەزا سابت ئازاد، سەرلەشکر موحەممەد گوران، سەرلەشکر مورتەزا فەکوور، سەرلەشکر سادق حەریری، سەرلەشکر هۆرمۆز مەقسوودی، سەرلەشکر حوسێنعەلی عێلمییە، سەرلەشکر عەلی بەیات، سەرلەشکر حەمید داوەران، سەرلەشکر مەنووچێهر

فۆوزی، سەرلەشکر موحەممەدحوسێن میر مۆوجی، سەرلەشکر کازم نەجەفی نژاد، سەرلەشکر حەبیبوڵڵا سەمەری کرمانی، سەرلەشکر مەحموود ماهرِوویان، سەرلەشکر حوسێن عەزیمی، سەرلەشکر خەلیل شۆجاعی، سەرلەشکر حەیدەر وەفا، سەرتیپ فەزلۆڵڵا ئەفشار، سەرتیپ موحەممەد ساوجی، سەرتیپ عەبدوڵڵا عەسرجەدید، سەرتیپ هووشەنگ فیلسووفی گێلانی، سەرتیپ پەرویز ئەمینییان، سەرتیپ مەنسوور ئەمیر ئەردەڵان، سەرتیپ حوسێن فەرەجی فەر، سەرتیپ سولخانییان، سەرتیپ ڕەزا کازمی، سەرتیپ ئەردەشیر شەکیب، سەرتیپ موحەممەد حوسێن ڕیازی، سەرتیپ هادی قائمی، سەرتیپ عەتائوڵڵا نامدار عەراقی، سەرتیپ موستەفا کەریمی ئەفشار، سەرتیپ ئیرەج مێسترشۆد، سەرتیپ عێزەتوڵڵا ئازموودێ و سەرتیپ موحەممەد جەلالی". ئەوانە لەو پێرستەدا بوون کە دەبوو من و چریکەکانم قوڵبەستیان بکەین و ڕادەستی مەهدەوی کەنییان بکەین بۆ ئەوەی بە قەولی سەرهەنگ تامسۆن، شۆڕشی ئیسلامی لە مەترسیدا نەبێت. بۆ قۆڵبەست کردنی ئەوانەی دیکەش، چەمران ئامادەیی خۆی نیشان دا کە لەگەڵ چریکە ئێرانی و لوبنانی و فەلەستینیەکان و گرووپی "ئامۆل" ئەو کارە ئەنجام بدات.

با لێرەدا ئەوەیش باس بکەم کە، لەو ماوەیەدا کە من دۆریانم ناسیبوو، ئەوە یەکەم جار و دوایین جار بوو کە لە کۆبوونەوەیەکی ئاوادا، دۆریان تەنانەت یەک وشەش قسەی نەکرد و بە درێژایی کۆبوونەوەکە کڕ و بێدەنگ دانیشتبوو.

هەر کە میوانەکان ڕۆیشتنەوە، دۆریان وەکوو هەمیشە جلوبەرگەکانی داکەند و بەرِووتی چوو بەرەو حەمام و بە دەنگێکی خەماوییەوە گوتی:

"پێدەچێ کە گەیشتبینە کۆتایی ڕێگاکەمان، ئەو سالیوانە گەمژەیە ئێرانی لەگەڵ "لائۆس و فیلیپین" لێ تێک چووە و بە هەڵەدا چووە".

لەگەڵ ئەوەی کە جنێوی بە دار و بەرد و ئەرز و ئاسمان دەدا، چووە حەمام.

دۆریان لەکاتێکدا کە ڕووت و قووت بوو و تەنیا خاولییەکی لە سەریەوە هەڵپێچابوو، بە شووشەیەک ویسکی و دوو پەرداخی پڕ لە سەهۆڵەوە هاتە ژووری نووستنەکەمان و بە بێ یەک و دوو دەستی کرد بە هێرش کردن و گوتی:

"سەیرکە جەعفەر! ڕاستە منیش لە پێکهێنانی ئەو دۆخەدا تاوانبارم، بەڵام ئێستا تۆ وەکوو مرۆڤێکی خوێنڕێژ و پیاوکوژ و بێبەزەیی لە شۆڕشی ئیسلامی‌دا ناسراوی و لە هەموو جێگەیەک باس لەوە دەکەن کە وەکوو ئاوی خواردن، دەتوانی سەری مرۆڤەکان ببڕی. بۆیە من حەز ناکەم لە هەر شوێنێک باسی پیاوکوژی و دزی هەیە، یەکەم کەس، ناوی تۆ بە زار و بیری خەڵکدا بێتەوە!. ئێستا کێشە و گرفتەکانی خۆم کەم نین، ئەو بانگەشە خراپانەی کە لەسر تۆ دەکرێن هاتوونەتە سەری".

لە کاتێکدا کە دوای ماوەیەکی دوور و درێژ، قسەکانم بە سوێند و ئایەی قورعان دەوڵەمەند دەکرد، گوتم:

"تۆ زیاتر لە هەموو کەسێک من دەناسی و دەزانی کە نیوەی ئەوەی کە لە خوێندنگەی عەلەوی باس دەکرێت، درۆ و پڕوپاگەندەیە. هەر ئەمڕۆ یەکێک لە چریکە خۆبەخشەکان پرسیاری لە من کرد؛ تۆ تا ئێستا لە پلانی دزینی چەند فڕۆکەدا بەشدار بووی؟. هەرچەندە گوتم لە شتی بەو شێوەیەدا بەشدار نەبووم!. چریکەکە بڕوای نەدەکرد. بەڵام نازانم، ئەگەر پلانەکانی پێشوومان لەسەر جێگەی خۆیان بن و تێک نەچووبن، بڕیار وابوو لەو دەنگۆیانە بۆ ترساندن و تاساندنی دەوروبەرمان کەڵک وەرگرین!. واتە هەر بۆخۆت پێشنیاری ئەوەت

کردا!".
دۆریان بە بێ ئەوەی باس لەو مژارە بکات، گوتی: "بەداخەوە ئێستا ئەو سالیوانە گەمژە و ساویلکەیە خەریکە هەموو شتەکان تێک و پێک دەدات!".
من گوتم: "سەیرکە دۆریان! من هەر دوێنێ شەو هەستم بە تێکچوونی بارودۆخی تۆ کرد، من هیچم لەدەست نایە و لەو شتانە سەر دەرناکەم، بەڵام بە گشتی حەز ناکەم تۆ ئاوا زویر و دڵگران ببینم و دڵنیابە ئەوەی بە من بکرێت و خواستی تۆ بێت، جێبەجێی دەکەم".
دۆریان بەدەم بزەیەکی تاڵەوە هاتە پێش بۆئەوەی ماچم بکات و گوتی:
"تۆ ئەو دوکتور بەهەشتی یا بە وتەی ئێوە ئایەتوڵڵا بەهەشتییە لە کوێ و چۆن دەناسی؟".
گوتم: "بەهەشتی ئیسفەهانیە، ژنەکەیشی ئیسفەهانیە. لە بنەماڵەی ئیمامییەکانە. بەڵام تێکەڵاویی و ناسیاویی من لەگەڵ ئەو دەگەڕێتەوە بۆ باخی حاجی توراب دۆڕچەیی کە هەموو بەسەرهاتەکەم بۆ باس کردووی. هەڵبەت نەک بەو جۆرەی کە ئێستا هەیە. ئەوکات ئەو دوکتور بەهەشتی بوو و من کوڕە قەسابێک بووم و پەیوەندیمان هەر لەو ئاستەدا بوو کە لەوکاتەدا دەلوا".
دۆریان کە لەسەر تەختەکە ڕاکشابوو و سەری لەسەر سینگم بوو، گوتی: "ئەوە ڕابردووی تۆ و بەهەشتی بوو! بەڵام من بەهەشتی لە کاتێکەوە دەناسم کە تۆ هێشتا چاوت بە دونیا هەڵنەهێنابوو. من ئەوکاتە بەمەبەستی کارکردن لە ئیدارەی "ئەسڵی چواری ترۆمێن" هاتبووم بۆ ئێران. من تەنیا ١٦ ساڵم بوو و پیشەم سکرتێری بوو".
"وارێن" بەرپرسی "ئەسڵی چوار بوو" و سەرەڕای ئەوەی کە ئەوکات دامەزراندن بۆ تەمەنی ١٦ ساڵ نایاسایی بوو، بەڵام وارێن ئەو کارەی ئەنجام دا و منی دامەزراند و منی لەگەڵ خۆی هێنا بۆ ئێران. زۆرێک لە کەسایەتییە بەناوبانگەکانی ڕێژێمی شا، ئەوکات کارمەندی ئەسڵی چوار بوون. ئەو بەهەشتییە ئەوکاتە هێشتا نەببوو بە ئاخوند و هێشتا کۆت و شەلواری لەبەر دەکرد و وەکوو کارمەندێکی پلە نزم لە ئەسڵی چوار، لە ژێر فەرمانی "غەفوور ئالبا"دا کاری دەکرد.
بە لەبەرچاوگرتنی لاوازیی زانیاریی گشتی من و هەروەها جیاوازیی تەمەنی من و دۆریان، ئەگەر بڵێم ئەوەی کە دۆریان باسی دەکرد لەلای من زیاتر لە ئەفسانە و چیرۆک دەچوون، بڕوام پێ بکەن! من نە دەمزانی ئەسڵی چواری ترۆمێن چییە و نە دەمتوانی زۆرێک لەو ناوانەی کە دۆریان باسی دەکردن بە

جوانی بیانڵێمەوە. ئەوکاتە تەنیا ئەوە بەلامەوە گرینگ بوو کە ژنێکی خاوەن باندۆری وەکوو دۆریان کە هەموو ڕێزیان لێ دەگرت و تەنانەت لێی دەترسان، هەموو نهێنیەکانی ژیانی لەلای من باس دەکرد. ئەو ناوانە و ئەو بیرەوەرییانە دواتر بە هۆی دووبارەبوونەوە و بە هۆکاری جۆراوجۆرەوە لە مێشکمدا مانەوە و ئێستا کە خاوەنی هەندێک ئەزموونی جۆراوجۆرم و بە ناچاری برێک دەرسیشم خوێندووە، تازە دەزانم کە نەبوونی زانیاری چ دەردێکە و هاوکات هەبوونی زانیارییش چ کارەساتێکە!.

دۆریان لە قسەکانی بەردەوام بوو و هاوکات لەگەڵ خواردنەوەی پێکەکانی، بەردەوام زانیاریی نوێی لەلام ئاشکرا دەکرد و دەیگوت:

"ئەو ڕۆژانە کە "مۆسەدیق" سەرۆک وەزیران بوو و من لە ئێران بووم، ئەو ئایەتوڵڵا بەهەشتییە بە وتەی ئێوەی ئێرانی، شێت و شەیدام ببوو. هەرکە منیش تۆزێک هەستم بۆی دەجوولا، غەفوور ئاڵبا ئەوەندە باسی گەمژەیی و بێعەقڵی و ساویلکەیی بەهەشتی دەکرد، منی لە هەرچی پیاوە بێزار دەکرد. لەوکاتەوە تا ئێستا بەردەوام ئاگام لە دۆخی بەهەشتی هەیە. ئێستا بەو سەرەتایە و پاشان بە باسکردن لە پیوەندیی تایبەتی من و بەهەشتی، باش گوێ بگرە و ببینە کە چ خەون و خەیاڵێکیان بۆ ئەو پیاوە و وڵاتی تۆ بینیوە و من و تۆ چۆن دەتوانین ڕێگە نەدەین ئەو خەون و خەیاڵانە جێبەجێ بکرێن!".

جارێکی دیکە من خافڵگیر کرام و تازە تێگەیشتبووم کە ئەو سەرەتایەی کە باسی کرد، سەرەتایەک بوو بۆ باسێکی دیکە کە جیا بوو لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆی. لەوکاتەدا دۆریانیش هەستابوو و وەکوو من لەسەر تەختەکە و لە بەرانبەرم دانیشتبوو. گوتی:

"دۆێنێ شەو، سالیوان، هەر ئەو پیاوە قژسپییە کە باڵوێزی ئەمریکایە، لە کۆبوونەوەکەدا باسی تەلەگرافێکی کرد کە بە پێی نێوەرۆکی ئەو تەلەگرافەکە و لەسەر بڕیاری کاربەدەستانی دی سی، من دەبێ لە حەرەمسەرای خومەینیەوە بڕۆم بۆ حەرەمسەرای بەهەشتی، چوونکە بەڕێوەبەری وڵاتەکەتان دەبێتە بەهەشتی، نەک خومەینی!. هەڵبەت من و سەفیر ئەوە چەند ڕۆژە لەسەر ئەو پرسە کێشەمان هەیە و پێدەچێ ئەو سەرکەتوو بێت. لەوە دەچێت ئەو گەمژەیە کاربەدەستانی دی سی ڕازی کردبێت بۆ بەڕێوەبردنی پلانەکانی خۆی. ئەوانە بەدوای ئۆسقۆف "ماکاریووس"ی نوێدا دەگەڕێن بۆ وڵاتەکەی تۆ".

گوتم: "باشە بۆ تۆ چ جیاوازییەکی هەیە کە کامیان بێت؟".

دۆریان لە کاتێکدا کە دیسان ڕادەکشایەوە گوتی:
"بە باوڕی دی سی خومەینی گەمژەیەکی دەمارگرژی مەزهەبییە، بەڵام بەهەشتی زیرەک و تێگەیشتووە.
ئەو بیرۆکەیە هەڵقوڵاوی مێشکی سالیوانە، ئەگەر ئەو بیرۆکەیە ڕاست بێت، کە ڕاست نیە، بۆ ئەو کارە هێشتا زووە. ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەگەر ئەو گۆڕانکارییە ڕوو بدات، ئەوە ئینگلیزییەکان بێ هەڵوێست نابن و قبووڵی ناکەن و بەو شیوەیە شۆڕش لەباردەچێت!".
گوتم: "بۆ چی دی سی ئاگادار ناکەیەوە؟".
دۆریان گوتی: "چوونکە من بەهۆی نهێنیەکەوە، ساڵانێکە شتێکم بە قازانجی بەهەشتی لە دی سی شاردۆتەوە، بۆیە ئەگەر ئێستا بمەوێ باسی بکەم، باوەڕم پێ ناکەن!".
گوتم: "بڕوا بکە تێناگەم، تۆ بۆچی دەبێ لە بەرژەوەندیی بەهەشتی نهێنیەک لە دی سی بشارییەوە، هاوکات ئەوە چ شتێکە کە ئەوان بڕوای پێ ناکەن؟".
دۆریان گوتی: "ئەوەی کە بۆ چی بە قازانجی بەهەشتی کارم کردووە، نهێنیەکی شاراوەیە، بەڵام ئەوەی کە دی سی نەیدەزانی ئەوە بوو کە؛ هەر ئەوکاتە کە دوکتور بەهەشتی پێش نوێژی مزگەوتی هامبوورگ بوو، لە ڕێگەی ئاڵمانی ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ کۆمۆنیزمی نێونەتەوەیی پێوەندیی بوو و ئێستا کەسێکی ئاوا چۆن دەتوانێ جێگەی خومەینی بگرێتەوە، هەرگیز بڕوا بەوە ناکەن. ئێستا تێدەگەی کە کێشەکە لەکوێیە و من بۆچی لە دوێنێ شەوەوە شێت بووم؟".
من گوتم: "پێتان وایە دەتوانین چی بکەین کە کێشەکە چارەسەر بکەین؟".
دۆریان گوتی: "دەمهەوێ لەسەر بڕیاری خۆم کارێک بکەم و دی سی بەسەر کارەکەدا بخەم".
قسەکەیم بڕی و گوتم: "واتە کوشتنی بەهەشتی ...".
دۆریان پێکەنی و گوتی: "ئەرێ، بەڵام بەدەستی تۆ نە، لەوە دڵنیابە، بەدەستی بێیکێر. کۆلۆنێل بێیکێر".
گوتم: "واتە ئایەتوڵڵایەکی ئێرانی بەدەستی کۆلۆنێلێکی ئەمریکایی بکوژرێت؟".
گوتی: "ئافەرین!. واتە لەنێوبردنی بەهەشتی و پێوەندیی لەگەڵ ئەمریکا بۆ هەمیشە و هەروەها مانەوەی خومەینیش بۆ هەمیشە!".
گوتم: "یانی خەمباری و دڵگرانیی تۆ تەنیا بۆ ئەو بڕیارە سادەیە؟".
دۆریان کە وا دیار بوو بە کردنەوەی دڵی لای من، یان لەژێر کاریگەریی ئەو

هەموو ویسکییەدا کە خواردبوویەوە کەمێک ئارام ببووەوە، گوتی:
"قەرار نەبوو پرسیاری زۆر بکەی!. ئێستا وەرە بخەوە، چوونکە لەو ڕۆژانەدا زیاتر لە هەموو شتێک پێویستیمان بە خەوە. هەم تۆ و هەم من!".
هەتا من چووم بۆ ئاودەست و هاتمەوە، دۆریان خەوی لێ‌کەوتبوو. منیش بە ناچاری دوای ئەو هەموو شتانە کە بیستبووم، خەوم لێ‌کەوت. نازانم لە کەیەوە خەوتبووم، بەڵام بە دەنگی گریانی دۆریان لە خەو ڕاچڵەکام.
ئەوەی کە دۆریانیش دەتوانێ شیوەن بکات، گەورەترین پرسیاری من بوو پاش ڕاچڵەکانم لە خەو. ئەو ژنەی کە بۆ من هێمایەکی ڕاستەقینە بوو لە هێز، بیر، هۆش و کاریگەری، ئێستا وەکوو منداڵێک کە یارییەکانی بزر کردبێت، دەگریا.
گرتمە باوەش و هاوکات کە دەستم بە قژیدا دەهێنا، هەندێک دڵیم دایەوە. وەکوو کەسێک کە چاوەڕوان بێت، سەری لەسەر سینگم دانا و لە پڕمەی گریانی دایەوە. لە کۆتاییدا ئەوەندە دەستم بە سەریدا هێنا و دڵنواییم کرد هەتا کەمێک هێور بووەوە و ویستی پەرداخەکەی پڕ بکاتەوە لە سەهۆڵ و ویسکی. ئەوکاتەی کە بە پەرداخی پڕ لە سەهۆڵەوە لە ژووری چێشت لێنان دەگەڕایەوە، هاوکات چاوەکانی دەسڕی و بە چاوی ئاوساو و سوورەوە گوتی: "جەعفەر!. تۆ زۆر باشی، ببوورە کە لە خەو هەڵمساندی!".
ماچم کرد و گوتم: "بەڵام بۆ من گریانی ژنێکی بەهێز و خاوەن بڕیاری وەکوو تۆ لە هەموو شتی دنیا سەیر و سەمەرەترە".
دۆریان و گریان، تەنیا شتێک بوون کە لە خەویشدا پێکەوە نەمدەبینی!.
دۆریان کە تازە دەهاتەوە سەر خۆی، دیسانەوە دەستی کردەوە بە گریان و بەدەم گریان و فرمێسکەوە هاواری کرد: "جەعفەر!... جەعفەر!... ئاخر تۆ نازانی بەهەشتی باوکی کچە ١٧ ساڵانەکەی منە!... کاترین ..... کاترینی من!؟".
بێگومان ئەگەر گورزێکی ١٠٠٠ کیلۆییان بەسەرمدا کێشابا، قبووڵکردنی ئاسانتر بوو لەوەی کە دۆریان بڵێ کچێکی ١٧ ساڵانی لە بەهەشتی هەیە. ئیتر بابەتی زیندوو بوون یان نەمانی بەهەشتی بۆم گرینگ نەبوو. کێشەکە لەلای من ئەوەبوو کە چۆن سەیدێکی ئەولادی پێغەمبەر، ئەویش ئایەتوڵڵایەک، ئەویش ئایەتوڵڵا بەهەشتی، لەگەڵ ژنێکی ئەمریکایی، کە ئەویش پیشەی سیخوڕیی بوو، پێوەندی هەبێت و چۆن ببێتە خاوەنی کچێک کە ئێستا ١٧ ساڵ تەمەنیەتی؟!.
دیسانەوە دۆریانم گرتە باوەش و نەوازشم کرد و ئەویش بەبێ ئەوەی کە من داوای لێ بکەم لە قسەکانی بەردەوام بوو و گوتی:

"ئێستا ....، ئێستا هەست بە کێشەکەم دەکەی؟. دەزانی کە بۆچی ڕاپۆرتی پێوەندی بەهەشتی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتییەکانم نەدا بە دی سی؟. ئێستا بیری لێ بکەوە کە؛ بێسەروشوێن کردنی بەهەشتی بەدەستی بێیکێر، واتە بێسەروشوێن کردنی باوکی کچەکەی من!. و بێسەروشوێن نەکردنی، واتە هەڵەیەکی مێژوویی دیکەی وڵاتەکەی من!. وڵاتەکەم کە لە تەمەنی ۱۵ ساڵەییەوە خۆمم کردووە بەقوربانی بۆی".

گوتم: "سەیرکە، من ناتوانم لە زۆر شت لەو نێوانەدا تێبگەم. چۆن!. ئاخر چۆن ژنێکی وەکوو دۆریان دەتوانێ لەگەڵ ئایەتوڵڵایەک پێوەندی عاشقانەی هەبێت؟. ئەویش پێش لە حەقدە بۆ هەژدە ساڵ ...".

دۆریان گوتی: "ئەو شتە لە فڕانکفۆڕت ڕوویدا!. من نەخۆشینی ژنانەم هەبوو و دوکتورەکانم گوتیان بۆ چارەسەریی نەخۆشینیەکەت دەبێ منداڵت ببێت. هەموو شتێک لەناکاو بوو. من ئەوکاتە لە پایەگای ئەمریکاییەکان لە "ویسبادن" کە دەکەوێتە ۱۵ بۆ ۱۶ کیلۆمیتریی فڕانکفۆڕت، کارم دەکرد. بەهەشتی لە هامبوورگەوە هاتبوو بۆ فڕانکفۆرت و لەناکاو دوای ساڵانێک، لە فرۆشگایەکی بەناوبانگی ئاڵمان یەکترمان بینی. بەهەشتی چەند ڕۆژێک لە فڕانکفۆرت مایەوە و دیسان هەمان بەزمی عەشق و خۆشەویستییەکانی ساڵی ۱۳۲۹ (۱۹۵۰) دەستی پێ کردەوە. پێوەندییەکەمان گەیشتە جێگایە کە پێکەوە چووینە سەر تەختی خەو و دوای دوو مانگ زانیم کە سکم پڕە. پێوەندیم بە بەهەشتییەوە گرت، زۆر خۆشحاڵ بوو و گوتی کە منداڵەکە ڕاگرین. دوای ئەوە بەهەشتی بەردەوام دەهات بۆ فڕانکفۆرت و پاشان کە من بۆ منداڵبوونەکەم گەڕامەوە بەرەو ئەمریکا، ئەویش هات و ڕێگەی دا کە بۆ کاترین لە پاشناوی بەهەشتی کەڵک وەرگرم. دوای ئەوە سەرەڕای ئەوە کە هەموو بەرپرسایەتییەکانی کاترین کەوتنە ئەستۆی من، بەڵام جار جار هەندێک پارەی بۆ دەنارد. ئەوە هەموو بەسەرهاتی ئێمەیە. ئێستا ئەگەر واز لە دڵپیسیی ڕۆژهەڵاتیانەی خۆت دەهێنی، هەوڵی ڕێگە چارەیەک بدە، نەک ئەوەی کە بزانی من و بەهەشتی چۆن لە باوەشی یەکتردا خەوتین و چیمان کرد ...".

دۆریان ئەو ڕستانەی بە تووڕەییەوە گوت و جارێکی دیکە منی سەرسام کرد کە چۆن تەنانەت دەتوانێ ئەودیوی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان بخوێنێتەوە؟.

گوتم: "بە لەبەرچاوگرتنی دۆخەکە من پێم باشە کە بۆخۆت لەگەڵ بەهەشتی قسە بکەی و داوای لێ بکەی کە واز لە سیاسەت بێنێ، ئەگەر بێت و ئەو کارە

نەکات، نهێنیەکانی ئاشکرا دەکەی!".
دۆریان پاش شین و شەپۆڕەکەی، دیسانەوە وەکوو جاران دەستی کردووەوە بە قاقای پێکەنین و گوتی:
"ئەگەر بەهەشتیش وەکوو تۆ باش و سادە با، لەوانەبوو ئەوەش ڕێگەچارەیەک با. بەڵام ئەو ئایەتوڵڵایەی کە من دەیناسم، ئێستا کە دوای تەمەنێک گەیشتووە بە ئارەزووەکەی، مەحاڵە دەست لە سیاسەت هەڵگرێت. تەنانەت پێم وایە بە تۆ و ئەبوو شەریف فەرمان بدات کە، نەتەنیا من، تەنانەت کچەکەیشی بکوژن!".
گوتم: "ئەگەر دیسانەوە بە قسەکانم پێناکەنی، ڕێگەچارەیەکی دیکەم پێ شک دێت، ئەویش ئەوەیە کە بڕۆیەوە بۆ ئەمریکا و سەرەتا هەوڵ بدەی کە دی سی بگەیەنی بە قەناعەت، پێش لەوەی کە هەر جۆرە بڕیارێکی دیکە بدەی ....".
چاوەکانی دۆریان بریسکانەوە و هەستایە سەرپێ و هاوکات کە منی ماچ دەکرد، گوتی:
"هەر بژی .... جەعفەر! ئەگەر خەیاڵم بە نیسبەت ئێرە ئاسوودە بێت و یان لەو ماوەیەدا کە من لێرە نیم، سالیوانیش لێرە نەبێت و تەنانەت ئەگەر لە ئەمریکاش بێت، من زۆر شتم پێ دەکرێت ... . ئەو بیرۆکەیە شایانی ئەوەیە هەنگاوی بۆ هەڵگری!. لەوە باشتر نابێت، بەمەرجێک کە تۆش بەڵێنم پێ بدەی لەگەڵم بێی بۆ ئەمریکا!".
گوتم: "دیتنی ئەمریکا بۆ من بۆتە هیوا و ئارەزوو، بەڵام پێت وایە کە بەسەرنجدان بە مەسەلەی سپای زەربەت و ئەو هەموو نامەردانەی کە لە سەرەدا ڕاوەستاون، دەکرێ ئێرە بەجێ بهێڵین؟".
دۆریان گوتی: "تۆ پێت وایە کە دەڕۆین بۆ سەردانێکی یەک مانگە؟. زۆر زۆرەکەی دوو تا سێ ڕۆژ لەوێ دەمێنینەوە!. ئەوەش دەتوانین بە شێوەیەک ڕێکی بخەین کە جگە لە دوو، سێ کەس، کەسی دیکە ئاگادار نەبێت تا دەگەڕێینەوە!".
گوتم: "کەواتە دەبێ بەرنامەی سەردانەکەم بۆ قوم بخەمە پێشەوە، بەتایبەت کە خومەینی گوتی دەیهەوێ شوێنی مانەوەی ڕاگوێزێ بۆ شاری قوم و داوای لە من کرد کە پلانێک بۆ پاراستنی شوێنی مانەوەی لە قوم دابڕێژم!".
دۆریان گوتی: "ئەوەش یەکێکی دیکە لە هەڵەکانی ئەو پیرەپیاوەیە کە خەریکە بە دنەدان و هاندانی بەهەشتی و باڵوێز سالیوان ئەنجامی دەدات. ئەوە ڕێک ئەو کارەیە کە دەبێ نەیکات و ئێستا خەریکە ئەنجامی دەدات. قسەی کەسیش بەهەند وەرناگرێت".

گوتم: "بۆمەگەر لەو پێوەندییەدا تۆ قسەت لەگەڵ کردووە؟".

گوتی: "نەک جارێک، بەڵکوو چەند جار قسەم لەگەڵ کردووە!. پاش ئەو کۆبوونەوەیەی لەگەڵ کیانووری کە دیار نەبوو بۆچی چوار کاتژمێری خایاند، بەو پیرەپیاوەم گوت کە بە باشی نازانم بڕوات بۆ قوم". بەڵام ئەو دەڵێ: "ئەگەر ئێوە لە جێگەی من بان و بەو شێوەیە لە قوم دەرکرابان، حەزتان لێ دەبوو کە بەم شێوەیە بگەڕێنەوە بۆ ئەو شارە!".

کاتژمێر پێنج و نیوی بەیانی هەردووکمان شەکەت و ماندوو خەومان لێ کەوت، بەو هیوایە کە بەیانی، دۆریان لە هەوڵی سەفەرەکەمان بۆ ئەمریکادا بێت و منیش بیرێک لە ڕۆشتنەکەم بۆ قوم بکەمەوە و هەردووکیشمان پێکەوە چارەیەک بۆ وەدواخستنی گۆڕینی شوێنی خومەینی لە تارانەوە بۆ قوم بدۆزینەوە!.

بەیانیەکەی هێشتا لە ماڵ نەچووبووینە دەرەوە کە سادق قوتب زادە تەلەفۆنی کرد و دوای نیو کاتژمێر قسەکردن لەگەڵ دۆریان، بە منی گوت: "ئەم شەو بانگ کراوی بۆ شووورای شۆڕش، بۆیە ئاگات لە خۆت بێت و کەم نەهێنی و هاوکات قورس و قاییم لە بەرانبەرییان ڕاوەستە. مەلاکان و من و بەنی سەدر لە پشتی تۆین و دارودەستە ڕێکپۆشە ئەندازیارەکانی بازرگان لە دژی تۆن".

بە قوتب زادەم گوت: "لەو بابەتەوە خەیاڵت ئاسوودە بێت، بەڵام ئایا ئیمام ئاگاداری بانگ کردنەکەم هەیە؟".

قوتب زادە گوتی: "هێشتا نە!. شووورای شۆڕش دەڵێ پێویست ناکات بۆ هەر کارێکی بچووک پەنا بۆ ئیمام بەرین، بەڵام من پێش نیوەڕۆ کۆبوونەوەم لەگەڵ ئیمام هەیە و شتەکەی لەگەڵ باس دەکەم".

گوتم: "خەریکە دەڕۆم سەردانی سپا دەکەم، حەز دەکەم ڕۆژێک ئێوەش بێن و قسەیان بۆ بکەن".

قوتب زادە کە بە پێشنیارەکەی من خۆشحاڵ بوو، گوتی: "جارێ ئیمام دەیهەوێ بۆ سپاکەی تۆ کۆبوونەوە بگرێ و لێدوانیان بۆ بدات. داوای لە من کردووە کە بۆ تۆمارکردن و بڵاوکردنەوەی بەرنامەی پێوەندیدار بە سپاکەی تۆ، ئامادەییم هەبێت. بەڵام هیچ ئیشارەتێکی بە ڕێکەوتی کۆبوونەوەکە نەکردووە. کەواتە کۆبوونەوەی من با بمێنێت بۆ دوای وتار پێشکەشکردنەکەی خومەینی. ئاوا زۆر باشترە".

من کورتەی شتەکەم بۆ دۆریان باس کرد. بە سەرسوڕمانەوە گوتی: "لەسەر مژاری قسەکردنی قوتب زادە بۆ سپاکەت پێشتر فکرت کردبووە؟".

گوتم: "نە، بۆ؟".

گوتی: "من سەرنجم داوە، تۆ هەندێک جار بە بێ ئەوەی کە بیری

لێ بکەیەوە هەندێک قسە دەکەی، کاتێک کە من بیر لەو قسانەت دەکەمەوە، دەبینم کە لەوە باشتر نابێت و ئەوەش دەسەلمێنێ کە، ئەگەر تۆ خوێندەواریت هەبا، کەسێکی بەهرەمەندت لێ دەردەچووا!".

من گوتم: "تۆ پێت وایە کە ئەگەر من دەرسم خوێندبا و خوێندەوار بووایەم، قەت تووشی ئەو کارانە دەبووم؟".

دۆریان دیسان پێکەنی و پرسیاری کرد: "لە پێوەندی لەگەڵ شووری شۆڕش تۆ لەگەڵ خومەینی قسەت نەکردووە؟".

گوتم: "با، بەڵام گوتی با کەس نەزانێت، بۆچی؟. پێت وایە کە دەبوو شتەکەم بە قوتب زادە گوتبا؟".

دۆریان گوتی: "وردە وردە خەریکە مێشکە نازدارەکەت دەکەوێتە ئیش. بەڵام دیسان لە بیرت بێت کە لە پێش چاوی شووری شۆڕش زۆر قورس و قاییم ڕاوەستە و پلانەکەت ئەوە بێت کە، سەرەتا بە بێدەنگی دانیشە و لێیان گەڕێ با هەموو قسەکانیان بکەن، کاتێک قسەکانیان تەواو بوو، تۆش هەستە سەرپێ و بڵێ وەڵامی ئەو قسانە بە ئیمام دەدەمەوە و پاشان وەرە دەرێ!. هاوکات ئەگەر ئەسەدوڵڵا مۆبەشێری لەوێ بەشدار بوو و قسەیەکی کرد، ئەگەر دەرفەت هەبوو هەر لەوێ و ئەگەر دەرفەت نەبوو لەدەرێ تەلەفۆنێک بکە بۆ ئەندازیار بازرگان و پێی بڵێ حەزم لێیە بە بەشداری جەنابتان و مۆبەشێری فیلمێکی شۆڕشگێڕانە سەیر بکەین".

گوتم: "لەو فیلمانە!؟".

دۆریان قاقایەکی تایبەت بە خۆی تێ کرد و گوتی: "فیلمی سەید جەلال تێهرانی لە بەرانبەر ئەو فیلمەدا، خەڵاتی ئەخلاق و ئەدەب دەباتەوە!".

لە ماڵ هاتینە دەرێ، دۆریانم برد بۆ خوێندنگەی عەلەوی و خۆم نیشانی ئیمام دا کە لە کۆبوونەوەدا بوو و پاشان بە پەلە بەرەو باخی جەهانبانی بەڕێ کەوتم.

کوڕەکان کە هەموویان لە من خوێندەوارتر بوون، بە جیددی سەرقاڵی پلان دارشتن بوون و بە هاتنی من پێوەندییەکانی سپای خۆمان لەگەڵ یەکینەکانی شۆڕش دامەزران و لەو ڕێگەیەوە توانیمان زۆرێک لە کارە پێویستەکان، وەکوو کەلوپەلی پەروەردەیی ئۆردووگا و چەکی مەشقی و کەلوپەلی دیکەی پێویست، بە شێوەی سەرەتایی بەدەست بێنین. خاڵی بەهێز و سەرنجراکێش ئەوەبوو کە، پێوەندیمان بە هەر جێگەیەکەوە دەکرد، دەستیان بەڕوومانەوە نەدەنا و ئەوەش دەرخەری ئەوە بوو کە شاراوەبوونی کارەکانمان تەنیا لە چوارچێوەی قسەدا بوو

و ئیمام بەر لە هەمووومان، فەرمانی کارئاسانی کردن بۆ ئێمەی دابوو بە هەموو ناوەندەکانی شۆڕش.
کاتژمێر دووی دوانیوەڕۆ، سەید ئەحمەد و پاشان قوتب زادە تەلەفۆنیان بۆ کردم کە دوای بەشداری لە کۆبوونەوەی شوورای شۆڕش، بڕۆم بۆ زیارەتی ئیمام. پاشان دوای کاتژمێرێک لە ستادی ئەرتەشەوە تەلەفۆنیان بۆ کردم و گوتیان؛ "بەڕێز شەفیعزادە کەی ئامادەی سەفەر بۆ قوم و ئیسفەهان دەبیت کە هێلیکۆپتێرێکتان بۆ ئامادە بکەین؟".
بەقەولی چایچی ئەوەندەی کە سپا بۆ خەڵکانی دیکە بوونی هەبوو، بۆ ئێمە خۆمان هێشتا هەر لە قۆناغی سەرەتایی تێنەپەڕیبوو.
بە کوڕەکانم گوت کە دەمهەوێ لە کۆبوونەوە لەگەڵ خومەینیدا، داوای لێ بکەم کە بۆ ڕێنوێنیی مەزهەبیی چریکەکانم، ئایەتوڵڵایەکی گەنج و ڕۆشنبیرمان بۆ بنێرێت. بە کوڕەکانم گوت؛ پێموایە بەم کار و ڕێکخستنانەمان ئاسوودەیی زۆرمان بەخشیوە بە ئیمام. هەموو کورەکان لەگەڵم هاوڕا بوون و بەنیاز بووم پاش ڕاوێژ لەگەڵ دۆریان ئەو کارە بکەم، نەک هەمان ڕۆژ!.
کاتژمێر شەشی ئێوارە چووم بۆ کۆبوونەوەی شوورای شۆڕش و بە هەمان سیناریۆ کە لەپێشدا دامانڕشتبوو، بەشداریم تێدا کرد. بازرگان سەبارەت بەو توندوتیژییانەی کە چریکەکانی من ئەنجامیان دابوو قسەی کرد و باسی لە بەسەرهاتەکەی ماڵی "جەهانبینی" کرد و گوتی: "توندوتیژیی چریکەکانی تۆ هەموو کۆمەڵگای تووشتی ترس و دڵەڕاوکێ کردووە و ئەوە زەربە لە شۆڕشەکەمان دەدات و قازانجی بۆ کەس نیە کە توندوتیژی ئەوەندە بە ئاشکرا بکرێت".
ماوەی ٢٠ خولەک قسەی کرد و پاشان داوای لە من کرد کە وەڵامی ئەو باس‌وخواسانە بدەمەوە.
منیش هاوکات کە لە جێگەی خۆم هەستام، گوتم:
"فەرمایشەکانی ئێوەم بیست، وەڵامەکەیان دەدەمەوە بە ئیمام. چوونکە یەکینەکانی ژێر چاوەدێریی من، تەنیا وەڵامدەری حەزرەتی ئیمامن، هیوادارم کە بەڕێزان، ئەو کارەی من بە بێ ئەدەبی و بێڕێزی لێک‌نەدەنەوە".
بە بێ ئەوەی کە چاوەڕوانی وەڵام یان بۆچوونێکی دیکە بم، لە ژوورەکە هاتمە دەرێ و بەپەلە چووم بۆ لای خومەینی.
سەید ئەحمەد لە پەنا دەستی خومەینی دانیشتبوو. خومەینی خەریک بوو لەگەڵ کۆمەڵێک کەسی نیزامی قسەی دەکرد. سەید ئەحمەد لە جێگەی خۆی

هەستا و گوتی:
"بۆ ئیمامم گێڕایەوە. بێوێنە بوو، چاک وەڵامت دانەوە، ئێستا بڕۆ بۆ ئەندەروونی، خانمی دۆریان مەک گرێی کارێکی گرینیگی پێتە، ئاسوودەبە ئیمام هەتا نیو کاتژمێری دیکەش لەدەست ئەو نیزامیکارانە ڕزگاری نابێت و کۆبوونەوەکەی بەردەوام دەبێت".
ئەو قسەیەی من کە ڕووبەڕوو و بە ڕێزەوە بە بازرگانم گوت، پێش لە خۆم گەیشتبووە ئەوێ و دۆریانیش ئاگاداری کردمەوە کە خومەینی زۆر ڕازی دیارە، تەنیا ئاگات لێ بێت لە بەرانبەریدا زۆر لووتبەرزی نەکەیت و تەنیا بڵێ بەسەر چاو و ئێوە ئەمر دەفەرموون. بە دۆریانم گوت دەمهەوێ پێشنیار بکەم کە حوجەتولئیسلامێکی گەنجمان پێ بدەن بۆ ڕێنوێنیی ئیسلامیی چریکەکانی سپاکەم، تۆ پێت چۆنە؟.
دۆریان لە کاتێکدا کە لە ژێر چارشێو نوێژەکەیەوە پێدەکەنی، گوتی: "دواجار تۆش دەماری خەوی ئیمامت دۆزییەوە، یەک چرکەش لێی مەوەستە، چوونکە لەوە باشتر هەر نابێت. هاوکات ئەوەت لە بیر نەچێت کە ئیجازە وەرگرە و زوو سەردانی  قوم بکە، چوونکە دۆستان و هاوڕێیانی پێشووت سەرقاڵی هەندێک کارن کە بە بڕوای من مەترسیدارن و زۆریش مەترسیدارن".
پرسیارم کرد: "دەتوانی بڵێی چی بووە؟".
دۆریان گوتی: "ئەگەر زانیبام نەمدەگوت کە لە زووترین کاتدا بڕۆ".
گوتم: "بۆ ئەمریکا چیت کرد؟".
گوتی: "خەریکی کارەکانیم!. هەرکە کارەکانت تەواو بوو، چاوەڕوانم بە هەتا پێکەوە بڕۆین!".
دوای کاتژمێرێک خومەینی بانگی کردم و لەسەر کۆبوونەوەکەی شوورای شۆڕش پرسیاری لێ کردم، منیش هەموو شتێکم بۆ گێڕایەوە. خومەینی زۆری پێ باش بوو و گوتی:
"فەرمانم داوە کە هەر کاتێک ویستت بەرەو شوێنێک بڕۆی، هێلیکۆپتێرت بۆ دابین بکەن، داوام لە "بونیادی موستەزعەفین" کردووە ئەو کەلوپەلانەی ئەمڕۆ داوات کردبوون، بۆت دابین بکەن. ئەوەشت لە بیر نەچێت کە چەند ڕۆژی دیکە دوعایی تەلەفۆنت بۆ دەکات و سەبارەت بە لیبی هەندێک پرسیارت لێ دەکات، تۆ نابێ وەڵامی ڕاستەوخۆی بدەیەوە!".
دەستیم ماچ کرد و هاوکات لەگەڵ ئیجازەی سەفەرەکەم، مەسەلەی

ئەرکدارکردنی ئایەتوڵڵایەک بۆ پەروەردەی چریکەکانم هێنایە بەرباس، بۆ یەکەمجار دەستی گرتم و گوتی: "بۆخۆیشم هەر لە بیری شتێکی وەهادا بووم، بۆخۆت بگەڕێ بزانە کێ باشە و هەوڵ بدە کە زۆریش ویشک و مەزهەبی نەبێت. منیش پێم وایە کاتێک کە گەڕایتەوە، پێکەوە دیدارمان دەبێت!".

بەو شێوەیە و بە پێچەوانەی شەوی ڕابردوو، من و دۆریان پاش ڕۆژێکی پڕ لە دەسکەوت، شەوێکی خۆشمان پێکەوە تێپەڕ کرد و هەر زوو خەومان لێ کەوت بۆ ئەوەی بەیانی زوو ئەو بڕواتە ماڵی خومەینی و منیش بڕۆم بەرەو قوم.

کاتێک سواری هێلیکۆپتێرە نیزامییەکە بووم هەتا بەرەو قوم بڕۆم، دیسان پێکەنینم بە کاری ڕۆژگار هات و کەوتمە بیری کوڕە قوسابە قەهدەریجانیەکە کە تەنیا لە ماوەی دوو ساڵدا لە قەسابییەوە گەیشتبووە ئەو جێگایەی کە ئێستا تێیدایە و بە هێلیکۆپتێر بۆ ئەملا و ئەولا دەڕوات.

لە قوم هەندێک ڕۆحانی و کاربەدەستی ناوەندەکانی شۆڕش پێشوازییان لێ کردم و پاشان بە بێ ڕاوەستان، چووم بۆ سەردانی سەید مەهدی هاشمی. سەید مەهدی بە شێوەیەک کە خۆیشم بڕوام نەدەکرد، ڕێزی لێ گرتم، بەڵام من حەزم لێ بوو هەرچی زووترە پێکەوە، دوو قۆڵی و بەتەنیا دانیشین و ئەوەی لەدڵماندایە هەڵیڕێژین. دەرفەتێک کە پاش دوو کاتژمێر بۆمان ڕەخسا. کاتێک بەتەنیا ماینەوە، گوتی:

"ئەوەی کە دەمانویست پێی بگەیین، پێی گەیشتین. ئێستا وڵات بەدەستی خۆمانەوەیە. من بە هەموو ئەو قەول و بەڵێنانە کە بە ئاغا جەعفەرم دابوو، چ ئەو کاتەی ئازاد بووم و چ ئەو کاتەی لە گرتووخانە بووم، وەفادار بووم و بەجێم گەیاندوون، موو بە موو و دانە بە دانە، ئێستا تەنیا یەک پرسیارم هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئایا ئاغا جەعفەر ئێستاش هەر پشتیوان و هاوکاری منە یان نە؟".

هەستامە سەر پێ و ماچم کرد. هەر وەکوو دوو ساڵ لەوەبەر و هاوشێوەی ئەو هەڵسوکەوتانەی کە لە هەڵسوکەوتی ئەوسای پاشنیوەڕۆی هاوینی قەهدەریجان دەچوو. بە هەمان شەرم و ڕێزی کوڕە قەسابێکەوە کە سەید مەهدی هاشمی قارەمانی نێو خەیاڵەکانی بوو، گوتم:

"من هەموو دار و نەدار و هەموو ئەو ئیمکانات و پێگەیەی کە هەمە لە سایەی سەری جەنابتەوەیە، لەو دوو ساڵەدا ڕۆژ نەبووە کە شوکرانە بژێریی چاکەکانی جەنابت نەکەم، کاتێک هەواڵی دەستبەسەرکردن ئێوەم بیست، ویستم لە دەمشق ڕابکەم و بۆ ڕزگار کردنتان گیانیشم بەخت بکەم، بەڵام گوتیان کە

جەنابت ڕازی نیت بەو کارە".

سەید مەهدی نەیهێشت من قسەکانم تەواو بکەم و لە کاتێکدا کە بە خۆشحاڵیەوە لێم دەهاتە پێشێ بۆ ئەوەی نێو چاوانم ماچ بکات، گوتی:

"من هەموو ئەوانە دەزانم و ئەو پرسیارەش کە کردم بۆ ئەوەبوو کە پەیمانمان نوێ بکەینەوە و ئاسوودەتر بتوانین سەبارەت بە پلانەکانی داهاتوومان قسە بکەین".

من گوتم: "ئێوە تەنانەت بۆ ساتێکیش گومانتان لە خانەزادی و بچووکیی من بە نیسبەت خوتانەوە نەبێت".

سەید مەهدی پاش دەسپێکێکی دوور و درێژ، دواجار پڕژایە سەر کاکڵی باسەکەی و گوتی:

"هەروەکوو چۆن دوو ساڵ پێش ئێستا گەیشتن بە دۆخێکی ئاوا بۆ ئێمە خەون و خەیاڵ بوو، ئێستاش دەبێ بڵێم کە ئەو دۆخە زۆر ناخایەنێت و ڕێبەری سیاسیی ئێران من دەبم و ڕێبەرە مەزهەبیەکەیشی دەبێتە ئایەتوڵڵا مونتەزیری، هەر بۆیە لەو کەش و هەوایەی کە پێک هاتووە و سەگ خاوەنی خۆی ناناسێتەوە، کەسانی وەکوو ئێمە کە لە کۆنەوە تۆوی ئەو شۆڕشەمان چاندووە، دەبێ وەکوو عەڵقەکانی زنجیر پێکەوە بین و بە شێوەیەک پلانەکانمان هاوئاهەنگ بکەین کە، لەکاتی گونجاودا بە ئامانجەکانمان بگەین. ئێستا دۆخەکە ئاڵۆزە. دارودەستەی بەرەی نەتەوەیی و موجاهیدین و فیداییەکان و کۆمۆنیستەکان و توودەییەکان، لایەکی لێفەکە بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن و لایەنە جۆراوجۆرەکانی ڕووحانیەتیش لایەکەی دیکەی ڕادەکێشن. من لە چاونەترسییەکانی تۆ چ لێرە و چ لە لیبی و چ لە سووریە ئاگادارم و حیسابت لەسەر دەکەم. حیسابی گەورە گەورە. هەندێک کەس هەن، بەتایبەت لە نێو هەر ئەو مەلایانەدا کە کۆسپی سەر ڕێگەمانن. کەسانی وەکوو تاڵەقانی، وەکوو شێخ عەلی ئەکبەری هاشمی ڕەفسەنجانی، وەکوو موتەهەری و وەکوو مۆفەتیح. ئەوانە هەر یەکەو بۆ خۆیان هێڵێکیان هەیە و ئەو هێڵانە لەگەڵ ئێمە یەک ناگرنەوە. خومەینی ڕازییە بە لەسێدارەدانی تاڵەقانی، بەڵام بۆ ئەوانەی دیکە ڕازی نییە! پلانی من، پلانی لەنێو بردنی ئەوانەیە. بەتایبەت ئەو شێخ عەلی ئەکبەرە کۆسە ....".

دەمزانی کە مەبەستی سەید مەهدی هاشمی چییە و بەدەم قسەکانی ئەوەوە، بە خۆمم دەگوت کە؛ ئەگەر من لە سووریە و لیبی مەشق و ڕاهێنانی تایبەت بە پارتیزانیم بینی، بۆ تیرباران کردنی ئەفسەرانی سووری و یان دزی لە مۆزەخانەی

ئێرانی باستان نەبوو. هەموو ئەو پارە و هێزەی کە لە ئێستادا هەمە، ئەو پیاوە سەبەبکاریەتی، خۆ بۆ ڕەزای خودا نەیکردووە و خێری پێ نەکردووم. ئێستا مافی خۆیەتی بەرهەمی ئەو سەرمایەدانان و تێچووەی لەو دوو ساڵە دا کردوویەتی بچنێتەوە و لەبەری بخواتەوە. ئەجری سەید مەهدی لەسەرم لەگەڵ هیچ کەسی دیکە بەراورد نەدەکرا، هەربۆیە دەسبەجێ گوتم:

"من نۆکەری جەنابتم و یەک ئاماژەی بەڕێزت بۆ من بە واتای فتوایە و لێی ڕاناوەستم!".

سەید مەهدی کە لەو هەموو ئەمەگداری و ئامادەییەی من باڵی گرتبووەوە، گوتی:

"کەواتە دیدارێک لەگەڵ حەزرەتی ئایەتوڵڵا مونتەزیری بکە و پاشان بمێنەوە بۆئەوەی لەگەڵ شێخ موحەممەد [مونتەزیری] کۆبوونەوەیەکی دوو کەسیمان هەبێت".

ئەو ڕۆژە، پێش لەوەی کە لەسەر داوا و فەرمانی خومەینی، سەفەرەکەم بە نیوەچڵی بەجێ بهێڵم و بۆ قۆڵبەستکردنی "دوکتور میناچی" بگەڕێمەوە بۆ تاران، لەگەڵ "مونتەزیری"ی گەورە چاوپێکەوتنێکم ئەنجام دا و پاشان، لەگەڵ سەید مەهدی و شێخ موحەممەد پەیمانمان نوێ کردەوە کە ڕێک وکوو قەهدەریجانیەکان ڕێگە نەدەین کە سەرەداوی کارەکان لە دەستمان دەربچێت و لەو پێوەندییەدا هەر کۆسپێک بێتە سەر ڕێگەمان، لەسەر بڕیاری سەید مەهدی و بە بێ یەک و دوو، لای بدەین.

من ڕاسپێردرام کە؛ سەرەڕای پاراستنی دۆستایەتیم لەگەڵ دۆریان و قوتب زادە، لە هەموو هەواڵ و زانیاری و ڕووداوەکانی پشتی پەردەی شۆڕش ئاگاداریان بکەمەوە و ئەگەر دانووستانی نێوان سەید مەهدی هاشمی و هاشمی ڕەفسەنجانی بێئەنجام مایەوە، هەر بە یەک ئیشارەت لە قومەوە، ڕەفسەنجانی بێسەروشوێن بکەم. زۆر هەوڵمدا کە سەید مەهدی هاشمی و شێخ موحەممەد مونتەزیری بێنمە سەر ئەو قەناعەتە کە، خانمی دۆریان بۆ گەمە پێکردن نابێت، چوونکە ئەوەندە کاریگەریی لەسەر نێو دڵ و ڕوحی خومەینی داناوە کە بە بێ ڕاوێژ لەگەڵ ئەو دەست نابات بۆ هیچ کارێک. بەڵام ئەوان هەمان دەنگۆیان دووبارە دەکردەوە کە کاتی خۆی قوتب زادە و سەلامەتیان لە پاریس سازیان کردبوو کە گوایە دۆریان سیغەکراوی سەید موستەفا خومەینی بووە و لەبەرئەوەی بووە بە موسوڵمان، پاش مەرگی سەید موستەفا، خومەینی و بنەماڵەکەی خۆشیان

دەوێ و ئۆگری بوون.
لەکاتێکدا کە من بۆخۆم شاهێد بووم و ئاگام لێیە کە ئەو دەنگۆیە لەلایەن قوتب زادە و سەلامەتیان و لەسەر پێشنیاری خودی دۆریان بڵاو کرایەوە، بۆئەوەی وەکوو هۆکاری نزیکایەتی دۆریان لە خومەینی لە نووفیل لووشاتۆ و پاشان پاریس بینوێنن.
با لێرەدا ئەوەش بڵێم کە؛ پاش ماوەیەکی کورت لە سەفەرەکەی من بۆ قوم، "دوکتور موتەهەری" و چەند مانگ دواتری "موفەتیح" تیرۆر کران و من لەو تێرۆرانەدا هیچ ڕۆڵێکم نەبوو.
بەڵام وەکوو خۆم سەبارەت بەو دەنگۆیانەی کە بڵاو کرانەوە، کە گوایە کاری گرووپی "فەرقان" بووە یان نە، من ئاگاداری نیم. بەڵام لەوە دڵنیا بووم کە ئەگەر دوکتور مۆتەهەری تێرۆر نەکرابا، بە دڵنیاییەوە ئەو جێگری خومەینی دەبوو، نەک شێخ "حوسێنعەلی مونتەزیری". هەڵبەت لەسەر فەرمانی سەید مەهدی هاشمی بڕیار وابوو کە؛ ئێمە پلانی تێرۆرێکی سەرنەکەوتوو ڕێک بخەین، ئەویش بە مەبەستی ترساندنی هاشمی ڕەفسەنجانی. پلانەکەمان جێبەجێ کرد و هاشمی ڕەفسەنجانیمان بۆ ماوەیەک ناردە نەخۆشخانە.
ئەو هەوڵی کوشتنە کە هەر لە سەرەتاوە بڕیار وابوو سەرکەوتوو نەبێت، و هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانەی سەر ڕێگای جێبەجێ کردنی پلانەکە، کە کاتی خۆی بۆتانی شی دەکەمەوە، بەهۆی ئەو پێداگرییەوە بوو کە بۆ سەرکەوتوونەبوونی کوشتنەکە دەکرا، بوونە هۆکاری ئەوەی کە، هەرکە ڕەفسەنجانی لە نەخۆشخانە هاتە دەرێ، یەکسەر بچێ بۆ قوم و دەستی حۆسێنعەلی مونتەزیری ماچ بکات.
لە دوایین ساتەکان کە دەمویست سواری هێلیکۆپتێر بم و بگەڕێمەوە بۆ تاران، هاشمی ڕەفسەنجانی جانتایەکی دەستیی پێدام و بە پێکەنینەوە گوتی:
"هەندێک شیرنەمەنی "سۆهان"ی دەستکردیماڵەوەمانی تێدایە کە بۆ ئێوە ئامادە کراوە، هیوادارم بەدڵتان بێت و سەرکەوتوو بن!".
هێلیکۆپتێرەکەم لە "دووشان تەپە" نیشتەوە، یەکسەر چووم بۆ بینینی خومەینی لە مەدرەسەی عەلەوی. دۆریان چاوەڕوانم بوو، جانتا دەستییەکەم دایە دەستی و چوومە خزمەت ئیمام کە لەوکاتەدا لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە مەلاکانی شۆڕش لە کۆبوونەوەدا بوو. تەنیا کەسێک کە ئاخوند نەبوو و لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بوو، "دوکتور ئایەت" بوو. خومەینی تووڕە و وەڕەز دیاربوو و بە ئاماژەی دەست ئیزنی ئەوەی پێدام کە لە گۆشەیەکی ژوورەکە دابنیشم. باس لەسەر کێشە و

ناکۆکی نێوان دەوڵەتەکەی بازرگان و گەنەکارییەکانی وەزیرەکانی و دژایەتی هەندێک لە وەزیرەکانی بوو لەگەڵ ڕووحانیەت. دەسبەجێ زانیم کە "دوکتور مۆعین فەر" سیخوڕی ئاخوندەکان لە کابینەی ئەندازیار بازرگانە و ئەو هەواڵ و زانیارییەکانی ئەولا دێنێت بۆ خومەینی و دارودەستەکەی و تووڕەیان دەکات.

کاتێک من گەیشتم، دوکتور ئایەت خەریک بوو باسی شتێکی دەکرد کە، لە نێوەرۆکی قسەکانیدا من هەندێک زانیاریم دەست خست. کاتێک قسەکانی دوکتور ئایەت تەواو بوون، خومەینی لە کاتێکدا کە سەیری دەکردم، گوتی:

"ئەگەر ئەو دوکتور میناچییە بکەوێتە گرتووخانە، کاری ئەو بەڕێزانە جێبەجێ دەبێ؟".

چوونکە هەموویان وەڵامی "بەڵێ"یان دایەوە بە پرسیارەکەی خومەینی، لە پێش چاوی هەموویان ڕووی لە من کرد و گوتی: "چاوەڕوان بووم تا تۆ بگەڕێیەوە، لەگەل بەڕێز دوکتور ئایەت قسە بکە و هەر کەسێک کە ئەو دەستی لەسەر دانا تۆ قۆڵبەستی بکە!. مەبەستم لە هەر کەس دوکتور میناچی‌یە. ئێستاش لێیگەڕێن و کارەکەتان جێ بهێڵن بۆ بەیانی".

کاتێک هەموویان ڕۆییشتن و تەنیا من و سەید ئەحمەد و شێخ مەلا شەهاب ئیشراقی ماینەوە، خومەینی بە منی گوت:

"هەر شتێکیان پێ گوتی، سەید ئەحمەد ئاگادار بکەوە، و تا کاتێک خۆم داوام لێ نەکردووی، کەس قۆڵبەست مەکە!".

ئیتر لەوە بەدواوە نۆرەی ئیمام بوو کە بەردەوام و زوو زوو بانگم بکات و هەموو جارێکیش خافڵگیرم بکات.

خومەینی گوتی:

"بۆیە داوام لێ کردی لە قوم بگەڕێیتەوە، کە بەیانی کورەکانی سپاکەت بێنی بۆ ئێرە بۆ ئەوەی قسەیان بۆ بکەم. کاتژمێر یەکی دوانیوەڕۆ وەرن!".

هێشتا ترۆمبیلەکەم هەڵ نەکردبوو کە دۆریان گوتی:
"مێشکی ئەو پیرەمێردە وەکوو کامپیۆتێر کار دەکات، بەڵام کامپیۆتێرێک کە تەنیا بۆ پیلانگێڕی دروست کراوە. بە هێلیکۆپتێر دەتنێرێ بۆ قوم و هێشتا نەگەیشتوویتە ئەوێ، داوات لێ دەکا کە بگەڕێیەوە. چوونکە لەناکاو دەزانێ کە تۆ پەروەردەی دەستی سەید مەهدیی هاشمیت. بیانووی گەڕاندنەوەکەشت قۆڵبەست کردنی ئەو دۆستەی خۆمان میناچیی‌یە کە بەناو وەزیری کابینەیە. دواتر ئاشکرا دەبێت، بەڵام بەیانی سپای زەربەتی تۆی دەوێ بۆ ئەوەی لەلای ئەم و ئەو مانۆڕی پێوە بدات، واتە دوکتور ئایەت بەو شێوەیە لە خۆی ڕازی دەکات و تۆش بەم شێوەیە!".
گوتم: "مەبەستی لەو کارانە چییە؟".
پێکەنی و گوتی: "جێ پێی خۆی خۆش و قاییم دەکات!. هێشتاش بڕوای بە پێگەی خۆی نەکردووە".
ئێستا تۆ پێم بڵێ لە قوم چی گوزەرا؟. پیلانەکانتان بە کوێ گەیین؟. ئاخرەکەی بڕیارتان دا کە ڕەفسەنجانی و مۆتەهەری و مۆفەتیح بکوژن یا نە؟. بڕیارە کەی یەکەمین هەواڵەکانی پێوەندیدار بە من و قوتب زادە و کارەکانی دیکە، بدەی بە سەید مەهدی؟.
ئەگەر دۆریانم نەناسیبا و لە ڕادەی دەستڕۆیو بوون و هێزی ئاگادار نەبام، بڕوام دەکرد کە ئەو ژنە وەکوو بوونەوەرێکی نادیار بە درێژایی ڕۆژ و بە درێژایی سەفەرەکەم لەگەڵم بووە، بۆیە گوتم:
"تۆ ئەوانە چۆن دەزانی؟".
گوتی: "هیچ نازانم، تەنیا دەترسم چوونکە خۆت بە مەدیوونی سەید مەهدی هاشمی دەزانی، لەناکاو نەدات لە مێشکی جەعفەری عەزیزم و ڕاستییەکانم لێ بشاریتەوە؟".
ئەو جارە نۆرەی من بوو کە پێکەنم و پێش لەوەی موو بە موو ڕووداوەکانی سەفەرەکەمی بۆ بگێڕمەوە، تەنیا گوتم: "تۆ تەنیا کەسێکی کە ناکرێ درۆت لەگەڵ بکرێت".

دۆریان گوتی: "ئەو سەید مەهدییە عەجایبە و پلانەکانیشی لە ڕووی حیسابەوە دادەڕێژێت. تەنیا کەسێکە کە تەنیا بیر لە ئەمڕۆ ناکاتەوە و داهاتوویشی لەبەر چاوە. بۆیە هیوادارم کە هەر شتێکی لێ داوا کردبێتی، تەنانەت سیخوڕی لەسەر منیش، تۆ قبووڵت کردبێ، بەڵام بە کردەوە هیچ کارێک ئەنجام نەدەی، مەگەر ئەوەی کە لە بەرژەوەندیی هەموو کەس بێت!".

کاتێک گەیشتینە ماڵەوە، دەنگی تەلەفۆنی ماڵی دۆریان دەهات. دۆریان تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و پاش چەند خولەکێکی کورت کە بە ئینگلیزی قسەی کرد، پێوەندییەکەی پچڕاند و ڕوو لە من گوتی: "بێیکێر خەریکە دێت بۆ ئێرە، لەوە دەچێ چەند دزێکی گرتبێت".

پەشۆکاو پرسیارم کرد: "دز؟".

دۆریان کە خەریک بوو بەرەو ژووری چێشت لێنان دەچوو، بە گەپچارەوە گوتی:

"دزە عەرەبەکان!".

پاشان تکای لێ کردم کە بڕۆم و دەرگای ماڵەکە لەسەر کۆلۆنێل بێیکێر بکەمەوە. بێیکێر کلیلی ماڵەکەی هەبوو، بەڵام هەر کات من و دۆریان بە تەنیا لە ماڵەوە بووایەین، کلیلی بەکاری نەدەهێنا و لە دەرگای دەدا.

دۆریان و مەک گرێی ماوەی نیو کاتژمێر بە ئینگلیزی قسەیان کرد و پاشان بە کورتی بۆی گێڕامەوە کە، پێش نیوەڕۆ کۆلۆنێل بێیکێر هەستی کردووە کە دوو کەس دەیانهەوێ لە دیواری ماڵەکەی دۆریان سەرکەون. چاوەڕێ دەکات هەتا دێنە ژوورەوە، و چون پێشتر ئاگای لێ بووە کە دوو کەسەکە لە ترۆمبیلێکی جیپ تۆیۆتا دابەزیون، دەچێت بۆ لای ترۆمبیلەکە و ئەو کەسەی لە نێو ترۆمبیلەکەدا ماوەتەوە بە هەڕەشەی چەک دادەبەزێنێت و دەیبات بۆ ماڵەکەی خۆی و دەست و لاقی دەبەستێتەوە و سوودابەش کە بەڕێکەوت لە ماڵی بێیکێر بووە ڕادەسپێرێت کە ئاگای لە گیراوەکە بێت و بۆخۆی دێتە ماڵەکەی دۆریان و ئەو دوو کەسەی دیکەش کە هێشتا سەرقاڵی شکاندنی قوفڵی درگاکەن، قۆڵبەست دەکات و دەیانباتە ماڵەکەی خۆی. ئێستا هەر سێ کەسەکە لە ماڵی بێیکێرن و سوودابە و دوو کەسی دیکەی ئەمریکایی چاوەدێرییان دەکەن.

گوتم: "ئەو سێ کەسە کە باسیان کردووە، ئامانجیان چی بوووە لەو کارە؟".

دۆریان گوتی: "کێشەکە ئەوەیە کە دوو کەسیان عەرەبن و سێهەم کەسیان کە ئێرانیە، تەنانەت یەک وشەش لە زاری دەرنایەت.

گوتم: "باشترین کار ئەوەیە کە ڕادەستی کوڕەکانی سپای بکەین!".
دۆریان لەگەڵ بێیکێر بە کورتی قسەیان کرد و گوتی: "بێیکێر لەسەر ئەو باوەڕەیە کە هەتا خۆمان نەزانین ئەوانە کێن و بۆچی هاتوون، باش نیە ڕادەستی لایەنێکی دیکەیان بکەین، چوونکە بەرپرسەکانیان دەست بەکار دەبن و بە بێ ئەوەی ئێمە شتێکمان دەست بکەوێت لە چنگمان دەریان دێنن".
دوای کەمێک قسە کردن، دیسانەوە دۆریان گوتی: "کلیلی چارەسەری کێشەکە بە دەستی قوتب زادەیە، هەم لە خۆمانە و هەم ئەندامی شوورای شۆڕشە!".
ئەوەی گوت و بەرەو لای تەلەفۆنەکە چوو. دوای یەک کاتژمێر قوتب زادە لەوێ ئامادە بوو و پاش ئەوەی کە شتەکەیان بە وردی بۆ باس کرد، داوی لێ کردم کە پێنج کەس لە چریکەکانت بانگهێشت بکە بۆ ئێرە بۆ ئەوەی بەفەرمی سەردانی گیراوەکان بکرێت.
کاتژمێر دووی نیوەشەو بوو کە نەعمانی و چوار کەسی دیکە لە کوڕەکان گەیشتن و هەمووومان پێکەوە چووین بۆ ماڵی کۆلۆنێل کە دیوار بە دیواری ماڵی دۆریان بوو.
دۆریان و قوتب زادە هەر بە یەکەم نیگا سێ گیراوەکەیان ناسییەوە.
ئاغای "هانی ئەلحەسەن"ی نوێنەری یاسر عەرەفات لە تاران و "ئەبوو ڕاشد"ی فەرماندەی ستوونی زەربەتی فەلەستینییەکان لە تاران و هەروەها کوڕەکەی ئایەتوڵڵا "تاڵەقانی بوون!.
قوتب زادە دەستبەجێ بڕیاری دا کە دەست و لاقی گیراوەکان بکەنەوە و هاوکات کە بە خراپ لێک تێگەیشتن باسی دەکرد، خۆی و نەعمانی و گیراوەکانی لە ژوورەکە هێشتەوە و داوای لە ئەوانی دیکە کرد کە؛ چوونکە لە ئێستادا دەوڵەت و شوورای شۆڕش لە شتەکە دەکۆڵێتەوە، لە ژوورەکە بڕۆنە دەرێ.
ئەو چوار پاسدارەی کە لەگەڵ نەعمانی لە کەرەجەوە هاتبوون، لە ماڵەکەی بێیکێر مانەوە و ئەوانی دیکەمان چووینەوە بۆ ماڵی دۆریان. دۆریان بە تەلەفۆن خومەینی لە شتەکە ئاگادار کردەوە و پاشان وەکوو ئەوەی کە هیچ شتێک ڕووی نەداوە، دەستی کرد بە خزمەت کردنی میوانەکانی.
کاتژمێر پێنج و دە خولەکی بەیانی، گیراوەکان بە ترۆمبیلە جیپ تۆیۆتاکەی خۆیان شوێنەکەیان بەجێ هێشت. نەعمانی و چوار چریکەکەی دیکەی سپا، دوای ئەوەی کە چاوپێکەوتنێکی کورتیان لەگەڵ من هەبوو، گەڕانەوە بۆ کەرەج تاکوو ئامادەکاری بکەن بۆ دیدارەکەیان لەگەڵ خومەینی. قوتب زادە هاتەوە بۆ

ماڵی دۆریان و لەگەڵ بێیکێر و دۆریان بۆ ماوەی ٢٠ خولەک قسەیان کرد و یەکێک لە ئەمریکاییەکان کە لەگەڵ سوودابەدا چووبوون بۆ ماڵەکەی بێیکێر، لە کاتی گەڕانەوەدا، شریتێکی ویدیۆیی دا بە دۆریان کە پێدەچوو بە شێوەی نهێنی فیلمیان لە گیراوەکان تۆمار کردبێت.

بەو شێوەیە، ئەو شەوە پڕ لە ڕووداوە، بە بێ ئەوەی کە هۆکاری ئازادکردنی گیراوەکانم بۆ ڕوون بێتەوە، کۆتایی هات.

دۆریان و من کە هەتا بەیانی نەخەوتبووین، حەمامێکمان کرد و لەسەر مێزی خواردنی نانی بەیانی ئامادە بووین تاوەکوو دوای خواردن، هەر یەکەو بەرەو ئیش و کاری خۆی بڕوات. دۆریان دەیگوت: "ڕاستە ناکرێت قوتب زادە بە هۆی ئازادکردنی گیراوەکان سەرزەنش بکەین، بەڵام ئازادکردنیان بە بێ ڕاوێژ و پرس بە بێیکێر و خۆی کارێکی دروست نەبوو".

قوتب زادە بە دۆریانی گوتبوو کە هەموو شتێکی ئاشکرا کردووە و هۆکاری سەردانی نهێنیی ئەو سێ کەسە بۆ ماڵی دۆریانی دۆزیوەتەوە و هەرکات لەگەڵ دۆریان بە تەنیا بوون، هەمووی بۆ باس دەکات.

گوتم: "کەواتە کەی قەراری چاوپێکەوتن لەگەڵ قوتب زادەت داناوە؟".

گوتی؛ "هەر ئەوکاتە کە تۆ و چریکەکانت لەگەڵ خومەینی چاوپێکەوتنتان هەیە".

کاتێک کە دۆریان دووهەمین چایی بۆ تێدەکردم، گوتی:

"هەستە هەندێک سۆهانی قوم بێنە با لەگەڵ چاییەکە بیخۆین".

ئەو جانتا سامسۆنیتە دەستییەی کە دوێنێ سەید مەهدی هاشمی پێی دابووم، هێنام و کردمەوە، بە سەرسامییەوە بینیم کە بە جێگەی سۆهانی خۆماڵیی ماڵی سەید مەهدی، جانتاکە لێوانلێوە لە دۆلاری سەوزی ئەمریکایی!.

دۆریان کە بە دەنگی پێکەنینەکانی من هەستی کرد کە شتێک ڕووی داوە، چاوێکی لە من و جانتای پڕ لە دۆلارەکە کرد و بە پێکەنینەوە گوتی:

"خوا دەزانێ سەید مەهدی هاشمی لە کاتی ڕاکردنی کام دەوڵەمەندێدا، ئەو پارانەی لێ ستاندووە ....".

بەڵام لەناکاو لە دۆلارەکان ورد بوویەوە و پاش هەندێک دەستێوەردانیان، گوتی:

"ئەو دیارییەی هاوڕێ خۆشەویستەکەت سەید مەهدی هاشمی، نزیک بە یەک میلیۆن دۆلارە. بەشێکی دۆلاری ڕاست و بەشەکەی دیکەی دۆلاری

ساختەیە!. ئێستاش کاتی جیا کردنەوەی دولارە ڕاست و ساختەکان نیە، لێی گەڕێ بۆ شەو هەتا بزانین چ فێڵێکی دیکەی تێدا شاراوەیە!".
چای بێ سۆهانمان خوارد و لە ماڵەکەی دۆریان وەدەر کەوتین. ڕۆژێکی بێ دەسکەوت بوو، بەڵام بە هۆی هەوڵ و هاتوچۆی زۆرەوە، تەواو هیلاک بووین. چوونکە درێژایی ئەو ڕۆژەمان بە کۆکردنەوەی کوڕەکان و هێنانیان بۆ قوتابخانەی عەلەوی و هەروەها چاوەڕوان بوون و پاشان ئەو وتار پێشکەش کردنە دوور و درێژەی خومەینی و دواجار گەڕانەوە بۆ کەرەج و قسە لەسەر وتارەکەی خومەینی، تێپەڕ کرد.
کاتژمێر دەی شەو، ماندوو و هیلاک لە بێ خەوییەکەی شەوی ڕابردوو، گەیشتمە ماڵەوە. دۆریان هێشتا نەهاتبووەوە و ئەوە دەرفەتێک بوو کە بتوانم جارێکی دیکە جانتا سامسۆنێتەکەی سەید مەهدی هاشمی و دۆلارە ڕاست و ساختەکانی نێوی بپشکنم. بە بڕوای من هەمووی پارەی ٥٠ و ١٠٠ دۆلاری بوون و هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ یەکتر نەبوو. بەڵام دڵنیا بووم کە دۆریان لە خۆیەوە قسە ناکات و لەبەر خۆمەوە گوتم؛ "سەید مەهدی دەبێ چ مەبەستێکی لە پێدانی ئەو هەموو پارە ڕاست و ساختەیە، هەبووبێت؟".
دۆلارەکان لەسەر تەختی نووستنی من و دۆریان پڕش و بڵاو بوونەوە کە دۆریان هاتە ژووری و چەکێکی بانکی لەسەریان دانا و گوتی:
"ئەوە دروستە!. بە هاوڕێکانت بڵێ با ئەوانیش فێر بن!".
لە کاتێکدا کە کۆڵمەکانیم ماچ دەکرد، گوتم: "لە کوێوە هاتووە؟".
دۆریان کە چەکەکەی هەڵگرتبووەوە و ماچی دەکرد، گوتی:
"سێ میلیۆن دۆلارە و حەزرەتی ئایەتوڵلاعوزما، دوکتور سەید موحەممەد بەهەشتی بۆ کچە نازەنینەکەی، واتە کاترین بەهەشتیی ناردووە!".
لە قاقای پێکەنینی دا. پرسیارم کرد:
"ئەی پلانی سەفەرەکەمان بۆ دی سی جێبەجێ بوو؟".
دۆریان گوتی: "بەڵێ!. و بە بێ ئەوەی کە من پێشنیار بکەم، حەزرەتی ئیمام فەرموویان، بەڕێز شەفیع زادەش بۆ پاراستنی تۆ لەو سەفەرەدا دەنێرین!".
گوتم: "کەی دەڕۆین؟".
گوتی: "هەر کات پاسپۆرتەکەت ئامادە بووا!".
گوتم: "خۆ پاسپۆرتەکەم ئامادەیە؟!".
پێکەنی و گوتی: "پاسپۆرتێک کە مۆری هاتوچۆی سووریە و لیبیی پێوە نەبێت!.

بە گشتی تۆ کارت بەو کارانە نەبێ و هەوڵ بدە بە شێوەیەک بەرنامەکانت دابڕێژی کە بۆ ئەو پێنج ڕۆژ پشوویەت، هیچ کەس ئاگادار نەبێت جگەر لە چوار جێگرەکەت. بۆ نموونە بڵێ دەڕۆم بۆ ئیسفەهان، یا شتێکی لەو بابەتە!".

گوتم: "کێشەکەی "هانی ئەلحەسەن" و قوتب زادە چی لێ هات؟".

گوتی: "دوور و درێژە، بەڵام بە گشتی قوتب زادە کاری باشی کرد. هانی ئەلحەسەن زۆر بە ڕاشکاوی لە بەرانبەر چاوەکانی کوڕەکەی تاڵەقانی گوتوویەتی کە، ئۆفیسی "ئەلفەتح" هیچ پلانێکی لەو پێوەندییەدا نەبووە و ئەوەی کە لەگەڵ کوڕەکەی تاڵەقانی هاتووم، لەسەر فەرمانی خودی ئایەتوڵڵا تاڵەقانی بووە".

گوتم: "دۆریان تۆ ئەو قسانە باوڕ دەکەی؟".

دۆریان پێکەنی و گوتی: "نە!. بەڵام کاتێک دەستی کارەکتەرێکی سیاسیی دیار و شوێندانەر لە نێو پیلانەکەدا دەرکەوت، دەبێ بڕوا بکەی!".

کاتژمێرێک دواتر کە ماندوو و هیلاک چووینە سەر تەختی نووستنەکەمان، دۆریان هەموو کاتی خۆی بۆ جیاکردنەوەی دۆلارە ڕاست و ساختەکان تەرخان کرد و گوتی:

"درووست ۵۰۰ هەزار دۆلاری ڕاست و ۵۰۰ هەزار دۆلاری ساختەیە".

گوتم: "ئێستا دەبێ چی بکەین؟".

دۆریان گوتی: "دۆلارە ڕاستەقینەکان لەگەڵ خۆمان لە وڵات دەبەینە دەرێ تا لەوێ بیخەینە ژمارە حیسابێکی بانکیی تایبەت، کە تایبەت بە تۆی دەکەمەوە و ساختەکانیش هەر لێرە بەجێ دەهێڵین هەتا پاش گەڕانەوەمان لە هۆکارەکەی بکۆڵینەوە.

لەوانەیشە کە خودی سەید مەهدیش ئاگای لێ نەبێت و هەندێک دەستی دیکە هەبن کە بیانهەوێ دۆلاری ساختە بخەنە بازاڕەوە، کە ئەوکاتە کێشەکە شتێکی دیکە و جۆرێکی دیکەیە!.

دۆریان خەریک بوو باسی ئەو زەرەرانەی دەکرد کە بە دزە کردنی پارەی ساختە بۆ نێو بازاڕ سەریان هەڵ دەدا کە، من هەستم کرد چیدی چاوم هەڵنایە و خەوم لێ کەوت.

**کۆتایی بەرگی یەکەم .....**

# ئەلبوومی وێنەکان


آیندگان
اطلاعات


مردم به دعوت امام پاسخ مثبت دادند
اطلاعات
تیرباران ۱۱ خائن بزرگ رژیم سابق


گزارش لحظه به لحظه جریان تیرباران دیشب


اعدام ۲۰ خائن به ملت
سران رژیم شاه سابق تیرباران شدند


اعدام ۲۰ خائن به ملت
سران رژیم شاه سابق تیرباران شدند
کیهان


اطلاعات
آزمون و ۲ سپهبد
تیرباران شدند
اطلاعات
کیهان
۴ فرمانده ارتش
تیرباران شدند
رئوس قانون
اساسی احتمالی
جمهوری
دموکراتیک
اسلامی


تیرباران ۲ اعامل سانسور
شکنجه وکشتار
همدستان شاه سابق
تیرباران
شدند
جوخه انقلاب، تیرباران
یاران شاه را آغاز کرد
خودم کردم که لعنت بر خودم باد





عەبدولسەلام جەلوود لەگەڵ خومەینی














پرویز
نیکخواه


بازرگان - موحەممەد تەوەسولی



پێشوازی قەزافی لە شاندی ئێرانی بە سەرۆکایەتیی موحەممەد مونتەزری لە ساڵی ۱۳۵۸




بکوژانی شەمس ئابادی شەفیع زادە - جەعفەرزادە - ئیبراهیمی - ئیمانییان



پاریس-دەفتەری کاری قوتب زادە لە گەڕەکی 17، شەقامی کلیچی و بانکی کریدیت لیۆنێ



جەعفەر شەفیع زادە



بوریس لینگین کارداری باڵیۆزخانەی ئامریکا لە تاران



جێیمز کلاهان - ژیسکار دیستێن - جیمی کارتێر - هێلمووت نشمیت



تەودسولی - بازرگان - خومەینی



جەعفەر شەفیع زادە لە کۆبوونەوەی خومەینیدا




جەعفەر شەفیع زادە



جەعفەر شەفیع زادە لە خوێندنگەی رفاه
هاوڕێ لەگەڵ ئەحمەد خومەینی و یەزدی و بازرگان



جەعفەر شەفیع زادە لەگەڵ خومەینی



جەعفەر شەفیع زادە لەگەڵ مونتەزری و چەند کەسی دیکە



جەعفەر شەفیع زادە و ئەحمەد خومەینی
لە پایگایەکی سەربازی لە ئێران



جەعفەر شەفیع زادە، بەرپرسی تیمی پارێزەری خومەینی



جەعفەر شەفیع زادە لە نۆفل لۆشاتۆ



جەعفەر شەفیع زادە لەگەڵ خومەینی لە قوم



حەسەن حەبیبی - غولامعەبباس تەوەسولی - ئەبولحەسەن بەنی سەدر
سادق قوتب زادە - پاریس



خامنەیی - ئایەتوڵڵا عەلی مشکینی



خامنەیی - سەید عەبدولحوسێن دەستغەیب شیرازی




حافز ئەسەد و رەفعەت ئەسەد



خومەینی - دوکتۆر ناسر میناچی



خومەینی - بەنی سەدر



خوسرۆ و عەلی شاکری



خامنەیی لە گوڵزاری شەهیدانی ئیسفەهان و لەسەر گڵکۆی شەمس ئابادی



خومەینی - رەفسەنجانی



خومەینی - سەید هادی خوسرەو شاهی



خومەینی - عەلی ئەکبەر پەروەرش



خومەینی - دەستغەیب



خومەینی - فەخرەدین حجازی




خومەینی - ئایەتوڵڵا شەریعەتمەداری



جەواد باهۆنەر




دوریان مەک گرێن لە فڕۆکەخانەی شارلۆدوگول- پاریس



خوسرەو هەدشتایی



حسن حبیبی



خومەینی لە نووفیل نووشاتو



دوریان مەک گرێی - ئەحمەد خومەینی - خومەینی- شەهاب ئیشراقی



زەکی یەمانی وەزیری ئەو کاتی ئەوتی سعوودیە



رەمزی کلارک - ئیبراهیم یەزدی



سادق تەباتەبایی ئیمام مووسا سەدر سادق قوتب زادە



رەمزی کلارک - ئەحمەدی نەژاد




سەید حوسێن خادمی



سادق قوتب زادە و خومەینی لە فڕۆکەدا بەرەو تاران



سادق قوتب زادە لەکاتی دادگایی کردن و سەپاندنی سزای سێداریدا








سەید مەحموود دوعایی (دعایی لاقایت) و سەید ئەحمەد خومەینی


ڕەگەزنامەی میسری سەید ئەحمەد خومەینی


سادق تەباتەبایی
کاتی قسەکردن لە گەڵ برۆس لینکین، تاران


ریچارد کاتم، مەئموری سیا


ئەحمەد غەزەنفەرپوور


ئەو سەمساندەی کە ئایەتوڵڵا شەمس ئابادییان پێ خنکاندووە


سادق خەلخالی


سوودابە سەدیقی


سەید جەلال تیهرانی
دوایین سەرۆکی شورای سەڵتەنەتی ڕژێمی پەهلەوی


ئەحمەد سەلامەتیان



دوکتور حەسەن حەبیب ئیبراهیم و هاوبیرانی لە خزمەت خومەینی دا



دوکتور فەزلوڵڵا سەلەواتی - خەلخالی



ریچارد کاتم لەگەڵ سەرۆکی ئامریکا



ئایەتوڵلا بهەشتی



سەید ئەحمەد خومەینی - خومەینی - یەزدی



شێخ مەهدی کەڕووبی



عەباس ئاغا زەمانی ناسراو بە ئەبوو شەریف - خومەینی



عەباس ئاغازەمانی ناسراو بە ئەبوو شەریف



عەبدولسەلام جلوود، پیاوی ژمارە دووی لیبی



عەبدولرەزا قوتبی - سەرۆکی دەنگ و ڕەنگی ئێران پێش لە شۆڕشی ٥٧



عەلی فەلاحیان و موحسنی ئیژەیی لەکاتی دادگایی کردنی سەید مەهدی هاشمی



عەلی ئەکبەر پەروەرش وەزیری پەروەردە و ڕاهێنان



ئایەتوڵڵا مەحەلاتی



عەبدولسەلام جەلوود (پیاوی ژمارە دووی لیبیی) - ڕەفسەنجانی - ڕەفیق دۆست



شێخ یووسف سانێعی



غولامعەبباس ئەودسولی



شاپوور بەختیار دواین سەرۆک وەزیرانی شا
کە دواتر لە پاریس و لەلایەن رژێمی
کۆماری ئیسلامییەوە تیرۆر کرا



سەید ئەحمەد خومەینی



شێخ عەلی مشکینی



قوتب زادە - خومەینی - بەنیسەدر



مەعمەر قەزافی . خامەنەیی



کەریم دەستماڵچی



موحەممەد هاشمی ڕەفسەنجانی - مومەیلی



مونتەزەری گەورە و مونتەزەری باوک



محەممەد سدوقی



نادر جەهانبانی



فەزلوڵڵا محەلاتی



مەجید تیهرانیان



هانی ئەلحەسەن نوێنەری یاسر عەرەفات لە تاران

هێلنا ناتق



ویلیام سالیڤان دوایین باڵیۆزی ئەمریکا لە تاران

ئەحمەد خومەینی و چەمران لە کاتی بینینی خولی پارتیزانی لە لوبنان



ئەو جانتایەی کە بۆ پەیوەندی لە ڕێگەی دوورەوە لەلایەن ئەمریکاییەکانەوە بەکاردەهات



ئایەتوڵڵا شەمس ئابادی

ناسر میناچی



ئەحمەد خومەینی - یاسر عەرەفات - خومەینی



ئیمام مووسا سەدر - سادق تەباتەبایی



ئیبراهیم یەزدی و چەمران و حافز ئەسەدی سەرۆکی پێشووی سووریا



ئایەتوڵلا شەبستەری



ئەبوو شەریف و ئەنیس نەقاش